# ناسنامەی زمانی کوردی



## بەرگی دووەم

## بەشەکانی ٤-٦

## زمانی کوردی لە سەردەمی مادەکاندا

فازڵ ئوسولیان

# ناسنامەی زمانی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر مێژووی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی

## بەرگی دووەم

## بەشەکانی ٤-٦

## زمانی کوردی لە سەردەمی مادەکاندا

فازڵ ئوسولیان

سوید، ساڵی ۲۰۱۵

E-mail: nasname.ziman@gmail.com



## وێنەی سەر بەرگەکە:

مۆرێکی سەردەمی شوتارنا پادشای میتانییە، خۆرێکی باڵدارە کە هێمای پادشایانی میتانی بووە، لە تەنیشت ئەم مۆرەدا بە خەتی بزماری ئاوای لێ نووسراوە شوتارنای کوڕی کیرتا پادشای میتانی.

هەر ئەم هێمایە بوو کە دواجار لە سەردەمی هورییەکان، مادەکان و سەرەنجام هەخامەنشییەکاندا باڵ و پەڕی گرت و پێگەیشت و بە ناوی " فەڕی- وەر" (وشەیەکی هەورامییە بە واتای"فەڕی خۆر") بوو بە هێمای پادشایەتی ئێران و هەروەها ئایینی زەردەشتی.



فەڕی وەر ( فەڕی خۆر) هێمایەکی ئایینی مادییە بۆ شکۆ و بەرەکەتی خۆر

هەر زمانێک بۆ خۆی زریایەکە
زوانی کوردی دوو دەریای بێبنە

# ناوەرۆک


**سەردێر** ........ **لاپەڕە**

**پێشەکی** ........ ٩

**بەشی چوارەم**

سەرهەڵدانی زمانی کۆنی کوردی وەک زمانی گشتیی ئیمپراتوری ماد ........ ١٢

هەلومەرجی ناوچەکانی کۆنی کوردەواری پێش لە دامەزراندنی پادشایەتی ماد ........ ١٦

کۆچی هۆزەکانی تری ئێرانیی زمان بۆ وڵاتی کۆنی کوردەواری ........ ٢٦

یەکیەتیی هۆزەکانی ماد ودەستەڵاتداری خانەدانی دیاکۆ ........ ٢٨

ڕاپەڕینی ماد لە دژی ئاشوور ........ ٣٣

پادشایەتی ئاستیاگ و کۆتایی فەرمانڕەوایی ماد ........ ٣٧

زمانی مادەکان ........ ٤٠

هەڵەکانی دیاکۆنۆف ........ ٤٢

شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزەکانی ماد لە ڕوانگەی دیاکۆنۆڤەوە ........ ٤٤

بۆچوونی دیاکۆنۆڤ لەسەر شوێنی ژیانی زەڕدشت ........ ٤٥

گاسای "وهێشتو- هۆیش دێش" لە ئەوێستادا ........ ٤٨

بۆچوونی دیاکۆنۆڤ لەسەر ناوی زەڕدەشت ........ ٤٩

پێوەری سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی شێوەزاری ئەویستایی و شێوەزاری گشتیی مادی ........ ٥٣

دوو شێوەزاری زمانی مادی ........ ٥٥

خەت و نووسین لە سەردەمی مادەکاندا ........ ٥٩

ژمارەیەک لە وشەکان و دەستەواژەکانی مادی ........ ٦٢

ئەنجامەکانی ئەم بەشە ........ ٩٣

**بەشی پێنجەم**


شێوەزاری ئایینیی زوانی مادی ( زوانی ئەوێستایی/ مۆگی/ هەورامی)........................................٩٦

کورتەیەک لەسەر ئەوێستا ........................................................................................٩٧

بەراوردکاری و لێکۆڵینەوە لە وشەکانی ئەوێستایی لەگەڵ وشەکانی کوردیدا..............................٩٩

(یادداشتهای گاتها) ..........................................................................................٩٩

ڕوونکردنەوە لەسەر هێندێک لە دەستەواژە ئایینییەکانی ئەوێستا ........................................١٥٢


**بەشی شەشم**


ئەرێ زمانی هەورامی هەمان زمانی ئەوێستاییە؟...........................................................١٧١

١- گۆکردنی دەنگی" خ " بۆ " و" یان " هو (hv/xv) لە ئەوێستایی و لە هەورامیدا...........١٧٢

٢- گۆکردنی دەنگی " ج" بۆ " ی" لە ئەوێستایی و لە کوردیدا.......................................١٧٤

٣- پێتی " ز" لە ئەوێستایی و کوردیدا ..........................................................................١٧٥

٤- پیتی "نگ (ň / ڹ) " لە هەورامی و لە ئەوێستاییدا ..................................................١٧٧

٥- ناوی بکەر لە زمانی ئەوێستایی و کوردیدا..................................................................١٧٧

٦- ئامرازی "ما (ma)" وەک نیشانەی نەرێنیکردن (نهی)...................................................١٧٨

٧- پاشگری "یەتی، ایەتی (iti)"..................................................................................١٧٩

٨- ئاوەڵکاری "فرا"...................................................................................................١٨٠

٩- جێناوەکان لە ئەوێستایی و لە کوردیی هەورامیدا هەر وەک یەکن...................................١٨٠

١٠- هەبوونی نێر و مێ لە هەورامی و لە ئەوێستاییدا.........................................................١٨٩

١١- ناوی ئاژەڵەکان لە ئەوێستایی و لە هەورامیدا...............................................................١٨٩

بەراوردکردنی ژمارەیەک لە وشەکانی فەرهەنگی ئەوێستایی کانگا لەگەڵ وشەکانی زمانی کوردی و
بە تایبەت هەورامیدا...........................................................................................١٩١

بەراوردکردنی ژمارەیەک لە وشـەکانی فەرهەنگی ئەوێسـتایی "بەیس فورم دیکشـنەری" لەگەڵ وشەکانی زمانی کوردی و بە تایبەت هەورامیدا ........ ٢٤٨
سەرچاوەکان ........ ٢٧٣

# پێشەکی

کتێبی ناسنامەی زمانی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردن و هەروەها هەوراز و نشێوەکانی زمانی کوردی. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ بەرگدایە و هەر بەرگێکیش چەند بەشێک لە خۆ دەگرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەرگی یەکەم: پاشخانەکانی زمانی کوردی، باسی ئەو بناغە و بنچینانە دەکا کە زمانی کوردی لەسەری شین بووە. باسی زوانی ئەو هۆزانە دەکا لە کوردستاندا بەر لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانی کوردی وەک زمانی ئیمپراتوری ماد.

لە بەشی یەکەمدا لە ڕێگای وشەناسییەوە پەیوەندیی فەرهەنگی و مێژوویی کوردەکان لەگەڵ سۆمەرەکاندا ڕوون دەکرێتەوە و نیشان دەدرێت کە کوردەکان و سۆمەرەکان لە وڵاتی کۆنی کوردەواریدا پێکەوە ژیاون.

لە بەشی دووەمدا باسی پادشایەتی میتانییان دەکرێ و تێکۆشراوە کە پەیوەندیی زمانی میتانییەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا ڕوون بکرێتەوە. هەر لەم بەشەدا بە بەراوردکردنی زمانی کوردی لەگەڵ سانسکریتیدا دەسەلمێندرێت کە زمانی کوردیش هەر وەک زمانی میتانی خزمایەتییەکی نزیکی لەگەڵ سانسکریتیدا هەیە، و هەردووکیان سەر بە یەک خێزانن.

بەشی سێیەم باسی پادشایەتی مانناییەکان دەکا، ئەم بەشە گرینگییەکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە هەتا ئێستا باسی زمانی مانناییەکان لە لایەن مێژوونووسان و زمانناسانەوە نەکراوە و ئەمە بۆ یەکەمین جارە کە ئەم بابەتە باسی لێ دەکرێ و پەیوەندیی زمانی مانناپی لەگەڵ زمانی کوردیدا پێشان دەدرێت.

بەرگی دووەم سەرەکیترین و گرینگترین بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە خۆ دەگرێ. لەم بەشگەلەدا دوو تەوەری سەرەکی مەبەستن، یەکەم ناساندنی زمانی مادی و پیشاندانی ئەوەی کە مادەکان یەک زمانیان هەبووە بە دوو شێوەزاری زۆر نزیک لەیەک، دووەم سەلماندنی ئەوەی کە زوانی مادی بە هەر دوو شێوەزارەکەیەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا.

لە بەشی چوارەمدا، بە هێنانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە وشە و دەستەواژەی زمانی مادی پەیوەندیی شێوەزاری گشتیی زمانی مادی لەگەڵ شێوەزاری کرمانجیدا ڕوون کراوەتەوە.

لە بەشی پینجەمدا، بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە، کتێبی "یادداشـتهای گات ها" لە نووسـینی ماموسـتای ئەوێسـتاناسی ئێرانی ئیبراهیم پورداود، دراوەتە بەر شـێکاری و هەڵسـەنگاندن و ئەوە سـەلمێندراوە کە ئەم بەڕێزە لە زمانی ئەوێسـتایی تێ نەگەیشـتووە و وەرگێڕانەکانی و تێگەیشـتنی لە وشـەکان و دەسـتەواژەکانی ئەوێسـتایی بە شـێوەیەکی دڵخوازانەیە و جێگای بڕوا نین.

لە بەشی شـەشـمدا بە بەراوردکردنی شـێوەزاری کوردیی هەورامی لەگەڵ ئەوێسـتاییدا، ئەوە سەلمێندراوە کە شێوەزاری هەورامی هەمان شێوەزاری ئایینی مادی یان ئەوێستاییە. هەر لەم بەشـەدا واتای ڕاستەقینەی ژمارەیەک لە دەسـتەواژەکانی ئەوێستایی بە کەڵک وەرگرتن و یارمەتی زمانی کوردی ڕوون کراوەتەوە.

لە بەرگی سـێیەمدا باسی زمانی کوردی دەکرێت لە پاش مادەکان، لەم بەرگەدا لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی هەر دوو شـێوەزارەکەی کوردی واتا شـێوەزاری ئەوێسـتایی (هەورامی) و شـێوەزاری گشتیی مادی لە سەردەمەکانی هەخامەنشییەکان، ئەشکانییەکان و ساسانییەکاندا کراوە.

لە بەشی هەفتەمدا ئەوە ڕوون کراوتەوە کە لە سـەردەمی هەخامەنشـییەکاندا زمانی کوردی (مـادی) نە تەنیا کز نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەشــەوە لە گەشــەکردنـدا بووە. هەر لەم بەشــەدا ئەوە ڕۆشــن دەکرێتەوە کە لە ســەردەمی ئەشــکانییەکاندا هیچ گۆڕانێک بە ســەر شێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێستایی / هەورامی)دا نەهاتووە و کاریگەریی زمانی ئەشکانییەکان لەسـەر شـێوەزاری گشـتیی مادی (کرمانجی) زۆر کەم بووە. ئەو شـێوەزارە کە بە ناوی زمانی "پەهلەویی ئەشکانی" ناسراوە، لە ڕاستیدا هەمان شێوەزاری گشتیی مادییە لەژێر کاریگەریی زمانی ئەشکانیدا. هەر لەم بەشـەدا ئەوە ڕوون کراوتەوە کە شـێوەزاری کوردیی سۆرانی لەژێر کاریگەریی زمانی هۆزەکانی ئەشکانیدا سەری هەڵداوەتەوە.

لە بەشی هەشـتەمدا باسی نهێنییەکانی هەورامان کراوە، لەم بەشـەدا بە هێنانەوەی بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە ســەلمێندراوە کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆگان (مۆغان)ی مادن کە لە پاش هێرشی ئەسکەندەر کۆچیان کردووە بۆ هەورامان و لەوێ نیشتەجێ بوون.

بەشی نۆیەم باسی ڕەوشی زمانی کوردی دەکا لە سـەردەمی ساسـانییەکاندا و نیشـان دراوە کە بە وەرگێڕانی زمانی ئەوێسـتایی (کوردیی هەورامی) بۆ سـەر زمانی پارسی "پەهلەویی سـاسـانی" زمانی ئەوێســتایی (هەورامی) وەک زمانی ئایینی ســەرانســەری ئێران لە برەو خرا و بەم جۆرە زەبرێکی کاری بەر شێوەزاری ئایینی زمانی کوردی کەوت. بەڵام زمانی ئەوێستایی وەک زمانی ئاخاوتنی هۆزی مۆگان لە هەوراماندا هەر مایەوە. هەر لەم ســەردەمەدا زمانی پەهلەویی ســاســانی (پارســی میانە) کاریگەریی کردە ســەر زمانی کوردی لە بەشــەکانی باشــووری

کوردستاندا کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی پەیدابوونی دوو شێوەزاری تر لە کوردیدا، ئەویش شێوەزارەکانی **"کەلهوڕی و لەکی"**یە.

لە بەشی دەیەم کە دواین بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەنجامی گشتیی هەموو بەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوە پۆختە کراوەتەوە، و باسی ئەوە دەکرێت کە زمانی کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە دوو شێوەزاری هەبووە، یەکێکی شێوەزاری گشتیی زمانی کوردی (کرمانجی) و ئەوی دیکەش شێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی) زمانی کوردییە. ئەم دوو شێوەزارەش لە درێژەی ڕەوتی خۆیاندا چەند بنزاراوەیەکیان لێ کەوتووەتەوە. شێوەزارەکانی کرمانجی، سۆرانی و باشووری (کەلهوڕی) سەر بە شێوەزاری گشتیی زمانی کوردین. هەروەها شێوزارەکانی هەورامی، زازاکی، لەکی و (شەبەک، باجەڵان، کاکەیی) سەر بە شێوەزاری ئایینیی زمانی کوردی / ئەوێستایین.

ئەم لێکۆڵینەوەیەش بێگومان وەک هەر لێکۆڵینەویەکی تر بێ کەموکوڕی نییە، ئەمە تەنیا هەنگاوێکە، بەڵام دەتوانێ دەستپێکێکی باش بێ بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر زمانی کوردی، دەتوانێ ڕێگاپێشاندەر بێت بۆ ئەوکەسانەی کە دەیانەوێ بە لێکۆڵینەوە لەم ڕێڕەوەدا ڕووناکی زیاتر بخەنە سەر مێژووی زمانی کوردی.

هەر ڕەخنە، پرسیار، بۆچوون و پێشنیارێکتان لەسەر بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە هەبێ دەکرێت بۆ نووسەری بنێرن، دڵنیا بن بە دڵفراوانییەوە وەردەگیردرێت.

E- mail: nasname.ziman@gmail.com

# بەشی چوارەم

## سەرهەڵدانی زمانی کۆنی کوردی وەک زمانی گشتیی ئیمپراتوری ماد وهەروەها وەک زمانی ئایینی وڵاتی کۆنی ئێران

زمانیش وەک هەر بوونەوەرێکی تر بە تێپەر بوونی کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ، هێندێ فاکتور هەن کە دەتوانن زۆرترین کاریگەرییان لەسەر زمان هەبێ بە دوو ئاراستەی جیاوازدا، یان ئەوەی کە زمانەکە بەرەو پێشکەوتن و گەشەدان دەبن ویان بەپێچەوانەوە بەرەو تیاچوون و نەمان. یەکێ لەو فاکتورە سەرەکیانە کە لە سەردەمی ئێستادا دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە زماندا پێک بینێ "ماسمێدیا (Masmedia)یە" بەڵام لەو سەردەمەی کە ئیمە مەبەستمانە واتا لە سەردەمی کۆندا کە هێشتا "ماسمێدیا" لە ئارادا نەبوو، دوو فاکتوری سەرەکی کاریگەرییان هەبوو:

- یەکەم ئایین، بۆ نموونە ئەو کاریگەرییە کە زمانی عەرەبی بە هۆی ئایینی ئیسلامەوە کردیە سەر زمانی خەڵکانی باکووری ئەفریقا.
- دووەم کۆچکردنی خەڵک لە شوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر و تیکەڵاوبوونیان لەگەڵ کۆمەڵانی دیکەی خەڵک کە خاوەن زمانێکی دیکەن.

لەوانەیە فاکتورگەلی تریش هەبن کە کاریگەرییان هەبێ لەسەر گۆرانی زمان وەک فاکتوری سیاسی، کارپێکردنی زمانێک وەک زمانی کارگێڕی و دەستەڵاتداری وداسپاندنی ئەم زمانە بە سەر کۆمەڵانی تری خەڵک کە بەم زمانە نادوون دەتوانێ ببێتە هۆی برەوی و گەشەکردنی ئەم زمانە و بەرتەسک کردن و لاواز کردنی زمانەکانی ژێردەستە. بەڵام ئەم فاکتورانە سەرەکی نین.

لە سەردەمی مادەکاندا هەموو ئەم فاکتورانە لە بەرژەوەندی زمانی مادی (کوردی)دا کەوتنە کار، و زمانێک بە دوو شێوەزارەوە کە زۆریش لەیەک نزیک بوون سەری هەڵدا و برەوی ستاند.

١- کۆمەڵانێکی زۆر لە هۆزەکانی "کەیمری و سکاکان (ئەسکیت / شکیدا)" کە بە زمانێک قسەیان دەکرد کە زۆرنزیک بوو لە شێوەزاری مادەکان بەرەو کوردستان کۆچیان کرد و لە ناوچەکەدا جێگیربوون، تێکەڵاوبوونی ئەم هۆزانە لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە بوو بە هۆی دولەمەندییەکی زیاتری زمانی مادی (کوردی).

٢- ئایینی زەردەشتی چەند سەدەیەک بەر لە دەستەڵاتداری مادەکان لە نێو هۆزەکانی ماددا گەشەی سەندەبوو، ئەم دینە لە ڕاستیدا باوەڕ و بۆچوونەکانی ئەو بزوتنەوە ڕزگاریخوازانە بوو کە بەساڵان بوو لە ناوچەکانی باشووری گۆلی ورمێ (دەریاچەی ئورومییە) دژ بە دەستەڵاتداری خوێنمژی ئاشووری و دەستوپەیوەندەکانیان لە ناوچەکە لەوانە دەستەڵاتدارانیماننا سەری هەڵدابووەوە. ڕاپەڕینەکەی بەگداتوو لەگەڵ چەند هۆزێکی تری مادیدا لە ناوچەی "ماد- ڕاغە (مەراغە)" لە دژی "ئازا" پادشای ماننا، وکوشتنی ئازا لە ساڵی ٧١٦ پ.ز، و هەروەها ڕاپەڕینەکەم وێنەکەی خەڵکی ورمەت (ورمێ/ ئورومییە) لە دژی ئاخسەری وگەورە پیاوانی مانناپی وکوشتنی هەموویان لە ساڵی ٦٦٠ پ. ز هەر لە درێژەی ئەم بزوتنەوەیەدا بوو[1]. ئەوکارەی کە زەردەشت وەک شاعێر و فیلسوفێکی گەورە کردی، لە ڕاستیدا پەرداختکردن و گەشەپێدان بەم بیر و بۆچوونە ڕزگاریخوازانە بوو لە قاڵبی سرودەکانی ئایینیدا. ئەم ئایینە تازەیە بە هەڵگرتنی دروشمی ڕاستی و چاکی و دوژمنایەتی لەگەڵ ستەمگەران توانی بە خێراپی پەرە بستێنێ وبێ بە دینێکی گشتگێر لە نێو هەموو هۆزەکانی دانێشتووی وڵاتی کۆنی ئێراندا چ ئەوانەی کە ئێرانی بوون و چ ئەوانەیش کە نائێرانی بوون. ڕابەرایەتی ئەم بزوتنەوەیە و ئەم دینە تازەیە لە دەستی هۆزی "مۆگان"دا بوو کە هەر لە مێژ بوو ئەرکی ئایینییان لە ئەستۆ بوو، و پیاوە ئایینییەکانیان وەک "**ئاسرەوان / ئاترەوان**" بەناوبانگ بوون.

لێرەدا پێویستە ڕوونکردنەوەیەک لەسەرپاشخانی ئەم وشەیە بدرێت. ئاثرەوان/ ئاترەوان وشەیەکی پەتی کوردییە لە دوو برگە پێک دێت "ئاتر- وان"، ئاتر وشەیەکی کوردیی شێوەزاری هەورامیی کۆنە و واتای ئاگر دەدا، و برگەی دووەم "وان" پاشگرێکی ئاسایی کوردییە کە واتای پارێزەر دەدات وەک پاسەوان، گاوان، شوان. وشەی ئاترەوان و هەروەها خۆدی ئاترەوان وەک مروڤێکی پیرۆزی ئایینی ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئایینی زەردەشتی بەڵکوو گەلێ کۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە کە هێشتا مروڤ کەرەستەی داگیرساندنی ئاگری دانەهێنابوو، بۆیە کوژانەوەی ئاگر لە گوندێک یان لە کۆمەڵگەیەکدا دەبووە هۆی کارەسات و جاری وا هەبوو کە چەندین ڕۆژ و یان چەندین هەفتەی دەخایاند تا دیسانەوە ئاگرەکە هەڵبکەنەوە، هەر بۆیە بۆ بەرگری کردن لەم کارەساتە لە هەر گوندێک یان کۆمەڵگەیەکدا کەسێک وەک "ئاترەوان/ ئاگرەوان" ئەرکی پاراستنی ئاگرەکەی دەگرتە ئەستۆی خۆی بۆ ئەوەی کە نەکوژێتەوە، خەڵکی کۆمەڵگاکەش ئێوارەن لە دوای کاروباری ڕۆژانە باقەیەک دارو و سوتەمەنییان دەبرد بۆ ئاگرەوانەکە و چلۆسکێک ئاگریان لێ وەردەگرت و دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە، کاری ئاگرەوانی کارێکی قورس و ئەرکێکی گران بوو، دەبوای بەشەو و بەڕۆژ پارێزوانی لە ئاگرەکەی کردەبای، واتا ئەوکەسە ژیان خۆی تەرخان

---

1 بروانە بۆ بەرگی یەکەم بەشی سێیەم پادشایەتی ماننا

دەکرد بۆ ئەوەی خەڵکی کۆمەڵگاکە بێ ئاگر و ڕۆشـنایی نەمێنێنەوە، جا بۆیە هەم ئاگر پیرۆز بوو و هەم ئاترەوان. ئەم کارە لە پێشـدا لە ئەشـکەوتەکاندا بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە دواییدا بۆ پاراسـتنی ئاگرەکە لە بەفرو باران و سـەرما خانوویان دروسـت کرد و هەر لەو خانوویەدا جێگای مانەوە و ژیانیان بۆ ئاترەوانەکەش دابین کرد. لەمەولا ئاترەوانی ئیتر بوو بە کارێکی پیرۆز کە بە میرات دەچوو لە بنەماڵەدا لە باوکەوە بۆ کوڕ. ئەم پیشـــەی ئاگرەوانییە چەند هەزار ســاڵی خایاندووە و چۆن ئەم ئاترەوانانە دواجار بوون بە بەشــێک لە هۆزی مۆگان (مۆغـان) هیچ زانیـارییەک لە بەردەســـتـدا نییە. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە ئەمەیە کە هەم ئاترەوانەکان و هەم هۆزی مۆگانی مادی پێش لە ســـەرهەڵدانی ئایینی زەڕدەشـــتی هەر کار و ئەرکی ئایینیان لە ئەستۆ بووە. و لە دوای سـەرهەڵدانی ئایینی زەڕدەشـتی ئاترەوانەکان بوون بە پێڕەوانی چـالاکی ئـایینەکە و بڵاوکەڕەوانی بـاوەڕی زەڕدەشـــتی، و هەروەهـا "ئـاترخـانە/ ئاترکەیە"کانیش بوون بە شوێنی پەرەستشی ئاهورامەزدا. [ وشەی "کەیە / کەدە" وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری زازاکییدا کە واتای خانوو دەدا][2].

هەر وەک لە بەشەکانی پێشودا باسی لێ کرا، زەڕدەشت ڕێبەری ئایینی مۆگەکان و لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی هۆزی مۆگان بوو، ئەو شێوەزارەی کە زەڕدەشت سرودە ئایینییەکانی خۆی پێ هۆنیوەتەوە بێ گومان هەمان شـێوەزاری هۆزی ماگ/ مۆگ واتا مۆگی بوو. هەر وەک لە هەموو بەڵگەنامە مێژووییەکاندا هاتووە و "هرودت"یش بە ڕۆشـــنی باسی لێ کردوە هۆزی ماگ یەکێ لە ســـەرەکیترین هۆزەکانی پێکهاتەی ماد بوون، کە بێجگە لە ئەرکی ئایینی، لە بەڕێوبەری کارو باری ســەربازیشـــدا لە ئیمپراتوری ماددا بەشـــداری چالاکیان هەبووە. ئەم شـێوەزارە کە ئێسـتا بە ناوی زوانی ئەوێسـتایی بەناوبانگە هەمان شـێوەزاری هۆزی مۆگانی مادییە. کە دواجار بوو بە زمانی ئایینی گشت ولاتی ئێرانی کۆن.

بە هاتنە ســەر کار و پەرەســەندنی دەســتەڵاتداری مادەکان پێویســتی بە زمانێکی هاوبەشی کارگێری، سـەربازی و پەیوەندایەتی(ارتباطات) لە نێوان هۆزەکاندا هاتە ئاراوە کە بووە هۆی ســـەرهەڵدان و پەرەســـەندنی هەر چە زیاتری شـــێوەزاری گشـــتیی مادی، " لێرەدا بۆ جیا کردنەوەی ئەم شـێوزارە لە شـێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێسـتایی) دەسـتەواژەی **شـێوەزاری گشـــتیی مادی** بە کار دەبرێت". ئەم شـــێوەزارە لە زۆربەی نـاوچەکانی کوردســـتـان و ئازەربایجانی ئێســـتادا هەتا دەگەیشـــتە ناوچەی "نامار/ نامری" (ناوچەی ڕۆژئاوای نێوان کەرکووک و خانەقین) قسەی پێ دەکرا.

[2] Ferheng, zazaki-kurmanci, Çeko Kocadag, l.p 221, 2010

لەم بەشـــەدا تێ دەکۆشرێت کە بە پشـــت بەســـتن بە کتێبی "مێژوی ماد"ی دیاکۆنۆف ، کورتەیەک لەسەر ئەو زەمینە مێژووییە کە زمانی کوردی لە سەری شین بوو و گەشەی کرد بەرجەستە بکرێتەوە و پەیوەندی وشە مادییەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا بخرێتە بەر چاو.

**[بۆ ئـاگـاداری، لە هەرجێگـایەک لەم کتێبەدا کە ئـامـاژە بە پەڕتووکی مێژووی مـادی دیـاکۆنۆف دەکرێ مەبەســـت وەرگێڕانە فـارســـییەکەیەتی لە وەرگێڕانـدنی کەریمی کەشاوەرز، تاران ساڵی ١٣٤٥].**

لێرەدا ســەبارەت بە کتێبی مێژووی مادی دیاکۆنۆف پێویســتە ئەوە بوترێت کە گرینگترین و باشـترین پەڕتووکێک کە تا ئێسـتا لەسـەر مێژووی ماد نووسراوە، ئەم کتێبەیە. دیاکۆنۆف کتێبەکەی خۆی بە شـێوەیەکی زانسـتیانە و بە کەڵک وەرگرتن و پشـتبەسـتن بە بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو سـەردەمە نووسـیوەتەوە، سـەرچاوە سـەرەکیەکانی بریتین لە سـاڵنامەکانی پادشـایانی ئاشـوور و ئورارتوو، ئەو نامەیانە کە پادشـایانی ئاشـوور بۆ ڕاوێژ کردن و یارمەتی خواســتن بۆ خۆدایانی ئاشـــووریان نووســـیووە، جەنگنامەکان و نامەکانی ســـیخوری دەســـتوپەیوەندەکانی دەســـتەڵاتداری ئاشـــوور، نووسراوەبەردینەکان و هەروەها لە کتێبی مێژوونووسـانی کۆنی یونانی وەک هرودت و کتسـیاس کە لە ناوەڕاسـتی سـەدەکانی پێنجەمی پ.ز. ژیاون. و هەروەها زۆر کتیب و بەڵگەی مێژوویی دیکە.

لێرەدا نابێ ئەوە لە بیر بچێتەوە کە نووسراوەکانی دیاکۆنۆف تا ئەو جێگایە کە دەگەڕێتەوە بۆ باســـکردنی ڕووداوە مێژووییەکان بە وردبینییەکی کەم هەمتاوە نووسراوە هەر چەند بەری نییە لە کەموکوڕی بەتایبەت کاتێ کە باسی ئەوە دەکا کە لە ســـەدەکانی نێوان نۆیەم هەتا حەوتەمی پ.ز توخمی ئێرانیی زمـان لە هێڵی نێوان قەزوێن وهەمەدانـدا نەترازابوون، کە ئەمە وەک دواجار ڕوون دەکرێتەوە ڕاسـت نییە. یان ئەوەی کە دەڵێ زامـوا (ناوچەکانی لای شـــارباژێر، شـــارەزوور، هەورامان و مەریوان) لە چەرخی نۆیەمی پ.زدا وڵاتی لۆلۆبیان بوو و ئێرانیی زمان لەم ناوچەیەدا نەدەژیان. هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ زمانی مادی (شێوەزاری ئەوێستایی و شێوەزاری گشتیی مادی) و مانا کردنەوەی هێندێک لە وشـە و دەستەواژەکان هەڵەی زۆری پێوە دیارە. بە تایبەت بە هۆی ئەوەی کە کوردی نازانێت ناتوانێت پەیوەندی ناوی کەســـەکان و شـــوێنەکان لەگەڵ زمانی کوردی/ مـادیدا دەســـتنیشـــان بکا. لەم لێکۆڵینەوەیەدا تێکۆشراوە کە ئەم کەموکوڕیانە تا ئەو جێگایە کە پەیوەندی بە بابەتەکانەوە هەیە ڕوون بکرێتەوە. ئەویش دەبێ بوترێت کە دیـاکۆنۆف بۆ خۆیشـــی لە ســـەرەتـای کتێبەکەیدا بەدڵفراوانییەوە جێگای هێشـــتووەتەوە بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم کەموکوڕیانە لە ئایندەدا.

# هەلومەرجی ناوچەکانی کۆنی کوردەواری پێش لە دامەزراندنی پادشایەتی ماد

مادەکان بەشێک لە هۆزەکانی ئێرانی بوون کە زۆربەیان لەو ناوچانەی کە ئێستا ئازەربایجان، زەنجان و هەمەدانی پێ دەڵێن نیشـــتەجێ بوون. **ســـازمانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەم  ناوچەیەدا هەتا ســەدەی نۆیەمی پ.ز هەر لە قوناخی ســەرەتایی واتا پێش لە پەیوەندییەکانی چینایەتی بوو.** هێشـــتا پێویســـتییەکانی پەیدا بوون و دامەزراندنی فەرمانڕەواییەکی گەورە و گشـــتگیر کە نوێنەرایەتی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا بکا نەهاتبووە ئاراوە. دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.١٩٨دا دەنووسێ:

لە بەشی ڕۆژئاوای ماد لە نێوان ســەدەکانی ٩-٧ پ.ز تازە ســـەرەتای گەشـــەســـەندنی کۆمەڵگای چینایەتی دەســتی پێ کردەبوو. ئەمە بەو واتایە دێت کە لەم ناوچەگەلەدا هێشـتا دەســـتەڵات و فەرمانڕەواییەکی گشـــتگێر دانەمەزرابوو، و هەر هۆزێک لە لایەن ســـەرۆک هۆزەکەیەوە بەڕێوە دەچوو. لەشکەرکیشییەکانی ئاشوور بۆ ناو خاکی ماد لە چەرخی نۆیەمی پ.ز.دا بە مەبەســتی تالان و برۆ و چەپاوکردنی مەڕومالات و گرتنی دیل دەســتی پێ کردبوو. لەکاتی پەلاماری ئاشـوورییەکاندا، خەڵکی ناوچەکە، ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێی دەهێشـت و لەگەڵ ئاژەڵەکانیاندا ڕوویان لە شـــاخە بەرزەکان دەکرد و خۆیان لەوێ حەشـــار دەدا. دیـاکۆنۆڤ دەڵێ: "یەکەمین هێرشی ئـاشـــوورییەکـان بۆ زاموا وڵاتی لۆلۆبیـان بوو." لەو ســـەردەمەدا هەر لە گۆلی ورمێییەوە (دەریاچەی ئورومییە) هەتا ســـەرەوەی ڕووباری دیالە بە زاموا ناسرابوو.

**[ ئەم وتەیەی دیاکۆنۆڤ ورد نییە دواجار ئەم باســە ڕوون دەکرێتەوە، "زاموا"ش تەنیا وڵاتی لۆلۆبیان نەبوو، خۆدی وشـەی لۆلۆبیش وشـەیەکی هورییە و واتای بیانی ئەدات، هۆزە ئێرانییەکانیش (کوردەکان) لە چاوی ئاشـــوورییەکانەوە هەر بیانی بوون. وشـــەی "زاموا"ش وشــەیەکی کوردییە واتای ســەرما، زۆزان  و کۆمەڵێ ڕەشـماڵ لە شـوێنکەدا ئەدا، بڕوانە بەرگی یەکەم بەشی سێیەم لاپەڕەکانی ١١٠-١١٣].**

هێرشـەکانی "ئاشـوور ناسـیرپاڵی دووەم" لە سـاڵەکانی ٨٨٣،٨٨١ و ٨٨٠ پ.ز لە هێرشـەکانی تر گەورەتر و بەربڵاوتر بوون. ئەو ناوچەگەلە کە کەوتنە بەر هێرشـــەکەوە بریتی بوون لە ١- کیرورتی (باکووری سلێمانی) ٢-  "سیمسی"(؟) ٣- سیمرە (ئێستاش هەر بەم ناوە ماوەتەوە، هەمان ناوچەی سـێمەرەیە لە نێوان ئێلام و کۆدەشــت)٤-  ئولمانیا (ڕەنگە هەمان گوندی ئەڵمانە  بێ لە هەورامان) ٥- ئاداعوش ٦- خارگا ٧- خارماســـا (بە ئەگەرێکی زۆر هەمان شـارەدێ "خامسـان"ە لە ناوچەی سـوورسـووری کامێران). لەم ناوچانەدا نە تەنیا ئەسـپ، و

هێستر و ئاژەڵ بەڵكوو هەرچێكیان دەسكەوت لە دانەوێلە و مەی و كاسە و گۆزە بەتاڵانیان برد.

بە قسەی دیاكۆنۆڤ (ل.پ.٢٠٤)، هێزەكانی ئاشووری هەتا دوایی فەرمانڕەوایی ئاشوور ناسرپالی دووەم پێیان نەدەكرا لە چیاكانی زاگروسەوە بەرەو ئەولاتر واتا ڕۆژهەڵات تێ پەڕن. بەڵام لە دوای ئەوەی كە بنكەی سەربازیان لە زاموا ( ناوچەكانی شاربازێر و هەورامان) دامەزراند ئیتر دەیان وێرا بەرەو ناوچەكانی ماد و دەریای كاسپی (خزر) پەل بەهاوێژن. لەمەو بەدواوە ئێتر ئاسایشت و ژیانی خەڵكەكە كەوتبووە بەر مەترسییەوە. بۆیە بۆ پاراستنی گیان وماڵی خۆیان هۆزەكانی ماد ناچار بوون كە خۆیان یەكگرتووتر و بەهێزتر بكەن.

لە ساڵی ٨٥٥ پ.ز هێزەكانی سالمانسەری سێیەم لە لای سەرەوە لە نزیک گۆلی ورمێ هێرشیان كردە سەر یەكێ لە میرەكانی ناوچەكە بە ناوی "نیک دیارا" ، لە دەوروبەری گۆلی ورمێ، لەسەر دەریاچەكە لەگەڵ یەک بە شەڕهاتن، بەڵام سەر نەكەوتن و نیک دیارا توانی خۆی درباز بكا. لە ساڵی ٨٤٢ پ.ز سالمانسەری سێیەم هێرشی كردە سەر نامار (ناوچەی نامار هەمان ناوچەی گەرمیانە، كەوتووبووە نێوان چیاكانی حەمرین و دەشتی كەركوک و خانەقین) و ئەو ئاژاوەیە كە لە ناوچەكەدا بوو سەركوت كرد. پاشان لە لایەن ئاشوورەوە میری ناوچەی بێت هامبان (ناوچەكانی كرند، سەر پێڵ، ئیلام و خانەقین) كرا بە پادشای ناوچەكانی نامار و بیت هامبان، بەڵام ئەم پادشایە لە ساڵێ ٨٣٤دا لە ئاشوور هەلگەڕایەوە، هێزەكانی ئاشوور هێرشیان كردە سەر نامار، دژەكانیان داگیر كرد، مەڕ و ماڵاتیان بە تاڵان برد پادشای ئەوێ كە بە "یانزی" بەناوبانگ بوو( گۆیا وشەیەكی كاشییە و واتای سەرۆک ئەدا) هەڵهات و بەرەو ناوچەكانی ماد ڕۆیشت. هێزەكانی ئاشوور دوایكەوتن و بە بیانوی دەستگیركردنی یانزی هێرشیان كردە سەر ناوچەكانی ماد، لە پێشدا چوونە نێو ناوچەكانی پارسوا( مەبەست ناوچەكانی باشووری زاموایە، كە دەبێتە ناوچەكانی سنە و ژاوەرۆ و كامێران هەتا سۆنگۆڕ(سنقر) و قروە. لەم شوێنانەدا لە ٢٧ سەرۆک هۆز و مێران باجیان ستاند. پاشان بەرەو ناوچەكانی ناوەندی ماد ڕێكەوتن هەتا بیجار و تیكانتەپە (فارسی: تكاب) ڕۆیشتن، وادیارە لێرەدا مادەكان "یانزی" پادشای نامار‌یان ڕادەستی ئاشوورییەكان كردوەتەوە، چونكە بە دەستگیركردنی یانزی شوێنەكەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە.

لە ساڵی ٨٢٨ پ.ز جارێكی تر ئاشوورییەكان هێرشیان كردەوە سەر ناوچەكانی مانناییەكان و مادەكان و چەپاویان كردن. ئاشوورییەكان لە باسكردنی هێرشەكانی خۆیاندا لە نێوان ساڵەكانی ٨٣٤- ٨٢٧ ناوی ژمارەیەک لە ناوچەكان و هەروەها میران و سەرۆک هۆزەكانیان

تۆمـار کردوە کە لە بـاری زمـانەوانییەوە گرینگییەکی زۆریـان هەیە کە دواجـار لێـان دەکۆڵدرێتەوە.

دیسـانەوە لە سـاڵی ٨٢٠ پ.ز.دا جارێکی تر پەلاماری ناوچەی پارسـوایان دا، و لە درێژەیدا بەرەو مەڵبەندی مێسـیان ( نێوان بیجار و چیای ئەلوند و زەنجان) ملیان نا، لێرەدا تاڵانێکی زۆریان کرد و پاشـان بەرەو" گیزێلبوندا (قافلانکۆ) لە نێوان زەنجان و میانە ڕۆیشـتن. دوو کەس لە سـەرۆکەکانی ئەم ناوچەیە خۆیان دا بە دەسـتەوە و بە دانی ئەسـپ و ئەڕابەی جەنگی پێشـوازییان لە ئاشـوورییەکان کرد، بەڵام یەکێکی دی لە سـەرۆک هۆزەکان بە ناوی **پیرشـاتی (پیرشـادی)** لە قەڵای **"ئۆراش"** بەرەنگاری ئاشـوورییەکان بووەوە وەلێ بە هۆی لاواز بوون و کۆن بوونی قەڵاکەیانەوە بەرگەیان نەگرت و نزیک بە ٦٠٠٠ کەسیان لێ کوژرا و ١٢٠٠ کەس لەوانە خۆدی پیرشاتیش بە دیل گیران.

یەکێکی تر لەو سـەرۆک هۆزانە کە شـەڕی نەکرد و خۆی دا بەدەسـتەوە ناوی **"ئەنگور"** بوو کە لە دژەکەی خۆی بە ناوی **"سێبار"** پێشوازی ئاشوورییەکانی کرد.

بە وتەی دیاکۆنۆف سەرۆکی یەکیەتیی هۆزەکانی ماد لەم سەردەمەدا **"هاناسێروکا"** بوو لە قەڵای "ساگ بیتو"، کە هەر لە قەڵاکەدا بەرەنگاری هێزەکانی ئاشوور بووەوە، لە شـەڕێکی گراندا هێزەکانی ماد تووشی شـکان هاتن، بەپێی نووسراوەکانی ئاشـووری ٢٣٠٠ کەس لە مادەکان کوژران و ١٤٠ کەسیشـیان بە دیل گیران. بەڵام مادەکان ورەیان نەڕووخا و کۆڵیان نەدا جارێکی تر لە دژی ئاشـوورییەکان هەسـتانەوە. لە کاتی گەڕانەوەی ئاشـوورییەکاندا لە نزیکی هەمەدان، مادەکان بە سـەرکردایەتی **"مون سـۆ- ئارتا "** فەرمانڕەوای **"ئارازیاش"** ڕێگەیان پێ گرتن، بەڵام لە شـەڕەکەدا سـەر نەکەوتن و بە قسـەی ئاشـوورییەکان ١٠٧٠ کەسـیان لێ کوشـتوون و ژمارەیەکیشـیان لێ بە دیل گرتوون.(ئەڵبەت نابێ باوەڕ بە تەواوی ئەم ڕوومـاڵانەی ئـاشـوورییەکـان بکرێـت چونکە خۆسـتـایی ( بە خۆدا هەڵوتن) لە جەنگنامەکانیاندا زۆر بەرچاوە، قەت باسی زیانەکانی خۆیان ناکەن).

لە دوای ئەم شکستانە، هۆزەکانی ماد زۆر پەرێشان ببوون، یەکیەتییەکی قایمیان لە نێواندا نەبوو، ئاشـوورییەکان هەر کاتێ بیانویسـتبای بەسـەریاندا دەدا، تاڵانیان دەکردن و دیلیان لێ دەگرتن، هەروەها باجێکی زۆریشـیان خسـتبووە سـەریان. بە قسـەی دیاکۆنۆف **ئەمە ئەنجامی پەراکەندەیی و ناتبایی و شـەڕی ناوخۆیی مادەکان بوو. پادشـاکانی ئاشـوور ناوی ئەو میرانەی مادەکان کە باجیان پێ داون تۆمار کردوە، کە دواجار ئەم ناوانەش دەدرێتە بەر لێکۆڵینەوە و پەیوەندییان بە زمانی کوردییەوە دەخرێتە پێش چاو.**

لە دوای مەرگی شامشی ئادادی پێنجەم لە ساڵی ٨١٠ پ.ز. کوڕەکەی کە منداڵێکی بچووک بوو جێگای گرتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا فەرمانڕەوایی لە دەستی دایکیدا "ساموورامات"دا بوو کە لە مێژووودا بە نێوی "سمیرامیس" بەناوبانگە. لە سەردەمی "سمیرامیس"دا بەدەیان جار پەلاماری ناوچەکانیماننا و ماد درا، لە یەکێ لە نووسراوەکانی ئاشووریدا لە ساڵی ٨٠٢ پ.ز.دا وا دەردەکەوێ کە ئاشوورییەکان توانیویانە زۆربەی ناوچەکانی ماد بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، لەوانە **ئەڵیپێ** (ناوچەی کرماشان)، **خارخار**( نزیکی تیکانتەپە / تکاب)، **ئارازیاش** ( لە باکووری هەمەدان)، **مێسی** (ناوچەی نێوان بیجار و زەنجان و کێوی ئەڵوەند)، **گیزیلبوندا** ( قافلانکۆ لە نێوان زەنجان و میانە)، **ماننا** (ناوچەکانی نێوان تەبرێز، گۆلی ورمێی هەتا دیواندەرە و سەقز و بانە)، **ئابدادان** (ڕەنگە " ئابدانان" بێ لە ئیلام)، **ئەندیا** (ڕۆژهەڵاتی کێوی ئەڵوەند، دەشتی قەزوین) و **دەریای کاسپی** (خزر).

دیسانەوە لە نێوان ساڵانی ٨٠٢ و ٧٨٨ پ.ز ئاشوورییەکان پێنج جار پەلاماری مادیان دا و توانیان ماد داگیر بکەن ئەم شەڕانە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سمیرامیسدا بوو. لە دوای ئەم ساڵانە، ئاشوورییەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتداری خۆیان دەستیان دایە شەڕ لە دژی فەرمانڕەوایی "ئورارتوو" لە قەراخی دەریاچەی وان و باکووری دەریاچەی ورمێ. لە نێوان ساڵەکانی ٨٠١ پ.ز هەتا ٧٧٨ زیاتر لە ٨ جار لەگەڵ "ئورارتوو"دا بە شەڕهاتن. بەڵام سەرکەوتنیان بە دەست نەهێنا، ئەمجا ئورارتووییەکان پەلاماری ئاشووریان دا و هەتا "نامار( گەرمیان)" ڕۆیشتن. ئەم شەڕانە بووە هۆی ئەوەی کە مادەکان بۆ ماوەیەک لە دەستدرێژی ڕاستەوخۆی ئاشوورییەکان بەدوور بن. ئەو دەستوەشاندنە گورچێکبڕەی ئاشوورییەکان کە لە ساڵی ٧٤٣دا لە ئورارتوویان وەشاند توانی ببێتە هۆی بێهێزکردنی "ئورارتوو" و بوژانەوەی دەسەڵاتی ماد و ماننا.

فەلسەفەی پێکهاتنی دەسەڵاتی ماننا لە سەرەتادا بەرئەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی ئاشوور بوو، بەشێکی زۆر لە هۆزەکانی ماد لە دەستپێکی دامەزراندنی فەرمانڕەوایی مانادا پشتیوانی بوون. بەڵام کاتێک کە دەرکەوت ماننا بووە بە هاوپەیمان و هاوکاری ئاشوور ئیتر لێ هەڵگەڕانەوە. بۆیە بۆ پاراستنی خۆیان لە هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئاشوور و ئورارتوو ناچارمان کە یەکیەتی ناو خۆیان بەهێزتر بکەن.

مێژوونووسان کاتێ باس لە پادشایەتی ماد دەکەن "دیوک یان دیاکۆ" بە سەردەمدار و دامەزرینەری پادشایەتی ماد دەزانن. بەڵام لە ئەوێستادا زۆر بە ڕوونی باس لە دەستەڵاتداریەتی پادشایانی کەیانی و بە تایبەت ویشتاسپ کراوە هەر لەو ناوچەگەلەدا کە دواجار مادەکان فەرمانڕەوایی خۆیانیان تێدا دامەزراند. کاتێ باس لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە دەکرێ ئەمە نابێ لە بیر بچێتەوە، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی زەردەشت و

ئەوێســـتادا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی چیای زاگروس واتا ئازەربایجان و هەمەدانی ئێســـتا، هێشـتا سـازمانی (سـیسـتەمی) کۆمەڵایەتی وپەیوەندییەکانی ناوکۆمەڵگە چینایەتی نەبوو، و خەڵک لە قوناخی ســـەرەتایی پێش لە بەردەداریدا(کۆیلەداری) دەژیان، کە وابوو هێشـــتا دەســتەڵات و فەرمانڕەواییەکی فراوان و گشـتگیر نەبووە، هێشـتا کاری سـەربازی نەبوو بە پیشـــە و ســـپایەکی پیشـــەیی لە ئارادا نەبوو، دژ و کەلات (قەڵا) نەبووە. ئەوکەلانەش کە هەبوون بۆ پاراستنی خۆیان بوو لە بەرانبەر دەستدرێژی هۆزەکانی تر نەک بۆ شـەڕکردن لە بەرانبەر ئاشـوور یان ئورارتوو. ئەگەر پادشـایەکیش هەبووای هەر لەگەڵ پیاوەکانی هۆزی خۆی دەمایەوە و جەنگاوەرەکـانیشـــی هەر ئەندامانی هۆزەکەی خۆی بوون کە لە کاتی ئارامشـدا خەرێکی کاروباری ئاسـایی خۆیان بوون و لە کاتی شـەڕیشـدا سـەرباز و جەنگاوەر بوون. پادشا لەو سەردەمەدا دوو ئەرکی سەرەکی هەبووە، یەکەم ئەرکی ڕوو بە دەرەوە، کە ئەویش پاراستنی هۆزەکەی خۆی و هۆزەکانی هاوپەیمانی بوو لە هێرشی دوژمنان و هۆزەکانی تر، دووەمین ئەرکیشی ڕوو بە ناوەوە بریتی بووە لە کاری دادوەری لە ناو هۆزەکاندا و سزادانی چەتەکان و تاوانباران.

یەکێک لە جیاوازییە ســـەرەکیەکانی دەســـتەڵاتداری لە ســـازمانی یەکیەتیی هۆزەکان پێش کۆمەڵگەی چینایەتی لەگەڵ سـازمانی پادشـایەتی سـەردەمی چینایەتێدا لەمە دابوو کە لە سازمانی پادشایەتیدا، لە پاش مەرگی پادشا جێگرتنەوەی بە میرات دەچوو بۆ کوڕەکانی و یان ئەندامانی بنەماڵەکەی. لە کاتێکدا لە سـازمانی یەکیەتیی هۆزەکاندا لە پاش مەرگی سـەرۆک جێگرتنەوەی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بوو (گەورەپیاوان و سـەرۆک هۆزەکان کۆ دەبوونەوە و یەکێکیان هەڵدەبژارد وەک سەرۆک هەتا لە ژیاندا بوو).

لەو ســـەردەمەدا کە پادشـــایەتی ماد دادەمەزرا، کۆمەڵگای ماد خەریکی گواســـتنەوە بوو لە قۆنـاخی پێش بەردەداری (کۆیلەداری) بەرەو کۆمەڵگـایەکی چینـایەتی. یـان بەجۆرێکی تر دەتوانرێت بوترێت کە پادشـــایەتی ماد ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییە بوو کە لە ناوچەکانی ماددا ڕوویاندا بوو. دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٢٤٤دا لەسـەر دامەزراندنی پادشـایی ماد دەنووسێ: سـەروك هۆزەکان و سـەرکردە کانی سـپا ئەوکەسـانەیان کە لە جەنگدا دەگرت دەیانکردن بە کۆیلە و دەیان چەوســـاندنەوە، ئەمە خۆی وای دەکرد کە کۆمەڵگا دابەش بێت بە سەر، هەژار و دوڵەمەند یان سەردەستان و بندەستان.

**بەڵام دیسان بە وتەی دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٢٤٤دا "لە سەدەکانی ٨ و٧ پ.ز سـازمانی (سـیسـتەمی) بەردەداری (کۆیلەداری) لە ناوچەکانی ژێردەسـتەڵاتی ماددا هێشـــتا نەگەیشـــتبووە ئەو ڕادەیە کە بتوانێ ئازادییەکان بەرتەسـک وکۆمەڵانی خەڵک بێماف بکا، هێشـــتا هەر پیاوێک (پیاوی ماڵ/ ســـەرۆکی**

**ماڵ) ئەندامی ئەنجومەنی گشـــتیی کۆمەڵگا بوو لە بڕیاردان و لە هەمان کاتیشـــدا ســـەربازی ســـپایش بوو. ئەم هەلومەرجە وای کردبوو کە ئەو کەسانەی کە ئەندامی یەکیەتیی مادەکان بوون سەربازانێکی خۆڕاگر وگیانباز هەروەها ســـوارەی چالاک و دلێر بوون لە شـــەڕدا. هێشـــتا ســـازمانی کۆمەڵایەتیان ئازادی تێدا مابوو، کۆمەڵانی خەڵک یەکدڵ و یەکگرتوو بوون. هەر بۆیەش هەژاران و کۆیلەکان و ســـتەملێکراوانی وڵاتی ئاشـــوور چاویان لە ئەوان بوو بۆ ئازادی و ڕزگاری خۆیان".**

لە ساڵی ٧٤٤ پ.ز.دا ئاشوور هێرشی خۆی لە دژی ناوچەکانی مادنشین دەست پێ کردەوە، سەرەتا پەلاماری ناوچەی "نامار" (گەرمیان)یان دا پاشان بەرەو پارسوا (لای سنە) ڕۆیشتن و میرنشـــینە چکۆلەکانیان تێک شـــکاند و ســـەرۆکەکانیان بە دیل گرتن. لە دواییدا بەرەو ناوچەکانی ناوەندی ماد ڕۆیشتن و چەند دژ (قەڵا)یەکیان داگیر کرد، لەوانە دژی زاگرووتی لە نزیک گیزڵبوندا( قافلانکۆ) لە گەڕانەوەشـــدا ناوچەی" بیت هامبانیان" (ناوچەکانی کرند، ســـەر پێڵ، ئیلام و خانەقین)، داگیر کرد و باجێکی یەکجار زۆریشـــیان بە ســـەر خەڵکەکەدا سەپاند.

لە ســـاڵەکانی ٧٣٧ و ٧٣٣ پ.ز. دیســـانەوە تیگلاتپالاســـار ســـێیەم هێرشی کردەوە ســـەر ناوچەکانی ماد بە مەبەستی کۆکردنەوەی باج و گرتنی دیل. دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٢٥٦دا دەڵێ: "دەبێ ئاماژە بکەین کە هێندێک لەو ناوانە کە لە نووسراوەکانی تیگلاتپالاســـاردا هاتووە، ڕیشـەی ئێرانیان هەیە وەک **"<u>ئاریاما، نیشا، ئوریمزان، ئورننا، ئاراکۆنتو و چەند ناوی تر</u>"** بەڵام لە ساڵەکانی ٧٤٤- ٧٣٧ پ.ز. ناوی ئێرانی هێشتا نەگەیشتبوونە ڕۆژئاوای هێڵی نێوان قەزوێن هەمەدان" (ئەم بۆچوونەی دیاکۆنۆڤ ڕاست نییە دواى ڕوون دەکرێتەوە).

بە کورتی ماوەیەک زیاتر لە ســـەد ســـاڵ ئاشـــوورییەکان پەیتا پەیتا پەلاماری وڵاتی کۆنی کوردەوارییان دا هەر لە کەرکووکەوە هەتا نزیکێ قەزوێن و لە باکووریشەوە هەتا گۆلی ورمێ و گۆلی وان. بەڵام هیچ کاتێ نەیـانتوانی بە تەواوی چۆکیـان پێ دادەن، دیـاکۆنۆڤ دەڵێ کۆکردنەوەی باج بۆ ئاشـــوورییەکان تەنیا لەو شـــوێنانە مەیســـەر بوو کە قەڵایان هەبوو، ئاشوورییەکان بۆیان زۆر ئاسان نەبوو کە لە دژەکانی خۆیان بە ئاسانی دوور بکەونەوە.

لە دواییەکانی ســـەدەی هەشـــتەمدا ڕەوشی ناوچەکانی ماد باش نەبوو، ئاشـــوورییەکان دژ و بنکەی خۆیانیان لە زۆربەی ناوچەکانی ماددا دامەزراندبوو، وەک زاموا (ناوچەکانی سلێمانی و دەوروبەری و بەشـــێک لە هەورامان)، پارســـوا (ناوچەکانی ســـنە، دیواندەرە، مەریوان و کامێران و ژاوەرۆ)، بیت هامبان (ناوچەکانی کرند، ســـەر پێڵ، ئیلام و خانەقین)، کێشـــە ســـۆ

(لای هەمەدان)، خارخار (تیکانتەپە/ تیکاپ). لەم سەردەمەدا میرنشینە نیوەسەربەخۆکانی ماد زۆر تووڕە و دڵگران بوون لە ستەم و زۆرکاری ئاشوورییەکان، و پادشایەتی "ماننا"یان بە هۆکاری ئەم ڕەوشە دەزانی لەبەر هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئاشووردا. هەر بۆیەش لە ساڵی ٧١٦ پ.ز. هۆزەکانی ماد لە بن سەرکردایەتی **بەگداتوو** میری ناوچەی **هویش دیش** کە ناوەندەکەی ڕاغە بوو (ماد- ڕاغە، شاری مەراغەی ئەمڕۆ) لە دژی **"ئازا"** پادشای ماننا ڕاپەڕین و "ئازا"یان کوشت و بەگداتوو جێگای ئازای گرتەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کە سارگۆن پادشای ئاشوور هێرشی کردە سەرناوچەکە و بەگداتووی کوشت و کوڕەکەی تری ئێرانزو واتا "ئۆلۆسۆنوی" لە جێگای ئازا دانا وەک پادشای ماننا.

**لەم سەردەمەدا ناوچەکانی نێوان هەمەدان و بیجار و زەنجان هەتا کێوی ئەڵوەند لە ژێر دەستی "دیاکۆ"دا بوو کە وەکوو میرێکی نێوە سەربەخۆ لە پەنای پادشای ماننادا فەرمانڕەوایی دەکرد. لەسەر ئەمە کە ئایا دیاکۆ دەستی هەبووە لە ڕاپەڕینی هۆزەکانی ماد لە دژی ئازا پادشای ماننا، هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.** بەلام لە ساڵەکانی ٧١٥-٧١٣ پ.ز سارگۆنی دووەم پادشای ئاشوور هێرشی هێنایە سەرماد و بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەستی دیاکۆی داگیر کرد، جێگیربوون و خۆ قایم کردنی ئاشوورییەکان لە ناوچەکەدا و پەل هاویشتنیان بۆ داگیرکاری زیاتر، و هەروەها هاوکاری و هاوپەیمانی "ئۆلۆسونۆ" پادشای ماننا لەگەڵ سارگۆنی دووەم نە تەنیا مادەکانی تووشی هەراسانی و کین و تووڕەیی کردەبوو، بەڵکوو ئورارتوویەکانیشی دڵگران کردبوو و دەیانزانی کە زوو یان درەنگ ئاشوور پەلاماریان دەدا. هەر بۆیەش کەوتنە خۆیان و لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ماد پەیوەندیان گرت، یەکێ لەوانەش دیاکۆ بوو کە کوڕەکەی خۆی وەک نوێنەر نارد بۆ لای "ڕۆسا " پاشای ئورارتوو، **[دیاکۆنۆڤ دەڵێ، دیاکۆ کورەکەی خۆی وەک بارمتە و وەک نوێنەر ناردوتە لای ڕۆسا. ئەمە ناتوانێ ڕاست بێ، بۆچی بارمتە؟ خۆ ناوچەکانی دیاکۆ لەگەڵ ئورارتوودا مەرزی هاوبەشیان نەبوو، ناوچەی"هۆیش دێش" بە سەرۆکایەتی بەگداتوو کە ناوندەکەی "ماد- ڕاغە ( مەراغە)" بوو، لەگەڵ ئورارتوودا هاومەرز بوون ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی دیاکۆ کەوتبوونە باشووری ئویش دێش، بێجگە لەمە هیچ شەڕ و دوژمنایەتییەکیش لە نێوان دیاکۆ و ئورارتوویشدا نەبوو].** پێویستە باسی ئەمەش بکرێت کە هەر چەند زانیارییەکی ڕوون لە بەر دەستدا نییە بەڵام ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە ئەمەمان پێ دەڵێن کە دەبێ سەرۆکی یەکیەتیی هۆزەکانی ماد بەر لە کوژرانی بەگداتوو واتا تا ساڵی ٧١٦ پ.ز هەر بەگداتوو بووبێت، چونکە ئەو ڕابەڕایەتی ڕاپەڕینەکەی دژ بە ئازای کرد و جێگای ئازایشی گرتەوە. دوای کوژرانی بەگداتوو واتا نێوان ساڵەکانی ٧١٦- ٧١٥ پ.ز. سەرۆک هۆزەکانی تر وەک **"مەتا- تی/ ماتا- تی"** سەرۆکی هۆزی زاگروتی و **"تلۆ سینا "**

ســـەرۆکی ناوچەی ئاندیا  لە ناوچەکەدا نەمابوون و دوور کەوتووبوونەوە، بۆیە دەبێ ئەرکی سەرۆکایەتی هۆزەکانی ماد کەوتەبێتە دەستی دیاکۆ.

"لە کۆتـایی ســـاڵی ٧١٦ پ.ز ڕۆســـا پادشـــای ئورارتوو پەلاماری ماننای دا بە تـاوانی پشـتگیریکردن لە ئاشـوور و ٢٢ دژی ماننایییان لە مەرزەکانی نێوان واننا و ئاشـووردا داگیر کرد، بەڵام ســـارگۆن لە ســـاڵی ٧١٥پ.ز دژەکانی لێ داگیر کردەوە و پەیوەســـتی کرد بە ئاشـوورەوە. دواجاریش سپای نادرە سـەر دیاکۆ و لەگەڵ بنەماڵەکەیدا دەسـتبەسـەرکران و دووری خســتنەوە بۆ هامات/ حەمات لە ســوریە، (دیارە بە تاوانی ئەوەی کە دۆســتایەتی لەگەڵ ئورارتوودا دامەزراندبوو).

لە سـاڵی ٧١٥ پ.زدا ڕاپەڕینێکی گەورە لە ناوچەی خارخار(تیکانتەپە/ تیکاپ= نووسـەر) لە دژی داگیرکەری ئاشـوور دەسـتی پێ کرد و زۆری نەخایاند کە تەشـەنەی سـتاند و ناوچەکانی ئەلیپی (کرماشان) و بیت هامبان و ناماریشی گرتەوە. هێزەکانی ئاشوور توانیان ئەم شۆڕشە ســـەرکوت بکەن و بە تایبەت لە ناوچەی بیت هامبان بە داگیرکردنی قەڵای **"کەی میرا"** (وشـــەیەکی کوردییە، "کەی" بە واتای گەورە دێت و "میرا"ش لە کرمانجیدا واتای میرەکان دەدا، پێکەوە واتای " قەڵای گەورە میران" دەدا = نووسەر) زیاتر لە ٢٥٣٠ کەسیان بە دیلی برد. لە نووسراوەکانی ئاشـــووریدا وا دەردەکەوێ کە بە هەموو ئەو زەبر و زەنگەوە کە بە کاریان دەهێنا، بەڵام پایەی دەستەڵاتیان زۆرسـست و لەرزۆک بوو و تەنیا لەو شـوێنانە کە بنکە و دژی سەربازیان هەبوو دەیانتوانی تا ڕادەیەک دەستەڵاتیان هەبێ دەنا خەڵکەکە هەر بە گۆێ سەرۆک هۆزەکانی خۆیانیان دەکرد"[3].

لە ساڵی ٧١٤ پ.ز.دا سارگۆنی دووەم پادشای ئاشوور بە هاوکاری ئولۆسونۆ پادشای واننا هێرشی بردە سـەر ئورارتوو و زەبرێکی گرانیان لە ئورارتوو وەشـاند و بێجگە لەو ٢٢ دژەیە کە پێشـتر ڕۆسـا لە ماننای داگیر کردبوو چەندین دژی تریش کەوتنە دەسـتی ئاشـوور و واننا. ماننایەکان توانیان دەستەڵات و مەرزی خۆیان بگەیێننە سەرەوەی گۆلی ورمێ.

ســـارگۆنی دووەم لە ســـاڵی ٧١٣ پ.ز هێرشی کردوە ســـەر مادەکان، هۆزەکانی ماد ماوەی ساڵێک بوو کە چاوەڕێ ئەم هێرشـەیان دەکرد، هۆکاری ئەم هێرشـە ئەو شـۆڕشـە بوو کە لە ناوچەی "کارالا" ( لە ســـەرەوەی زێ بچووک لە نزیک ڕانیە و قەڵادزە) هەڵگیرســـابوو و خەڵکی ئەوێ کاربەدەســـتێکی ئاشـــووریان لە ناوچەکە دەرکردەبوو. ســـارگۆنی دووەم ئەو ڕاپەڕینەی تێک شکاند و لەوێیەوە بەرەو ئەلیپی (ناوچەی کرماشان) کەوتەڕێ لەوێ "دالتو/

---

[3] ا. م. دیاکۆنۆف ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ل.پ.٢٦٦- ٢٦٨

تالتو"ی پادشـــا، یان میری ئەوێ دیســـانەوە لەســـەر تەختی خۆی دانایەوە، ئەمجا بەرەو شوێنەکانی ناوەندی ماد کەوتەڕێ، دەقی جەنگنامەکانی ئاشووری لەسەر ئەم هێرشە ئاوایە:[4]

**" [ وڵاتی ســـیگری] ســـو، وڵاتی بائیت عان (؟) " Bait-an "، ناوچەی ماد لە مەرزی ئەلـیـپی، [وڵاتی ......... ]، وڵاتی ئـاپســـاخـوٚتێ " Apsaxutti"، وڵاتی پـارنـوئـاتی "Parnuatti"، وڵاتی ئوتیرنا " Utirna"، گوندی دیریســـتانو " Diristanu "، [وڵاتی ...]، وڵاتی ئوریاکی " Uriakki"، وڵاتی ریمانوتی " Rimanuti "، ناوچەی وڵاتی ئوپوریی " Upuri" ، [وڵاتی ] ئویادائوئە " Uyadanue "، وڵاتی بوســـتیس "Bustis "، وڵاتی ئاگازی " Agazi"، وڵاتی ئامباندا " Ambanda "، وڵاتی دانانو " Dananu "، ناوچەکانی دوورە دەســـت لە مەرزەکانی وڵاتی ئاری بی " Aribi" ڕۆژهەڵات، و هەروەها ناوچەی مادە بەهێزەکان کە تەوقی خۆدای ئاشـووریان فڕە دا و بەرەو کێوەکان و بیابانەکان وەک دز هەڵاتن، من هێزی بلێســـەدارم لە گشـــت گوندەکانیان هاویشـــت و ســـەرانســـەری وڵاتەکەیانم کرد بە کەلاوەیەکی فەرامۆشکراو".**

**ناوی ئەم شوێنانە گرینگییەکی تایبەتیان هەیە بۆ نیشاندانی پەیوەندی زمانی دانیشتووانی کۆنی ئەم ناوچەگەلە لەگەڵ زمانی کوردیی ئێســـتادا. لە درێژەی ئەم بابەتەدا ڕۆشـــنایی دەخرێتە سەر ئەم پەیوەندییە.**

دوایین هێرشی ئاشـووریەکان بۆ سەر خاکی ماد لە سـەردەمی سارگۆنی دووەمدا بوو لە ساڵی ٧٠٦ پ.ز. "داڵتا / تاڵتا " پادشـــای ئالیپی (ناوچەی کرماشـــان) کە دۆســـتی ئاشـــوور بوو لە ژیاندا نەمابوو، دەســـتەڵات کەوتبووە دەســـتی زەڕبراکەی کە نـاوی "نیبە" بوو، ئەویش پەیوەندی باشی لەگەڵ دەســـتەلاتی ئیلامدا دامەزراندبوو، هەروەها دوژمنایەتی کەســـێکی تری دەکرد بە ناوی "ئەســـپابارا" ( بە ئەگەری زۆر کوڕی تاڵتا بوو) کە لایەنگری ئاشـــوور بوو. هەر بۆیەش ئاشـــووریەکان پەلاماریان دا و دوای تێک شـــکاندنی قەڵاکەی "نیبە" نـاوچەکەیان داگیر کرد. ئێتر لەمە بە دواوە ئەلیپی (کرماشـــان) نەیتوانی وەکوو لایەنێکی سەربەخۆ لە یەکیەتیی مادەکاندا نەخشی هەبێ.

پێویســـتە لێرەدا ئەمەش باس بکرێت کە هۆکاری داگیرکاری و دیل گرتن و تـاڵان و بڕینی خەڵک لە لایەن ئاشـووریەکانەوە لەبەر بەدخۆلقی و بەدڕەوشـتی پادشـایان و سـەرکردەکانی ئاشوور نەبوو، بەڵکوو هۆکاری سیاسی- ئابووری خۆی هەبوو. ئاشووریەکان وەکوو نەتەوە نەتەوەیەکی بچووک بوون ولە ناوچەیەکی بەرتەســـکی نێوان نەینەوا و هەولێر هەتا نزیک کەرکووک نیشـــتەجێبوون، ئەمە لە کاتێکدا بۆ نموونە هۆزەکانی ئێرانی و مادەکان لە وڵاتێکی

---

[4] ا. م. دیاکۆنۆف ترجمه کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ل.پ. ٢٧٥

پان و بەریندا هەر لە پاکسـتان و تاجیکسـتانەوە بگرە هەتا سـەرەوەی مێزوپوتامی بڵاوەیان کردبوو و دەژیان. بەڵام ئاشـــوورییەکان بەپێچەوانەی قەبارەی خۆیان هێزێکی زەبەلاحی پیشەیی سەربازی و دەستگایەکی گەورەی کارگێڕیان چێکردبوو(دروست کردبوو)، دابینکردنی ئەم هێزە ســەربازییە لە باری چەکوچوڵ و ئەســپ و هەروەها خوارد و خوراکەوە کارێکی ئاســان نەبوو، بۆیە دەســتەڵاتی ئاشــوور بۆ دابینکردنی پێویســتییەکانی خۆی و دەســتگا کارگێڕیەکانی ناچار بوو هەردەم لە جەنگ و کارزاردا بێ بۆ تاڵانکردن و بڕینەوەی باج بە سـەر دانیشتووانی ناوچە جۆربەجۆرەکاندا. بێجگە لەمەش خۆدی ئەم هێزە زەبەلاحەی سەربازی پێویستی بە جوڵە و شەڕکردن و بە دەست هێنانی سەرکەوتن بوو بۆ نیشاندانی هێزی خۆی و شکۆی ئیمپراتورییەکەیان.

# کۆچی هۆزەکانی تری ئێرانیی زمان بۆ وڵاتی کۆنی کوردەواری

لە سەرەتاکانی چەرخی هەفتەمی پ.زدا دوو کۆچی گەورە کرا بۆ ناوچەکانی کوردەواری کە کاریگەرێکی زۆریان کردە سەر کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەدا هەم لە باری سیاسی کۆمەڵایەتییەوە و هەم لە باری زمانییەوە.

## یەکەم، کۆچی کەیمرییەکان:

بەشێکی زۆر لە هۆزی جەنگاوەری کەیمری کە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە کە ئایا لە سەرەوەی دەریای ڕەش و لە ئۆکرایینادا ژیاون یان لە سەرەوەی قەفقاز بەڵام بە هەر جۆرێک بووبێت گەیشتن وڵاتی ئورارتوو و لەگەڵ ئورارتوو بە شەڕهاتن، پاشان لەگەڵ "ڕۆسا"ی دووم پادشای ئورارتوو ڕێک کەوتن و بوون بە هاوپەیمانی یەکتر و بۆ ماوەیەکیش لە ئاسیای بچووک فەرمانڕەواییان کرد. کەیمرییەکان دواجار بوون بە دوو بەشەوە بەشێکیان لە ژێرسەرکردایەتی "توشپا / تیوسپا" بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن لە دوای جەنگ و شەڕێکی زۆر لەگەڵ ئاشوورییەکاندا لە باکووری ئەو وڵاتە، ئەوێیان بەجێهیشت و بەرەو وڵاتی لیدی ڕۆیشتن و لەساڵی ٦٥٢ پ.ز. سارد پایتەختی لیدییان داگیر کرد و بۆ ماوەی نزیک پانزدەساڵ لەوێ فەرمانڕەواییان کرد بەڵام لە دواییدا کەوتنە بەر هێرشی سکاکان و ئاشوورییەکان و تێک شکان وبەرەو کاپادوکیا پاشەکشەیان کرد و هەر لەوێ مانەوە. بەشێکی تر لە کەیمرییەکان بەرەو ناوچەکانیماننا و ماد ڕۆیشتن و بوون بە هاوپەیمانی ماننایەکان. شوێنەوارناسان زۆر لە ئاسەواری ئەم هۆزەیان لە ناوچەی سەقز دۆزیوەتەوە. هەر چەند زانیارییەکی زۆر لەسەر زمانەکەیان نییە، وەلی پسپۆڕانی بواری زماننناسی لەو باوەڕەدان کە زمانەکەیان دەچێتەوە سەر زمانە ئێرانییەکان.

لەسەر واتای ناوی کەیمری، دەبێ ئەو مانایە کە هرودت بۆی داناوە بە ڕاستی بزانین، چونکە هرودت بۆ خۆی لە چەرخی پێنجەمی پ.ز ژیاوە و لەو کاتەدا کەیمرییەکان هێشتا هەر وەکوو هۆز لە ژیاندا بوون و لە ناوچەکانی کوردستان و کاپادوکیادا گیرسابوونەوە. بە وتەی هرودت ئەم وشەیە "کەی- مری"یە، بە واتای گەورە- مردو. ئەم وشەیە ئێستاش لە کوردیدا هەر ئەم مانای دەگەیێ، کەی بە واتای پادشا وەک کەیخەسرەو، کەیکاوس، کەیقوباد، و هەروەها کەی بە واتای گەورە وەک کەیبانو (ژنی گەورەی ماڵ)، کەیخۆدا (خاوەنی گەورە). وشەی "مری"ش وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە واتای مردو دەدا لە شێوەزاری کرمانجیدا کە وابوو کەیمری واتای شا- مردو/ گەورە- مردو دەدا هەر بەو جۆرەی کە هرودت دەڵێ. هەروەها بە ئەگەرێکی زۆر ناوی شاری "کامێران"ش لە نێوان سنە و

کرماشـــان و گوندی "کامەریان" لە ناوچەی بیتوێن لای ڕانیە، پەیوەســـتە بە ناوی هۆزی "کەیمریان"ەوە.

## دووەم، کۆچی ئەسکیتەکان/ شکیدا:

یونانییەکان هەموو ئەو هۆزە کۆچەرانە کە ئێرانیی زمان بوون و پێشتر لە سەرەوەی دەریای ڕەش و هەروەها لە باکووری قەفقاز دەژیان وەک ئەســـکیت ناویان لێ نابوو، بەڵام ئەســـکیتەکان هۆزی جیاجیا بوون و قەت ئەم هۆزانە بە خۆیان نەوتووە ئەســـکیت. تەنانەت زۆرجاریش کەیمرییەکانیان هەر وەک ئەسـکیت ناو بردووە. بە باوەڕی دیاکۆنۆڤ ئەو هۆزە کۆچەرەی کە لە باکووری ماننادا (ناوچەی قەرەباخ و باکووری ئازەربایجان) جێگیربوون و دەسـتەڵاتێکی سـیاسی (پادشـایەتی )یان دامەزراند هۆزی "شـکیدا" بوون، کە ئەو وەک "ئەسکیتەکانی- شکیدا" ناویان لێ دەبا (بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ.٣١٧). شکیداکان دواجار بەرەو ماننا ڕۆیشـــتن و بوون بە هاوپەیمانی ماننا. بە باوەڕی دیاکۆنۆڤ بێ هیچ گومانێک زمانی شکیداکان ئێرانی بووە.

لێرەدا پێویســـتە باسی ئەمە بکرێت کە ئێرانیـانی کۆن واتـا مـاننـاییەکـان، مـادەکـان و هەخامەنشـییەکان گشـت ئەو هۆزە کۆچەرانە کە لە باکوورەوە دەهاتن لەوانە کەیمرییەکان و شـــکیداکانیان وەک "ســـکا" و یان "ســـاکا"کان ناویان لێ بردوە. ڕەنگە ئەمەش هۆکارێکی خۆی هەبێت، لە ســـانســـکریتیدا کە لە زمانی کوردیی کۆن زۆر نزیکە وشـــەی "ســـاکا، Sakhaa"[5] واتای دۆست دەدا، چونکە ئەم هۆزە کۆچەرانە بە زمانی دانیشتووانی ناوچەکە قســـەیان کردوە بۆیە لەوانەی کە خەڵکی ناوچەکەش ناوی ســـاکا واتا دۆســـتیان لێ نابێ. شوێنپێ ئەم هۆزە کۆچەرانە ئێستاش لە کوردستاندا هەر دەبینین. ناوی شاری سەقز کە لە بنەڕەتدا "سـاکس" بووە، پەیوەندیی بە سـاکەکانەوە هەیە. هەروەها ناوی هۆزی گەورەی" شکاکان " لە نێوان ورمێ و سەڵماسدا دەژێن پەیوەندی هەیە لەگەڵ ناوی سکاکان، جێگای سـەرنجە کە یەکێ لە گوندە سـەرەکیەکانی شـکاکان لە ناوچەی سـۆما ئێسـتاش هەر ناوی "ساکان"ە.

[5] Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, p 194, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

# یەکیەتیی هۆزەکانی ماد ودەستەڵاتداری خانەدانی دیاکۆ

نووسراوەکانی ئاشـووری هیچ ئاماژەیەک بەوە ناکەن کە یەکیەتیی هۆزەکانی ماد کامە هۆزی لە خۆ دەگرت، بەڵام ئەوەی کە دیار و ڕۆشـنە هەموو هۆزەکانی ماد لە نێو ئەم یەکیەتییەدا نەبوون. بە وتەی هرودت ئەم یەکیەتییە لە شەش هۆز پێک هاتبوون:

"١- ئاریزنتی (ئاریزندی) ٢- سـتروخاتی ٣- بودی ٤- مۆگ (مۆغ) ٥- بۆسـای ٦- پارتاکانی (پارتاکەنی)."[6]

هەر چەند دیاکۆنۆڤ تێ کۆشاوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزانە دەستنیشان بکات، وەلێ هێندێک هەڵە لە بۆچوونەکانیدا هەیە کە دواجار ڕوون دەکرێتەوە. ڕەوشی هۆزەکانی ماد لە نێوان ساڵەکانی ٧١٦ هەتا ٧٠٦ پ.ز زۆر پەرێشـان ونالەبار بوو. بەڵام لە پاش ٧٠٦ پ.ز بە هۆی کێشـەی ناوخۆییەوە ئاشـوور دەسـتەڵاتی جارانی نەمابوو، بۆیە دەرفەتی هەسـتانەوە بۆ مادەکان پەیدا ببوو. کەی و چۆن دیاکۆ لە سـوریەوە گەڕاوەتەوە، هێشـتا ڕوون نییە، بەڵام دەبێ لە نێوان سـاڵەکانی ٧٠٦ هەتا ٧٠٠ پ.ز بووبێ. هاتنەوەی دیاکۆ بۆ ناوچەکانی ماد لە کاتێکدا بووە کە زۆربەی سـەرۆک هۆزەکانی تر یان کوژرابوون و یان لە لایەن ئاشـوورەوە دەستبەسەر کرابوون و یان هەڵاتبوون، هەر بۆیەش بێ گومان هاتنەوەی دیاکۆ لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە گەرمی پێشـوازی لێ کراوە. و ئەم وتەیەی هرودت زۆر ڕاستە کە دەڵێ هۆزەکانی ماد دەچنە لای و داوای لێ دەکەن کە بیێ بە سەرۆک و پادشایان. پێ ناچێ کە دیاکۆ لە کاتی فەرمانڕەوایی خۆیدا، شەڕێکی گەورە و یان کارێکی زۆر گرینگی ئەنجام دابێ، ڕەنگە گەورەترین کاری دیاکۆ خڕکردنەوەی هۆزەکانی ماد لە دەوری خۆی بووبێت.

دیاکۆنۆڤ لەسەر دیاکۆ دەنووسێ: بە پێچەوانەی قسەکانی هرودت، دیاکۆ نەدەکرا پادشای سـەرانسـەری ماد بێت، ئەو تەنیا یەکێ لە میرە بچووکەکانی ناوچەکە بوو، تەنانەت فەرمانڕەوایەکی گەورە و سـەربەخۆیش نەبووە، بەڵام ڕووناکی سـەرکەوتنەکان و شـانازیەکانی نەوەکانی تیشکی هاویشتووەتە سەر سیمای ئەویش.

ئەم وتەیەی دیاکۆنۆڤ تا ئەندازەیەکی زۆر ڕاسـتە، دیاکۆ پادشـایەکی سـەربەخۆ و گەورە نەبووە بەڵام بێ گومان میری ناوچەیەکی گەورە بووە دەسـتڕۆیشـتوو و خاوەن دەسـتەڵات بووە، بەڵگەش ئەوەیە: یەکەم، ئەگەر میرێکی دەسـتڕۆیشـتوو نەبووایی و نـاوچەیەکی بەرفراوانیشی لەژێر دەستیدا نەبووایت، پادشای ئورارتوو لەگەڵی پەیوەندی دانەدەمەزراند، و کوڕەکەشی وەکوو نوێنەر وەرنەدەگرت. دووەم ئەگەر خاوەن هێز و دەسـتەڵاتێکی فراوان

---

[6] 1-Arizentoi, 2- Stroukhates, 3- Boudioi , 4- Magoi, 5- Bousai, 6- Paretakenoi

نەبووای پادشای ئاشوور دووری نەدەخستەوە بۆ سوریە، یان دەیکوشت و یان هەر وازی لێ دەهێنا، بەلام نەکوشتنی لەبەر ئەوە بووە کە خەڵکێکی زۆری لە پشت بووە، و مەترسی لە کاردانەوەی هۆزەکانی مادی بووە. دوورخستنەوەشی هەر لەبەر ئەوە بووە کە وەکوو مەترسییەک چاویان لێ کردوە بۆ ئایندەی ناوچەکە. زۆربەی مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە دیاکۆ ماوەی ٥٢/ ٥٣ ساڵ لە نێوان ساڵەکانی ٧٢٨ - ٦٧٤ پ.ز فەرمانڕەوایی کردووە.

بەپێی نووسراوەکانی هرودت لە پاش دیاکۆ کوڕەکەی جێگای گرتووەتەوە. کە ناوەکەی لە لایەن مێژوو نووسانەوە بە دوو شێوە هاتووە" فەڕوەرتیش و یان فەرائۆرت". ئەم ناوە ناوێکی مادییە لەسەر شێوەزاری ماگی یان ئەوێستایی، واتای ئەم ناوە بەم شێوەیە:

**یەکەم ئەگەر ئەم ناوە "فەڕوەرتیش" بێ: لە دوو بڕگە پێک دێت، بڕگەی یەکەم فەڕ کە واتای فەڕ و شکۆ دەدا و بڕگەی دووەم "وەرتیش" یان "وەرتش" کە وشەیەکی کۆنی کوردیی هەورامییە لە دۆخی سێیەم کەسی تاکدا لە چاوگی "وەرتن/ وەردن" کە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا "برتن/ بردن/ وردن"ە. کە پێکەوە واتای فەڕی بردووە، شکۆی بردووە، یان بە شێوەی ئەمڕۆ واتای شکۆدار، فەڕدار دەدات.**

**دووەم ئەگەر ناوەکە "فەرائۆرت بێ": دیسان لە دوو بڕگە پێک دێت، بڕگەی یەکەم کە هەمان فەڕە، بڕگەی دووەم "ئۆرت" وشەیەکی ئەوێستاییە کە لە هەورامیدا وەک "یورت" گۆ دەکرێ کە واتای ڕەوان یان ڕۆح دەدا. کە پێکەوە واتای "ڕەوانی بەفەڕ" یان ڕۆحی شکۆدار دەدا، (بڕوانە ڕێزی وشە مادییەکان).**

"بە وتەی هرودت فەرائۆرت (فەڕوەرتیش) لە کاتی فەرمانڕەواییدا سەرقاڵ بوو بە ملکەچکردنی یەک لە دوای یەکی هۆزەکانی ئاسیا بۆ هێنانە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی، هەتا دواجار کە هێرشی کردە سەر ئاشوور، ئەو ئاشوورییانەی کە لە نەینەوا بوون و پێشتر فەرمانڕەواییان بە سەر هەمووان‌دا دەکرد و پاشان بە تەنیا مابوونەوە چونکە هاوپەیمانەکانیان لێیان تەواسا (دڵسارد، خۆ بە دوور خستنەوە) بوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر ڕەوشیان باش بوو. فەرائۆرت لە پاش ٢٢ساڵان فەرمانڕەوایی لە شەڕ لە دژی ئاشووردا لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدا بوو هاتنە کوشتن".[7] ( ئەمە ڕاست نییە، مەرگی فەرائۆرت لە شەڕ لەگەڵ ئاشووردا نەبووە، بەڵکوو لە شەڕ لەگەڵ سکیتەکاندا کوژرا = نووسەر).

"کمرون لە ل.پ ١٣٧دا دەنووسێ یەکەم کاری فەرورتیش سەقامگیرکردنی فەرمانڕەوایی ماد بوو هەر بۆیەش توانی چۆک بە هۆزی پارس دانێ کە لە ئەنشان دەژیان و بە دوای

[7] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٣٥٥

کزبوونی پادشـــایەتی ئیلام  توانیبوویان فەرمانڕەوایی خۆیان دابمەزرێنن و "چیش پیش" کوڕی هەخامەنش سەرۆکی ئەوێ بوو و خۆی بە شای شاری ئەنشان دەزانی، بەڵام دواجار سەربەخۆی نەما و بوو بە پادشایەک لەبن فەرمانی مادداڕ"[8].

هرودت لە نووسراوەکەی خۆی لەســەر مێژووی مـاددا تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە، ئەوێش ئەویە کە "خەشـتریتە" و "هۆخەشـترا ( کەیخەسرەو)" هەر بەیەک پادشـا دەزانێ. دیاکۆنۆف تێ کۆشـاوە کە هەڵەکەی هرودت ڕاســت بکاتەوە، بەڵام بۆ خۆێشـــی تووشی هەڵەیەکی گەورەتر بووە، ئەویش ئەویە کە فەڕوەرتیش و خەشـــتریتە هەر بە یەک کەس دەزانێ یان بە جۆرێکی تر دیاکۆنۆف بڕوای بەوە نییە کە پادشـــایەک بەناوی فەڕوەرتیش هەبووبێ ئەویش بە بێ هێنـانەوەی هیچ بەڵگەیەکی بـاوەڕپێکراو، ئەمە لە کـاتێکـدایە کە دیاکۆنۆف بۆ خۆی دەڵێ کە هرودت باوکی مێژووی جێهانییە، و لە ڕاسـتگۆییدا کەم وێنەیە و دەڵێ کە هرودت لە خۆیەوە شـــتی نەنووســیوە، هەموو زانیارییەکانی لە ســـەرچاوەکانی بـاوەڕپێکراوەوە وەرگرتووە لەوانە لە کتێبی مێژوونووســـانی یونـانی کە بەر لە ئەو ژیـاون و دواجـار کتێبەکانیان لەناوچووە. هەروەها بۆ نووســینی مێژووی مادیش کەڵکێ زۆری لە بنەماڵە و نەوەکان هەرپاک (هارپاک) وەرگرتووە کە لەو ســەردەمەدا لە یۆناندا ژیاون. بەڵام هەڵەکەی دیاکۆنۆف لە چیدایە و بۆچی دیاکۆنۆف وا بیر دەکاتەوە لێرە ڕوون دەکرێتەوە:

یەکەم: لە نووسراوەکانی ئاشـووریدا هیچ ئاماژەیەک بە ناوی فەرائۆرت/ فەڕوەرتیش نییە، هیچ شـــەڕێک لەگەڵ فەڕوەرتیش تۆمار نەکراوە، وهیچ پادشـــایەکی مادیش لە شـــەڕدا بە دەستی ئاشوورییەکان نەکوژراوە.

دووەم: هەر لەو ساڵانەدا کە فەڕوەرتیش فەرمانڕەوایی کردووە واتا لە ساڵەکانی نێوان ٦٧٤-٦٥٢پ.ز.دا، سـاڵنامەکان و جەنگنامەکانی ئاشـووری خەشـتریتەیان وەک دوژمنی سـەرەکی خۆیان ناو بردووە. لە کاتی ڕاپەڕینی گەورەی مادەکان لە دژی ئاشـوور لە سـاڵی ٦٧٣پ.ز.دا مادەکان سێ سەرکردەی گەورەیان هەبووە ١- خەشتریتە ٢- مامی تیارشو (مامە- تی- ئارش- و) ٣- دۆســـانی. کە لە لایەن ئاشـــوورییەکانەوە ناوەکانیان تۆمارکراوە، لێرەدا قەت باسی فەڕوەرتیش نەکراوە.

سـێیەم: "سـکیتەکان/ شـکیداکان" لە سـەرەتادا هاوپەیمانێکی دڵسـۆز بوون هەم بۆماننا و هەم بۆ ماد. لە ڕاپەڕینی مادەکان لە دژی ئاشـوور لە سـاڵی ٦٧٤- ٦٧٣پ.ز.دا نەخشـێکی کاریگەرییان هەبوو و تەنانەت سـەرۆکەکشـیان بە ناوی " ئیشـپاکای" لە جەنگ لە دژی ئاشـووردا لە کوتایەکانی سـاڵی ٦٧٣پ.ز.دا کوژرا. کوشـتنی ئیشـپاکا سـەرکەوتنێکی گەورە بوو

[8] کمرون. جورج گلن، 1381، ایران در سپیده دم تاریخ، حسن انوشه، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ چهارم

بۆ ئاشـــوور، بۆیە ئاشـــوور بە دوای ئەمەدا بۆ قەلش کردنی ڕیزی نەیارەکانی خۆی کەوتە وتووێژکردن لەگەڵ ســـەرۆکی ســـکیتەکاندا کە کەسـێک بوو بە ناوی "پارتاتوا / پروتوتی". ئەویش بۆ ئەوەی کە ببێت بە هاوپەیمانی ئاشوور خوازیاری ئەوە بوو کە ئەسەرحادون کچی خۆی پێ بدا، ئاشـــووریەکانیش ئەم داخوازیەیان پەســـند کرد و بە هۆی ئەم ژنخوازییەوە پەیمانێکی دۆستایەتی لە نێوان ئاشـوور و سـەرۆکی شکیدا کە ئاشـووریەکان وەک پادشـای ئەشکوزا ناوی لێ دەبن بەسـترا، کە سـودێکی زۆری هەبوو بۆ ئاشـوور، سکیتەکان هەتا ئەو کاتەی کە دەستەڵاتیان هەبوو هەر بە لایەنگری ئاشوور مانەوە.

ئەم ڕووداوە کاریگەری زۆری کردە ســـەر مادەکان، چونکە لە باکووری وڵاتەکەیاندا هێز و دەســـتەڵاتێک پەیدا ببوو کە هاوپەیمانی دوژمنەکەیان واتا ئاشـــوور بوو. بۆیە ســـەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان شکیدا و مادەکاندا هەر بە کاتەوە بەند بوو. کەی و چەند جەنگ لە نێوانیاندا ڕوویداوە، زانیارییەکی وا لە بەردەســـتدا نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە ســـاڵی ٦٥٢ پ.ز.دا فەرائۆرت/ فەرِوەرتیش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ســەربازەکانی لە شــەڕ لەگەڵ ســکیتەکاندا کوژران. ئەم شــەڕە لە ناوچەکانی ناوەندیی مادەکان واتا لە هەگمەتانا (هەمەدان) و ســپارتا (لای بیجار) نەبوو، چونکە لەم شوێنانەدا خشتەریتە زۆر بەهێز بوو. لە ناوچەی خارخاریش (ناوچەکانی نێوان تیکانتەپە/ تیکاب، میانە و زەنجان) نەبووە چونکە ئەم ناوچەیش هەر لە بندەستی ئاشوورییەکاندا بوو. کە وابوو ئەم شـەڕە دەبێ لە ناوچەکانی باکووری ئازەربایجاندا قەوما بووبێ کە ســـکیتەکان لەو شـــوێنانەدا نیشـــتەجێبوون." بەپێێ نووسراوەکانی هرودت ســـکیتەکان لە دوای تیپەڕبوونیان لە کێوەکانی قەفقاســـەوە ئەمجا لەگەڵ مادەکان تووشی جەنگ بوون واتا گۆڕەپانی شــەڕ باکووری ئازەربایجان بووە"[9] ســکیتەکان لەدوای تێکشــانی مادەکان و کوشـــتنی فەرائۆرت هەر لەو ناوچەیەدا فەرمانڕەواییان کردووە نەک لە هەموو نـاوچەکـانی مـاد. چونکە نـاوچەی خـارخـاریش (نـاوچەکـانی تیکانتەپە و زەنجـان) کە لە ژێرفەرمانڕەوایی ئاشـــووردا بوو کەوتبوونە نێوان ناوچەکانی ژێر دەســـتەڵاتی ماد و ناوچە داگیرکراوەکانی بندەستی سکیتەکان.

لە هێندێک لە کتێبە مێژووییەکاندا نووسراوە کە لە دوای کوژرانی فەرِوەرتیش و ســەرکەوتنی شکیدا، ئیتر دەستەڵاتی ماد بۆ ماوەی ٢٨ ساڵ کەوتووەتە دەست سکیتەکان. ئەمە ناتوانێ ڕاســـت بێ چونکە لەو ســـەردەمەدا دەســـتەڵاتی ماد زۆر گەورە و بەر بڵاو بوو و لە لای باشـــوورەوە دەگەیشـــتە کەنداوی فارس و لە لای ڕۆژهەڵاتیشـــەوە لە ماهیدەشـــت (ماد-دەشــت نزیکی شــاری کەرەج) و تاران تێپەری بوو. دیاکۆنۆڤ دەنووسێ کە "لە دەورو بەری

---

9 مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٣١٠

سـالی ٦٥٠پ.ز. پاشـایەتی ماد دەسـتەڵاتێکی بەهێز بوو وەکماننا و ئورارتوو و ئیلام"[10] وڵاتێکی وا گەورە و گران بە هۆزی سـکیتەکـان بەڕێوە نەدەچوو. بێجگە لەمە بەپێی ساڵنامەکان و جەنگنامەکانی ئاشووری هەر لە ماوەی ئەو ٢٨ ساڵەدا واتا لە نێوان ساڵەکانی ٦٥٢- ٦٢٤ خەشـتریتە وەکوو سـەرۆکێک و سـەرکردەیەکی گەورە بەردوام لە شـەڕ و بەربەرەکانێدا بوو لەگەڵ ئاشوورییەکان. تەنیا شتێک کە دەگونجی ئەوەیە کە سکیتەکان لە ناوچەکانی باکووری ئازەربایجان و لەوانەیە هەتا نزیکییەکانی تەبرێز(تبریز) فەرمانڕەواییان کردەبێ.

ئەم سێ خـاڵەی سـەرەوە ئەوەمـان بۆ دەردەخەن کە لە نێوان سـاڵانی ٦٧٤ هەتـا ٦٥٢پ.ز.مادەکان دوو سـەرۆکی گەورە، یان دوو پادشـا ویان پادشـایەک و سـەرکردەیەکی گەورەیان هەبووە، ئەویش فەرِوەرتیش و خەشتریتەیە. و ئەمە شتێکی زۆر سەیر نییە، بەڵام دیاکۆنۆڤ ئەمەیە پێ پەسـەند نییە، و پێ وایە هەر دەبێ یەک سـەرۆک و یەک فەرمانڕەوا هەبێت. ماوەی فەرمانڕەوای فەرِوەرتیش و خەشـتریتە دەکرێ لە دوو ڕووەوە چاوی لێ بکرێ:

- ئەلف: دەکرێ خەشـتریتە و فەرِائۆرت / فەروەرتێش هەردووکیان کوڕی دیاکۆ بووبێتن، واتا دیاکۆ پێش مەرگی خۆی دەسـتەڵاتەکەی لە نێوان کوڕەکانیدا دابەش کردەبێ، بە جۆری کە فەرِوەرتیش بەشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی وڵات و خەشـتریتەش بەشی باشـوور و ڕۆژئاوی وڵاتی بەرکەوتبێ. ئەگەر وابێ لەم کاتەدا ماوەی پادشـایەتی فەرِوەرتیش لە نێوان سـاڵەکانی ٦٧٤- ٦٥٢پ.ز واتا ٢٢ ساڵ دەبێ، و ماوەی پادشایەتی خەشتریتە لە نێوان ساڵەکانی ٦٧٤- ٦٢٥ واتا ٤٩ ساڵ دەبێ.

- بێ: دەکرێ خەشتریتە کوڕی فەرِوەرتیش بووبێ و لە هەمان کاتیشدا بەرپرس و سەرکردەی سپای مادەکان بووبێ، کە لەو سەردەمەدا شتێکی زۆر باو بووە لە نێو پادشایاندا، ودواجار لە پاش مەرگی باوکی جێگای گرتبێتەوە، کە ئەو دەم ماوەی پادشـایەتییەکەی لە نێوان سـاڵانی ٦٥٢- ٦٢٥پ.ز واتا ٢٧ ساڵ دەبێ.

ژمارەیەک لە مێژوونووسانی کۆنی یونانی، کاتێک باسی تێکشکانی ئاشـوور بە دەستی مادەکان دەکەن دەڵێن کە خەشـتریتە تۆڵەی بـاوکی خۆی کردەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێ کە خەشتریتە کوڕی فەرِائۆرت بووە.

---

[10] مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٦٢

# ڕاپەڕینی ماد لە دژی ئاشوور

لە ساڵەکانی نزیک بە ٦٧٤ پ.زماننا بە هۆی هاوپەیمانی لەگەڵ کەیمرییەکان و "شکیدا/ سکیتەکان"وە، ورە و هێزێکی زۆری وەرگرتبوو، و ببووە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاشوور، پەیکەکان (چەپەر، نامەبەران)ی ئاشوور نەیان دەوێرا بە مانناداتێپەڕن، گواستنەوەی باج و داهات لە ناوچەکانی بندەستی ئاشوور (خارخار، مادای، هۆیش دێش) بۆ ئاشوور لە لایەن دەستەڵاتی ماننا و هاوپەیمانەکانیەوە دەستی بە سەردا دەگیردرا. ترس و دڵەڕاوکێ لە ماننا و هاوپەیمانەکانی لەو پرسیارانە کە پادشایانی ئاشوور ئاراستەی خۆدای ئاشووریان کردوە بەجوانی دەردەکەوێ. لە یەکێ لەو بەڵگەنامانە کە لە ساڵی ٦٧٤پ.ز. بۆ خۆدای ئاشوور نووسراوە، ئاوا پرسیاریان لێ کردووە:

"سپای سکیتەکان کە لە ماننا دەژین، ئەوە ئێستا هاتونەتە سەر مەرزی ماننا، تو بڵێ لە کەلی (گەردەنە، ملە) خۆبۆشکیەوە (نزیکی وان) بەرەو گوندەکانی "حەڕان" و"ئانیس" نەێن و چەپاوی نەکەن، ئاخۆ تاڵانی زۆر دەبن؟ تو بڵێ لە سنوورەکانی ئاشوور دیلی زۆر بگرن؟"[11]

**"دیاکۆنۆف لە ل.پ. ٣٣٠ کتێبی مێژووی ماددا دەڵێ مادەکان خەریکی خۆ ئامادەکردن بوون بۆ خەبات لە دژی ئاشوور، لەو کاتەدا سکیتەکان هاوپەیمانێکی باش بوون بۆیان بە تایبەت کە مانناییەکانیش لە هەمان کاتدا هاوپەیمانی سکیتەکان بوون، بەڵگەش لە بەر دەستدایە کە ئیلامیش ئامادە بوو بۆ یارمەتیدانی ڕاپەڕینەکە، کە وابوو هەموو ئەو هۆزانە هەر لە ڕووباری کۆرا لە باکوورەوە هەتا کەنداوی فارس لە باشوورەوە بەرەیەکی یەکگرتوویان پێک هێنابوو بۆ تێکشاندنی تەوقی داگیرکەری ئاشوور".**

ڕاپەڕینەکە لە نێوان مانگی مارس- ئاپریل واتا لە مانگی نوروزی کوردیدا دەستی پێ کرد. لە نووسراوەکانی ئاشووریدا لەو پرسیارانە کە ئاراستەی خۆدای ئاشوور کراوە وا دەردەکەوێ کە ڕابەر و هاندەری ڕاپەڕینەکە خەشتریتە بووە. هەروەها دوو کەسی تر لە سەرۆکەکانی ماد لەگەڵیدا بوون کە یەکەمیان "مامی تیارشو"[12] (مامە- تی- ئارش- و) سەرۆکی پێشوی ناوچەی مادای. [ ئەم ناوچەی کە ناوەندێ سەرەکی مادەکان بوو کەوتبووە نێوان شارەکانی ئێستای زەنجان و میانە و شارۆچکەی ماهنشان[13] ( ئەم شارۆچکەیە کە لە ڕاستیدا ناوی "ماد- نیشان و یا ماد- نیشا"یە، ئێستاش هەر ماوە و لە نێوان زەنجان و تیکانتەپە/ تکاب

---

[11] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٢٩

[12] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٣١

[13] http://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%A7%D9%87%E2%80%8C%D9%86%D8%B4%D8%A7%D9%86

دایە)، گوندی مادئاوا (مادآباد) هەر لەم ناوچەیەدایە و ئێستاش هەر ماوە]. سەرۆکی دیکەشیان "دۆساننی" بوو، میری پێشووی ناوچەی سپاردا (ناوچەی گەڕوسی بیجار).

ڕاپەڕین و شەڕ لە دژی ئاشوور لە هەموو ناوچەکانی بندەستی ئاشووردا لە یەک کاتدا دەستی پێ کرد، خەڵکی ڕاپەڕیو دژەکانی ئاشووریان لە هەموو شوێنەکاندا گەمارۆ دابوو. بەپێی ئەوبەڵگەنامانە کە بۆ خۆدای ئاشوور نووسراوە، وا دیارە شەڕی گەورە لە لای هەمەدان واتا لە ناوچەی خەشتریتە روویدابوو، مادەکان توانیبوویان فێری تاکتیکی تایبەت بن بۆ شەڕ لە دژی ئاشوورییەکان، هەر لەو کاتەدا کە هێزی هۆزەکان دژەکانی ئاشووریان گەمارۆ دابوو، هێزەکانی شکیدا کە لە جەنگی سوارەدا بێ وێنەبوون و دەیانتوانی لە کاتی سواری وغاردان لەسەر پشتی ئەسپ کەمان بکیشن و تیر بهاوێژن، ستونی سەربازان و کاروانی جەنگی ئاشوورییەکانیان پەرێشان و شڕ کردبوو. ئەم ڕاپەڕینە وەکوو ئاگر تەشەنەی سەندبوو و هەموو ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئاشووری گرتبووەوە. تەنانەت ڕاپەڕینیش گەیشتبووە بیت هامبان (ناوچەکانی کرند، سەرپێڵ، ئیلام و خانەقین).

" ئاشوور لە ڕەوشێکی زۆر خراپ و تەنگاودا بوو، لە لایەکی ترەوە فنیقیەش شێوا بوو، جەنگ لەگەڵ مێسر یشدا هێشتا هەر بەردوام بوو، بێجگە لەمانە، دەنگۆی ڕاپەڕینی ماد کاریگەری کردبوو سەر ناوخۆی وڵاتیش، ژمارەیەکی زۆر لە بەردەکان (کۆیلەکان) و وەرزێران لە ئاشوورەوە بەرەو ناوچەکانی ئەرمەنستان (لای شاری وان) ڕایان کردبوو، کە بێ گومان بەشێک لەمانەش بەرەو ماد هەڵاتبوون. لە کۆتایەکانی ساڵی ٦٧٣دا بەختی ئاشوور یاری کرد، لە یەکێ لە شەڕەکاندا "ئیشپاکای" سەرۆکی شکیدا کوژرا، ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ ئاشوور. بە دوای ئەمەدا بۆ تێکشاندنی ڕاپەڕینەکە، کەوتە پیلانگێڕی و بۆ ڕاکیشانی سەرۆکەکان بەلای خۆیدا دەستی دایە پەیوەندیگرتن لەگەڵ هەر یەکەیان بە جیاجیا، و چەندین پەیکیان (چەپەر) نارد بۆ لایان. هەر وەک پێشتریش باسی کرا توانیان سەرۆکی سکیتەکان بە ناوی "پارتاتوا / پروتوتی" بە سازێشت بکێشێن و بیکەن بە هاوپەیمانی خۆیان. ئەمە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر ڕاپەڕینەکە و بووە هۆی ئەوەی کە بە تەواوی سەرنەکەوەی و بە نیوەچڵی بمینێتەوە.

**بەڵام ڕاپەڕینەکە لە ناوەندەکانی سەرەکی خۆیدا واتا لە بیت کاری (لای هەمەدان)، لە مادای (لای زەنجان- ماهنشان)، لە سپاردا (بیجار) بە سەرکەوتن گەیشت، و هێز و دەستەڵاتی ئاشوور لەم ناوچەگەلە بە یەکجاری تێک شکێنرا. سەرچاوەکانی مێژوویی لەمە بە دواوە لە باتی ناوی ئەم سێ ناوچەیە باسی پادشایەتی سەربەخۆی ماد دەکەن.**
سەرکەوتنی ڕاپەڕینی مادەکان لەژێر سەرکردایەتی خەشتریتە توانی ئارەزووی کۆمەڵانی دانیشتووی ماد بە دی بێنێ کە زیاتر لە سەد ساڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرد، هۆکاری سەرەکی

ئەم سەرکەوتنەش هەواداری کۆمەڵانی خەڵک بوو لەم ڕاپەڕینە. بەڵام سەرەڕای ئەم شکستەش ئاشوورییەکان توانیان دەستەڵاتی خۆیان لە ناوچەکانی خارخار، کێشە سو و بیت هەمبان بپارێزن."[14]

لە پاش خەشتریتە، هۆخەشترا (کە بە واتای پادشای باش دێت) بوو بە پاشا، هۆخەشترا گەورەترین پاشای ماد و یەکێ لە گەورەترین پادشاکانی ئێرانە، کە بە " کەیخەسرەو "یش بەناوبانگە (کە واتای پادشای گەورە دەدا). کەیخەسرەو لە ساڵی ٦٢٥ پ.ز.دا فەرمانڕەوایی گرتە دەست. بە قسەی هرودت ساڵێک دواتر واتا لە ساڵی ٦٢٤پ.ز.دا سەرانی سکیتەکانی بۆ میوانییەک بانگەیشت کرد، و لەو کاتەدا کە بە هۆی خواردنەوەی مەیەوە سەرخۆش ببوون هەموویانی کوشت، سکیتەکان دواجار کە زانیان سەرۆکەکانیان کوژراوە، تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون و وڵاتی مادیان بەجێهێشت. و بەمجۆرە کەیخەسرەو دەستەڵاتی مادی جارێکی ترلە پاش ٢٨ ساڵ بە سەر باکووری ئازەربایجاندا چەسپاندەوە. کەیخەسرەو سەرکردەیەکی سەربازی ئازا و زانا بوو، بە قسەی هرودت ئەوە ئەو بوو کە هێزە سەربازییەکانی مادی ڕێکوپێک کرد بەجۆرێ کە نەیزەداران و کەمانداران و سوارەی لەیەک جیا کردەوە. واتا بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆف:

**"بۆ یەکەمین جار هێزێکی پیشەیی سەربازی دروست کرد کە نەک بەپێی پەیوەندییەکانی هۆزایەتی بەڵکوو بەپێی حەوجەی (پێویستی) سەربازی و جۆری چەک ڕێکخرابوون، سپای ماد لەم کاتەدا نە تەنیا هیچی لە سپای ئاشوور کەمتر نەبوو بەڵکوو ورەیشیان زۆر بەرزتر و باشتر بوو، هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە ئەم سپایە پێک هاتبوو لە کەسانی ئازادی گوندەکان، هەرچەند دەوڵەمەند و هەژار لە کۆمەڵگای مادا هەبوو بەڵام هێشتا بەردەداری برەوێکی وای نەبوو، هێشتا سووخۆری و گەندەڵێ کۆمەڵگای دانەرزاندبوو. بەپێچەوانەوە لە ناوچەکانی بندەستی ئاشوور ژمارەی ئەو کەسانەی کە خوازیاری تێکشکان و ڕووخانی ئاشوور بوون یەکجار زۆر بوون"[15]**

لە ڕۆژی ١٢ ئاب ( سەرەتای مانگی ئۆت) ساڵی ٦١٦پ.ز.دا نبوپالاسەر پادشای بابل لەگەڵ ئاشوور وماننا (کە هاوپەیمانی ئاشوور بوو) تووشی جەنگ بوو، لەم شەڕەدا ئاشوور و ماننا شکستێکی گەورەیان خوارد و سەرکردەکانیان لە لایەن بابلییەکانەو بە دیل گیران. دیسانەوە لە ساڵی٦١٥پ.ز.دا جارێکی تر لە ناوچەی ئاراپخا (کەرکوک) تووشی شەڕ بوونەوە و ئەمجارەش دیسانەوە ئاشوورییەکان تێکشکان. بابلییەکان بەرەو ئاشوور ملیان نا

---

[14] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٣٦- ٣٤٤

[15] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ. ٣٦٤- ٣٦٦

و دەیانویســـت کە شـــاری ئاشـــوور بگرن بەڵام ســـەر نەکەوتن و ناچار بەرەو تکریت پاشەکشێیان کرد. چەند شەڕی تریان کرد بەڵام هیچ لایەنێکیان سەرنەکەوتن.

پادشـــایەتیماننا لە دوای ئەم شـــکســـتانە زۆر بێهێز ببوو و توانای بەرگریکردن لە خۆی نەمابوو، هەر بۆیەش، کەیخەسرەو لە نێوان ساڵەکانی ٦١٦- ٦١٥ ماننای داگیر کرد و بەرەو ئاشـــوور ملی نا. لە ســـاڵی ٦١٤پ.ز. هێزەکانی ماد بە فەرمانی کەیخەسرەو پەلاماری شـــاری "تەربیس"یـان دا و داگیریـان کرد دوای لە ڕووبـاری دیجلە پەڕینەوە و شـــاری پیرۆزی ئاشـــوورییەکان واتا "ئاشـــوور"یان داگیر کرد، دەســـکەوت و دەوڵەتێکی (ثروت) زۆریان و دەست کەوت. هەر چەند بڕیار وا بوو کە نبوپالاسەر پادشای بابلیش لەم هێرشەدا بەشدار بێ بەڵام بە وتەی دیاکۆنۆڤ بە ئەنقەسـت خۆی بە درەنگ خسـت چونکە نەیدەویسـت بەشـــداری لە داگیرکردنی ئەو شـــارە پیرۆزەدا بکا کە ماڵی ئەو خۆدایانەی لێ بوو کە ئەو دەیپەرەســـت، و هەروەها دۆســـتایەتێکی نزیکی هەبوو لەگەڵ کاهنان و پیاوە ئایینییەکانی ئاشـــووردا. دواجـاریش لە نووسراوەکانی خۆیـدا ســـوێنـد دەخوا کە ئەو هیچ خراپییەکی بەرامبەرخۆدایانی ئاشـوور نەکردووە ولە شـەڕ لە دژی شـاری ئاشـووردا بەشـداری نەبووە و زۆریش دڵی ئێشاوە بۆیان.

لە سـاڵی ٦١٣ پ.ز.دا سـپای ماد لەگەڵ سـپاکەی بابل گەمارۆی نەینەوایان دا، سێ جاران لە قەراخی "شـــورا"(حصـــار، دیوار)ی نەینەوادا نەبەردیان کرد، هیچیان ســـەر نەکەوتن. ســـەرەنجام لە مانگی "ئاب"ی ســـاڵی ٦١٢ بە هۆی گێڕانەوی ئاو بۆ ناو نەینەوا توانرا دیوارەکانی نەینەوا بڕووخێنن و لە ناو شـارەکەدا سـپای ئاشـوور تەفرو تونا بکەن، و ئاگر لە کۆشـک و سـەراکان بەردەن. سـاراک پادشـای ئاشـوور، بنەماڵەکەی و ئەو کەسـانەی لێوە نزیک بوون خۆیان هاویشـــتە ناو گڕی ئەو ئاگرەی کە لە کۆشـــکەکەی بەرببوو. بەم جۆرە مادەکان توانیان دوایی بە دەستەڵاتی شـومی یەکێ لە خوێنرێژترین فەرمانڕەواییەکانی جێهانی کۆن بێنێن، و نە تەنیا مادەکان بەڵکوو گشت هۆز و نەتەوەکانی تری ئەو سەردەمە تەنانەت خەڵکی ئاسایی و بندەستی ئاشووریش لە بن ستەمگەری فەرمانڕەوایانی ئاشوور ڕزگار بکەن. پاشـماوەی هێزەکانی ئاشـوور چوون و لە حەڕان خۆیان ڕێکخسـتەوە، بەڵام چەند مانگێک دواتر لە لایەن مادەکانەوە تێک شکێندران.

لە ساڵەکانی نێوان ٦١٠ هەتا ٥٩٠ پ.ز. پادشایەتی ماد نە تەنیا ئاشوور بەڵکوو توانی چۆک بە پادشایەتییەکانی ماننا و ئەسکیت و ئورارتووش دابدا و بیانهێنێتە ژێر ڕکێفی خۆییەوە. لەم سـاڵانەدا مادەکان لە لای باکووری ڕۆژئاواوە هاوسـنوور بوون لەگەڵ پادشـایەتی لیدی ( لە بەشـــەکانی ناوەندی و ڕۆژئاوای تورکیای ئێســـتا). کۆمەڵێک لە ســـکیتەکان بە ئەنتریکی (تحریکی) لیـدی دژایەتی مـادیـان دەکرد بۆیە کەیخەسرەو بە تەمـای سزادانیـان بوو، بەڵام

سـکیتەکان ڕایانکرد و چوونە پاڵ لیدی، ئەمە بووە هۆیَ شـەڕێک لە نێوان ماد و لیدی کە نزیک بە پێنج سـاڵی خایاند و هیچکامیان سـەر نەکەوتن، هەتا ئەمەی کە لە ڕۆژی ٢٨ ئەیاری سـاڵی ٥٨٥ پ.ز. لە کاتی شـەڕدا خۆر گیرا، جا بۆیە هەر دوولا ئەمەیان وەکوو تووڕەبوونی خۆداوەندان لە دژی شـەڕەکە زانی و بڕیاری ئاشـتییان دا. و پەیمانێکیان بە ناوجێگەری پادشاکانی بابل و کیلیکیە بەست، و ڕووباری گالیس (قزل ئیرماک) وەک مەرزی نێوان لیدی و ماد دیاری کرا. کەیخەسرەو لە هەمان سـاڵدا واتا ٥٨٥ پ.ز. کۆچی دوای کرد و فەرمانڕەوایی کەوتە دەسـت کوڕەکەی بە ناوی "ئاسـتیاگ". بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆف گۆڕی کەیخەسرەو لە ئەشکەوتی قزقاپانە لە چەمی ڕێزان لە نزێکی شاری سلێمانی.

## پادشایەتی ئاستیاگ و کۆتایی فەرمانڕەوایی ماد:

یەکێ لەوانە کە لە کتێبە مێژووییەکان بە تایبەت لە کتێبەکانی فارسی و لە ئەفسانەکانی کۆنی ئێرانیدا زۆر بە نارەوا ناوی لێ براوە و باسی لێ کراوە ئاسـتیاگە. لە زۆربەی ئەم نووسراوانەدا دوو وێنەی ناشـیرین لە ئاسـتیاگ نیشـاندراون کە هەر دووکی هەر سـاختەیە. یەکەم گوایی ئاسـتیاگ پادشـایەکی تەمبەڵ، خۆشـگوزران و ترسـنۆک بووە و قەت بیری لە خەڵک و وڵاتەکەی نەکردوەتەوە، دووەم گوایی ئـاسـتیـاگ پـادشـایەکی خوێنڕێژ بووە کە بەزەیی بەکەسـدا نەهاتووەتەوە. بەپێیَ لێکۆڵینەوەکانی دیاکۆنۆف ئەمانە هیچیان ڕاسـت نین. بەڵکوو هەمووی قسـە و بۆختانی نەیارەکانی ئاسـتیاگن. لێرە کورتەیەک لە نووسراوەکانی دیاکۆنۆف لەم بارەوە دێنینەوە:

**"هرودت دەڵێ کە ئاسـتیاگ بێ بەزەیی بوو بەرانبەر مادەکان، بەڵام هەر زۆر زوو دیار دەبێ کە مەبەسـتی گەورە پیاوەکانی مادە، واتا یەکەمین پیاوانی ناو ماد، میرەکان و دهیوپوتیەکان (سـەرۆک ناوچەکان). پێشـتر ئەوەمان وت کە مەرجی دامەزراندنی دەستەڵاتێکی بەهێزی پادشایەتی لەو سەردەمەدا لەوەدا بوو، یەکەم: پاڵپشتی کۆمەڵانی ئازادی خەڵکی هەبێت، (چ بەردەدارەکان و چ ئەوانەی دیکەش کە بەردەدار نەبوون)، دووەم: دژایەتی و خەبات بکا بۆ تێکشاندنی پاشاخانی (دەستەڵاتی میرەکان وگەورەکان). لە لایەکی تریشـەوە ئاسـتیاگ لە سـیاسـەتەکانی خۆیدا پەیڕەوی لە ئاییني مۆغانی (زەردەشتی) و ڕێنوێنیەکانی ئەوانی دەکرد، و بە گومانی ئیمە لەو سەردەمەدا ئەم ڕێنوێنی و بۆچوونانەی مۆغەکان لەگەڵ ئەو بیر و باوەڕەی کە بە ناوی زەردەشـتەوە باو بوو و لای خەڵکەوە زۆر جێگای پەسند بوو، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو"[16].**

---

[16] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ . ٥١١-٥١٢

[مەبەستی دیاکۆنۆف ئەوەیە کە لە باری سیاسییەوە پادشایەتی ماد و ئاستیاگ نەیدەتوانی لەگەڵ دەستەڵاتی زۆر و ڕها یێ بۆ گەورەکان و شاکنوەکان (شاکانی بچووک، میرەکان)، چونکە بە هەبوونی دەستەڵاتی زیاتر بۆ ئەوان پادشایەتیەکەی دەکەوتە بەر مەترسییەوە، و هەروەها لەگەڵ بیر و بۆچوونی ئایینی ئەوانیشدا نەدەگونجا کە میرەکان و سەرکردەکان دەستەڵاتی زۆریان هەبێ و ستەمگەری بکەن بەرانبەر ژێردەستەکانیان چونکە بە قسەی دیاکۆبوف ( مێژووی ماد. ل.پ.٥٢٩) بۆچوونەکان و ئامۆژگارییەکانی زەردەشت تا ئەندازەیەک ڕەنگدانەوەی ئاوات و ئارەزووی کۆمەڵانی خەڵکی ئازاد بوو]. واتا ئاستیاگ زەردەشتییەکی باوەڕمەند بووە، و باوەڕەکانی زەردەشتیش لەوکاتەدا دادپەروەرانە بوو.

**کتسیاس(مێژوونووسی یونانی کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا لە ئێراندا بووە) دەنووسێ "ئاستیاگ زاواکەی خۆی کە ناوی "سپیتئاما" و مێردی "ئامیی- تیدا" بوو وەکوو جێگری خۆی دیاریکردبوو ( وا دیارە ئاستیاگ کوڕی نەبووە = نووسەر)، کە لە پاش مەرگی ئەو دەستەڵات بگرێتە دەست. کورەش سپیتئامای کوشت و ژنەکەی واتا ئامیی- تیدا کە میمک (پور/ مەت)ی خۆی بوو لەخۆی مارە کرد (کورەش کوڕی ماندانا بوو)، بەڵام ئێمە دەزانین کە سپیتئاما پاشناو و ناوبانگی بنەماڵەی زەردەشت بووە، وا دیارە کە ئاستیاگ لەگەڵ بنەماڵەی زەردەشتدا کە ئەو دەم مۆغەکان لە دەوری ئەوان کۆ ببوونەوە خزمایەتی دامەزراندبوو. هەروەها ئەو پیاوە مۆغە(ماگی) کە بە پیلانی داریوش کوژرا و لە نووسراوە بەردینەکانی بێستووندا ناوی وەک "گئوماتا (گیو- ماتا)" هاتووە لە ڕاستیدا بە ئەگەرێکی زۆر لەوانەیە زەرکوڕی کورەش واتا کوڕی ئامیی- تیدا و سپیتئاما بووبێ. هەر وەک باس کرا مۆگەکان(مۆغەکان) لەو سەردەمەدا ئەوپەڕی دژایەتییان دەکرد لەگەڵ میرەگەورکان و کاهنانی ئایینەکانی تردا. هەر بۆیەش هەڵبژاردنی سپیتئاما وەک جێگری ئاستیاگ بوو بە هۆی ئەوەی کە بەربەرەکانی و دژایەتی لە نێوان ئاستیاگ و لایەنگرانی لە لایەکەوە و میرە گەورەکان و سەرکردەکانی سپا ( کورەش لە پارس و هەرپاک لە ماد) توندو تیژتر بکات. ئەمە کە لە ماوەی پادشایەتی ئاستیاگدا جەنگێکی گەورە ڕووی نەدابوو، و هیچ ناوچەیەکی تازە داگیر نەکرابوو و سەرکردە سەربازییەکان دیل و تالانیان دەست نەکەوتبوو، بوو بە هۆی دڵساردی و زوێر بوونیان لە ئاستیاگ"[17].**

"بە وتەی هرودت بەر لەوەی جەنگی نێوان کورەش و ئاستیاگ دەست پێ بکا، " پیلانێک لە دژی ئاستیاگ لە لایەن هەرپاک (هارپاک)" و گەورەکانی مادەوە دارێژرابوو، هەرپاک نامەیەکی بۆ کورەش بەرێ کردبوو و دڵنیای کردبووەوە کە ئەگەر ئەو لە دژی ئاستیاگ

[17] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ . ٥١٢-٥١٣

هەستێتەوە، خۆی و گەورەکانی ماد پشتیوانی لێ دەکەن. لە نێوان ساڵەکانی ٥٥٣- ٥٥٠ پ.ز.شەڕی نێوان کورەش و ئاستیاگ دەست پێ دەکا بە قسەی هرودت دوو جەنگ و بە قسەی کتسیاس سێ جەنگی گەورەیان کردووە. لە یەکەمین و دووەمین شەڕدا ئاستیاگ خۆی سەرکردایەتی شەڕەکەی کردووە و سەرکەوت بە سەر سپاکەی کورەشدا، و هەتا نزیکییەکانی پاسارگاد ڕاویانی نا، لە سێیەمین شەڕدا هەرپاک سەرکردایەتی کرد کە بە خۆی و سپاکەیەوە چوونە پاڵ کورەش و شکستیان بە ئاستیاگ هێنا. ئاستیاگ نەکوژرا بەڵکوو دەستبەسەرکرا، بەڵام چی بەسەرهات ڕوون نییە. بەپێی نووسراوەکانی هرودت ئاستیاگ لە دوا کاردانەوەکانی خۆیدا ژمارەیەک لە مۆغانی بە سزای مەرگ گەیاند لەبەر ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا داوایان لە ئاستیاگ کردەبوو کە بهێڵێت با کورەش بڕوا بۆ پارس."[18]

چەندە ئەم قسەیە ڕاستە یان نە، سەلماندنی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام یەک ڕاستی دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەک لە مۆگەکان (مۆغەکان) لەگەڵ کورەش دۆستایەتی و دەستوپەیوەندیان هەبووە، لەوانەیە ئەو دەستە لە مۆغانی زەردەشتی بووبێتن کە ئەوانیش وەک کورەش و هەرپاک خوازیاری جەنگ بووبێتن بە بیانوی بڵاوکردنەوەی ئایینی زەردەشتییەوە. کورەش ماوەیەکی زۆر لە هەگمەتانا (هەمەدان) مابووەوە و هەر لەوێ پەروەردە ببوو و لەوێ مۆغەکان دەستێکی باڵایان هەبوو لە کاروباری ئایینی و سەربازی و کارگێڕیدا. کاریگەریی مۆغەکان و ئایینی زەردەشتی لەسەر کورەش زۆر بەرچاو و حاشا هەڵنەگرە، دواجار ژمارەیەکی زۆر لەم مۆغانە لە بارەگای کورەشدا خزمەتیان کرد. ئاستیاگ ٣٥ ساڵ فەرمانڕەوایی کرد لە نێوان ساڵەکانی ٥٨٥-٥٥٠ پ.ز. بەڵام کەی کۆچی دوایی کرد ڕوون نییە.

" هەرپاک دواجار بوو بە بەناوبانگترین سەرداری کورەش، وڵاتی یونانیشی بۆ کورەش داگیر کرد، و پاشان بوو بە فەرمانڕەوا (ساتراپ)ی ئەوێ، ئیتر حەزیشی نەدەکرد کە بگەڕێتەوە بۆ ماد هەر لەوێ مایەوە و زەوی و زارێکی زۆریشی نابەیەکەوە، لە "لیکیە" نووسراوەیەک لەسەربەرد دۆزراوەتەوە کە هی نەوەکانی هەرپاکن. سپیتاک و مەهابرن (مهابرن) کە کوڕەکانی "ئامیی- تیدا" بوون لە مێردەکەی پێشوی واتا لە "سپیتئاما" کران بە ساتراپ و براکەشی ( زەڕکوڕی ئاستیاگ) یەکێ لە سەردارەکانی پارس بوو."[19]

---

[18] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ ٥١٥ - ٥١٨

[19] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ ٥٢٠-٥٢١

## زمانی مادەکان

یەکێ لە سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاریی لەسەر زمانی کوردی بێ گومان پەرتووکی "مێژووی ماد"ی دیاکۆنۆفە. هەر چەند هێندێ جار لە بۆچوونەکانیدا تووشی هەڵە بووە، و هەر چەند هێندێ جار هەڵە لە وەرگێڕانەوەی وشــە مادییەکاندا بەرچاو دەکەوێ بەڵام بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک وشــەی مادی و زانیاریی باش لەســەر زمانی مادی خزمەتێکی بێ هەمتای کردووە.

دەکرێ بە لێکۆڵینەوە لەم وشــەگەلە بە تایبەت ناوی شــوێنەکان، هۆزەکان و کەســەکان و هەروەها بە ڕاســتکردنەوەی هەڵەکانی دیاکۆنۆف وێنەیەکی باشی زمانی مادی بخرێتە بەر چاو. پۆختەی بۆچونەکانی دیاکۆنۆف لەسەر زمان و ئایینی مادی بەمجۆرەی خوارەوەیە:

- **لە کتێبی مێژووی مـادی دیـاکۆنۆفـدا (مێژووی مـاد دیـاکۆنۆف، وەرگــێڕانی کەریـمی کەشـــاوەرز، تـاران ١٣٤٥لاپەڕەی ٥٨١ پەراوێزەکاندا) لەسەر ناوی "زوانەکانی ئێرانی" ئاوا دەڵێ:**
  **"نـاوی زمـانی ئێرانی بۆ لقێـک لە زمـانە هیـنـدو ئۆروپییەکـان دەگەرێتەوە کە بریتین لە ئاستی (ئاسی)، ئەفغانی، فارسی، تاجیکی، کوردی، تاتی، تالشی و... لە زمانە کۆنەکانیش ئەوێستایی، سوغدی، خوارەزمی، ئەسکیتی و... ئەم دەستەواژەیە هەر چەند زۆر گونجاو نییە بەڵام چارە نییە و ئێســتا وشــەیەکی ترمان نییە کە لە جێگای دانین. بەکـارهێنـانی نـاوی ئێرانی لەوانەیە وای بۆ بچن کە گۆیـا مەبەســت لەم وشــەیە زمانی وڵاتی ئێران واتا پارســییە (فارسی). هەروا کە بـۆ هەمـووان ڕوونە، و دواتـریش بـاسی لێ دەکەیـن دەستەواژەی ئێران لە باستاندا وەک "ئاریانا" بووە و "فارس"ی لە خۆ نەگرتبوو".**

هەروەها دیاکۆنۆف لە لاپەڕەکانی.٨٨، ٨٩دا دەڵێ:

- " ئەو زمانەی کە لە ڕووی خوێندنەوەی نووسراوە کۆنەکانی یونانی و خەتی بزماری و هەروەها وشــەی جۆراوجۆر و ناوی تایبەت و ناوی

شـــوێنەکان بۆمان دەردەکەوێ و ســـەرچاوکانی کۆن وەک "مادی" ناویان لێ بردووە لقێکە لە زمانی ئێرانی کە بەشـــێکە لە زمانی هێندو ئوروپی. زمانی ئەوێســـتائیش پەیوەســـتە بە هەمان لقەوە. بەڵام ئەم زمانانە (ئەوێســـتایی و مادی) نابێ تێکەڵ بکرێ لەگەڵ زمانی پارسی (فارسی)دا. دیاکۆنۆڤ لە" ل.پ.٨٨ "دا دەڵێ کە" زوانی مادییان لە شـــەش ڕووەوە (مورد) لەگەڵ زمانە کۆنەکانی تری ئێرانیدا بەراورد کردوە، لەگەڵ زمانی ئەوێســـتاییدا تەنیا لە یەک ڕووەوە جیاوازییان هەبووە، لەگەڵ زمانەکانی پارتی و ئەســـکیتی لە دوو ڕووەوە و لەگەڵ سـوغدی و خوارەزمی لە سێ ڕووەوە بەڵام لەگەڵ زمانی پارسیـی کۆندا لە هەر شەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە"[20]

- " لە ئەوێستادا هاتووە کە زەردەشـت بۆ خۆی سـەرۆکی ناوچەی ڕاغە (ماد- ڕاغە = نووســـەر) بوو. (مێژووی مـاد، وەرگێڕانی کەریمی کەشـــاوەرز، تـاران ١٣٤٥ ل.پ.٤٦٣)".

- ئاسراوان/ ئاترەوان (ئاثرەوان) نازناوی فەرمی کاهنانی مادی بوو. (ا. م. دیاکۆنۆڤ ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ل.پ.٤٦٤).

- هۆزی مۆگانی (مۆغانی) مادی یەکەمین پێڕەوانی ئایینی زەردەشـــتی بوون، بەڵام لێرەدا شـتێک کە ناڕۆشـنە و سـاغ نابێتەوە ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێن زەردەشـت خەڵکی باکتەرا (باختەرا) بووە. (مێژووی ماد، وەرگێڕانی کەریمی کەشـــاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٤٦٦).

- **"مانەوە و دەســـتەڵاتی ئەســـکیتەکان لە ناوچەکەدا بوو بە هۆی گەشـــەکردن و برەوی زمانێکی ئاخاوتن نە تەنیا لە ناوچەکانی ژێر دەسـتەڵاتی مادда بەڵکوو لە سـەرتاسـەری خاکی ئەو وڵاتەدا. زمانی مادەکان و زمانی ئەســـکیتەکان ئەوندە لەیەک نزیک بوون کە**

---

[20] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێرانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ ٨٨-٨٩

**خەڵکەکانیان زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی لەگەڵ یەک قسە بکەن. و ئەم زمانە بوو بە زمانی ئاخاوتن و پەیوەندیگرتن لە نێوان هۆزەکانی ماننایی و مادی و تەنانەت ئەو هۆزانیش کە زمانیان کاسپی (نائێرانی= نووسەر) بوو. بەمجورە زمانێکی ئێرانی هاوبەش هاتە ئاراوە کە هەر لە ڕووباری ئەرەس هەتا ناوچەکانی پارتی دەگرتەوە". (مێژووی ماد، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٣٥٩).**

- **" لە سەروبەری دامەزراندنی پادشایەتی ماد و دەرکەوتنی وەک ئیمپراتورییەکی مەزن، ئامۆژگارییەکانی "مەزدا یەسنا" کە دەگەڕێنەوە بۆ گاساکان وسەرچاوەکەی بە زەردەشتەوە دەبسترێتەوە لەو وڵاتەدا پەرەی ستاند. ئەم ئامۆژگاریانە بە زمانی ئێرانی و بە هۆی کاهنانێکی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی ماد بە نێوی مۆغان تەشەنەی کرد. ناوەڕۆکی ئەم ئامۆژگارییانە، پەند و مۆچیاری بوو لە دژی گەورەکان و کاهنانی ناوچەیی ( مەلایان و ڕابەرانی دینەکانی تر/ نازەردەشتی= نووسەر)، و دەبووە هۆی ڕاکێشان و هۆگری کۆمەڵانی خەڵک بەلای مۆغەکان و دەستەڵاتداری ماددا. باوەڕەکانی زەردەشتی لە لایەن پادشایانی مادەوە پشتیوانی لێ دەکرا و سوودیان لێ وەردەگرت لە دژی میرە ناوچەیەکان (شاکنو) و بۆ تێکشکاندنیان". (مێژووی ماد، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥ ل.پ.٤٩٤- ٤٩٦).**

ئەمانە پۆختەیەک بوون لە قسەکان و بۆچوونەکانی دیاکۆنۆف لەسەر مادەکان و ئایین و زمانی مادی، لێرەدا پێویستە بەر لەوەی چاو بخشێندرێتە سەر وشە مادییەکان، ڕۆشنایی بخرێتە سەرهێندێک لە هەڵەکانی دیاکۆنۆف.

## هەڵەکانی دیاکۆنۆف

لە بەشەکانی پێشودا ئەوە ڕوون کرایەوە کە چۆن دیاکۆنۆف لە واتاکانی زامواء پارت، پارسوا و میدیا بە هەڵە تێ گەیشتووە. لێرەشدا تیشک دەخرێتە سەر چەند هەڵەیەکی تر.

## تێکەڵکردنی "ماد- ڕاغە" یان ڕاغەی- مادی لەگەڵ شاری ڕاغەی (ری) لای تاران:

خۆدی دیاکۆنۆف هەر کاتێ باسی مادەکان دەکا بەجوانی شوێنەکانیان دیاری دەکا کە شوێنی سەرەکی مادەکان لە لای هەمەدانەوە هەتا لای دەریاچەی چیچست واتە گۆلی ورمێ (دریاچە ارومیە)، و هەروەها لە لای گیزلبوندا (قافلانکێو، لە نزیکی زەنجان و میانە) هەتا لای ئەلیپی (کرماشان) و بیت هەمبان ( ئیلام و کرند و سەرپێل) دەگرێتەوە، لە گەل ئەوەی کە هۆزەکانی پارتاکنیان لە ئەسفەهان (اصفهان) بوون. بۆیە دیاکۆنۆف بۆخۆیشی قەت ئەوەی نەوتووە کە هوزەکانی ماد لای شاری "ڕاغا / ڕاغە" واتا (ری) لە نزیکی تاران نیشتەجێبوون. ئەمە هەڵەیەکە کە زۆربەی مێژوونووسان و هەروەها لێکۆڵەرانی ئەوێستا تووشی بووون. ئەم " ڕاغە"یە کە لە ئەوێستادا باسی لێ کراوە و شوێنی نیشتەجێبوونی زەردەشت بووە، و لەوێ فەرمانڕەوایی کردووە، ڕاغەی لای تاران نەبووە بەڵکوو ڕاغەیەکی دیکەیە کە بە "ڕاغەی- مادی" ناسراوبووە کە بە شێوازی ئەوکاتە "ماد- ڕاغە"ی پێ وتراوە. کە هەر وەک دەزانین پیتی " د" لە کوردیدا ئەگەر لە پاش پیتی بزوێن و بە تایبەتی لە پاش " ا " بێ ، دەنگی " د " دەکەوێ و ناێتە گۆکردن (کە بە بڕوای پسپۆڕانی زمانەوانی ئەم ڕەوشە بە هۆی کاریگەریی زمانی ئەشکانییەکانەوە ڕووی داوە) وەک پاد= پا، شاد = شا، واد = وا، باد = با، ماد = ما. بۆیە وشەی "ماد- ڕاغە " ئێستا گۆڕدراوە بووە بە "ما- ڕاغە" و دواتر مەراغە. کە ئێستاش ئەم شارە هەر ماوە و کەوتووەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ و سەد کیلومەتری باکووری شاری مەهاباد. خۆدی دیاکۆنۆف لە لاپەڕەی ٧٤٨دا دەڵێ:[21]

**"لە وشەنامەی پەهلەویدا (لغت نامە پهلوی) کە پەیوەستە بە کتێبی "ویدودات"وە، ڕاغە هەر بە ئاتروپاتن دەزانێت. بەڵام ئەمە ڕاست نییە چونکە بێگومان مەبەست لەم ڕاغەیە هەر هەمان ڕاغەی (ری)لای ڕۆژهەڵاتی مادە. لە ڕوونکردنەوەکانی پەهلەویدا نووسراوە کە هەندێک کەس پێیان وایە کە زراتوسترا لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەوێ (ری) بووە".** بەڵام وا دیارە کە دیاکۆنۆف "ماد- ڕاغە (مەراغە)" ناناسێت.

ئەم شارە واتا "ماد- ڕاغە " ناوەندێکی بەناوبانگی ناوچەی"هۆیش دێش" بووە. کە بە واتای "وڵاتی خوش" دێت (بروانە تاریخ ماقبل ماد، خنجی ل. پ ١٢٢)، کە سەرۆک و فەرمانڕەوای ئەوێ بەگداتوو بوو، هەر ئەوکەسەی کە لە ڕاپەڕینەکەی سەدەی هەشتەمی پ.ز. لەگەڵ چەند سەرۆک هۆزێکی تری مادیدا لە دژی " ئازا" فەرمانڕەوایماننا ڕاپەڕین و" ئازا"یان کوشت. (تاریخ ماقبل ماد، خنجی ل.پ ١٢٢) . خۆدی ناوی هۆیش دێش و بەگداتوو ( بەغ داتە، بە واتای خۆداداد لەگەڵ " ۆ" کە پاشگرێکی باوی مادی و هەروەها کوردییە) نیشانەی هەبوونی شێوەزاری ئەوێستاییە لەم ناوچەیەدا. کە وابوو هەر شاری

---

[21] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٧٤٨

"ماد- ڕاغە" و وڵاتی هۆیش دێش شـــوێنی ژیانی زەڕدەشـــت و ناوچەی ماگەکان/ مۆغەکان بووە. بێ گومان بەگداتوو دەبێ یان لە نەوەکانی زەڕدەشـــت بووبێ و یان وێشـــتاســـپا (گوشتاسپ) کە لە ئەوێستادا باسی لێ کراوە وەک پادشای وڵاتی هۆیش دێش.

## شوێنی نیشتەجێبوونی هۆزەکانی ماد لە ڕوانگەی دیاکۆنۆڤەوە:

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ١٩٤ دا لەســەر شــوێنی نیشــتەجێبوونی هوزەکانی ماد ئاوا دەنووسێ. شـوێنی نیشـتەجێبوونی هوزەکانی ماد بەوردی دیار نییە، بەڵام گومانی بۆ دەچێ کە هۆزەکانی ئاریزەنتی لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی مادەکاندا دەژیان، لەوانەیە کە مۆغەکانیش هەر لەوێ ژیابێتن واتا دەوروبەری ڕاغە (نزیکی شـــاری تارانی ئێســـتا)، هۆزەکانی بۆســـیان لە نزیکی هەمەدان، هۆزەکانی پارتاکیان لە دەوروبەری ئەســـفەهان (اصـــفهان)، و هۆزەکانی بۆدی لە ڕۆژئاوای مادەکاندا نیشتەجێبوون.

- لە ڕاســـتیدا هەر وەک پێشـــتریش باسی لێ کرا تێکەڵکردنی ناوی ڕاغەی لای تاران لەگەڵ ڕاغەی- مادی، یان "ماد- ڕاغە" کە ئێســتا مەراغەی (مراغە) پێ دەڵێن، هەڵەیەکی گەورەیە. هەموو نووسراوەکانی مێژوویی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە مۆغەکان و زەڕدەشتێش هەرخەڵکی دەوروبەری گۆلی ورمێ بوون. دیاکۆنۆڤ بۆ خۆی لە ل.پ. ٤٦٣ دا دو بارە لەسـەر شـوێنی نیشتەجێبوونی مۆغەکان ئاوا دەنووسێ:

**" بە ئەگەرێکی زۆر شـــوێنی هۆزی مۆغان هەمان ڕاغەیە کە یەکێ لە شـــارە گرینگەکانی ماد بووە لەو ســـەردەمەدا، لە ئەوێســـتادا باس لەوە دەکا کە زەڕدەشت بۆ خۆی سەرۆک و فەرمانڕەوای ڕاغە بووە".**

بەڵام لێرەش دووبارە **ماد- ڕاغە** دەباتەوە بۆ لای تاران،. ئەگەر دیاکۆنۆڤ باوڕی تەواوی بە نووسراوەکانی خوی هەبێ دەبێ ئەوەی زانیبای کە یەکەمین زانیاریی لەسـەر زمانی ئەوێستایی لە ســـەردەمی دەســـتەڵاتداری ماننایییەکاندا بوو ئەوکاتەی کە دیاکۆنۆڤ خوی باسی وڵاتی "ئۆێش دیش" یان "هۆیش دێش" دەکا. کە ئەم دەســـتەواژەیە ناوێکی مادی لە شـــێوەزاری ئەوێستاییە.( کە واتای وڵاتی خۆش دەدا[22]، بەرانبەر ئەم وشەیە لە هەورامیدا "وەش دێش " یان "وەش دێ" یە). بە گوتەی خودی دیاکۆنۆڤ ناوچەکە لە شـوێنی شـاری مەراغەی ئێســـتایە. هەروەها دیاکۆنۆڤ لە کتێبەکەی خۆیدا چەندین جار باسی ئاسڕەوان (ئاترەوان) و ئاترپاتیان یان ئاترپادەکان دەکا، ئەم ناوانە بێ هیچ گومانێک ناوی ئەوێســـتایین کە بۆ

---

[22] بڕوانە ل.پ ١٢٢، بازخوانی تاریخ ایران ، دفتر اول، امیر حسین خنجی

یەکەمین جار بەرچاو دەکەون . ئاترەوان وشـــەیەکی کوردییە، (کە پێشـــتر ڕوون کرایەوە)، ئاترەپادکانیش هەروەها کوردییە کە لە بنەڕەتدا ئاوا بووە **" ئاتر- پات- کان"** ئاتر کە بە واتای ئاگر دێت وشـەیەکی کۆنی هەورامییە، پات وشـەیەکی کۆنی کوردییە کە واتای پارێزەر دەدا. پاراســتن، و پاتن و پات هەر یەک وشـــەن و یەک مانایان هەیە. بڕگەی "کان"یش هەمـان نێشـــانەی کۆییە لە دۆخی نـاسراودا (علامـت جمع معرفە) کە پێکەوە واتـای "ئـاگروانەکان" دەدا. ئەمە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو هۆزانە بە زمـانی ئەوێســـتـایی قسەیان کردوە کە هەمان زمانی هۆزی مۆگ یان مۆغە (مۆغ شێوازی پارسی وشەی مۆگە)[23] کە لە ئاترپاتەکان (ئازەربایجان) دا ژیاون. [دواجار ئەو باســـە ڕۆشـــن دەکرێتەوە کە چۆن هەورامییەکان بەشێکن لە هۆزی مۆغان].

- لەسـەر هۆزی "پارتاکیان"ش بێ گومان وتەکانی هرودت و دیاکۆنۆڤ ڕاسـتن، خۆدی ناوی پارتاکیان یان "پەرتەکان" ئەم ڕاســتییە دەســـەلمێنێ، چونکە ناوەکەیان بە تەواوی ناوێکی کوردییە، لەبەر ئەوەی ئەمـانە لە نـاوچەکانی مـاد دوور و پەرت کەوتووبوونەوە بە نـاوی "پەرتەکان" ناسراوەن کە وشەیەکی ڕەسەن و ئاسایی کوردییە و واتای دوورەکان دەگەیێنێ.

- لەســـەر هۆزی "ئـاری زەنتی"ش دیاکۆنۆڤ بە بێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو شـــوێنی نیشـتەجێبوونیانی لە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی مادەکاندا دەسـتنیشـان کردووە. ئەمەش ڕاسـت نییە، وا دیارە ناسـیارییەکی ئەو تۆی لەسـەر گەلی کوردسـتان و هۆزەکانی نیشـتەجی ئەوێ نییە. بۆ ئەو کەسانە کە زانیارییان لەسەر کوردان بێ دەزانن کە هەر لە کەرکوک و جەلەولاوە بگرە هەتا دەگاتە سـنە وکرماشـان و خانەقین و ئیلام و هەروەها لەکسـتان و لورسـتان بە سەدان هۆزی زەنتی (زەندی) و بە هەزاران بنەماڵەی زندەی تێدایە کە بێ گومان پاشماوەی هەمان هۆزی ئاری زەنتین.

- لەســـەر هۆزی "بۆدی"ش بە ئەگەرێکی زۆر بۆچوونەکەی دیاکۆنۆڤ ڕاســـتە کە دەڵێ لە هۆزە ڕۆژئاواییەکانی ماد بوون، لەوانەیە ناوەکە ئێســـتا گۆڕابێ بۆ "بۆتی" واتا دانیشـــتوانی جەزیرە و بۆتان.

## بۆچوونی دیاکۆنۆڤ لەسەر شوێنی ژیانی زەڕدشت:

هەر چەند هەموو بەڵگە و بۆچوونەکانی دیاکۆنۆڤ ئەوە دەسـەلمێنێ کە زەڕدەشـت خەڵکی لای ورمێی بووە بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە لایەکەوە باش دەزانێ کە زەڕدەشـــت لە ڕاغە

---

[23] برێ جاران هێندێ وشەی کوردی کە بە پیتی " ۆ" یان پیتی " گ" کۆتایی پێ دێت، بەرانبەرەکانیان لە فارسیدا دەگۆردرێت بۆ پیتی "غ"، وەک درۆ= دروغ، دۆ = دوغ ، مۆگ = مۆغ، بەگ = بەغ.

بووه و ڕاغەش هەر بە شـــاری ڕەی لای تاران دەزانێ و لە لایەکی تریشـــەوە لەگەڵ زوانی کوردیشـدا ئاشـنایەتی نییە، بۆیە تووشی ڕاڕای دەبێ و ناتوانێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسـەر ئەم بابەتە بدات بەدەستەوە. لێرەدا تیشک دەخرێتە سەر هێندێ لەو بابەتانە کە دیاکۆنۆف هێناویەتەوە.

لە ل.پ. ٧٤٩ لە پەراوێزەکاندا لە ژێر خاڵی ٥٦دا ئاوای نووســیوە: زۆربەی مێژونووســانی موســوڵمان لەو باوەڕەدان کە زادگای زەڕدەشــت لە ورمێ (ارومیە) یان لە ناوچەکانی تری ئازەربایجاندایە. لێرەدا دیاکۆنۆف بێ ئەوەی کە باوەڕ بەم مێژوونووسـانە بکات، ئاوا قسـەی ئەم مێژوونووســانە لەبار دەبات ودەڵێ **" ڕەنگە بۆچوونی ئەم مێژوو نووســانە لەوێیەوە سـەرچاوەی گرتبێ کە لە سـەردەمای دواتردا ژمارەیەکی زۆر لە پیران و موغانی زەڕدەشتی لە ئازەربایجاندا کۆ ببوونەوە".**

دیاکۆنۆف بێ هیچ بەڵگەیەک قسـەی ئەم مێژوونووسـانە ڕەت دەکاتەوە هەروەها ڕوونیش ناکاتەوە کە لە کوێ و لەبەر چی و لە کام شاردا پیران و مۆغانی زەڕدەشتی گردببوونەوە.

لە دواییدا دیاکۆنۆف دەڵێ لە ئەوێسـتادا شـتێکی وا لەم بارەوە نەنووسراوە مەگەر **جارێکیان کە شوێنی دانیشتنی زەڕدەشتی لە قەراخ ڕووباری " دارژ" دەستنیشان کراوە**...

لێرەدا دەبێ بڵێن خۆدی ئەم وشـەیە نیشـان دەدا کە زەڕدەشـت خەڵکی ماد واتا کوردسـتان بووە، ئەم وشـــەیە وشـــەیەکی مادییە کە ئێســـتاش لە کوردیدا بە کار دێت. "دارژ" واتای دارژان و دارژاندن دەدا، واتای دارژانی ئاو، دەدا.

دیاکۆنۆف لە ل.پ ٧٥١دا بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی زەڕدەشت، ئاماژە بە لێکۆڵینەوەکانی جەکسـون دەکات و دەڵێ " ئەو گۆلە ئاوانە (دەریاچە) کە بە ناوی **چاچیست** و **فرازدان** لە ئەوێستادا ناویان هاتووە، لەوانەیە گۆلی ورمێ بێت یا خۆد دەریاچەی هاموون لە سیستاندا ( لە ڕۆژهەڵاتی ئێستای ئێران لەسەر سنووری ئەفغانستان). لەسەر ڕووباری "**فرازدان**"یش دەکرێ چەمی رازدان (زنگۆ) لە ئەرمەنسـتان بێ یاخۆ لەوانەیە دەریاچەی خوێ (نمەک) لە ڕۆژهەڵاتی ماد بێ. لێرەدا دەبێنین کە دیاکۆنۆف پێ ناکرێ ئەو ناو و شوێنانە کە لە ئەوێستادا هاتووە دەسـتنیشـان بکا، بۆیە هەموو ئەگەرەکان بە کراوەیی دهێڵێتەوە. دیسـان لە هەمان لاپەرەدا ئاوای نووسـیوە: لە ئەوێسـتادا لە یشـتەکانی ٢٣ و ٢٤دا زەڕدەشـت ئاواتەخوازی ئەوەیە کە دەسـتەڵاتی ویشتاسپ بگاتە چەمی ڕانگی، ئەمە ڕووبارێکی مەزنە لەوانەیە چەمی دیجلە بێت یا خۆد دەکرێ" سـیردریا"ش بێت. تەنانەت لە باری وشـەناسـیشـەوە دەکرێ "ولگا "ش بێ.

لێرەدا دەبینین کە دیاکۆنۆف بێجگە لە هێنانەوەی ئەگەرەکان کە زۆریش لەیەك دوورن هیچ ڕوونکردنەوەیەکی باوڕپێکراوی نییە. هەر چەند لە ئەوێستادا چەندین جار ناوی "هەکاری"[24] هێنراوە، بەڵام ڕوون نییە بۆچی دیاکۆنۆف باسی ئەمە ناکات، لەوانەیە ناوی هەکاری هەر نەبیستبێ کە ناوچەیەکی شاخاوی کوردستانە کە کەوتووەتە ڕۆژئاوای ورمێییەوە (ارومیە).

بەڵام هەر لەم لاپەڕەیەدا زۆر بە ڕاستی باسی کێوی "هەرە بەرزایەتی" کە لە ئەوێستادا ناوی هاتووە دەکا و دەڵێ: هەر چەند ناوی ئەلبەرز (فارسی: ئەلبۆرز) لەگەڵ وشەی هەرەبەرزایەتی هاوچاوگن بەڵام "هەرەبەرزایەتی" دەکرێ بە هەرچیایەکی بەرز بوترێت. لە ڕاستیشدا "هەرە بەرزایەتی" وشەیەکی پەتی و ئاسایی کوردییە کە هەرئێستاش ڕۆژانە بە کاردێت. "هەرە " نیشانەی جەختکردنەوەیە (تاکید) و بەرزایەتی کە ناوی چاوگە بۆ بەرز. لە کوردیدا دەکرێ بە هەر چیایەکی بڵیند بگۆتری هەرە بەرز یان هەرە بەرزایەتی.

هەر لە ل.پ ٧٥٢دا لەسەر ویشتاسپی پادشا ئاوا دەنووسێ: "گێڕانەوەیەکی زۆر کۆن لە میتلنی هەیە کە ئاتنەی خارسی باسی کردوە کە گویا "ویشتاسپا" پادشای ماد بووە، ویشتاسپا برایەکی چکۆلەتر لە خۆی هەبووە کە ناوی زریادەر بووە، ویشتاسپا لە ماد و لە کیشوەری خوارەوە فەرمانڕەوایی کردوە و زریادەر لە سەرەوە لە دروازەی کاسپێ هەتا تانائیس".

لێرەدا چونکە دیاکۆنۆف و نووسەرانی تری ڕۆژئاوایی بڕوایان وایە کە زەردەشت لە ڕاغە چووەتە لای ویشتاسپ و ڕاغەش بە هەمان ڕاغەی لای تاران دەزانن بۆیە ئەم ویشتاسپا بە هەمان ویشتاسپی پادشا کە یاوەر و پشتیوانی زەردەشت بووە نازانن و پێیان وایە دەبێ ئەمانە دوو کەسی جیاواز بن لە دوو شوێنی جیاوازدا. لەسەر ئەوەی کە ویشتاسپا پادشای ناوچەی هوێش دیش (مەراغە) بووە پیش لە دەستەڵاتداری مادەکان هیچ دوودڵییەک نییە بەڵام لەوەی کە پادشایەک و دەستەڵاتدارێک بە ناوی ویشتاسپ لە ڕاغەی لای تاران (ڕی) هەبووبێ تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک بە دەستنەکەوتووە.

**لێرەشدا باشە با یەکێک لەم شوێنانە کە ئەویش سنووری دەستەڵاتداری زریادەر و ویشتاسپە ڕوون بکرێنەوە. لە گێڕانەوەکەی سەروەدا دەڵێ شوێنی دەستەڵاتداری زریادەر لە "دروازەی کاسپێ"یەوە دەست پێ دەکا بەرەو سەرەوە، و شوێنی دەستەڵاتداری ویشتاسپ لە دروازەی کاسپێ بەرەو خوارەوەیە". ئەم "کاسپێ"یە دەریاچەی کاسپین (خزر) نییە کە هێندێ لە ئەوێستاناسان وای بۆ دەچن، ئەمە**

[24] 170- hukairyât [hukairya] = 6 (ABL) n. from Mount Hukar (k591)

**گوندێکی کوردســـتانە. ئەو کوردانەی کە خەڵکی ڕۆژئاوی گۆلی ورمێین (ارومیه). باش دەزانن کە گوندی "کاســپێ" لە کوێیە. کاســپ یان کاســپێ گوندێکی کوردنشــینە کە کەوتووەتە ٢٠ کیلومەتری ڕۆژئاوای شــاری ورمێ لە ناوچەی ئەنزەل و وەک ناوەندێکە بۆ ناوچەی ئەنزەل. بە ڕاســتی کاسپێ هەروەک دروازەیەک وایە، لە کاسپێ بەرەوخوار هەمووی هەر تەخت و دەشــتاییە و لە کاســپێڕا بەرەو ســەروە شــوێنکە باری جوغرافی دەگۆردرێت، و هەمووی هەر شـــاخ و چیایە. کاســـپێ دروازەیەکە بۆ ڕۆیشـــتن بەرەو ناوچەکانی سۆما وبرادۆست و شپیران و ناوچەکانی تر، ئەمەش خۆی بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی ئەم گێڕانەوەیە. گومانی ئەوەی کە ئەم ویشـتاسـپە پادشـای ماد هەمان ویشـــتاســـپی ئەوێســـتا بێ کە زەردەشـــت چووتە لای و بە ڕێزەوە زەردەشـــتی وەرگرتووە و کردویەتی بە فەرمانڕەوای ڕاغە (ماد- ڕاغە) زۆر زیاترە لە ئەگەری هەبوونی ئەو ویشـتاسـپەی کە دەڵێن لەوانەیە لە ناوچەکانی دەور و بەری ڕاغەی لای تاران (ری) پادشایەتی کردەبێ و تا ئێستاش هیچ ئاسەوارێکی لێ نەدۆزراوەتەوە.**

## گاسای"وهێشتو- هۆیش دێش" لە ئەوێستادا: (بڕوانە دیاکۆنۆف ل.پ.٧٥٥)

ئەم گاســـایە کە بـاسی زەمـاوەنی کچی زەردەشـــت دەکا، دەتوانێ یـارمەتیـدەر بێت بۆ دەستنیشانکردنی ناو و هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی زەردەشت. لەم گاسایەدا زەردەشت ســوپاس و مەمنونیەتی خۆی دەرئەبڕی بەرانبەر بە ئەو میوانانەی کە لە زەماوەندەکەدا لە ناوچەی "هۆیش دێش" بەشدارییان کردوە ئەمەش ناوەکانیانە:

" وەیشتاسپا لە خانەدانی نائوتار، فراشا ئوشترا و ئید جاماسپا لە خانەدانی خواگوا، یاران و یاوەرانی زەراتوشـــترا لە خانەدانی ســـپیتامایان و خۆدی زەردەشـــت یان "ســـپیتامیانی زەراتوشترایی" و لەوانە مامی (واتا مامی زەردەشت = نووسەر ) مادیو مانگهی".

"وهیشـتو- هۆیش دێش": ئەم دەسـتەواژەیە پێشـتریش باسی لێ کرا، وشـەی "وهێشـتو" لە دوو برگە پێک هاتووە (وە+ ئێشـــتا ) واتای (بە + ترین) یان بە شـــێوازی کوردیی ئەمڕۆ "باشترین" دەدا. وشەی "وهەشت"[25] لە شێوەزارکانی هەورامی و کەلهوڕی و لەکی و وشەی بەهەشـت لە سـۆرانی و کرمانجیدا هەر بەم واتای دێت واتا " باشـترین" یان باشـترین جێگا. "هۆیش دێش" کە واتـای وڵاتی خۆش دەدا[26] (بەرانبەرەکەی لە هەورامیـدا دەبێتە وەش دێ) ئەم ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی باشووری گۆلی ورمێ بوو کە ناوەندەکەی ڕاغە (ماد- ڕاغە)

---

[25] 120- Vahishta [-] = 15 (NI, n.plA)best (k478)

[26] تاریخ ماقبل ماد، خنجی ل،پ ١٢٢

یان مەراغەی ئەمڕۆ بووە. ئەم ڕستەیە "وهیشتو- هۆیش دێش" واتای باشترینە هۆیش دێش یان **"وەهەشتە / بەهەشتە- هۆیش دێش"** دەگەیێ. لێرەدا دیار دەبێ کە زەردەشت و بنەماڵەکەی لە وڵاتی هۆیش دێش کە ناوەندەکەی ماد- ڕاغە بوو نیشتەجێ بوون.

## بۆچوونی دیاکۆنۆڤ لەسەر ناوی زەردەشت:

لەسەر ناوی زەردەشتیش بۆچوونی دیاکۆنۆڤ هەمان بۆچوونە هەڵەکانی نووسەرانی ڕۆژئاواییە، بە بێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بۆچوونەکانی ئەوان دووپات دەکاتەوە، لە ل.پ.٤٧٢دا دەڵێ ناوی زەردەشت ناوێکی ئەفسانەیی نییە هەر وەکوو چۆن زەردەشت بۆ خۆی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی نەبووە و مروڤێکی ئاسایی و کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بووە بۆیە ناوەکەشی نێوێکی ئاسایی بووە واتای خاوەنی وشتری زەڕین یان خاوەنی وشتری ئازایە. دوایش بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ژمارەیەک ناوی مادی کە پاشگری ئەسپا (ئەسپ) و یان گئو (گا)یان هەیە ریز دەکا و دەڵێ ناونانی کەسەکان بە ئەسپ و گا و وشتر لەو سەردەمەدا ئاسایی و باو بووە. ئەم بەڵگەیەی دیاکۆنۆڤ زۆر سستە چونکە گا و ئەسپ لە ناو هۆزەکانی ئارییایدا پیرۆزیان هەبووە، هەتا سەد ساڵ پێش ئێستا بڕوا ناکەم تاکە ماڵێکی کورد هەبوبێ کە گا یان ئەسپیان بەخێو نکردەبێ،گا ئێستاش لە هیندوستاندا هەر پێرۆزە، لە هێندێک لە ناوچەکانی کوردستان بەتایبەت لە هەورامان و شارەزۆر ئێستاش پێرۆزی گا هەرماوەتەوە و هێندێک لە هۆزەکان گۆشتی گا ناخۆن[27]. بەڵام وشتر لە ژیان و نەریتی کوردەواریدا هیچ جێگایەکی نەبووە تەنانەت باری نەرێنیشی هەیە. ئەمە سادە ئەندیشی و بیرکردنەوەیەکی ساویلکارانەیە کە کەسێکی وەک زەردەشت بەم شێوەیە ناوی دەرکردەبێ. ئەو پێناسە و ئەو وێنەیە کە لێکۆڵەرانی ڕۆژئاوایی بۆ زەردەشتتیان تاشیووە زۆر ناڕاست و نازانستییانەیە.

**لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە بۆچی وشتریش وەک ئەسپ وایە کە چەندین ڕەنگی جۆراوجۆری هەبێ؟ بۆچی وشتری ڕەش و سپی و سوور و شین و چیل چیل و دێز و بۆر هەیە کە بە ناونانی وەک خاوەنی وشترە زردەکە تایبەتمەندی پێ ببەخشن. خاوەنی وشترە زردەکە بە واتای ئەوە دێ کە ئەو خاوەنی وشتری سپی یان ڕەش یان شین نییە. خۆ وشتر هەمووی هەر یەک ڕەنگە ئەویش ڕەنگی زەرد یان ڕەنگی وشترییە. ئەو کەسانەی کە بەرگری لەم بۆچوونە دەکەن لەوانەیە لە نزیکەوە چاویان بە وشتر نەکەوتووبێ.**

---

[27] بڕوانە ل.پ ٧١ مێژووی کۆنی هەورامان نووسینی د.م ئەمین هەورامی

بەپێی ئەم گێڕانەوەیە کە بەداخەوە دیاکۆنۆڤیش پشـــتگری لێ دەکا، زەڕدەشـــت کابرایەکی ئاســـایی بووە کە لەبەر ئەو زەخت و زۆرەی کە لە ســـەری بووە، شـــوێنەکەی خۆی بەجێ هیشتووە و بەخۆی و وشترێکەوە دەکەوێتە ڕێ هەتا دەگاتە شاری ڕاغەی لای تاران (ری)، لەوێ ویشـتاسـپی پادشـا مێوانداری لێ دەکا، (بۆچی پادشـایەکی گەورە دەبێ میوانداری لە کابرایەکی هەژار بکا کە هەر نایشـــیناسێ؟) و دواجار ئەم پادشـــایە بڕوای پێ دینێ و دەچێتە سەر دینەکەی، و پاشان دەیکاتە فەرمانڕەوای هەمان شار واتا ڕاغە. ئەم بۆچوونە زۆر کز و سستە لە هۆشمەندی بەدوورە. هیچ بەڵگەیەکی زانستیشی لە پشت نییە.

بەر لەوەی ڕاسـتەوخۆ ئەم باسـە لەیەکبدرێتەوە و ڕاسـتییەکان ڕوون بکرێتەوە باشـتر وایە ئەمە و بیر بهێنرێتەوە کە لە سەردەمای کۆندا، کار و پیشەکان لە ناو هۆزەکاندا بەم شێوەیە بووە: ١ - دیـاریکراو بوو ٢- دابەشـــکراو بوو٣- بە میرات دەچوو لە نێوهۆزەکـان و بنەماڵەکاندا. بۆ نموونە هۆز هەبوو کە تەنیا کاریان بەخێوکردنی ئاژەڵ [مەر و ماڵات، شەدار ( چێودار)] بوو، هێندێ هۆزیش پیشەیان سەربازی بوو هێندێک هۆز کاریان وردەفرۆشی و بازرگانی یان کاریان تەنیا دارتاشی و خەڕاتی بوو، هۆزی واش هەبوون پیشـــەیان کاروباری ئایینی بوو. بۆ نموونە هۆزی قورەیش لە عەربستاندا پیش ئیسلام هەر کاریان خزمەتکردنی بتەکان بوو و کلیلی کەعبەیان لە دەستدا بوو. ئایینی زەڕدەشتیش ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە نەهاتبووە خوارەوە، بێ گومان ئەم دینەش لەسەر ژێرخانی ئاینەکانی پێش خۆی دامەزرا بوو و کاریگەریی دینەکانی پێش خۆی پێوە دیارە، بۆ نموونە میترا کە خودای خۆر بوو لە ئایینی میتراییدا، لە دینی زەڕدەشتیدا لە شوێنەکەی دایانبەزاند و کردیان بە یەکێک لە ئیزەدەکان. یان بیرۆکەی هێزی سپی و هێزی تاری (تاریک) کە لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەڕدەشتییە پیش لە هاتنی ئایینی زەڕدەشـــتی لە ناو ئایینە کۆنەکانی ئێرانیدا برەوی هەبووە. ئەگەری ئەوەی کە هۆزی مۆگ (مۆغ) پێش لە هاتنی ئایینی زەڕدەشتی بەڕێوبەرایەتی ئایینی میترایی و یان دینێکی تریان کردەبێ زۆرە. لە نووسراوەکانی زەڕدەشتیدا هاتووە کە زەڕدەشت بەر لەوەی ببێتە پێغەمبەر نازناوی "ئاترەوان"ی بووە و ئەمە ڕوونە کە ئاترەوان پیشـــەیەکی ئایینی بوو پێش لە هاتنی ئایینی زەڕدەشـــتی. ئاتراوان/ (ئاثراوان) نازناوی فەرمی کاهنانی مادی بووە. (بڕوانە مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشـــاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٤٦٤)". خۆدی دیاکۆنۆڤ لە کتێبەکەیدا ئەمە دەپەژرێنێت (قەبوڵ دەکا) کە مۆگەکان (مۆغەکان) هۆزێکی هۆشـــمەند و خاوەن خوێندەواری بوون. لە ل.پ ١٩٠دا دەنووسێ کە مۆگەکان ڕابەرایەتی ئایینی زەڕدەشتییان لە هەموو ئێراندا لە دەستدا بوو، و هەموو گۆتار و بانگەشەی خۆیان هەر بە زمانێکی ئێرانی بوو.

**ئەگەر ئێمە بەوردی چاو لە ناوی خانەدانی زەڕدەشـــت بکەین ئەم ئەگەرە کە پێش لە بڵاوبوونەوەی ئایینی زەڕدەشـتی بنەماڵەکەیان هەر بە کاری ئایینییەوە خەریک بووبێتن**

**پشتڕاست دەکاتەوە. هەر وەک لە گاسای"وەهیشتو- هۆیش دێش" باسی دەکا، نێوی بنەماڵەکەیان "ســـپیتامایان" بووە. لە پەڕتووکەکانی زەڕدەشـــتیدا کاتێ ناوی دێنن بە "زەڕدەشت- سپیتاما" ناوی دەبن. وشەی سپیتاما لە دوو بڕگە پێک هاتووە "سپیت + ئاما " وشـەی"سـپیت"هەمان وشـەی سـپی کوردییە کە بێجگە لە نیشـاندەری ڕەنگی سـپی، مـانـایەکی دیکەشی هەیە ئەویش "پـاکی و ڕاســتییە" وەک لە کوردیـدا دەڵێن"ڕوومان سپییە یان ڕووسپی دەرچووین" واتا پاک و ڕاستین، هەروەها"ئاما"[28] لە ئەوێسـتاییدا واتای هێز دەدا ئەماوەنت[29] واتای بەهێز و زۆرمەند دەدا، لە پەهلەویشـدا ئەم وشـــەیە وەک ئەماوەند هاتووە (بڕوانە پەهلەوی دیکشـــنەری، مەکنزی)[30]، ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوەی ناوی هۆزی "هەمەوەند"دا ماوەتەوە کە واتای بەهێز یان خاوەن هێزدەدا، کە وابوو سپیتاما واتای هێزی سپی، هێزی پاکی دەدا. ئەمە ڕوونە کە لە باوەڕی زەڕدەشـتیدا دوو هێزی دژ بە یەک لە بەرانبەر یەکتردا لە بەربەرەکانێدان هێزی خێر و هێزی شـــەڕ یان هێزی ســـپی و هێزی تاری (تاریک، ڕەش). لێرەدا دەردەکەوێ کە ســـپیتاما دەســـتەواژەیەکی ئاینییە، وادیارە بنەماڵەی زەڕدەشـــت هەر لە ســـەردەمای کۆنەوە بەر لە ســـەرهەڵدانی ئایینی زەڕدەشـــتی، ئەرکی ڕابەرایەتی ئاینییان لە ســـەرشـان بووە و بە پاکی و پیرۆزی بەناوبانگ بوون بۆیە ناوبانگی سپیتامایان وەرگرتووە.**

بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی دیاکۆنۆڤ و نووســـەرانی دیکە زەڕدەشـــت مرۆڤێکی ئاســـایی نەبووە، ئەو کەســـێکی ڕابەر و ســـەرۆکی هۆزی مۆگان (مۆغان) ئەو هۆزە هۆشـــمەند و خوێندەوارە بوو کە دیاکۆنۆڤ باسی دەکا. زەڕدەشـــت بیرمەندێکی هۆشـــیار، شـــاعێر و فیلەســـوفێکی گەورە و تەنانەت خەباتکارێکی بەباوەڕ بووە کە بەرەنگاری ســـتەم و زۆرداری ستەمگەران بووەتەوە و سەرەنجام لە شەڕیشدا کوژرا. بیر و باوەڕی زەڕدەشت[31] ئەوندە تیژ

---

[28] ama [-] = strength; Strength (t110); courage; Courage (k), Power of Attack (Kr),

[29] amava [amavañt] = 5 (N) strong, vigorous (t30), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

[30] A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986 1986 p 8-9

[31] ئەگەر لە ڕووانگەی مێژوویی و مـاتریـالیســـتیەوە چـاوی لێ بکرێـت لەوانەیە کە زەڕدەشـــت وەکوو کۆنەپەرەست و پاشوەڕۆ بێتە بەرچاو چونکە ستایشگەر و خوازیاری سازمانی (سیستمی) پادشایانی پێشوتر "ئەپەرداتا (پێشـدادی)"یە و پێ وایە لەو سـەردەمەدا ستەمگەری نەبووە و دادپەروەری و خۆشـیەتی لە وڵاتدا بەرقەرار بووە. ئەم بۆچوونەش نا دروسـت نەبووە. چونکە پەیوندییە کۆمەڵایەتیەکان لە سـەرزمینی ماد لەو سەردەمەدا هێشتا چینایەتی نەبوو، بە پیچەوانەی وڵاتەکانی ئورارتو و ئاشوورکە سازمانی چینایەتی بەردەداری لەوپەڕی گەشەی خۆیدا بوو. بەڵام تارەمایی و هەڕەشەکانی ئەم سازمانە ستەمگرانە مەترسی بوو بۆ سەر گیان و ژیانی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، هەر بۆیەش زەڕدەشت بە قین و تووڕەییەوە باس لە زۆرداران و ستەمگەرانی ئەو ســـەردەمە دەکات و ئەوان نە وەک مرۆڤ بەڵکوو وەک دێو و دەعبا ناویان لێ دەبا. جا ئا لەم ڕووەوە

و بەهێز بوو کە لە دوای کوژرانیشـــێ نە تەنیا فەراموش نەکرا و کز نەبوو بەڵکوو بە تاو و تەوژمێکی زۆرتریشـــەوە هەر لە گەشـــەدا بوو، و ســـەرەنجام وەک ئیدوئۆلۆژییەکی قایمی مروڤایەتی و خوازیاری دادپەروەری لەو سـەردەمەدا پەرەی سـتاند و گەشـەی کرد، و توانی ئیمپراتورییەکی ستەمگەر و خوێنرێژی وەک ئاشوور بڕووخێنێ و ئیمپڕاتورییەکی مەزنی ئێرانی دامەزرێنێت. هەر ئەو مۆغانەی پێڕەوانی زەردەشـــت بوون کە چوونە لای دیاکۆ و ئەویان وادار کرد کە بەرەنگاری دێوەکان بێتەوە، هەر ئەوان بوون کە دیاکۆیان کرد بە پادشـــا و خۆشـــیان بوون بە ڕاوێژکار و ســـەرکردەی ســـەربازی. ســـەرکەوتنی مادەکان بە ســـەر ئاشـــوورییەکاندا بە بێ کاریگەریی مۆغان نەدەگونجا. لە ڕاســـتیدا مۆگەکان هێزی ســـەربازی مادەکانیان بە چەکی ئیدئولۆژیکی قایم کردبوو. دروشمی ژیانی ئازاد ودادپەروەرانە لە شێوازی کرداری چاک و وتاری چاک و باوەڕی پاک لە سەرزەمینی پان و بەرینی ئێرانی ئەو سەردەمەدا دەنگی دابووەوە. زەردەشـــت خۆی کوژرا و لە گیتی دەرچوو بەڵام باوەڕەکانی زەردەشـــت لە ڕێگای مۆغانی زەردەشـــتییەوە توانی لانیکەم ١٣٠٠ ســـاڵ لە ســـەرزەمینی ئێرانی کۆندا دەستەڵاتداری بکا و بوو بە یەکێ لە مەزنترین ئیمپراتورییەکانی ئەو سەردەمە.

هەر وەک باس کرا زەردەشت بەپێچەوانەی وتەکانی دیاکۆنۆڤ مروڤێکی ئاسایی نەبوو، ئەو مرۆڤێکی زانا وســـەرۆکی هۆزی مۆگان بوو کە لە ناوچەیەکدا لە دەوروبەری دەریاچەی چیچســـت ژیـاوە، و بە هـۆی هەڵوێســـت وبەرەنگـاربوونەوەی بەرامبەر دێوەکـان (دەســـتەڵاتدارانی ئورارتوو، ئاشـــوور وماننا) شـــوێنەکەی خۆی بەجێ هێشـــتووە و ڕووی لە ناوچەی هۆیش دێش کە لە ژێر دەســـتەڵاتداریەتی ویشـــتاســـپی پادشـــا (کەیانی/ مادی) بوو کردووە، لەوەێ ویشـــتاســـپ بە ڕێزەوە وەری دەگرێ و میوانداری لێ دەکا و پاش ماوەیەک هەر لەوێ دەیکا بە فەرمانڕەوای ڕاغە (ماد- ڕاغە واتا مەراغەی ئێســـتا، نەک ڕاغەی لای تاران). شایانی باسە کە دایکی زەردەشتیش هەر خەڵکی ڕاغە بووە. هەروەها پاش ماوەیەک کچی زەردەشـــتیش دەبێتە بووکی ویشـــتاســـپ. خۆدی ئەم خزمایەتیەش نیشـــان دەدا کە زەردەشـــت کابرایەکی نەناسراو و بێدەســـتەڵات نەبووە دەنا پادشـــایەک وەک ویشـــتاســـپ لەگەڵی خزمایەتی نەدەکرد. کە وابوو ئەو وینەیە کە زەردەشـــت کابرایەکی ئاســـایی بوو کە بە خۆی و وشترێکەوە دەکەوێتە ڕێگا بەرەو لای شاری ڕێ (لای تاران) وێنەیەکی پوچ و ناڕاستە.

---

ڕووانـگە و بـۆچـوونی زەردەشـــت زۆر مـروڤـانە، دادپەرورانە و ئەوپەڕی ڕەوەشـــت پـاکی بوو.

لێکدانەوەی ناوی زەردەشت بە خاوەنی وشتری زەرد بێ بنەمایە. هۆی ئەم بۆچوونەش تێنەگەیشـــتنە لە گەوهەر و بنەماکانی زوانی مادی. هەر وەک پێشتریش باسی کرا، زمانی مادی یەک زمانە بە دوو شێوەزارەوە.

یەکەم: شـــێوەزاری گەشـــتیی مادی کە زۆربەی هۆزەکانی ماد قســـەیان پێ کردووە و لە کۆشـــک و ســـەرا و لە کاروباری کارگێڕی و ســـەربازی بە کار هێنراوە. زمانی پارســـیی کۆن وەک ئەو زمانەی کە نووسراوەبەردینەکانی کورەش و داریوشی ســـێیەمی پێ نووسراوە لەســـەر بنەمای ئەم شـــێوەزارە دارێژراوە (بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ ٤٥١-٤٥٥)، واتا لەســـەر شـــێوەزاری گشتیی مادی .

دووەم: شێوەزاری ئایینی مادی، یان ئەو شێوەزارە کە هۆزی مۆگان (مۆغان) و زەردەشـت قسـەیان پێ کردوە و کتێبی ئەوێسـتایان پێ نووسـیوەتەوە، کە ئێســـتا بە زمانی ئەوێســـتایی ناوبانگی دەرکردوە، ئەم شـــێوەزارە ئێســـتا لە کوردســتاندا هەر ماوەتەوە شێوەزارەکانی هەورامی، زازایی، لەکی و شـەبەک پاشماوەی ئەم شێوەزارەن.

## پێوەری ســـەرەکی بۆ دەســـتنیشـــانکردنی شـــێوەزاری ئەویســـتایی و شێوەزاری گشتیی مادی:

زانایانی بواری زمانەوانی بۆ پۆلێنکردنی زمانەکان دیاردەیەک دیاری دەکەن و زمانەکان بەپێی ئەو دیاردەیە دەخەنە خانەیەکەوە. بۆ نموونە جیاوازی نێوان زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوی ئێران (کوردی) لەگەڵ باشـــووری ڕۆژئاوا (فـارسی) بە هۆی دیـاردەی پیتی "د" و "پیتی "ز"وە دیـاری کراون. وەک وشـــەی دانا لە فارســـیدا و زانا لە کوردیدا، بەردیا لە فارســـیدا و بەرزیا لە کوردیدا یان دەریا لە فارســـیدا و زریا لە کوردیدا. دل لە فارســـیدا و زیل (هەورامی)/ زری (زازاکی) لە کوردیدا، واڕزان (بارزان) لە کوردیدا و واردان لە پارسـیدا، پارادیزا (بەهەشـت) لە کوردیدا و پارادیدا لە پارسـیدا. بە هەمان

شـــێوە ئەگەر گەرەکمان بێت جیاوازیی نێوان شـــێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێســـتایی ) و شـــێوەزاری گشـــتیی مادی پێناســـە بکەین، لە یەک شـــتی ســـەرەکیدا خۆی نیشـــان دەدا ئەویش گۆکردنی پیتی "خ"ێیە لە شـــێوەزاری ئەوێســـتاییدا، بە تایبەت ئەگەر پیتی "خ"ێ پێش پیتەکانی "ۆ/ و/ وو" بکەوێ ئەوە دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشـــەکەدا دەگۆردرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان (ھ) و ( و)دا گۆ دەکرێ، نە پیتی "ھ"یە بە تەواوی و نەش پیتی "و"یە بە تەواوی، دەنگێکە لە نێوان ئەم دوو پیتەدا بەڵام زیاتر بە "و"ێ نزیکە،[ لە فەرھەنگەکانی ئەوێســـتاییدا وا باوە کە ئەم پیتە وەک " Xv یان Hv" پێشـــان دەدرێت ]. بۆ نموونە وشـــەی خۆم لە ئەوێســـتاییدا دەبێتە وێم[32] (لە شـێوزارەکانی ئەوێستایی کوردیشـدا ھەر وایە) وشـەی خوێنی لە ئەوێستاییدا دەبێتە ونی[33] (لە ھەورامیدا دەبێتە ونی یان ھونی)، "خواستن/ خواس" دەبێتە واستنین/ واس[34] (لە شێوەزارەکانی ئەوێستایی کوردیشـدا ھەر وایە)، خەسرو لە ئەوێســـتـایـیـدا دەبـێـتە "ھـوسرو/ھـوسروا"[35]، کەیخەسرەو دەبێتە کەیهەسرو/ (کەیهوسرونگە)[36]، و ھەر بەم جۆرە وشـــەکانی خوش دەبێتە "ھوەش یـان وەش"، خواردن دەبێتە "واردن/ واردەی"، خۆر دەبێتە "وەر/ ھوەر". توخم دەبێتە "توم/ توو"، خوێندن دەبێتە "وەندن/ وانای". خۆرد (بچووک) دەبێتە ورد. ئەمە تایبەتمەندی شـــێوەزاری ئەوێســـتاییە لەگەڵ شـــێوەزاری گشـــتیی مادیدا. ھەروەھا ئەم دیاردەیە لە نێوان شێوەزاری گشتیی کوردی (کرمانجی، سۆرانی، باشووری/ (کەلھوڕی) و شـــێوەزاری ئەوێســـتـایی کوردی (ھەورامی، زازاکی، لەکی، شەبەک) ھەر ماوەتەوە. تایبەتمەندییەکی ڕوون و بەرچاوە.

ئێســـتا لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە با بزانین واتای ناوی زەرەدەشـــت چییە. ئەگەر ئیمە ناوی زەرەدەشـــت بە شـــێوەزاری گشـــتیی مادی بنووســـین ناوەکەی ئاوای لێ دێت

[32] Vaêm. Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[33] Vohuni. ھەمان سەرچاوە
[34] Vaz. ھەمان سەرچاوە
[35] haosrava [haosravangh] = 10 (N) a proper name (k600), K.E.Kanga
[36] اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواە چاپ دھم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٨

"زەڕاتخشـترا" کە زەڕا هەر واتای زەڕ و یان زێڕ دەدا، و تخشـترا یان خشـترا واتای پادشـا دەدا کە پێکەوە واتای پادشای زەڕین دەدا. جا لێرە ئەگەر دووبارە ئەم وشەیە بەپێی ئەو ڕێسایە کە پێشتر باسی لێ کرا وەرگێڕدرێتەوە بۆ سەر شێوەزاری ئەوێستایی، واتا ئەگەر دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشەی تخشترا بگۆردرێت بۆ پیتی "و"، ئەمجا زەڕاتخشترا دەبێتە زەڕاتوشترا کە هەمان واتای پادشای زەڕین دەدا. بە زمانێکی سادەتر ئەگەر بەپێی ڕێسای شێوەزاری هەورامی وشەی زەڕاتخشترا گۆ بکرێ، وشەکە دەبێتە "زەڕاتوشترا"، ئەگەر کەیخەسرەو بە شـێوەی ئەوێسـتـایی (هەورامی) گۆ بکرێ هەر وەک وترا دەبێتە کەیهەسرو. دیسانەوە ئەگەر جارێکی تر تەماشای گاسای "وهێشتو- هۆیش دێش" (مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٧٥٥) بکەین ناوی یەکێک لە میوانەکانی زەڕدەشـت لە زەماوندی کچەکەیدا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنی، ئەویش ناوی "فراشا- ئوشترا"یە، کە برای جاماسپ و وەزیری کەی ویشتاسپە. "فراشا"لە زمانی ئەوێستاییدا هەمان وشەی "ورشا / ورشە"یە[37] لە کوردیدا واتای تیشک و شەوق دەدا "ئوشترا"یش هەمان "خشترا"یە، پێکەوە واتای شای ورشەدار یان شای پرشنگدار دەگەیێ. بەڵام ئەگەر ئوشترا بە وشتر بخوێنینەوە ئەوە ناوەکەی دەبێتە "وشتری پرشنگدار" کە لەگەڵ عەقڵدا ناگونجی فەرمانڕەوایەک ناوێکی وای هەبێ. و وشتریش قەت پرشنگدار نەبووە و نییە.

## دوو شێوەزاری زمانی مادی:

ئەگەر بمانەوێت ڕەخنەیەک ئاراستەی دیاکۆنۆف بکەین، ڕەنگە سەرەکیترین ڕەخنە ئەوە بێت کە نە تەنیا نەیتوانیوە پەیوەندی گەلی کورد بە مێژووی مادەوە نیشان بدات، بەڵکوو لە بارەی پەیوەندیی زمانی کوردی بە مادیشەوە هەر بێدەنگە، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ خۆیشی باش دەزانێ کە تەنیا زمانێکی ئێرانی کە لە ناوچەکانی ماددا هەر لە نزیکی هەمەدانەوە هەتا ئامەد و عەفرین ماوەتەوە و خەڵک قسەی پێ دەکەن هەر کوردییە. بەراوردکردنی چەند وشەیەکی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی مادیدا کارێکی ئەستەم نەبوو، بەڵام لەوانەیە گۆشارێکی سیاسی لەسەر بووبێ کە نەک هەر ئەم کارەی نەکردووە بەڵکوو هەر ناوی کوردیشی نەهێناوە.

دیاکۆنۆف هەرچەند پسپۆڕی زمانە کۆنەکانە و زانیارییەکی باشیشی لەسەر ئایینی ئەوێستایی هەیە بەڵام لەسەر زمانی ئەوێستایی شارەزا نییە، و بۆ خۆێشی قەت وای نەوتووە. ئەم ناشارەزاییە لە زمانی ئەوێستایی و هەروەها لە زمانی کوردیشدا وای لێ کردووە کە تووشی

[37] Fəraša: Shining, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02

هەڵەی گەورە بێت و ئەنجامی نادروســتی لێ کەوتووەتەوە، بە تایبەت کاتێ کە بەو ئەنجامە دەگات کە زمانی ئەوێستایی و زمانی مادی دوو زمانی جیاوازن. هەروەها نارۆشنی و تێکەڵاوی لە وتارەکەیدا دەگاتە ئەو پەڕی خۆی کاتێ کە ناتوانێ شـوێنی ئەوهۆزانە دەسـتنیشـان بکا کە بە شـێوازی ئەوێسـتایی قسـەیان کردووە و ناچار دەبێ بڵێ کە لەوانەیە زەردەشـت بۆ خۆی خەڵکی ئەو مەڵبەندە نەبووبێ و گاسـاکانی بە زمانێکی تر جیاواز لە زمانی مادی هۆنیوەتەوە و دواجارهاتووەتە ناوچەکە، [ئەمە لە کاتێکدا کە لە خۆدی ئەوێسـتادا هاتووە و دیاکۆنۆڤیش بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا باسی دەکا کە دایکی زەردەشت خەڵکی ڕاغە (ماد- ڕاغە) بووە]. لێرەدا بۆ ڕوون بوونەوە زیاترهێنێدێک لە بۆچوونەکانی دیاکۆنۆڤ دەخرێتە پێش چاو:

**"بەشـێکی زۆر لە لێکۆڵەرانی ڕوسی و ڕۆژئاوایی سـەرچاوەی زمانی ئەوێسـتا دەبەنەوە بۆ لای ناوەندی ئاسـیا، بەڵام ژمارەیەکیشـیان لایەنگری مادی بوونی ئەوێستان وەک ماکوولسکی و هێرتسفێلد".** (مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٩٢)

**"نزیکایەتی زمانی مادی و زمانی ئەوێستایی لە زۆر ڕووەوە دیار و ڕۆشنە، وەلێ لەو ئاستەدا نییە کە هەر دووکیان بە یەک زمان بزانین. زمانی ئەوێســتایی وا دیارە مادی نەبووە بەڵکوو بۆ خۆی زمانێکی جیاوازە".** (مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشـاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٩١)

**زمانی ئەوێســتایی زمانی مادی نییە، یان زمانی هۆزی مۆگان (مۆغان) لەگەڵ زمانی هۆزەکانی تری ئێرانی جیاوازە و یان زمانی ئەوێستا زمانی هۆزی ماگ نییە. ئەوەی کە دیارە زمانی گاساکان زمانی خۆدی زەردەشت بوو، لەوانەیە زەردەشت بۆ خۆی خەڵکی ئەوی نەبووبێت.** (مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشـاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٤٦٧).

لێرەدا دیاکۆنۆڤ بە ڕاســتی تووشی هەڵەیەکی ســەیر بووە، نووســینەکەی خۆی لە چەند لاپەڕەی پێشــتردا فەرامۆش کردوە کە نووســیویەتی: **" لە ئەوێســتادا هاتووە کە زەردەشـت بۆ خۆی سـەرۆکی ناوچەی "ڕاغە"بووە، کە وابوو لەوێدا کاهنی گەورە هەم دەسـتەڵاتێکی مەناوی[38] (معنوی) بووە واتا سـەرۆکی"مۆغانی-**

---

[38] مەن، وشەیەکی کوردییە واتای ئەندیشە و بیر دەدات (بڕوانە فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ ل.پ ٦٤٢) لە ئەویستاشدا هەر بە هەمان واتا هاتووە لە فارسیدا وەک مینەوی بە کاری دێنن، هەر ئەم وشەیە دواجار چووتە نێو زمانی عەرەبیەوە و بووە بە (معنوی).

**کاهن" بووه و هەم دەســـتەڵاتێکی نائاینی لەم جێهانەدا (جێهانی مادی) وەک <u>ســـەرۆک و فەرمانڕەوای هۆزی مۆغان. کە ماس- ی مۆغان ( Mas-i môɤân)یـان پێ گـۆتـووە</u>"** (مێژووی مـاد دیـاکـۆنـۆف، وەرگـێڕانی کـەریـمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٤٦٣).

**دیاکۆنۆف بۆ خۆیشـــی باش دەزانێ کە ســـەرۆکی هۆز هەمیشـــە هەر لە نێو خۆدی هۆزەکەدا هەڵدەبژێردرێت، قەت وا نەبووە کە کەسێک لە هۆزێکی ترەوە بێت و بێ بە سەرۆک هۆز. پەیوەندی خوێنی و خوێشی لە مەرجە سەرەکیەکانە بۆ بوون بە سەرۆک هۆز، ئۆتۆریتەی ســـەرۆک هۆز لە بنەماڵە و هۆزەوە ســـەرچاوە دەگرێ. کە وابوو زەڕاتۆشـــترا بۆی نەبوو کە لە شـــوێنێکی دوورەوە بێت و بێ بە ســـەرۆکی هۆزی مۆگان. شـــێوەزارەکەشی هەمان شـــێوەزاری هۆزی "ماگ/ مۆگ"ە کە زۆریش لە شـــێوەزاری گشتیی مادییەوە نزیکە.**

**لەســـەر وشـــەی "ماس- ی مۆغان"ش دەبێ ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە هەڵەیەکی بچووک تێدایە، پیتی"ن/ N" لە پاش "ماس" کەوتووە، لە ڕاســـتیدا ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە لە شـێوازی کرمانجیدا، ڕاسـتی وشـەکە ئاوایە "ماسـن- ی مۆغان <u>Masn-i môɤân</u>" کە واتای مەزنی مۆغان یان گەورەی مۆغان دەدا.**

**هەروەهـا دیـاکـۆنـۆف لە ل.پ.٤٦٩دا دەڵێ، لە ســـەرەتـاکـانی دەســـپێکی بەردەداریدا(کۆیلەداری) شـــێوەزاری تایبەت بۆ شـــێوازگەلی جۆراوجۆری وێژەیی (ادبی) بە کار دەهات، بۆ نموونە لە یونانی کۆندا ئەو هۆنراوانەی کە شـــێوەی غەزەلییان هەبوو زیاتر بە شـــێوەزاری "ئەئولی" و ئەوانەی کە شـێوەی داسـتانی (حماسی) بوون بە شـێوەزاری "یونی" تێکەڵاو بە وشـەی "ئەئولی" دەهۆنرانەوە.**

**هەروەها لە ل.پ. ٧٥٣دا دەڵێ "ئێمە پێمان وایە کە لە زمانی ئەکەدیدا دوو شـــێوەزار هەیە، یەکەم ئەو شـــێوەزاراوەیە کەسرودە ئـاییینییەکـانی پێ نووسراوەتەوە، و دووەم ئەو شێوەزارەی کە چیرۆک و داستانە گەلەرییەکانی وەک گێلگامێشـــی پێ تۆمارکراوە، جیاوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لە نێوان ئەم دو شێوەزارەدا".**

**لێرەدا پرسیار ئەمەیە، ئەی چۆنە کە دیاکۆنۆف ناتوانێ ئەمە ببینی کە زمانی مـادیش لەم ڕێســـایە بەدەر نەبووە و دوو شـــێوەزاری هەبووە یەکێکی شـــێوەزاری ئاییني مادی (زوانی هۆزی مۆگ/ مۆغ) کە بۆ کاروباری دینی و سرودە ئایینییەکان بە کار هاتووە و ئێستا بە ناوی زمانی ئەوێستایی ناوبانگی دەرکردووە، و ئەوی تریش شێوەزاری گشتیی مادی کە بۆ پەیوەندی لەگەڵ هۆزەکانی تر و کاروباری کارگێڕی و ســـەربازی و بازرگانی بە کار هاتووە. و بەپێچەوانەی دوو شـــێوەزارەکەی ئەکەدی کە زۆر لەیەک جیاواز بوون، شێوەزارەکانی ئاییني (ئەوێستایی) و گشتیی مادی زۆریش لەیەک نزیکبوون. خۆدی دیاکۆنۆڤ لە" ل.پ.٨٨ "دا دەڵێ کە" زوانی ئەوێستاییان لە شەش ڕووەوە (مورد) لەگەڵ زمانە کۆنەکانی تری ئێرانیدا بەراورد کردوە کە لەگەڵ زمانی مادیدا تەنیا لە یەک ڕووەوە جیاوازییان هەبووە بەڵام بۆ نموونە لەگەڵ زمانی پارسـیی کۆندا لە هەر شـەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە"[39]. مەگەر دیـاکـۆنـۆڤ ئەمە نـازانێ کە هـۆزی مـۆگـان یەکێ لە پـێـکـهـاتە سەرەکیەکانی مادەکان بوون، کە گشت ئەرکە ئایینییەکان و بەشێکی زۆر لە ســـەرکردایەتی ســـەربازی لە دەســـتیاندا بوو. ئایا بۆ نموونە تەنیا یەک ئاماژەش لە نووسراوە دێرینەکاندا هەیە کە بڵێ مۆگەکان مادی نەبوون یان بڵێ زمانی مۆگەکان زمانی مادی نەبووە، یان بڵێ مادەکان لە زمانی مۆگەکان تێ نەدەگەیشتن!**

لە بەشـــەکانی داهاتوودا بە بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە دەســـەلمێندرێت کە چۆن شـــێوەزاری ئایینی مادی ( زمانی ئەوێســـتایی ) هەمان شـــێوەزاری هەورامیی زمانی کوردییە و هەروەها ئەوەش ڕوون دەکرێتەوە کە چۆن هەورامییەکان هەمان پاشماوەی هۆزی مۆگانی مادن.

---

[39] زمانی مادی لە شەش ڕووەوە لەگەڵ زمانەکانی تردا بەراورد کراوە، لە یەک ڕووەوە لەگەڵ ئەوێستا، لە دوو ڕووەوە لەگەڵ زمانی پارتی و ئەسکیتی دا، لە سێ ڕووەوە لەگەڵ سۆغدی و خوارەزمیدا، بەڵام لەگەڵ پارسی باستاندا (کۆندا) لە هەر شەش ڕووەوە جیاوازییان هەبووە . (مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ.٨٨- ٨٩).

# خەت و نووسین لە سەردەمی مادەکاندا

لە هێندێک لە پەڕتووکەکان و هەروەها سایتەکانی ئینتەرنێت کە نووسراوەیان لەسەر مێژوو و زمانی مادی بڵاو کردوەتەوە، یان بە ئەنقەســـت و یان لە ڕووی نەزانییەوە نکووڵی لە هەبوونی خەت و نووســـینی مادەکان دەکەن و یان دەیخەنە ژێر پرســـیارەوە کە گۆیا ئەم بابەتە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە. ئەمە ڕاست نییە، چۆن دەگونجا کاروباری پادشایەتییەکی گەورەی وەکوو ماد کە هەر لە ڕووباری هالیســـەوە (لە نزیکی "ئانکارا"ی ئەمڕۆ) هەتا کەنداوی فارسی بە دەستەوە بوو، بە بێ خەت و نامەنێگاری بەڕێوە بچێت؟ ئەمە چۆنە کە هەموو فەرمانڕەواییەکانی گەورە و بچووکی ئەو ســـەردەمە وەک ئاشـــوور، بابل، ئورارتوو، مێســـر، یونان و ئیلام هەر هەموویان نووســـینیان هەبووە بەڵام ئیمپراتووری گەورەی ماد نووسینی نەبووە؟ ئەگەریش بۆ خۆیان خەت و نووسینیان نەبوو، خۆ دەیانتوانی لە خەت و نووسەری ئەوانی دیکە بۆ تۆمارکردنی سەرکەوتنەکانیان کەڵک وەرگرن.

مادەکان خەت و نووســـینیان هەبووە بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک هێشـــتا نەدۆزراوەتەوە. یەکەم: لەبەر ئەوەی کە پایەتەختی مادەکان و کۆشک و سەراکانیان کە لە هەمەداندا بوو لە پاش خۆیان زیاتر لە هەزار ساڵ هەر وەک پایەتەخت مایەوە، لەوانە وەک پایەتەختی هاوینی زنجیرە پادشاکانی هەخامەنشی، ئەسکەندەر و جێگرەکانی، پادشایانی ئەشکانی و ساسانی. ئەمانە هەر هەموویان لەوێ نیشـــتەجێ بووون و فەرمانڕەواییان تێدا کردووە، جا ئەگەر نووسراوەیەکی مادەکانیش مابێتەوە هەر ئەوانە لەناویان بردووە. دووەم هێشـــتا هەرلێکۆڵین و گەڕانێکی بەرنامەدارێژراو بۆ دۆزینەوەی ئاسەواری مادەکان نەکراوە، بە تایبەت لە یەکێ لە شارە گرینگەکانی مادەکان واتا "ماد- ڕاغە (مەراغە)" هەر پشت گوێ خراوە و کەس ئاگای لێ نییە کە ئەمە یەکێ لە کۆنترین شارەکانی گیتی و ناوەندی سەرەکی زەردەشت بووە. لێرەدا چەند ئاماژەیەکی ڕوون کە نیشـــاندەری هەبوونی خەت و نووســـین لە ناو مادەکاندایە دەخرێتە پێش چاو:

- **لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی مادەکاندا لە ساڵی ٧٠٦ پ.ز.دا، دوو کەس لە دەســـت وپەیوەندەکانی ســـارگونی دووەم نامەیەکی بۆ دەنووســـن و هەواڵی ناوچەکانی مادی بۆ باس دەکەن ئەم نامەیە ئێســـتا هەر ماوەتەوە، بەشـــێک لەم نامەیە ئاوایە: ســـەبارەت بە سەرۆکەکان و گەورەکانیان من لەوچەپەرە (پەیک، نامەبەر)ە مادییە کە <u>نامەکەیانی</u> پێ بوو لێکۆڵینەوەم کرد، لێم پرسی کە سەرۆکەکانی ســـەرهەڵدان لە کوێن، ئەویش وتی ڕۆژی ســـێیەمی مانگی تشـــریت <u>نامەیەکیان</u> بۆ کوێســـتان نووسی و بۆ ئەوێ ڕۆیشـــتن. (مێژووی ماد**

**دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٦٦٨-٦٦٩ لە پەراوێزەکان لە بەندی ٣١٣). [ڕوونکردنەوەیەک: ئەم نامەبەرە مادییە لە لایەن کاربەدەستانی ئاشوورەوە دەستگیر کراوە و نامەکەیان لێ ستاندوە].**

- **هرودت لەسەر دیاکۆ ئاوای نووسیووە: دیاکۆ دژێکی قایمی بۆ خۆی چێ کرد، چەندین شۆرەی بە دەوراندەوری دژەکەیدا دروست کرد. فەرمانی دا کە خەڵکی ئاسایی لە ئەودیوی دژەکەوە بۆ خۆیان خانوو چێ بکەن و تێدا بژین. پاشان وای ڕێک خست کە کەس بۆی نەبوو بچێتە لای و ببینێ هەموو کاروبارەکان بە پەیکەکانی (چەپەر،پەیامبەر) جێبەجێ دەکرد. ئەو کەسانەی کە گرفتێک یان گازندەیەکیان هەبوو دەیانتوانی سکالاکەی خۆیان بە <u>نووسراوە</u> پێشکەش بکەن. (مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ، ل.پ.٦٩٩ لە ژێر بەندی ١٩٤).**
- **هەروەها بەپێی نووسراوەکانی هرودت بەر لە جەنگی کورەش لە دژی ئاستیاگ، هەرپاک (هارپاک) سەرکردەی سپای مادەکان زۆر لە ئاستیاگ ڕەنجاو و زوێر بوو هەر بۆیە <u>نامەیەکی</u> هنارد بۆ کورەش لە پارس و داوای لێ کرد کە ئەگەر لە دژی ئاستیاگ ڕاپەڕێت ، ئەو و سەرانی تری مادەکان پشتیوانی لێ دەکەن. (دیاکۆنۆف ل.پ.٥١٥).**

ئەمانە بەڵگەی بەهێزن کە ئەو بۆچوونە کە دەڵێ مادەکان خوێندن و نووسینیان نەزانێوە پوچەڵ دکاتەوە.

دیاکۆنۆف لە ل.پ ٤٥١دا لەسەر خەت و نووسین لە سەردەمی مادەکاندا دەنووسێ "کە بە دڵنیاییەوە مادەکان خەت و نووسینیان هەبووە کە لە خەتی مانناییەکان نزیک بووە، مانناییەکانیش شێوەیەک لە خەتی بزماریان هەبووە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بو خەتی بزماری ئورارتوویەکان. لە هەمان دەمدا جۆرێک لە خەتی هیروگلێفی لە ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی ورمێیدا برەوی هەبووە کە نزیکایەتی و لەیەکچوونی هەیە لەگەڵ هیروگلیفەکانی ئورارتوویی. بۆ نموونە لەسەر ئەو" قاوە سینییەی کە لە گەنجینەی زێویەدا"[40] دوزراوەتەوە.

[40] http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/mannai.htm



سینییەکی زێوین لە ئاسەوارەی ماننایی لە گەنجینەی زیویە

**دیاکۆنۆف دەڵێ: "خەت و نووسینی مادەکان هەمان خەت و نووسینە کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا باو بووە، ئەو خەتە کە ئەمڕۆ بە ناوی خەتی پارسیی باستان ناوی دەرکردوە سەرچاوەکەی مادییە. هۆکارەکانی ئەمانەن، یەکەم ئەم خەتە لە سەردەمی کورەشی دووەمدا و لە نێوەڕاستی سەدەی شەشەمی پ.ز دا برەوی هەبووە، ئەمە لەگەڵ هیچ پیرۆکەیکدا ناگونجی کە دەستەڵاتێکی بچووکی پارسی خەت و نووسینی هەبووبێ بەڵام ئیمپراتورییەکی گەورە و بەربڵاوی وەک ماد بێ خەت و نووسین بێت. بێجگە لەمە ئەم خەتە بزمارییەی "پارسیی باستان" لەگەڵ خەتی بزماری ئیلامی و بابلی جیاوازییەکی زۆری هەیە هەر چەند لەگەڵ خەتە پێشوەکانی ئاسیایی یەک سەرچاوەیان هەیە بەڵام ڕاستەوخۆ لەوێیەوە وەرنەگیراون بەڵکوو چەند بازنەیەکی تێ پەڕاندووە تا گەیشتووەتە ئەو ئاستە. ئەم بۆشاییە تا ئێستا ڕوون نەبووەتەوە، بەڵام گومان بۆ ئەوە دەچێ کە خەتی سەردەمی مانناییەکان و مادەکان ئەو بازنانە بن کە ئەم بۆشاییە پڕدەکەنەوە"[41].**

[41] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٤٥٢

## ژمارەیەک لە وشەکان و دەستەواژەکانی مادی

لێرەدا کۆمەڵێک وشــە و دەســتەواژەی مادی دەخرێتە پێش چاو، زۆربەی ئەمانە لە کتێبی مێژووی مادی دیاکۆنۆڤ لە وەرگێڕانی کەریم کەشــاوەرز، تاران ســاڵی ١٣٤٥، دەرهێنراون. هێنـدێک لە وشــەکان هەر وەکوو خۆی نووسراوەتەوە بە بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر درابێ، تەنیا بەو هیوایە کە کەسانی تر لە ئایندەدا بتوانن واتاکانی ڕۆشن بکەنەوە.

**ئەرتا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٤٨٤) کە واتای پاک، ڕاســت و دادپەرور دەدا. لە کوردیدا لە شێوەی ناوی ئەردەوان واتا پارێزەری ڕاستی و ئەردەشێر کە پێشتر "ئەرتاخشترا / ئەرتخشترا" بووە بە واتای شـای ڕاسـت/ شـای دادپەروەر، هەر ماوەتەوە. ئەبایف دەڵێ وشـەی وەکوو "ئەرتا" کە ئێســتا بووە بە ( ئەرد ) و" خشــاثرا " لە زمانی مادییەوە کەوتووەتە ســەر زاری سکیت (سکیث)ە کان.

**ســوریکاش( Surikaš):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٢٢٢) دیاکۆنۆڤ دەڵێ ناوی شــوێنێکە لە ناوچەی سەقزی ئێستادا(؟)

ئەم ناوچەیە هەر وەکوو لە بەرگی یەکەم ل.پ.١١٣دا ڕوونکراوەتەوە هەمان شـوێنە کە لە ســاڵی ٧١٦ پ.ز کاتێ کە ســارگون پادشــای ئاشــوور لە مەڵبەندی کیرورتیەوە ( لە نێوان سـلێمانی و ڕانیە) کە بەشـێک بوو لە ناوچەی زاموا دەچێ بۆ وڵاتیماننا (ناوچەی سـەقز و بانە)، ئۆلۆسونۆ پادشای ماننا لە سنووری ولاتی ماننادا، (واتا لە بانەی ئێستا ) لە ناوچەی ســوریکاش دەچێتە پێشــوازییەوە، ناوی شــوێنەکە لە نووسراوەکانی ئاشــووریدا وەک **"ســوریکاش"** تۆمارکراوە. "ســور" واتای هەمان ڕەنگی ســوور دەدا، "کاش"یش وشـەیەکی مادییە (شـێوەزاری گشـتیی مادی) کە لە کرمانجیدا هەر ماوەتەوە و واتای کێو دەدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٣٦٩ تاران، ل.پ. ٦٠١. بۆ نموونە کاشی مشــتەنوور لە کۆبانی بەناوبانگە). کاش لە شــێوەزاری ئەوێســتاییدا وهەروەها لە هەورامیدا وەک "کەش" گۆ دەکرێ و هەر واتای کێو دەدا وەک دەڵێن کەش و کێو(بڕوانە فەرهەنگی وشــەنامە، هۆرامی- کوردی نـاوەڕاســـت، بێـدار، هولێر ٢٠١٠، ل.پ.٧٧٦، هەروەها هەنبانە بۆرینە، هەژار ل. پ. ٦٥٨). ئەم کوێســتانە ئێســتا **"ســوورکێو"ی** پێ دەڵێن، گۆڕانی وشــەی مادی "ســوریکاش" بۆ "ســوورکێو" لەژێر کاریگەریی شــێوەزاری هۆزەکانی ئەشـکانیدا بووە. واتا کاش وشـەیەکی مادی و کێو وشـەیەکی ئەشـکانییە، (بڕوانە بەرگی سێیەم، زمانی کوردی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا، لە ژێر سەردێری هۆزی سورێن و کاریگەرییان لە کوردستاندا ل.پ. ٢٢-٢٣).

**مێسی:** (دیاکۆنۆڤ ل. پ.٢٢٢) بە شی سەرەوەی جغەتو ناوچەی نێوان بیجار و زەنجان و کێوی ئەڵوەند.

**داینا- داتا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٧٤٢ پەراوێزەکان بەندی ١٩)، دیاکۆنۆڤ دەبێژێ "داینا- داتا "وشەیەکی فارسیی باستانە بە واتای "مقنن ". بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ئەم وشەیە مادییە کە پەڕیوەتەوە نێو زمانی پارسییەوە، بەڵگەش ئەوەیە کە ئەم دەستەواژەیە ئێستاش لە کوردیدا هەر ئەو واتایە دەگەیێنێ. ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشە پێک هاتووە، وشەی یەکەمی "داینا" هەمان وشەی دانانی کوردییە لە دۆخی سێیەم کەسی تاکدا وەک:

١- دامنا، (من دامنا) ٢- داتنا، (تۆ داتنا) **٣- داینا، (ئەو داینا)**

وشەی دووەمیش " داتا" هەمان وشەی دات یان دادی کوردییە بە شێوازی ئێستا دەبێتە "داینا- داد" یان "دادی دانا". ئەمە نیشان دەدا کە چەندە زمانی مادی (کوردی) کاریگەری لەسەر پارسیی کۆن هەبووە.

ئەو مانایەش کە دیاکۆنۆڤ بۆ وشەکە وەک (مقنن) دایناوە، ورد و تەواو نییە، وا دیارە هەر بە مەزەندە مانای کردووەتەوە. "مقنن" بە شێوەی مادی دەبێتە "دانەر- داتا" بە کوردیی ئەمڕۆ دەبێتە "دانەری-داد/ داد-دانەر" (فارسی: قانون گذار) کە ناوی بکەرە (اسم فاعل). بەڵام ئەم دەستەواژەیە هەر وەک باسی کرا لە دوو وشە پێک هاتووە، وشەی یەکەم "داینا" کارە، سێیەم کەسی تاکە لە دۆخی ڕابوردوودا، و وشەی دووەمیش "داتا" ناوە کە پێکەوە واتای "داینا داد/ دادی دانا" دەگەیێنێ، (فارسی: قانون گذاشت/ داد گذاشت).

لێرەشدا دەبێ ئەوە بڵێن کە دیاکۆنۆڤ ل.پ ٧٤٣ پەراوێزەکان بەندی ٢٢، تووشی هەڵەیەکی تریش بووە کاتێ کە وشەی" داینا" بە داد وەرگێراندوتەوە و وشەی داتی بە "داینا" مانا کردووەتەوە، کە بەتەواوی پێچەوانەیە.

**ئویش دیش/ هۆیش دێش:** (دیاکۆنۆڤ ل. پ.٢٢٢)، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی گۆلی ورمێ (ارومیە) ناوەندی ئەم ناوچەیە شاری ماد- ڕاغە (مەراغە ئەمڕۆ) بووە، واتای "دێ خۆش یان وڵاتی خۆش دەدا"[42]، بەرانبەرەکەی لە شێوەزاری هەورامیدا دەبێتە وەش دێ.

[42] تاریخ ماقبل ماد، امیر حسین خنجی ل،پ ١٢٢

**ڕاغە:** ناوی یەکێ لە شــارەکانی ماد و ناوەندی مەڵبەندی هۆیش دێش بووە، بۆ ئەوەی ئەم ڕاغەیە لەگەڵ ڕاغەی لای تاران جیا بکرێتەوە بەم ڕاغەیان وتووە "ماد- ڕاغە" واتا ڕاغەی مادی. کە ئێستا شاری "مەراغە"یە لە ئازربایجاندا.

**ئوکســاتار:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٣)، بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ ئەمە شــێوەی ئەکەدی وشەی هۆخشاترا (هۆخشاثرا)یە، بە واتای "هو- شا" (پادشای باش) هاتووە.

**پێی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٤٣) واتای خاوەن و هەر وها خۆداوەند دەدا.

**کار/ کارا:** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٥٣٠، ٤٠٩)، لە چەندین شــوێندا ئەم وشــەیە هاتووە، لە نووسراوەکانی داریوش لە بێســتونیشــدا هاتووە. کە واتای خەڵکی جەنگاوەر کە ســەرباز نین ئەدا (هێزی بەرگری، هێزی عەشــایەری). کار لە کوردیدا بێجگە لە واتای کارکردن چەندین واتای تر دەگەیێ :

١- کار بە واتای جەنگ دێت بۆ نموونە لە وشــەی "کارزار"دا کە واتای مەیدانی جەنگ دەدات. کار واتای جەنگ ئەدا و "زار"یش واتای زەوین و جێگا ئەدا [ وەک زەوی و زار، گۆڵ- زار، چەمەن- زار، لالە- زار، مە- زار(مەردە- زار)، کشت- زار].

٢- لە کوردیی کرمانجیدا کار واتای خۆ ئامادەکردن (تدارک) ئەدات. وەک دەڵێن هەڕە کارێ خۆ بکا (بڕۆ خۆ ئامادە بکە).

**ســاتراپ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٩٠)، وشــەیەکی مادییە کە واتای ســەرۆک یان فەرمانداری ناوچەیەک دەدا. هەروەها دیاکۆنۆڤ لە ل.پ ٤٤٤دا دەڵێ کە گشت زمانە کەونارەکانی ئەو سەردەمە واتای ساتراپیان لە مادییەوە وەرگرتووە وەک ساتراپس لە یونانیدا، ئاهاشدارپانا لە زمانی ئارامیدا و ئیکسادراپا لە زوانی لیکییدا.

**چیتران تەخما:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٣٨)، لە نووسراوەبەردینەکانی بێســتونیشــدا ناوی ســەرۆکی هۆزی ئەســاگارتیای مادی "چیتران تەخما" نووسراوە، لە شــێوازی ئەکەدییەکەی هەمان نووسراوەدا لە دێرەکانی ٦١، ٦٢دا بە شــێوەی " شــیتیراتتاخما " بەرچاو دەکەوێ. دیاکۆنۆڤ ئەم وشـەیە وەک شی تیرە تخمە لێکداوەتەوە بە واتای شـکۆێ تیرە یان شـکۆێ باپیران. بەڵام ئەمە ڕاست نییە. " تەخما" وشەیەکی کۆنی مادییە (شێوەزاری گشتیی مادی) کە واتای پاڵەوان دەدات، لە شێوەزاری ئەوێستاییدا پیتی "خ"ێ دەگۆردرێت بۆ " ه" بۆیە وشــەکە وەک "تەهما" گۆ دەکرێ. بە ڕۆســتەم پاڵەوانی ئەفسـانەییان ئەوت " تەهمتەن/ تەخەمتەن" کە واتای تەن پاڵەوان دەدات. وشـەی "چیترا"ش لە لایەن ئەوێستاناسـانەوە

چەند مانایەکی بۆ دەستنیشان کراوە، لەوانە "ڕۆشنایی, چێهرە (دەمووچاو)، رەگەز و تیرە"[43]. چیترا بە واتای (دەمووچاو) ئێستاش لە کوردیی شێوەزاری باشووریدا هەر ماوەتەوە و وەک "چێتر (Çiter) گۆ دەکرێ"[44]. کە وابوو چیترا تەخما واتای "پاڵەوان چێهرە" (فارسی: پهلوان چهره) یان بە واتایەکی تر مانای "شێوەی پاڵەوان" دەدا.

خۆدی ناوی ڕۆستەم پاڵەوانی ئەفسانەیش لە ڕاستیدا **" ڕۆس- تەهم / ڕۆس- تەخم"**ە، ئێستاش لە هێندێ لە ناوچەکانی باکووری کوردستاندا هەر دەڵێن ڕۆستەهم، بە واتای ڕۆسی پاڵەوان. ناوی "تهمورس"یش (فارسی: تهمورث) کە ناوێکی باوی کوردییە لە ڕاستیدا ماناکەی **"تەهم- ڕۆس"**ە واتا پاڵەوان ڕۆس.

بەڵام لێرەدا دیاکۆنوف وشەی "تەخما"ی لەگەڵ وشەیەکی تری کوردی "تۆخم" تێکەڵ کردووە، کە هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشدا بە واتای توخم و نەژاد دێت بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن " ئەمانە تۆخمی باوکی خۆیانن" یان ئەوانە لە تۆخمی باش نەکەوتوونەتەوە. کە دیارە ئەم "تۆخم"ە لەگەڵ تەخما جیاوازی هەیە.

**خۆرداد:** خورداد لە وشەی ئارییایی "سورداتە"وە هاتووە، دواجار وەک هورداد و خورددادی لێ هاتووە کە هەم وشەی خۆر( شێوەزاری گشتی مادی) وهەم وشەی هۆر(شێوەزاری ئەوێستایی) لە کوردیدا ماوەتەوە.

**بەگ/ بەگا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٤٥٨)، واتای مەزن وهەروەها خۆدا دەدا، ئەمە هەمان وشەی "بەگ"ی کوردییە. ئەم وشەیە بە شێوازی" بەغ و بەغا"ش هاتووە کە لەوانەی دواجار لە ژێر، کاریگەریی پارسیی باستاندا وای لێ هاتبێ چونکە گۆڕانی پیتی "گ"ێ مادی (کوردی) بۆ "غ "ێ لە پارسیدا نموونەی زۆرە لەوانە، مێرگەزار دەبێتە مرغزار، مۆگ دەبێتە مۆغ، دروگ دبێتە دروغ.

**ئیزت / یزتا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٤٥٨)، واتای ئیزەد و یەزدان دەدا.

## تەخم ئەسپاد (تەهماسب):

ناوی فەرماندەیەکی مادی داریوش بوو کە چووبوو بۆ شەڕی چیتران تەخما. داریوش لە نووسراوەکانی خۆی لە بێستوندا باسی کردووە. تەخم ( لە شێوەزاری گشتی مادی) یان

---

[43] http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF-X.html

[44] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ زاییینی، ل.پ. ٢١١

تەهم (لە شـێوەزاری ئەوێســتایی) واتای پاڵەوان و ئەســپاد واتای" ســپا" دەدات، پێکەوە واتای "پاڵەوانی سپا" دەگەینێ. دەکرێ وەک ئەسپی بەهێزیش بخوێندرێتەوە.

**فەڕنە:** فەڕ، شکۆ، وشەی فەڕنە هەر وەکوو"براندشتاین"[45] دەڵێ وشەیەکی مادییە کە لە فارسی نوێدا بووتە "فەڕ" و لە ئوســیتینیدا بووتە "فەرن" و لە ســوگدیدا بووتە "پەرن" لە کوردیدا لە شـێوەی وشـەکانی بێ فەڕ، بەد فەڕ و خاوەند فەڕ ماوەتەوە. بۆ نموونە لە یەکێ لە سروده ئایینیەکانی یارسان کە هی سەی براکەی لە نێوان ساڵانی ١١٣٠- ١٢١٠ کوچیدا.

قەڵەم زەڕم دی قەڵەم زەڕم دی

شەو نە خەودا قەڵەم زەڕم دی

دانای پڕ کەماڵ دەشت و بەڕم دی

دەفتەردارەکەی **خاوەند فەڕم** دی

زوڵاڵ بیگەرد پڕ جەوهەرم دی

ئۆسای ڕاستی و **شکۆ و فەڕم** دی

دیاکۆنۆف دەڵێت کە ئەم وشەی مادییە و چووەتە نێو زمانەکانی تری ئێرانییەوە (دیاکۆنۆف ل.پ ٤٥٩-٤٦٠). ئاشـووریيەکان (کە جیناری مادەکان بوون) لە سـەدەی هەشـتەمی پێش زاییندا ئەو وشــەیان بە شــێوەی "پەرنو/ پەڕنە" وەرگرتووە. ئەم ڕووداوە لای ســکیتەکانی کەناری دەریای ڕەشدا بە شێوەی " فەڕنە" باو بووە، ( بڕوانە دیاکۆنۆف هەمان سەرچاوەی پێشوو).

**فەرِوەرتیش:** ناوی لە نووسراوەکانی بێســتوندا هاتووە کە لە دژی داریوش شــەڕی کرد و دواجار لە ڕاغا (مەراغە) کوژرا. ناوێکی مادییە لە شـێوازی مۆگی یان ئەوێسـتایی، لە دوو بڕگە پێک هاتووە بڕگەی یەکەمی "فەڕ" کە واتای شــکۆ دەدا بڕگەی دووەمی وەرتێش بە واتای بردوویەتی ( فەڕی بردووە) پێکەوە واتای خاوەن فەڕ یان خاوەن شکۆ دەدا.

**فەڕائۆرت:** ناوی یەکێ لە پادشایانی ماد و هەروەها ناوی باوکی دیاکۆ لە شێوەی فەڕائۆرتی لە لایەن دیاکۆنۆف لە ل.پ ٤٨٤دا، هاتووە. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەمی هەمان ووشەی "فەڕ"ە کە واتای شکۆ دەدا و بڕگەی دووەمی "ئۆرت" واتای ڕۆح و ڕەوان دەدا لە ئەوێســتادا. پێکەوە واتای "ڕەوانی بەفەڕ" یان "ڕۆحی شـکۆدار" دەدا. ئورت

[45] Brandenstein 1964, 118

له کوردیی شێوەزاری هەورامیدا بە شێوەی "یورت" ماوەتەوە هەر واتای ڕۆح و ڕەوان دەدا، بۆ نموونە: لە یەکێک لە سرودەکانی بابا خوشێن (لە نێوان ساڵانی ١٠١٥ -١٠٧٤ زایینی)[46]:

مامام جەلالێ کاکام ڕەنگینە[47]

دوون وە دوون ئامام چینە وە چینە

ها ئیسا یۆرت و نامم خۆشینە

هەر کەس بشناسوم پاکش مەوکینە

واتا دایکم ناوی (جەلالە) وکاکەم ناوی "ڕەنگین"ە لە گیانێکەوە بۆ گیانێکی دی دێم و دەچم، ئێستا بە ناوی خوشێن دەرکەوتووم (ڕەوان و تەنم وەک خوشێن دەرکەوتووە) ، هەر کەس بمناسی کینە لە دڵی پاک دەبێتەوە.

**ئەمەش هەڵبەستێکی شا ئیبراهیم ئەیووت لە نێوان ساڵانی ١٣٢٤ -١٤٠٧ زایینی[48].**

یۆرتی من عەنقا، یۆرتی من عەنقا

نە قالبی چین، نوور ئەز موحەییا

جەدد و عالەمی، ئەز نان بیا

جامەی ئەز بیا، مەشیانە و مەشیا

واتاکەی:

ڕەوانی من وەکوو سیمرغە

نوور و ڕۆشنایی منی تا چین بردووە

من باپیری خەڵکی هەمووگێتیم

ئادەم و حەوا پەیکەری من بوون

---

[46] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م. خزنەدار ل.پ ٢٣٩
[47] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٤٢
[48] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێیەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٧٣

**ئەمەش هەڵبەســتێکی عالی قلەندەر لە پیرانی یارســانی( ســاڵی ٨٣٨ کوچی لە ناوچەی دالاهۆی کرماشان لە دایک بووە).[49]**

**مەست و دێوانە مەست و دێوانە**

**عالینان عالی مەست و دێوانە**

**یۆرت وە یۆەرت یاوان یانە وەیانە**

**خوشحال ئەوگەلە عالی چۆپانە**

**واتا من کە ناوم عالییە مەســت و دێوانەم (خوشــحاڵم)، ڕەوانی من بە چەندین تەن و قالب داگەڕاوە تا گەیشتووەتە من، خوشحاڵ ئەوگەلەی کە من ئاگام لێیانە.**

**ئەمەش هەڵبەستێکی باوا قەیسەری هەورامییە[50]:**

گونای بێ شمار گونای بێشمار

قەیسەرنانێ گونای بێشمار

گەورەم سەرهەنگا **یۆرتشەن** هەزار

چەنی هەزارە بیام و شابار

واتاکەی: ناوم قەیســەر و گوناهی زۆرم هەن لە ژماردن نایەن، باوە ســەرهەنگ گەورەمە و ڕەوانی منیش لەگەڵ ئەودا دەچێتە دونیای نەمریەوە.

**هەرپاک (هارپاک):** (دیاکۆنۆف ل.پ.٥١٣)، وەزیر و گەورە سەرکردەی سپای ئاستیاگ بوو، کە دواجار پشــتی لە ئاســتیاگ کرد وچووە پاڵ کورەشی هەخامەنشــییەوە. ئەم ناوە هارپاک نییە بەڵکوو"هەرپاک"ە هەرپاک وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، کە "هەر" نێشـانەی جەخت کردنەوەیە (تاکید) کە لێرە واتای هەمیشــە دەدا و"پاك" واتای خاوێن و پاک دەدا. هەرپاک بەرانبەرە لەگەڵ وشەی " تاهێر" لە عەرەبیدا.

**خەشتریتا:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٣٤١)، لە کتێبە مێژوییەکاندا ئەم وشـەیە وەک ناوی پادشا و ڕابەری شــۆڕشی مادەکان هاتووە. بەڵام گومانی زیاتر بۆ ئەوە دەچێ کە نازناوە بێت، ئەم

---

[49] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی ل.پ ١١٢
[50] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی ل.پ ٨٢

نازناوە لە نووسراوەکانی داریوش لە بێستونیشدا هاتووە، واتای درەوشاوە، تیشکی خۆر، ڕخشان، و ڕخشندە دەدا.

**ئاستیاگ:** دوایین پادشای ماد

**ماندانا:** کچی ئاستیاگ

**ئامی تیدا (Amiitida):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٧٦٨)، ناوی کچی کەیخەسرەو (کیاکسار) کە مارەیان بڕی بۆ "نابوخودونوسور (Nabuxodonosor )" کوڕی نابوپالانسار پادشای بابل (دیاکۆنۆڤ ل.پ٣٧٠). هەروەها ناوی کچی ئاستیاگ دوایین پادشای مادیش بوو کە کورەش مێردەکەی کوشت و ئامی تیدای لە خۆی مارەکرد. بەپێی وتەی دیاکۆنۆڤ ئەم ناوە کە مادی بوو دواجار لە نێو بنەماڵەی هەخامەنشیشدا بوو بە باو.

**سپیتاک:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٥٢٠)، نەوەی ئاستیاک، کوڕی ئامی تیدا.

**مهابرن:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٥٢٠)، نەوەی ئاستیاک، کوڕی ئامی تیدا.

**پارمیس/ پارمی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٢٠)، ناوی زەڕکوڕی ئاستیاگە، برای ئامی تیدا بوو.

**سپیت ئاما:** زاوای ئاستیاگ و مێردی ئامی تیدا بوو کە کورەشی هەخامەنشی۔کوشتی. هێندێک لە مێژوونووسان پێیان وایە لە بنەماڵەی زەڕدەشت بووە. "ئاما"[51] واتای هێز ئەدات، ئاماوەنت یان هەماوەند واتای بەهێز و زۆرمەند دەدا. سپیت ئاما بە واتای هێزی سپییەتی و هێزی پاکییە.

**ویشتاسپ / هیشتاسپ:** ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا "وە- ئیشتا- ئەسپا"یە، " وە " لە شێوەزاری هەورامی و ئەوێستاییدا واتای باش دەدا، وەک دەڵێن وە لەو ئەسپە، یان دەڵێن وە وە لەم دارە، وە وە لەم کوڕە، لە سۆرانیدا دەبێژن "با" وشەی "ئیشتا" واتای "ترین" دەدا لە ئەوێستادا، لە هێندێک لە زمانە ئوروپیەکاندا وەک سویدی لە شێوەی" ئەستا" هەر ماوەتەوە بۆ نموونە:

Kort ( کورت) = کورت، کوڵ

---

[51] ama [-] = strength; Strength (t110); courage; Courage (k), Power of Attack (Kr), http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm#dcta

Kortast / kortasta (کورتاستا / کورتاست ) = کورتترین

"وه- ئیشتا- ئەسپا" یان ویشتاسپا / ویشتاسپ، مانای باشترین ئەسپ دەدا.

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ٤٦دا باسی ئەفسانەیەکی مادی لە بارەی ویشتاسپ (هیشتاسپ) و براکەی بە ناوی زریادەر(زریوەری) دەکا کە ئەتنە لە زمانی هارس میتیلنی گێراویتەوە.

**زریادەر/ زرێوەری:** برای ویشتاسپ بووە ( لەوانەیە ئەم ویشتاسپە پادشایەکی کۆنی ماد بووبێ بەر لە دروستبوونی ئیمپراتوری مادەکان، ویشتاسپ یارمەتی زەردەشتی داوە، و زەردەشت لە ئەوێستادا زۆر بە مەمنونیەوە ناوی لێ دەبا). ناوی زرێوەری لە ناوی دەریاچەی زرێوار لە نزیک شاری مەریوان هەر ماوەتەوە.

**ئوریمزان/ وارا مەزنا:** ناوی ناوچەیەکە. ئەم ناوە لە کتێبەکەی دیاکۆنۆڤدا لە لاپەڕەی٢٥٦دا بە شێوەی ئوریمزان نووسراوە، بەڵام لە لاپەڕەی ٦٥٥دا لە بەشی پەراوێزەکاندا لە بەندی ٢٣٦دا ناوەکەی بە شێوەی **"وارا مەزنا "**[52] هاتووە، کە ئەمە زۆر ڕاستترە، وشەیەکی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "وار/ وارا" کە لە کرمانجیدا واتای جێگا و شوێن دەدا، بڕگەی دووەم مەزنا واتای گەورەکان ئەدا، **پێکەوە واتای جێگا و شوێنی گەورەکان ئەدا،** وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا کە ئێستاش هەروا گۆ دەکرێت. لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا "وار" گۆڕدراوە و بووتە "هەوار". وشەی" ئاوارە"ش لە "وار" دروست بووە بەم شێوە "ئا + وار" نێشانەی "ئا" لە زمانی ئەوێستاییدا بۆ نەرێی کردنی یان دژبەرکردنی وشە بەکار هێنراوە وەک مرتە (مردو) ئامرتە (نمر،نەمردو). وارا / وار (جێگا، شوێن)، ئاوارا/ ئاورە (بێ جێگا، بێ شوێن).

**وارزان Varezuna:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٣٤)، کە بە زوانی پارسیی باستان وەک "واردان" گۆکراوە، واتای گوند یان شوێنی نیشتەجێبوون دەدا، لە کوردیدا ئەم وشەیە لە شێوەی ناوی ناوچەی "بارزان"دا ماوەتەوە.

**کۆما / کۆمە ( Koma):** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٢٢٤)، دیاکۆنۆڤ واتای گوندی "سەربەخۆ"ی بۆ ئەم وشەیە داناوە ، بەڵام ئەمە دروست نییە، "کۆم / کۆمە" لە کوردیی کرمانجیدا واتای کۆمەڵ دەدا، ( کە بە عەرەبی" تجمع یان اجتماع"ی پێ دەڵێن). وشەی کۆمەڵە کە بۆ رێکخراو بە کار دێت لە ڕاستیدا لە وشەی "کۆمە" لەگەڵ پاشگری "لە" کە نیشانەی بچووککردنەوەی لە کوردیدا پێک هاتووە کە واتای کۆمێکی بچووک دەدات.

[52] Varemazana (vare – mazana)

**ئاریامەن ( Aryaman):** ( دیاکۆنۆڤ ل. پ. ٢٣٤)، واتای کۆمەڵێک خەڵک یان کۆمەڵێک خەڵکی دیندار دەدا، ئەم وشەیە لە کوردیدا هەبووە بەڵام ئێستا بە کار ناهێنرێت، ئەودەســتەواژەگەلە کە باری ئاییی زەردەشــتیان پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی دینی زەردەشــتی باوێکی وای نەماوە، دەســتەواژەکانیشــی بەرەو کاڵبوونەوە و نەمان چووەن. بەڵام لە چاندی یارســانیدا کە پاشــماوە و لقێکە لە ئاییی زەردەشــتی هێندێک لەم دەســتەواژەگەلە بە دی دەکرێت. بۆ نموونە وشــەی ئاریامان لە هەڵبەســتێکی بابا ســەرهەنگی دەودانی ( لە نێوان ساڵانی ٩٣٥- ١٠٠٧ زایینی)[53].

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

ئەز کەناممەن سەرهەنگ دەودان

چەنی **ئێرمانان** مەگێلم نە هەردان

مکۆشم پەرێ ئایین کوردان

واتاکەی:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان

من کە ناومە سەرهەنگ دەودان

وەکوو کۆمەڵی دینداران دەگەڕێم لە شاخ و هەردان

تێ دەکۆشم بۆ ئایینی کوردان

**سپاک (Spaka):** ( دیاکۆنۆڤ ل .پ. ٨٥)، سپاک بە واتای سەگ هاتووە.

**تیگریس (Tigris):** ( دیاکۆنۆڤ ل .پ ٨٥)، تیگریس/ تیگریش، بە واتای تیژی "نووکی تیر" و تیر دێت.

**ئەســـا دارو (Asa- daru):** (دیاکۆنۆڤ ل. پ٨٧)، وشــەیەکی مادییە کە واتای کەرەستەی کشتوکاڵی ئەدا.( دیاکۆنۆڤ هیچ واتایەکی بۆئەم وشەیە داناناوە، بەڵام لەوانەیە مەبەست لە ئاسنی درەوکردن، واتا داس بێ).

---

[53] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێهەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٣٥

**وەزرکا (Vazarka):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٨٧)، بە واتای گەورە یان مەزن هاتووە، لە فارسیدا بووە بە بوزرگ.

**زۆرا (Zvera):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٨٧)، زۆرا، بە واتای زۆر وستەم هاتووە. هەمان وشەی زۆری کوردییە، کە واتای هێز، زۆر و ستەم و هەروەها فراوان دەدات.

**زان (Zan):** ( دیاکۆنۆڤ ل. پ.٨٧)، ئەم وشەیە ڕەگی وشەی زانینە بە واتای هەمان وشەی زان و زانینی کوردی هاتووە.

**زێڕێنیا (Zaranya):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٨٧)، بە واتای زێڕ وزێڕین هاتووە.

**ئەسپا (Aspa ):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٨٧)، واتای ئەسپ دەدا.

**میترا (Mithra):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٨٧)، وشەیەکی کۆنی ئێرانییە، لە ئایینی میتراییدا خۆدای خۆر بوو دوای سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی وەک خۆدا نەما و بوو بە فریشتەی پاکی و بێگەردی، پەرستشگای ئاناهیتا لە کەنگاوەر لای کرماشان شوێنی تایبەتی میترا بوو. وشەی میترا دواجار هێندێ گۆڕانی بە سەردا هات و ئێستا وەک "مێهر" گۆ دەکرێ. وشەی مێهرەبان لە کوردیدا لە ڕاستیدا وشەیەکی ئایینییە و لە "میتراوان" وەرگیراوە.

**خشاسریتا (Xshathrita):** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٨٧ )، بە واتای بەهێز و پادشا.

**بەریزمەن (Braizman):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٩٠ )، بە واتای پیرۆز هاتووە.

**کەسکا/ کەسک (kasaka)**: (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٩٠)، بە مانای بەردی لاجورد هاتووە کە بەردێکی شینە، لە کرمانجیدا ئەم وشەیە ماوەتەوە بە ڕەنگی سەوز دەڵێن کەسک.

**دەنگهۆ(Denghu):** ( دیاکۆنۆڤ ل. پ. ٢٣٨)، بە واتای گوند، یان دێ هاتووە، ئەم وشەیە ئێستا لە شێوەزاری هەورامیدا وەک "دەگا" گۆ دەکرێ.

**بەرزمەنیە (Brazmaniya):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٤٩٠)، ئەم وشەیە نازناوێکە بۆ ئاهورامەزدا. وشەکە لە دوو بڕگە پێک هاتووە "بەرز- مەنیە"، بڕگەی یەکەم " بەرز" کە وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە بە هەمان واتای بەرز و بڵیند هاتووە، بڕگەی دووەم "مەنیە" کە لە وشەی "مەن"وە دێت. "مەن "لە کوردیدا واتای ئەندیشە و عەقڵ ئەدات. ( بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ساڵی ٢٠٠٥ زایینی، ل.پ. ٦٤٢). کە وابوو ئەم وشەیە "بەرزمەنە" واتای بەرز ئەندیشە (تفکر عالی) ئەدات.

**ئەسپچن (Aspčana):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٤٧٢)، لە کەسانی نزیک لە داریوشی یەکەم بوو. دیاکۆنۆڤ دەڵێ کە واتای کەسێک دەدا کە حەزی لە ئەسپە. بەڵام ئەم واتایە ڕاست نییە، ئەسپچن لە دو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم هەمان "ئەسپ"ە و بڕگەی دووەم "چن" لە چاوگی "چنین"، و لە هەمان کاتدا پاشگرێکە کە دەکەوێتە پاش ناوەکان و واتای ناوی بکەری پێ دەبەخشێ وەک گولچن، مازیچن، لێرەدا بە واتا ئەو کەسە دێ کە ئەسپ کۆ دەکاتەوە، ئەسپ ئەگرێتەوە، ئەسپ ئەچنێتەوە. وشەیەکی پەتی کوردییە.

**دیاکۆنۆڤ ناوی ئەم هۆزانەی خوارەوەی وەک هۆزەکانی پێکهاتەی یەکیەتیی ماد لە کتێبەکەی خۆیدا هێناوە:**

**ماسپیان، بۆسیان، پارتاکنیان، ئەستروخاتیان، ئاری زنتیان، بۆدیان، مۆگان یان مۆغان (دیاکۆنۆڤ ل.پ ١٨٧).**

**ئەستروخاتیان:** بە بڕوای دیاکۆنۆڤ ئەم ناوە پەیوەندی بە وشەی"سترا- ئوختا"یە، کە واتای پشت ئەستوربوون بە قسەی خۆ دەگەیێنێ. ( دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٦٢١)، ئوختا لە ئەوێستادا بەرانبەرە بە وشەی" ئاخاوتن" (قسەکردن) لە کوردیی کرمانجیدا[54] و "سترا" واتای ئەستوربوون و قایم بوون دەدا.

**ئەساگارتیا:** ناوی یەکێ لە هۆزەکانی مادە کە لە نووسراوەکانی بێستوندا ناوی هاتووە، هەروەها هرودتیش ناویانی هێناوە، لێکۆڵەرانی ڕۆژئاواێی وەک بەردتاش (فارسی: سنگتراش) وەریانگێڕاوەتەوە، (دەێبەنەوە بۆ سەر وشەیەکی یونانی کە لە ئەساگارتیا نزیکە و واتای بەردتاش ئەدا)، بەڵام ئەم بۆچوونە لە ڕاست ناچێ. چونکە ئەسا لە کوردی و لە ئەوێستاییشدا واتای بەرد ئەدات، وشەی "تاش / تاشان" هەم لە ئەوێستا و هەم لە کوردیدا وەک یەکن، کە وابوو "گارتیا" ناتوانی واتای "تاش/ تاشین" بدات. وشەی ئاس یان ئاسا لە کوردیدا واتای بەرد ئەگەیێنێ وەک ئاسیاو( ئاش) کە لە هەورامیدا "ئاساو"[55]ی پێ دەڵێن، کە واتای بەردی ئاوی دەدا، یان ئەو بەردەی کە چەقۆ و داسی پێ تیژ ئەکەن و بە "ئەسان" یان هەسان ناو دەبرێت. بڕگەی دووەمی وشەکە "گارتیا" لەوانەیە هەمان وشەی "گرتە" یان "گردە" بێ لە سۆرانی و" گر" لە کرمانجی کە واتای تەپە یان کێوێ نزم دەدا، پێکەوە دەتوانێ واتای تەپە بەردی (فارسی: تپە سنگی) بدا. دەگونجی هۆزی **"گەردی"** لای هەولێر پاشماوەی ئەم هۆزە بن.

---

[54] uxdhâ [uxdha]: 10 (I, plNA) n. word, spoken

[55] بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، بێدار هەولێر ٢٠١٠، ل.پ.٣٢

**ئارسیانشی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٢٢).

**ڕادیای شـــادی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٧٠١ پەراوێزەکان بەندی ٢٠٣)، بەرپرس و ســەرۆکی دژی مانناپی "ئەرشـتد" بوو کە بە دەسـتی ئاشـوورییەکان کوژرا. وشـەیەکی پەتی کوردییە، وەک ناو ئێسـتاش لە کوردیدا هەر ماوەتەوە. وشـەی یەکەم ڕادیا لە وشـەی "ڕاد"وە دێت کە ڕاد یان ڕات هەم لە کوردیدا هەم لە ئەوێســتاپی و هەمیش لە ســانســکریتیدا واتای ڕاســتکار، دروســتکار، و جوانمێر دەدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، تاران ١٣٦٩. ل.پ.٣٣٩). پیتی "ی" نیشــانەی پەیوەســتە ( نســبت)، وشــەی دووەمیش هەمان وشــەی شــادی کوردییە. پێکەوە دەبێتە "ڕادیا- ی شــادی" واتا "رادیا" کوڕی "شادی".

**ئارتمبار:** (ل. پ. ٧٢٦ پەراویزەکان بەندی ٢٧)، ناوی یەکێ لە گەورەکانی ماد بووە.

**پارادائێزا:** (ل. پ. ٧٢٦ پەراویزەکان بەندی ٢٨)، واتای بەهشـــت دەدا. بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆڤ ئەم وشەیە لە پارسیی باستاندا وەک پارادائێدا گۆکراوە. ئەم وشەیە دواجار وەک " پەردیز" یان "پەردیس"ی لێ هاتووە، ئێستا لە ژێر کاریگەریی عەرەبیدا بووە بە فێردەوس.

**ئەرشـته یانا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٢٢)، وشـەیەکی ئەوێسـتاییە (هەورامییە)، لە دوو بڕگە پێک هاتووە بڕگەی یەکەم ئەرشتە لەگەڵ وشەکانی ئارەش، ئەرشە، ئارتە، ئەرتە، هەموویان یەک واتایان هەیە ئەویش ڕاســت، پاک و دادپەروەرە. ئێســتا لە شـێوەی ناوگەلێکی وەک ئارەش (عادل، پاک)، ئەردەوان واتا پارێزوانی ڕاسـتی، ئەردەشـێر کە لە ڕاسـتیدا ئەرتخشـێر بووە بە واتای شــای ڕاســتان هەر ماوەتەوە. لە شـێوەزاری زازاکیدا لە شـێوەی وشــەی "ڕاشـــت" کە مانای ڕاســـت دەدات بە دی دەکرێ. بڕگەی دووەم "یانا" وشـــەیەکی پەتی هەورامییە واتای خانو یان ماڵ دەدا. **ئەرشته یانا واتای ماڵی ڕاستان، ماڵی پاکان** دەدا.

**کێشـه سـۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٣٣٢ )، ئەم ناوە "کەش سۆ"یە،" کەش" کە هەمان کێوە لە کوردیدا و سۆ واتای ڕۆشنایی و ڕووناکی دەدا لە کوردیدا، پێکەوە واتای کێوی سۆمایی یان کێوی ڕووناکی دەدا، (فارسی: کوه نور). ناوچەیەکی ناوندیی دیاکۆ بووە پێش ئەوەی پایەختەکەی بگوێزێتەوە بۆ هەمەدان. لە سرودەکانی یارســانیدا ناوی ئەم شـــوێنە وەک **"تەپە سۆ"** هاتووە، وا دیارە کە شوێنێکی مێژوویی بووە، چونکە لە سەردەمی "سان سەهاکی بەرزنجی"دا دەروێشەکانی چوون بۆ ئەوێ و گەنجینەیان تێدا دەرهێناوە، لە چەند سرودێکی یارســانیدا ناوی تەپە ســۆ هاتووە، بۆ نموونە کاتێ یەکێک لە کوڕەکانی ســان ســەهاک لە

فەرمانی باوکی یاخیبووە و چووە بۆ " تەپە سۆ" سان سەهاکیش بە داود ناوێک دەڵێ کە بچێت بەدوایدا و بیهێنێتەوە:[56]

داود **تەپەسۆ** داود **تەپەسۆ**

داودی رەهبەر پەرێ **تەپەسۆ**

پیر ڕۆستەمی بار بەیۆوو رەجۆ

بزانم ساوام چە شەرعێ ماچۆ

**ئارمانگۆ:** ناوی ناوچەیەک بووە لە نزیکی شاری زەنجانی ئێستا.

**تیلا شوری:** ناوی ناوچەیەکە (دیاکۆنۆڤ ل.پ.۳۳۱)، تیلا لە کوردیدا واتای داری ئەستوری براوە دەدا، هەروەها بە داری دەست کە وەک گورز بەکار دەبرێت دەگۆترێت. شورپیش واتای درێژ دەدا.

**کارکاشی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.۳۳۱)، منزلگاه کاشیان یا بابلیان؟

دیاکۆنۆڤ ئەم وشەیە بە منزلگای کاشیان یا بابلیان دەزانیت، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. ئەمە ناوی ئەو شوێنەیە کە خشتەریتە لێ دامەزرا بوو و بێ گومان وەک بارەگایەکی جەنگی بووە لە دژی داگیرکەرانی ئاشووری، ناوی ئەم شوێنە دەکرێ وەک کێوی جەنگی یان بارەگای جەنگی مانا بکرێتەوە. کار لە کوردیدا بێجگە لە خۆدی وشەی کار و کارکردن چەند واتای دیکەشی هەیە لەوانە کار بە واتای خۆ ئامادە کردن (تدارک) لە شێوەزاری کرمانجیدا. کار بە واتای جەنگ (بۆ نموونە کارزار واتای مەیدانی جەنگ دەدات). کار یان کارا لە نووسراوەبەردینەکانی بێستوندا بە واتای "خەڵکی چەکدار یان هێزی عەشایەری کە پیشەیان سەربازی نەبووە هاتووە، (بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ.۲٤۲). بڕگەی دوهەمی ئەم وشەیە کاشی لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "کاش- ی"، بڕگەی یەکەم کاش هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا وشەیەکی مادییە کە ئێستاش لە کرمانجیدا بە کار دێت و واتای "کەش / کێو" دەدا (بڕوانە بۆ وشەی سوریکاش). بڕگەی دووەم "ی" نیشانەی پەیوەستە لە کوردیدا.

[56] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ۲۰۰٦ زایینی ل.پ ۱٥۹

**نیشـا / نیشـایا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٥٥ بەندی ٢٣٦)، ناوی شـار یان ناوچەیەک بووە. لەوانەیە شـاری "ماد- نیشـان"ی ئێسـتا بێت، کە لە فارسـیدا ماهنشـانی پێ دەڵێن لە نێوان تیکانتەپە و زەنجان دایە. شوێنی سەرەکی هۆزەکانی ماد بووە.

**ئاراشـتوا:** ناوی ناوچەیەک بووە لە نزیک روباری دیالە (خانەقین ؟)ئەم ناوە ئەوێستاییە پەیوەندی هەیە لەگەڵ وشـەیە "ئاراش" بە واتای ڕاسـتی و دادپەروەری. هەروەها وشـەی "ئاراشـتات" لە ئایینی زەردەشـتیدا ئێزەدی (فریشـتەی) دادپەروەریە[57]. لە بەڵگەنامەکانی هەورامانیشـدا ئەم ناوە وەک **ئەرشـتەت هاتووە،** ناوێکێ ئایینی مادییە لە شـێوەزاری ئەوێستایی (هەورامی). ناوی حەڤدەیەمین ڕۆژە لە مانگی زەردەشتیدا.

**بارناکا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٣٣١)، ناوی ناوچەیەکە لای کارکاشی.

**کەی میرا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٦)، ناوی دژێک (قەڵایەک) بووە لە ناوچەی هامبان (ناوچەکانی کرند، سـەر پێڵ، ئیلام و خانەقین)، ئەم ناوە وشـەیەکی کوردییە،"کەی" واتای گەورە ئەدا وەک کەیبانو، کەیخۆدا، کەیخەسرەو، کەیکاووس. بڕگەی دووەم "میرا" واتای میرەکان دەدا لە کرمانجیدا، پێکەوە بە واتای گەورەی میران یان میری میران دێت.

**ئەرزنیاش:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٢٤٨)، ناوی ناوچەیەک بووە لای کێشە سۆ.

**ئارازیاش:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٤٨)، ناوی ناوچەیەک بووە لە نزیکی هەمەدان.

**ئاپسـا خۆتی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەم دەسـتەواژەیە لە دوو وشـە پێک هاتووە، یەکەم ئاپسا کە لە دوو بڕگە پێک دێت ( ئاپ- سا). "ئاپ[58] و ئاویٚ[59]" لە ئەوێستادا واتای ئاو ئەدەن، "سـا"ش واتای بەرد ئەدات، کە وابوو ئاپسـا واتای بەردی ئاوی، ئاسـیاو (ئاش) دەدات. وشـەی دووەم خۆتیٚ وشـەیەکی پەتی مادییە کە ئەمڕۆ لە کرمانجیدا وەک "خۆدیٚ" گۆ دەکریٚ کە واتای خـاوەند/ خـاوەن ئەدات. ئەم وشـەیە لە یەکێ لە قەباڵە کۆنەکانی هەورامانیشدا لە سەدەی یەکەمی پ.ز لە شێوەی "بۆمخۆتیٚ/ بوومخۆتیٚ" هاتووە ( بڕوانە بەرگی سێیەم بەشی هەفتەم). وشـەی "بۆم/ بووم" لە کوردیدا واتای زەوین دەدا بۆ نموونە

[57] arshtât [-] = justice; Ashtad Yazad, Yazad preping over justice (HZI) . Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

[58] ap [-]= water, K.E. Kanga http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm#dcta

[59] aiwyô [ap] = 27 (plD) water, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

بوومەلەرزە کە واتای زەمین لەرزە ئەدا، یان دەستەواژەکانی بەروبووم یان مەرزوبووم (مەرز و سەرزەمین). بووم- خۆتێ واتای خاوەند زەوین ئەدا. ئاپسا- خۆتی واتای "خاوەند- ئاپسا" (خاوەند ئاسیاو/ خاوەند ئاش) دەدا.

**پارنواتی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەمە وشەیەکی مادییە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە "پارنو- اتی" پارنا یا پارنە هەمان وشەی فارنا یا فەرنەی کە ئەمڕۆ لە کوردیدا بووە بە فەڕ. بڕگەی دووەم/ پاشگری " اتی"یە. ئەم پاشگرە لە زمانەکانی سانسکریتی و ئەوێستاییدا هەبووە. لە کوردیشدا هەرماوەتەو لە شێوەی "یەتی" و"ایەتی" و"ھ تی" کە بۆ دروستکردنی ناوی چاوگ بە کار دێ وەک کورد (کوردایەتی)، برسی (برسییەتی)، ئازا (ئازایەتی)، ئاشتی (ئاشتیەتی)، سپی (سپییەتی)، ڕەش (ڕەشایەتی)، پیاو (پیاوەتی) و... کە وابوو پارنواتی بەرانبەرە لەگەڵ وشەی کوردی فەڕ- یەتی (فەڕیەتی) واتا شکۆداریەتی.

**دێرێستانو:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٥)، ئەم وشەیە یان نووسەرە ئاشوورییەکەی خراپی نووسیووە و یان خراپ خوێندراوەتەوە. ئەمە هەمان وشەی"دارێستانۆ"یە. کە واتای دارستان دەدا لەگەڵ پاشگری " ۆ" کە نیشانەیە بۆ بچووککردنەوە، پێکەوە واتای دارستانی بچووک دەدا. [دەبێ ئەوش لە بیر نەکەین کە لە کوردیدا هێندێ جاران دەنگی ( ا ) دەگۆردرێت بۆ( ێ ) بۆ نموونە، پا (پێ)، شام (شێو)، ناو (نێو)، لە هێندێ شێوەزاری کرمانجیدا، نان (نێن)، زمان (زمێن). بۆیە دەکرێ ئەم وشەیە کە "دارستان- ۆ" بووە، وەک "دێرێستانۆ"ش گۆ کرابووبێت].

**لە ساڵی ٧١٩ پ. ز شۆڕشێکی مەزن و ڕێکخراو لە دژی داگیرکەری ئاشوورییەکان لە ناوچەی خارخار دەستی پێ کرد. سارگۆنی دووەم ناوی ئەو ناوچەگەلە کە لە دژی ئاشوور ڕاپەڕی بوون تۆمارکردوە، لەوانە ناوچەکانی ئوریاگا، پاریا، سیگریس و سپاردا. ئەم ناوچەگەلە کەوتووبوونە نێوان شارەکانی میانە، میاندوئاو، تیکانتەپە، بیجار و زەنجان.**

**ئۆریاگی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٦ )، ناوچە یان گوندێک بووە لە خارخار کە شۆڕشی مادەکان لە دژی ئاشوورییەکان لێروە دەستی پێ کرد. کە ئێستا ناوچەی تەختی سلێمانی پێ دەڵێن لە نزیک شاری تیکانتەپە (فارسی: تکاب). ئۆریاگی وشەیەکی پەتی ئەوێستاییە، "ئور/ هور/ وەر" لە ئەوێستاییدا و لە هەورامیدا واتای خۆر ئەدا کە لە سانسکریتیدا دەبێتە سور. ئاهورا لە ئەوێستاییدا و ئاسورا لە سانسکریتیدا بە واتای خۆدا یان خۆدای خۆرهاتووە. یاگا

هەم لە هەورامیدا و هەم لە ئەوێستاییدا واتای جێگا (جاگا) ئەدا. لە ئەوێستاییدا هێندێ جاران دەنگی پیتی "ج" دەگۆردرێت بۆ "ی" وەک جەمە (جمشید) کە دەبێتە "یەمە"، جوان کە دەبێتە یوان یان جۆ کە دەبێتە "یۆ/ یەوە" لە هەورامیشدا هەر وایە. "ئور- یاگا " بەرانبەرە لەگەڵ وشەی "هۆر- یاگا/ وەر- یاگا" لە هەورامیدا کە واتای شوێن و جێگای ئاهورا دەگەیینێ ( بە واتای ئەمڕۆکە ماڵی خۆدا)، ئەم ناوچەیە نزیکی هۆرمزگای (ئاتشگا)ی ئازەرگۆشسپە.

**پیتانو:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٣٣١)، ناوی شارێکە ئەمە وشەیەکی کوردییە، چاوگەکەی وشەی "پیتاندن"ە لە کوردیدا، کە واتای پیت و بەرکەت دەدا. پیت لە ئەوێستایشدا هەر واتای بەرەکەت دەدا (بڕوانە ئەوێستا دیکشنەری کانگا، وشەی "فرە- پیتو" واتای بەرەکەتی زۆر ئەدات)[60].

**زاموا:** بە ناوچە شاخاویەکانی کوردستان وتراوە بە تایبەتی لای سلێمانی وبەشێک لە هەورامان هەتا نزیک مەریوان، لە وشەی "زۆم" و "زما"وە گێراوە کە وشەیەکی پەتی کوردییە واتای شوێنی سارد، چیا، زۆزان و هەوارگە ئەدات. وشەی زاموا شێوەی ئەکەدی وشەی"زۆم" و"زما "یە. وشەی "زۆم" لە کوردیدا واتای کۆمەڵێک ڕەشماڵ یان کۆمەڵێک چادر لە کوێستاندا ئەدا ( بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ.٣٨٥)، "زما"یش وشەیێکی کوردییە واتای ساردی و سەرما ئەدات (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ. ٣٨٠). "زما" هاوڕیشەی لەگەڵ زۆم و زامواو هەروەها وشەکانی زمێستان و زۆزان (کە بە کرمانجی واتای شوێنی سارد و کوێستانی ئەدا) هەر لەم وشەوە هاتوون. (بڕوانە بۆ بەرگی یەکەم بەشی هەڵەکانی دیاکۆنۆف).

**پارسوا:** ئەم ناوە شێوەی ئەکەدی وشەی "پەراسو"ە، کە هەر ئێستاش لە کۆردیدا بە کار دێت، واتای تەنیشت، نزیک و پاڵ ئەدا. بە ناوچەکانی سنە، هەورامان، کامێران و مەریوان هەتا نزیک کرماشان گوتراوە.

**پارت:** ئەمە وشە لە ڕاستیدا وشەی "پەرت"ە کە هەم لە ئەوێستاییدا هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشدا واتای دوور و پەراوێز دەدا.

هێندێک ناو کە دیاکۆنۆف لە کتێبەکەی خۆیدا هێناویەتی:

---

[60] frapithwô [frapitu] = 8 (L) m. in abundance (k344), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

**ئاهورا:** خۆدا، ئەم وشەیە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی ئاسورا لە سانسکریتیدا. سور یان هور هەمان وشەی "خۆر"ە لە شێوەزاری سۆرانیدا یان "وەر/هۆر" لە شێوازی هەورامیدا. "ئا" لە پێش هورا نیشـانەی جەختکردنەوەیە (تاکید)، وەک لە کوردیدا دەڵێن ئا- وەرە، ئا- برۆ، ئا- ئەوکورە، ئا- ئەو ماڵە، ئا ئەو خۆدایە. سـور یان هور(خۆر) پێش ئایینی زەردەشـتی لە لایەن هۆزە ئارییەکانەوە پەرستش کراوە.

**مەزدا:** لە ئەوێستادا چەندین جار ئەم وشەیە هاتووە، لەوانە وەک خرەدمەند (ژیرمەند)، هەروەها بە واتای مەزن و پیرۆز هاتووە.

**ئەسپابارا:** (دیاکۆنۆف ل.پ. ٢٧٩)، ناوی سەرۆکی ناوچە ئەلیپی (ناوچەی کرماشان) بوو لە سـەردەمی ئاشـوورییەکاندا. ئەسـپابارا وشـەیەکی مادییە، واتای سـوارە دەدا. بەم شـێوەیە گۆڕان بە سەریدا هاتووە، ئەسپابارا- ئەسپەبارە- ئەسپەوارە- ئەسوارە- سوارە.

**مامی تیارشـۆ/ مامی- تی- ئارشـۆ:** (دیاکۆنۆف ل.پ ٣٣١)، ڕابەرێکی گەورەی مادەکان بوو کە لەگەڵ خەشتریتە لە دژی ئاشوور ڕاپەڕی. ئەم ناوە لە سێ برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەمی هەمان "مام"ی کوردییە کە واتای برای باوک دەدا، برگەی دووەمی "تی" ناوێکی باو بووە لە سـەردەمی مادەکاندا، بەفراوانی دەبیندرێت. ناوی سـاتراپی کاریا لە سـەردەمی هەخامەنشـیدا " تی- سـافران" بوو (دیاکۆنۆف ل.پ. ٧٣٢، بەندی ٦١)، برگەی سـێیەمی ئەم ناوەش" ئارش- ۆ"، ئارش/ ئارەش ناوێکی پەتی کوردییە کە هەر وەک باس کرا واتای ڕاسـت و پاک دەدا. پاشـگری "ۆ" کە لە پاش ئەم ناو هاتووە نیشـانەی خۆشـەویسـتییە، پیتی" ۆ" لە پاش ناوەکان لە کوردیدا و بە تایبەت لە کرمانجیدا ئێسـتاش هەر ماوەتەوە و زۆر باوە وەک مام (مامۆ)، خاڵ (خاڵۆ)، جوان (جوانۆ)، شـەمسـەدین (شـەمۆ)، موحەمەد (مەمۆ)، مەحمود (مەحۆ)، ئەرشـەد( ئەشـۆ). جهانگیر (جانۆ)، فەرزەندە (فەرزۆ)، ڕەشـید (ڕەشـۆ)، شـاکر (شـاکرۆ)، سـەلیم (سـەلۆ/ سـەلیمۆ)، ئەبوبەکەر (بەکۆ). ئەم ناوە ئەگەر بمانەوێ بە شـێوەی ئێسـتای کوردی بخوێندرێتەوە ئاوای لێ دێ " مامە تی ئارەش- ۆ" کە مام/ مامە (برای باوەک) نازناوە بۆ خۆوشەویستی وگەورەیی، "تی" ناوی کەسییە، کە ناوێکی ئاسایی بووە لە سەردەمی مادەکاندا، و ئارش/ ئارەش ناوێکی کۆنی کوردییە، کە لەوانەیە ناوی باوکی بێ، و پیتی"ۆ" پاشـگەرێکی باوە لە کوردیدا کە لە پاش ناوەکان دێت بۆ نیشـاندانی خۆشەویستی.

**ماتا- تی/ مەتا- تی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦١)، سـەرۆکی هۆزی ئەسـاگەرتی/ زیگرتو بوو. ناوەکەی لە دوو برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەم "مەتا" یان "ماتا" کە ناوێکی مادییە لە نووسراوەبەردینەکانی بیستوونیشدا ناوی ماتا هاتووە، لە شێوەی ناوی "گئو- ماتا". برگەی

دووەم " تی" هەر وەک پێشتریش باسی کرا ناوێکی مادییە، لەوانەیە ماتا ناوی خۆی بێت و" تی" ناوی باوکی بێت.

**تی تی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٤١)، کوڕی "داتیس"ی مادییە، یەکێ لە سەرکردەکانی سوارەی خشایارشا.

**گرما میترا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٤١)، کوڕی "داتیس"ی مادی و برای "تی تی"یە ئەویش یەکێکی تر لە سەرکردەکانی سوارەی خشایارشا بوو.

**"کیرتی- ئارا"[61]:** ناوێکی کەسییە، لەدوو بڕگە پێک هاتووە. بڕگەی یەکەمی کێرتی وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا لە "کێرهاتن"وە دێت بە واتای سودمەندبوون کە لێرە واتای سودمەند (مفید) دەدا، بڕگەی دووەم "ئارا" پاشگرێکی باو بووە لە پاش ناوەکانی کۆنی ئێرانیدا، زۆر واتا دەگەیێ لەوانە واتاکانی "پەیوست، وێنە، وەک" بو نموونە دڵ ئارا، گۆڵ ئارا، جێهان ئارا، رزم ئارا، بەزم ئارا.

**دۆسانێ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٣٣١)، ڕابەری ناوچەی ساپاردا (گەڕوس/ بیجار) و یەکێ لە سەرکردەکانی شۆڕشی مادەکان. ئەم ناوە وشەیەکی پەتی کوردییە، لە شێوەزارەکانی باشووری و لەکی و هەورامیدا، دۆس، دۆسی، دۆسانی واتای دۆست و دۆستایەتی ئەدا[62].

**پیرشاتی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢١١)، سەرۆکی هۆزی گیزلبوندا ئەم ناوە لە ڕاستیدا "پیرشادی"یە. کە وشەی"پیر" کورتکراوەی وشەی پیرۆزە بە واتای (مقدس) بە ڕابەرانی ئایینی گۆتراوە لە ئایینەکانی کۆنی ئێرانیدا، ئێستاش لە کوردستاندا لە ئایینی ئێزدیدا (کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئایینی میترایی) و لە ئایینی یارساندا (کە بە ڕەچەلەک سەر بە ئایینی زەردەشتییە) ڕابەرانی دینییان بە پیر بەناوبانگن. وشەی "شاتی"ش هەمان وشەی"شادی"یە لە کوردیدا. گومان لەوەدا نییە کە وەزیری فەرەیدون نێوی (پیرشاد) بووە، ئەم جۆرە نێوانە لە زمانە ئێرانییەکاندا باو بووە وەک ئەرتا شاتی، شاتەبەرزانە.[63] شادی لە نێو کوردەکانی شکاکدا ناوە بۆ پیاو بەڵام لە ناوچەکانی باشووردا نێوە بۆ کچان.

**ئوراش (Uraš):** ناوی قەڵایەک بوو لە گیزلبوندا (قافلانکێو).

**ئائوکانە:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٠)، ناوی ناوچەیەک بوو لە گێزلبوندا (نزیکی تیکانتەپە).

---

[61] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ١٩٨٨ ل. پ ٣٠٩

[62] بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، بێدار هەولێر ٢٠١٠، ل.پ.٤٦٣

[63] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕ ١٩٨٨ ل. پ ٣١٥-٣١٦

**ئوئاشـدیریکا/ ئوئائوش:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٧٠)، گومانی بۆ دەچێ کە کێوی سـەهەند (سهند) پێ لە نزیکی میانە.

**ئەنگور (Engur):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢١١)، ناوی یەکێک لە ســـەرۆکەکانی ناوچەی گیزلبوندا ( قافلانکێو) بوو، ئەو مەڵبەندە کە ئەنگور سەرۆکی بوو ئێستاش هەر بە ئەنگوران دەناسرێت، ناوچەیەکی شاخاویە کە کەوتووەتە نێوان شارۆچکەی ماهنشان (ماد - نیشان) و تیکانتەپە (تکاب).

**سیبار(Sibar/ sibaru):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢١١)، ناوی قەڵایەک بوو لە گیزلبوندا کە ئێســتا ئەنگورانی پێ دەڵێن. سـیبار ئەو قەڵاییە کە ئەنگور(یەکێ لە سـەرۆک هۆزەکانی ماد) لەوێ پێشوازی لە پادشای ئاشووری کرد.

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٢١١ دەنووسێ کە لە ساڵی ٨٢٠ پ.زدا شەمشی ئادادی پێنجەم هێرشی کردە ســـەر هۆزەکانی ئازەربایجان، پیرشـــاتی ســـەرۆکی هۆزی گیزلبوندا لە قەڵای ئۆراش بەرەنگاری بووەوە لە ئەنجامی شەڕەکەدا ٦٠٠٠ کەسیان لێ کوژرا و ١٢٠٠ کەسیشیان لە لایەن ئـاشــووریيەکانەوە بە دیـل گیرا، لەوانە خۆدی پیرشـــاتیش. بەڵام یەکێکی تر لە سەرۆکەکانی ئەو هۆزە بە ناوی ئەنگور لە قەڵای سیبار خۆی دا بەدەستەوە.

**هاناسـێرۆکا ( Hanasiruka):** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ٢١١)، سـەرۆکی یەکیەتیی هۆزەکانی ماد بوو لە کاتی هێرشی شـەمشــی ئادادی پێنجەم سـاڵی ٨٢٠ پ.ز. ئەمە وشـەیەکی پەتی کوردییە. ئەم وشەیە ناو نییە، بەڵکوو نازناوە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە "هانا- سەرۆکا"، کە هانا[64] لە کوردیدا واتای پەنا دان، فریا کەوتن دەدا و "سـەرۆکا" وشـەیەکی ئاسـایی کوردیی کرمانجییە کە واتای سـەرۆکەکان دەدا، پێکەوە مانای پەنای سـەرۆکەکان یان ئەو کەسـەی کە بەتەنگی سەرۆکەکانەوە دەچێ، ئەو کەسەی کە بە هانای سەرۆکانەوە دەچێ دەدات.

**مۆن سـۆ ئارتا(Monsuarta):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢١٢)، ناوی فەرمانڕەوای ئارازیاش بوو. کە لە نزیکی هەمەداندا بەرەنگاری ئاشـوورییەکان بووەوە ئەم وشـەیە لە سێ بڕگە پێک هاتووە، مۆن هەمان وشـەی "مانگی" کوردییە، لە شـێوەزاری لەکیدا "مۆنگ / مۆن" واتای مانگ دەدا، لە ئەوێســتاش هەم "مانگە" و هەم "ماه"یشــی پێ دەڵێن[65]. لە زۆربەی زمانە ئوروپیەکانیشـدا مۆنی پێ دەڵێن. سـۆ لە کوردیدا واتای ڕۆشـنایی دەدا ، "ئارتا"ش بە واتای

---

[64] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ساڵی ١٣٦٩ هـ.ش . ل.پ.٩٤٢

[65] mâh [-]: moon, month (k403 gives base form as [mångh] , http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

پاک و دادپەرورە. مۆن سۆ واتای ڕۆشنایی مانگ یان تریفەی مانگ دەدا، لەوانەیە مۆن سۆ ناوی خۆی و ئارتا ناوی باوکی بێت، مۆن سۆ کوڕی ئارتا (تریفەی مانگ کوڕی ئارتا).

**کاکی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٤٦)، " ئەم ناوە چەندین جار لە نووسراوەکانی ئاشـــووریدا ناوی لێ براوە، لە ساڵی ٨٥٩ پ.ز بە شێوەی "کاکیا" و لە ساڵی ٨٥٦ پ.ز بە شێوەی "کاکی"، لە ســـاڵی ٥٢٠ پ.ز بە شـــێوەی کاکیا کە نێوی پیاوێکی مادییە هاتووە. لە شـــاهنامەی فێردەوسیشدا نێوی کاکۆیی نێوی نەوەی ئازیدهاکە"[66].

هەروەها لە ســـاڵی ٧٤٤ پ.ز ئاشـــوورییەکان دوو کەس لە میرانی ناوچەکانی" زاتی" و "سانگی"یان دەستگیر کرد کە نێوی یەکێک لەوانە کاکی بووە. ناوێکی ئاسایی کوردییە.

**میتاکی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٤٦)، کاکی و میتاکی ناوی دوو کەس لە سـەرۆک هۆزەکان بوون کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە بە دیل گیران. "ئەم جورە نێوە لە ناو سەکس و سەرماتەکاندا باو بووە و یونانییەکان بە شێوەی (میتاکوس) تۆماریان کردوە"[67]

**دهیوکۆ:** لە ســەردەمی مادەکان و هەخامەنشــییەکاندا وشــەی "دهیو" بە واتای وڵات هاتووە لە بنەڕەتدا "دەیوکا، دهیوکا، دەیوک،دەهیوک"ە، واتای **ســەرۆک وڵات دەدا،** پاشگری " ۆ" لە پاش ناوەکان پاشگرێکی باوی کوردییە کە لە شێوازی کرمانجیدا ئێستاش هەر باوە. ئەم وشەیە نازناوە، فەرمانڕەوای ناوچەی میسی. لە کۆتایی سەدەی هەشتی پێش زایینداْ بە دهیوکۆ دەناسرا[68].

**شـــاکنۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٦٥٦)، دیاکۆنۆڤ دەڵێ واتای فەرماندار یان جێگرەوە دەدا. ئەمە هەمان وشەی "شای" کوردییە لەگەڵ پاشگری کنو کە نیشانەیە بۆ بچووک کردنەوە (علامت تصغیر). واتای شای بچووک دەدا. لە کرمانجیدا ئەم شێوەیە ئێستاش هەر باوە وەک، سەرۆک، سەرۆکنۆ. حەسن، حەسکۆ، ڵەزگین (ناوی پیاوە) لەزگینۆکی یان لەزگۆ.

**ئارتا سارۆ:** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٢٠٨)، ئارتا سارۆ پادشای شوردیرە، ئەم ناوە بە شێوەی جۆربەجۆر چەندین جار هاتووە، بەڵام ڕاستییەکەی "ئارتا- سەرۆ"یە کە پادشای شوریدەرە یان شـوڕدەرە بوو. بڕگەی یەکەم ئارتا واتای پاک و دادپەروەر دەدا و بڕگەی دووەم "ســار/

---

[66] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ١٩٨٨ ل. پ٣١١
[67] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ١٩٨٨ ل.پ ٣١٩
[68] لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشید ١٩٨٨ ل.پ ٣٢٤

سەر" واتای سەرۆک و مەزن دەدا و "ۆ" پاشگرێکی باوی کوردییە. پێکەوە واتای سەرۆکی پاک، سەرۆکی دادپەروەر دەدا.

**شـــوردیرە:** (دیاکۆنۆف ل.پ. ۲۰۸)، شـــوردیرە، ناوی ناوچەیەکە، بەرانبەری لە کوردیی ئەمڕۆدا وشەی "شوریدەرە"یە.

**لە کاتی هێرشی ئاشـــوورییەکان بۆ ســـەر ڕۆژهەڵاتی ماد سێ کەس لە ســـەرۆک هوزەکان پەنایان بۆ بردن و داوای یارمەتیدانیان لێ کردن ( دیاکۆنۆف ل.پ.۳۲۵) کە بریتی بوون لە:**

**ئەوپیس:** ( دیاکۆنۆف ل.پ.۳۲۵)، سەرکردە / فەرمانڕەوای پارتاکی.

**زاناســـان:** ( دیاکۆنۆف ل.پ.۳۲۵)، فەرمانڕەوای پارتاکی بوو. ئەمە ناوێکی کوردییە لە شـــێوازی هەورامی، کە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەمی هەمان وشـــەی زانای کوردییە کە لە چاوگی "زانســـتن و زانین"ە. ئێســـتاش "زانا" هەر وەک ناو لە کوردیدا ماوەتەوە، بڕگەی دووەمیش "ســـان"ە کە لە هەورامیدا واتای میر و فەرمانڕەوا ئەدات. لە هەوراماندا هەر لە کۆنەوە دەســـتەڵاتداران و میرانی ناوچەکەیان وەک "ســـان" ناویان لێ دەبرد و دەیان "ســـان"ی هەورامی وەکوو میر و ســـاتراپ لە هەوراماندا فەرمانڕەواییيان کردووە، وەک" **موحەمەد ســـان کوڕی عباســـقولی ســـان، بارام ســـان، قاســـم ســـان، موحەمەد تایرســـان، فەتاح علی ســـان، یوســـف ســـان، منوچهرســـان، قادرســـان، حەیدەرسان، فەتاح سان، جەمشید سان مەردان سان، ڕەزاسان**"[69].

**ڕاماتی:** ( دیاکۆنۆف ل.پ.۳۲۵)، فەرمانڕەوای کازابارنا، ئەمە وشـــەیەکی پەتی کوردییە کە پەڕیوەتەوە نێو زمانی عەرەبیشـــەوە و بووە بە ڕەحمەت کە واتای شـــادبوون، ڕازی بوون، لێخۆشـبوون (ڕەحمەتی) دەدا. ئەم وشـەیە لە سـانسـکریتیشـدا هەر"ڕاماتی"یە[70]. لە نێو کوردەکانی ئەرمەنستان، ماکۆ، سەڵماس، وهەروەها ناوچەی سەرحەد ( ناوچەکانی ئاگری-وان) هەر بە ڕاماتی گۆ دەکرێ.

**ئوپۆ:** ( دیاکۆنۆف ل.پ.۲۰۸- ۲۰۹)، فەرمانڕەوای گیڵزان لە نێوان دەریاچەی ورمێ و گۆلی وان (ناوچەی شـــکاکان). ئەم وشـــەیە ئوپۆ نییە بەڵکوو"ئاپۆ"یە، ئاپ لە شـــێوەزاری

---

[69] مێژووی هەورامان د. م. ئەمین هەورامی

[70] Ramate: delights, Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, p 156, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

کرمانجیدا واتای مام دەدا، وپاشـگری " ۆ" نیشـانەی خۆشـەویسـتییە، بۆیە لە کۆردیدا بە مام دەڵێن مامۆ بە خاڵ دەڵێن خاڵو بە ئاپ دەڵێن ئاپۆ.

**ئاسـائۆ/ سـۆئا:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٦٣١، بەندی ٧٥)، فەرمانڕەوای ناوچەی گیلزان بوو پێش لە ئوپۆ (ئـاپۆ). نـاوچەی گیلزان هەمـان نـاوچەی سـۆمـایە لە ڕۆژئـاوای ورمێ کە مەڵبەندی هۆزەکانی شکاکە.

**زیبیە:** (دیاکۆنۆف ل،پ ٦٥٧ پەراوێزەکان بەنـدی ٢٥٠)، کەلێکی (دژێکی) کۆنە بە نێوی زیویە لە نزیک گوندی زیویە لە ٢٤ کیلومەتری باشووری سەقز،[71] کە گەنجینەی زیویە هی سـەردەمی مانناییەکانی تێدا دوزراوەتەوە. یەکێ لە ناوەندە بە نێوبانگەکانی ماننایەکان بوو. وشـەی سـیم، زیم و زێو هەمووی هەر واتـای "زێو" دەدن. ئەم وشـەیە پەیوەنـدی ڕاستەوخۆی ئەم ناوچەیە لەگەڵ زمانی کوردیدا نیشان دەدا.

**ئارمائیت:** (دیاکۆنۆف ل.پ. ٦٥٧ پەراوێزەکان بەندی ٢٥٠)، دژێک (کەلێک) بووە لە نزیکی زیویە لە باشـووری سـەقز، گومانی بۆ دەچێ کەوتبێتە ئەو شـوێنەی کە ئێسـتا گوندی ساحێی لێیە[72].

**کەلا مەباتی:** (دیاکۆنۆف ل.پ ٢٦٢)، ناوێکی کوردییە لە شـێوازی کرمانجی، ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، کەلا واتای دژ و قەڵا ئەدا و "مەباتی"ش ناوە، واتای قەڵای مەباتی ئەدا. لێرەدا باشـە ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە کە وشـەی قلع و قلعات لە عەربیدا، لە وشـەی "کەل و کلات"ی کوردییەوە وەرگیراوە. کەل لە کوردیدا زۆر واتای هەیە یەکێ لەوانە واتای پەرتگا، شـوێنی عاسێ، شـوێنی بەرزو ئاسـتەم دەدا. بۆیە دژەکانیان (قەڵا) لەسـەر کەلەکان دروسـت دەکرد، دواجـار خۆدی نـاوی کەل و کەلات لە جیاتی دژ بە کار هێنراوە. وەک گونـدی کەڵاتی لە نـاوچەی ژاوەروو، کەلی دمـدم لە لای ورمێ، کەلا ڕەش لە نـاوچەی سـەڵماس، کەلی خان لە بانە، کەلی گاڕان لە نێوان سـنە و مەریوان، کەلا سـوور، کەلا وان، باش کەلا، کەلا ئامەدی.

**خـارخـار:** ناوچەیەک بوو لە نێوان زەنجـان و میانـدوئاو و تیکان تەپە ( فارسی: تکاب). ئاشـوورییەکان دژێکیان تێدا دروسـتکردبوو و لەوێیەوە دەسـتەڵاتی خۆیان بەسـەر ناوچەی ماددا دەسـەپاند، شـۆڕشی خەڵکی ماد لە دژی داگیرکەری ئاشـوور لە خارخاروە دەسـتی پێ

---

[71] ا. م. دیاکونوف ترجمە کریم کشاورز، تهران ١٣٤٥، ل،پ ٦٥٧ پەراوێزەکان بەندی ٢٥٠

[72] مێژووی ماد دیاکۆنۆف، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، ل.پ. ٦٥٧ پەراوێزەکان بەندی ٢٥٠

کرد. ئێستاش خارخار کە گوندێکە لە ناوچەی "تەختی سلێمان"ی شاری تیکان تەپە هەر بەو ناوەوە ماوەتەوە. لەوە دەچێ "خار خار" وشەیەکی مادی نەبێ.

**پایوکۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٢)، ناوی شوێنێک بوو لە کەلا مەباتی. وشەیەکی ئەوێستایی و لە هەمان کاتدا وشەیەکی هەورامییە بە واتای پای کێو دێت.

**پاردو:** ناوی دژێک (قەڵایەک) بوو کە شوێنی "مەتاتی (مەتا- تی)" سەرۆکی هۆزی ساگرتی بوو لەو ناوچەیە کە ئێستا کەوتووەتە نێوان شاری میانە و شاری زەنجان.

**ئواکیرتو:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٣)، ئەم وشەیە بە دوو جۆر هاتووە "ئواکیرتو" و هەروەها "ماکیرتو" بەڵام بە بڕوای دیاکۆنۆڤ ئاواکیرتو/ واکیرتو ڕاستترە چۆنکە لە ئەکەدیدا پیتی "و" نییە و لە جیاتی "م"یان نووسیوە. ناوی ناوچەیەک بووە لە نێوان هەمدان و قەزوێندا. ئواکیرتو وشەیەکی مادییە بە واتای " ئاواکردە/ ئاواکردو" دێت.

**مەشداکۆ/ ماشداکۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٢)، دیاکۆنۆڤ زۆر بە دروستی دەڵێ کە ئەم ناوە مازداکۆ بووە و لە نووسینی ئاشووریدا بەم شێوە نووسراوە چونکە لە ئاشووریدا "س" بە "ش" نووسراوە. لە ڕاستیدا ئەم ناوە "ماسداک/ مازداک" یان بە شێوازی ئەمرۆکە "مەزدەك " بووە، ئەمە ڕوونە کە هەتا پێش هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان مەزدەک ناوێکی ئاسایی ئێرانی بوو. ئەم ناوە هەر وەک چۆن ئێستاش لە کوردیی شێوەزاری کرمانجیدا باوە، "ۆ" لە پاش ناوەکە هاتووە، بووە بە مازداکۆ یان "مەزدەکۆ".

**زاردوکۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٢)، ئەم وشە لە ڕاستیدا "زەڕدەک- ۆ"  زەڕدەک ناوێکی کەسییە ، پاشگری "ۆ" کە لە کوردیدا باوە کەوتووەتە پاشی. ئەم ناوە لە وشەی زەڕ دارێژراوە، لە کوردیدا بە تایبەت لە ناوچەکانی نێوان سنە و هەمەدان وەک قروە، دیواندەرە و بیجاردا هەتا ئەم دواییانەش  پێشگری "زەڕ" لە پێش هێندێک لە ناوەکان بە کار دەهات، وەک زەڕەلی (زەڕ- علی)، زەڕمحەمەۆ (زەڕ- مۆحەمەد)، یان زەڕینتاج (ناوی ژنە)، زەڕگۆش (ناوی هۆزێکی کۆنی کوردییە لە ناوچەی جەلەولا).

**پارئوئا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، سەرۆکی ناوچەی سیگریس.

**سنی تیرنا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، سەرۆکی ناوچەی سانا. (سنە؟).

**کەی بابی/ کەی بابە:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٨)، واتای بابی گەورە دەدات. پیاوێکی مادی بوو کە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە وەک سەرۆکی خارخار دانرابوو، بەڵام خەڵکی ئەوی

دەریان کرد. ناوەکە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "کەی" واتای گەورە دەدا و بابی/ بابە هەمان بابای کوردییە.

**داسـوکۆ:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٦٦٨)، ناوی یەکێ لەو کەسـانەیە کە خوازیاری سـەرۆکایەتی ناوچەی ئەلیپی (کرماشـان) بوو لە پاش تاڵتا. شـێوەی دارشـتنی ئەم ناوە مادییە (کوردییە). لە شـێوەزاری کرمانجیدا پاشـگری "ۆ" لە پاش ناوەکان زۆرئاسـاییە وەک سـمکۆ، لەزگۆ، شێرکۆ، ڕەشۆ، حەمکۆ، ئەشۆ، ... ئەم ناوەش بە شێوەی "داسوک- ۆ"یە

**چیترافارنا/ شی تیر پرنا**: (دیاکۆنۆف ل.پ.٣٢٥)، دیاکۆنۆف واتای شـانازی و فەڕی تیرەی بۆ ئەم وشـەیە داناوە، بەڵام "چیترا"[73] لە ئەوێسـتاییدا واتای چێهرە/ دەموچاو ئەدات، چیترا بە واتای چهرە (دەمووچاو) ئێسـتاش لە کوردیی شـێوازی باشـووریدا هەر ماوەتەوە و وەک "چێتر (Çiter) گۆ دەکرێ ( بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر سـاڵی ٢٠٠٥ زایینی، ل.پ. ٢١١) چیترافارنا واتای چێهرەێ بەفەڕ یان چێهرەێ شکۆمەند دەدا.

**سـاخۆ:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٣٥٠)، ناوی ناوچەیەکی مادییە کە لە پاش ڕاپەڕینی مادەکان لە دژی ئاشوور خەڵکی ئەو ناوچەیەش لە دژی ئاشوور ڕاپەڕین. ئاشوور بنیپاڵ سەرۆکەکانیانی دەسـتبەسـەر کرد و بردیانی بۆ نەینەوا. بە ئەگەرێکی زۆر هەمان شـاری **"زاخۆ"**یە لە نزیکی دهۆک. دیاکۆنۆف دەڵێ شوێنی ئەم ناوچەیە دیار نییە، بەڵام کەمێک پاشتر لە ل.پ.٣٧٦دا کاتێ باسی شـەڕی بابل لەگەڵ ئاشـوور دەکا دەڵێ سـاراک پادشـای ئاشـوور ئارامییەکانی ناوچەی **"سـۆخۆ"**ی لە دژی بابلییەکان هەڵخڕاند. و ئەمە ڕوونە کە لە کاتی ئەو شـەڕەدا ئاشـوورییەکان بێجگە لە نەینەوا و کالخۆ و هێندێ ناوچەی تر هەتا نزیکی حەڕان شـوێنێکی تریان نە لە ڕۆژهەڵات و نەش لە باشـووردا بە دەسـتەوە نەما بوو بۆیە دەگونجی ئەم "سـۆخۆ"یە هەمان سـاخۆ/ زاخۆ بێت کە ئێسـتا یەکێ لە شـارەکانی کوردسـتانە لە نزیکی نەینەوادا.

**مـاس-ی مۆغـان:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٤٦٣)، دیاکۆنۆف لەسـەر ئەم وشـەیە ئاوای نووسیووە "لە ئەوێستادا هاتووە کە زەڕدەشت بۆ خۆی سەرۆکی ناوچەی "ڕاغە"بووە، کە

---

[73] cithra [-] = 7 (mn.plN) 1: (as adj.) visible form (manifestus) (t94), evident, open; publish; 2: (as substantive) appearance (t94), evident; publicity; clearness; face; 3: n. origin, species, race, progeny, clan, family (t94), seed, source; brood; breed; 4: menses (k182)

Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

وابوو لەوێدا کاهنی گەورە هەم دەستەڵاتێکی ئایینی هەبوو واتا سەرۆکی "مۆغانی- کاهن" (پیاوە ئایینیەکان) بووە و هەم دەستەڵاتێکی نائایینی لەم جێهانەدا وەک سەرۆک و فەرمانڕەوای هۆزی مۆغان. هەر بۆیە بە ماس-ی مۆغان (Mas-i môƔân) ناوی لێ براوە". ئەم وشەیە بێ هیچ گومانێک کوردییە کە هەڵەیەکی بچووکی تێدایە، پیتی"ن/ N" لە پاش "ماس" کەوتووە، لە ڕاستیدا ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوازی کرمانجیدا، ڕاستی وشەکە ئاوایە " ماسن-ی مۆغان / Masn-i môƔân " کە واتای مەزنی مۆغان یان گەورەی مۆغان دەدا.

**مازارمادی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٥٢٠)، ناوی حاکمی لیدییە لە کاتی فەرمانڕەوایی کورەشدا، کە لە لایەن کورەشەوە لەوێ دانرابوو. ئەم ناوە لە لایەن"کتسیاس"وە تۆمارکراوە، ناوەکە لە دوو برگە پێک هاتووە، "مازار- مادی" کە ڕاستییەکەی "مازیار- مادی"یە. وشەی "ماز" کورتکراوەی "مازدا/ مەزدا"یە، بە واتای "خۆدا"، مازیار واتای"خۆدایار" ئەدا. [هەروەها مازیار ناوی یەکێ لە فەرمانڕەوایانی تەبەرستان بوو کە لە ساڵی ٨٣٨ زایینیدا لە دژی دەستەڵاتداری عباسیان ڕاپەڕی].

**بەرزیا / بەرزی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٥٨١)، ناوێکی مادییە، لە نووسراوەکانی بێستوندا ئەم ناوە هاتووە وەک بەردیا. **دیاکۆنۆف دەڵێ نووسینەبەردینەکانی بێستون بە سێ زمانی، پارسیی کۆن، بابلی و ئیلامی نووسراوە، لە نووسراوە بابلییەکاندا ناوەکان بە شێوازی مادی نووسراونەتەوە، لەوانە ناوی"بەردیا / بەردی" وەک "بەرزیا / بەرزی" نووسراوە. (ناوی بەرزۆ کە لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا ئێستاش هەر باوە هەر ئەم ناوەیە لەگەڵ پاشگری "ۆ").**

**ئارتامارزی/ ئارتاوەرزی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٥٨١)، ناوێکی مادییە، ئەم وشەیە لە نووسراوەکانی بێستوندا لە ڕێزی پارسیەکەیدا وەک ئارتاواردیا نووسراوە بەڵام لە نووسینە بابلیەکەیدا وەک ئارتامارزی (ئارتا- مەرزی) هاتووە. هۆکارکەیشی ئەوەیە کە چون لە بابلیدا پیتی "و" نەبووە لە جیاتی پیتی "م"یان نووسیووە، کە وابوو شێوەی ڕاستی ئەم وشەیە " **ئارتا- وەرزی"یە**. ئەم ناوە لە دوو برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەم وشەی "ئارتا"یە کە واتای پاک و ڕاست دەدا، و برگەی دووەم "وەرزی"یە وشەیەکی پەتی کوردییە کە چەندین واتای هەیە لەوانە بە واتای کار دێت (وەرزێر واتای کریکار دەدا)." ئارتاوەرزی بە واتای کاری دادپەروەرانە / دادپەروەری وەرزی/ دادوەرزی (فارسی: عدالت ورزی) دەدات.

**ساتارپانۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، سەرۆکی ناوچەی ئۆپوریا، وا دیارە ئەم وشەیە ناو نییە بەڵکوو نازناوە، هەمان وشەی "ساتراپ"ە لەگەڵ پاشگری "نۆ" هەر وەک چۆن ئێستاش لە کوردیی شێوەزاری کرمانجیدا باوە. ئەم پاشگرە دوو واتا دەگەیێ یان بۆ بچووک نیشاندانی کەسەکەیە و یان بە واتای " ئەی" دێت، بۆ نموونە هەواڵ (هەواڵنۆ/ ئەی هەواڵان)، برا (برانۆ/ ئەی برایان).

**ئوپاما:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، سەرۆکی یەکێ لە ناوچەکانی ماد. ( لەوە دەچێ ئەمەش نازناو بێت وەک " ئاپا- ما / ئاپا- مە" کە لە کرمانجیدا واتای "مامان/ مامەمان" دەدات).

**پارتوکۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە،" پەرتو- کۆ" بڕگەی یەکەمی پارتو یان پەرتو واتای تیشک و ڕووناکی دەدا هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشدا، پەرتو لە ڕاستیدا "پەڕ- تاو" بووە هەر وەک وشەی " خۆرە- تاو". بڕگەی دووەم "کۆ" پاشگرێکی باوە لە کوردیدا وەک کاراکۆ، ماکۆ، ڕەشکۆ، شێرکۆ، "کۆ" پاشگرێکی ئێرانییە لە زمانی مادی و هەروەها پارسیی کۆنیشدا هەبووە (بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ.٧٣٤ پەراوێزەکان بەندی ٧٧).

**مارتاکانۆ:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٧)، ناوی ناوچەیەک بووە لە ڕۆژهەڵاتی ماد، ئەم ناوە لە سێ بڕگە پێکهاووە " مارتا- کان- ۆ" یان بە شێوەی کوردیی ئەمڕۆ "مەردەکان- ۆ".

**کاراکۆ:** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ ٦٨٦)، ناوی سەرۆک هۆزی ئوریاکۆ/ ئوریاکا (ئوریاگا) بووە لە یەکی لە ناوچەکانی ماد. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "کارا- کۆ". بڕگەی یەکەم کارا لە وشەی کار هاتووە کە واتای جەنگ ئەدا بۆ نموونە کارزار واتای مەیدانی جەنگ ئەدات. کارا واتای جەنگاوەر ئەدات، بڕگەی دووەم "کۆ" پاشگرێکی ئاسایی کرمانجییە کە پێشتر باسی کرا، وەک سمکۆ، حەسکۆ، جەنگۆ، شێرکۆ، لەزگۆ، بەکۆ.

**ئاراکوتتۆ:** ( دیاکۆنۆڤ ل.پ ٢٥٦)، ناوی ناوچەیەکە.

**ئاریا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٦)، سەرۆکی هۆزی بوشتو. وشەیەکی کوردییە واتای نەژادی "ئاریا" دەدات، وەک ئاریا- زنتی کە واتای هۆزی ئاریا ئەدات.

**ئورننا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٥٦)، ناوی ناوچەیەکە. ئەم وشەیەی خراپیان وەرگێڕاوەتەوە سەر فارسی، چونکە شێوەی لاتینی ئەم وشەیە وەکوو **"وارەنا Varena "**[74] نووسراوە، کە

---

[74] Varena ٦٥٥ ل.پ. مێژووی ماد دیاکۆنۆڤ، وەرگێڕانی کەریمی کەشاوەرز، تاران ١٣٤٥، 

هەمان وشــەی "واری" کوردیی کرمانجییە، کە واتای شــوێن و جێگا ئەدا، بەرانبەرەکەی لە ســـۆرانیدا وشـــەی هەوار و هەوارگەیە، هەروەها چەندین گوندی کوردی هەن کە ناوی "وار" و "وارگە "یان هەیە لەوانە دوو گوندی "وارگە" لە کرماشان ناوچەی" چلە"ی گێڵانی ڕۆژئاوا (گیلانغرب) هەروەها گوندی "وارگە" لە ناوچەی "گۆئاور" لە هەمان شـــوێن، گوندی "وارگە" لە ناوچەی شیروان و چرداول لە ئیلام.

**ئاری- بی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٧٦)، بەپێی بۆچوونی دیاکۆنۆف ئەم وشـــەی "ئاری- پە" بووە کە ئاری واتای" ئاریا" ئەدات و پە نیشـــانەی کۆیە لە زمانی ئیلامیدا. کە وابوو پێکەوە واتای ئاریاکان یان ئارياييەكان دەگەيينی.

**پاریا:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، ناوی ناوچەیەک بووە لە خارخار (ناوچەی تیکانتەپەی ئێستا).

**ســـیگریس:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، ناوی ناوچەیەک بووە لە نێوان خارخار (ناوچەی تیکانتەپەی ئێستا) و ماد- نیشان (ماهنشانی ئێستا).

**ســاپاردا / (ئەســپارتا):** (دیاکۆنۆف ل.پ ٢٦٦)، ناوچەیەکی نزیکی کار کاشـییە، ناوچەی "بیجار"ی ئێسـتایە. بەرانبەر ئەم وشـەیە لە کوردیدا وشـەی" سـپاردە / ئەسـپاردە"یە. کە دوو مانای هەیە لە کوردیدا یەکەم واتای ئەمانەت دەدات و دووەم واتای ناشـــتنی مردو، (چونکە مردوێش بە ئەمانەت بەخاک دەسپێردرێت).

**ئانزاری:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، ناوی کەلێک (قەڵا) بووە لە ناوچەی خارخار، لە نێوان تیکانتەپە و زەنجان.

**کیشـــشـــلو:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، ناوی کەلێک بووە لە ناوچەی خارخار. ئەم ناوە لەوانەیە کەش- شلو بێت واتا کێوی شلو.

**کیندائو:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، ناوی کەلێک بووە لە ناوچەی خارخار.

**بیت باگا (ماڵی بەگا):** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٦)، وشــەی (بیت)، وشــەیەکی ســۆمەری/ ئەکەدییە کە واتای ماڵ و هەروەها ناوچە دەدا. ناوی کەلێک بووە لە ناوچەی خارخار. بە هۆی ئەم ناوەوە کە واتای ماڵی خۆدا یان ماڵی گەورەکان ئەدا، لەوانەیە ئەم دژە (قەڵایە) کەوتووبێتە نزیکی تەختی سلێمانەوە لە دەوروبەری هۆرمزگەی ئازەرگۆشسپ.

**زیزی:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٢٦٩)، ناوی کەلێک بووە لە ناوچەی تیکانتەپە.

**ئاپیتار:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٩)، ناوی ناوچەیەک یان گوندێک بووە لە خارخار، لە دوو بڕگە پێک دێت "ئاپی- تار"، ئاپ کە واتای ئاو دەدا و تار کە هەمان وشـــەی "دار"ە پێکەوە واتای ئاودار دەگەیێنێ.

**زاڵا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٩) ناوی کەلێک بووە لەســـەر مەرزیماننا و ئاشـــوور لەوانەیە هەمان گوندی زڵە بێت لە ناوچەی ســـەردەشـــت. "زاڵا/ زاڵ"[75] ناوێکی باو بووە لە کوردیی کۆندا کە واتای (غالب) دەدات، پیتی (ا) لە پاش زاڵ لە ســـەردەمی ئەشـــکانییەکاندا لێ کەوتەوە و ئێســـتا بووە بە زاڵ. وشـــەی زاڵ و زاڵبوون دوو واتای هەیە یەکەم بە واتای سەرکەوتن و دووەم بە شوێنێکی بەرز کە دەڕوانێ (زاڵە) بەسەر شوێنەکانێ تردا. ناوێ باوکی ڕۆستەم "زاڵ" بووە.

**کیت پات:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٦٩)، ناوی ناوچە و قەڵایەک بووە لە نێوان میانە و ماهنشان (ماد- نیشان). "کیت" ناوە و "پات"یش پاشگرە کە واتای پاراستن دەدا، "پات" و "وان" هەر دووکیان هەر یەک واتایان هەیە بۆ وێنە ئاترەوان یان ئاتروپات کە هەر دووکیان یەک واتایان هەیە.

**کوندور:** شێوەی کۆنی نێوی "قوتور"ە لە ناوچەی ماکۆ لە باکووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ (ارومیه). ئەم نێوە تۆپۆنۆمی لە نێوی خۆداوەندێک (کوندە) داڕێژراوە. ئەم شـــارە وەکوو شارێکی مادی (کوندورو) لە نووسراوەکانی بێستوندا تۆمار کراوە[76].

**ئاریارما / (ئاریاروا):** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٢٥٦)، ناوی ناوچەیەکە. ئەم وشـەیە لە ڕاستیدا دەبێت" ئاریاروا" بوو بێت، چونکە لە بنەڕەتدا بە ئەکەدی نووسراوە و لە زمانی ئەکەدیدا پیتی "و" نەبووە و لە جیاتی پیتی "م" بە کار هێنراوە.

**باگپارنا:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٦٢)، ئەم ناوە لە دووبڕگە پێک هاتووە باگا- پارنا، یان باگا- فارنا، کە باگا واتای خۆدا و مەزن دەدا. وشەی "بەگ" بە واتای گەورە هەتا ئەمڕۆژیش هەر لە کوردیدا ماوەتەوە، "پاڕنا / فارنا"ش هەمان وشـــەی فەڕی کوردییە، پێکەوە واتای فەڕی خۆدایی، یان شکۆی خۆدایی دەگەیێنێ.

---

[75] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٣٦٩ هـ.ش . ل.پ.٣٧٣ هەروەها فەرهەنگی وشەنامە، بێدار هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٥٤٧.

[76] لێکۆلینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، د.جەمال ڕەشید١٩٨٨ بغداد. ل.پ. ٣٢٥.

**ئاندراپاتیانو/ ئاندراپاتی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٦٦٢)، ناوی دژێک (قەڵایەک) بوو لە ئاتروپاتان (ئازەربایجان). ئەم ناوە لە ڕاســتیدا "ئیندیرا- پاتی"ە واتا پارێزوانی ئیندیرا، هەر وەک ڕوونە ئیندیرا یەکێ لە خۆدایانی کۆنی هیندو ئێرانی بوو.

**ئاتراوان:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ. ٤٦٢)، وشــەیەکی مادییە، کە واتای ئاگرەوان دەدات. "ئاتر" وشەیەکی ئاسایی بووە لە هەورامیی کۆندا. لە هەڵبەستی "هورمزگاندا" ئەم وشەیە هاتووە. لە سەرەتای ئەم بەشەدا ڕۆشنایی زیاتر خرایە سەر ئەم وشەیە. دیاکۆنۆڤ لە ل.پ. ٧٤٨ لە بەندی ٤٤٩دا دەنووســێت کە هێندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کە ئەم وشــەیە واتای ئاگرەوان دەدا، و ئەمە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ وشــە بەرانبەرەکەی لە یونانیدا. (لە ڕاســتیدا ئەگەر دیاکۆنۆڤ زانیاریی لەســەر زمانی کوردی هەبوایە بە دڵنیاییەوە ئەیوت کە ئەمە هەمان وشەی ئاورەوان/ ئاگرەوانە لە زمانی کوردیدا).

[لێرەدا پێویســتە ئاماژەیەکیش بە وشــەی "ئۆجاخ و ئۆجاخ کوێر/ وجاخ و وجاخ کوێر"[77] بکرێت. ١- وجاخ (ئوجاخ) لە کرمانجیدا بە کەســێک یان ماڵێک دەڵێن کە میوانداره و میوانی زۆر ڕووی تێدەکا ٢- وجاخ کویر بە ماڵێک یان کەســانێک دەڵێن کە منداڵیان نییە، بە تایبەت منداڵی کوڕ. ئەم وشــەگەلە ڕیشــەی لە وشــەی" ئۆجاخ" بە واتای ئاگردان و ســێکوچکەیە، لەســەردەمای کۆندا ئەو ماڵانە کە ئاگردانیان لە ماڵدا هەبوو و ماڵەکەیان دووکەڵی دەکرد، میوانەکان و بەتایبەت ڕێبواران ڕوویان تێ دەکرت، واتا ئەو ماڵە خاوەن ئوجاخ/ ئۆجاخدار بوون کە ئێســتاش لە شــێوەزاری کرمانجیدا وەک نازناوێک بۆ ئەو بنەماڵانە کە دەســتودڵکراوەن و میوان ڕوویان تێ دەکا بە کار دێت. هەروەها ئەوماڵانە کە منداڵیان هەبوو کە دەیانتوانی پارێزوانی لە ئاگرەکەیان بکەن بە "وجاخ ڕوون" دەناسران، بەپێچەوانەشــەوە ئەو ماڵانەی کە منداڵیان نەبوو کە ئاگاداری لە ئاگرەکە بکا و زۆربەی کاتەکان وجاخەکەیان کوێر دەبووەوە بە "وجاخ کوێر" دەناسران، کە ئێســتاش وجاخ کوێر بە کەسێ دەڵێن کە منداڵی نییە].

**ئاتروپاتان/ ئاتروپات/ ئاتروپاتەکان:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ ٧٧٩ لە ژێر بەندی ٩٧دا)، بە وتەی دیاکۆنۆڤ ئاتروپاتان ناوێکی "ماد"ی و هەروەها ئەوێستاییە. ناوی یەکێ لە نزیکەکانی ویشتاسپ بوو کە لایەنگر و پشتیوانی زەردەشت بوو، ناوی لە ئەوێستادا لە یشتی ١٣دا هاتووە. ئاتروپاتان وشەیەکی لێکدراوە لە "ئاتر + پاراستن / پاتن" پێک هاتووە، ئاتروپات و ئاترەوان یەک واتایان هەیە ئەویش پارێزوانی ئاگرە، کە کار و ئەرکێکی ئایینی بووە پێش لە سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی و هەروەها لە سەردەمی برەوی دینی زەردەشتیشدا.

---

[77] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ساڵی ١٣٦٩ ه.ش . ل.پ.٩٠٧

**[وشـەی ئاتروپاتەکان شـێوازی کۆی وشـەی "ئاتروپاتان"ە، چونکە بەپێی ڕێزمـانی کوردی"ەک" نیشـــانەی نـاســـینە بۆ نـاوی کۆ ( علامـت جمع معرفە)یە کە دەکەوێت پێش"ان" بۆ نموونە کوڕان (کوڕەکان)، منداڵان (منداڵەکان)، ژنان (ژنەکان)، ئەسپان (ئەسپەکان)، شاگردان (شاگردەکان)، ئاتروپاتان (ئاتروپاتەکان)].**

ئاتروپات ناوی ئەو فەرماندە مادییەش بووکە لە سەردەمی داریۆشی سێیەمدا سەرکردایەتی سـپای ئێرانی کرد لە شـــەڕی هەولێر(ئەربیلا) لە بەرانبەر ســـپای ئەســـکەندەردا. لە دوای تێکشـکانی سـپای ئێران و سـەرکەوتنی ئەسـکەندەر، ئاتروپات گۆشـەگیری کرد و لە شـوێنی خۆی لە دەوروبەری گۆلی ورمێ مـایەوە، لە دوای ئەوەی کە ســـەرکردە یونـانییەکـان سـەرکەوتوو نەبوون لە بەڕێوبردنی ناوچەکە بۆیە لە لایەن ئەسـکەندەرەوە بە هۆی ئەوەی کە ئاتروپات پیاوێکی ژیر و لێهاتوو بووکرا بە ساتراپی ناوچەی گۆلی ورمێ، هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە دوای مردنی ئەسـکەندەر ناوچەی ژێر دەسـتەڵاتی ئاتروپات یەکەمین ناوچەی ئێرانی بووکە توانی خۆی لە ژێر دەســـتەڵاتی رومییەکان دەربێنێ و ســـەربە خۆیی خۆی بپارێزێ. ئەم ناوە هەر بە شـــێوەی ئێســـتاکەی زمانی کوردی کرا بە ئاتروپاتەکان، کە دواجار لە پارسـی کۆندا کرا بە (ئاترۆپادگان)، و لە دوای زاڵبوونی عەربەکان لە ئێراندا لە ژێر کاریگەریی عەربیدا بوو بە ئازەربایجان.

جێگای ســەرنجە کە ئێســتاهەر لەم وشــە کوردییەوە واتا ئاترپادکان لە فارســیدا وشــەی "پادگان"یان لێ داتاشیوە بۆ "سەربازگە".

**خشاسرا(خشاثرا):** وشەی پارسا شاتەر و ساوشـاتەرکە بە شاتر و شـشاتەرکوتایی هاتووە لە زمانی میتانییەوە هاتووەتە نێو زمانی مادییەوە و لە مادی (شـێوەزاری گشـتی)دا بووە بە خشاترا / خەشترا، و لە مادی شێوەزاری ئەوێستایی (مۆگی)دا بووە بە ئوشترا کە بە واتای فەرمانڕەوا و "پادشا" هاتووە، لە پاشان چووەتە نێو زمانی هەخامەنشییەوە.

**ئۆ ئارزان:** (دیاکۆنۆف ل.پ.٦٦٦)، ســەرۆکی ناوچەی ئۆکوتی. ئەم ناوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، ئۆ یان هۆ کە واتای باش ئەدات و ئارزان کە بێ گومان ناوێکی کوردییە.

**شویسر (شویثر):** (دیاکۆنۆف ل.پ ٢٣٤)، دیاکۆنۆف دەڵێ ئەم وشەیە لە ئەوێستادا بە واتای یەکەی کشـتوکاڵی (پارچە زەوینێکی کشـتوکاڵی) هاتووە. ئەمە ڕاسـتە ئەم وشـەیە لە کوردیدا ماوەتەوە (بە تایبەت لە ناوچەکانی باشووری و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک شارەزۆر

و سـنە و سـەقز) وەک "شـێو/ شـێڤ" گۆ دەکرێ و هەمان واتای زەمینی کشـتوکاڵی دەدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار ل.پ ٥٠٢).

## ئەنجامەکانی ئەم بەشە:

**وردبوونەوە لەم کۆمەڵە وشـــەگەلەی زمانیی مادییە، یەک ئەنجامەمان بۆ دەردەخات، ئەویش ئەوەیە کە ئەم وشەگەلە بە دوو شێوەزارن کە زۆریش لە یەک نزیکن.**

**- یەکەم، بەشێکی زۆر لە وشەکان بە شێوەزارێکن کە نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شـــێوەزاری کوردیی کرمانجی. کە لێرە وەک "شـــێوەزاری گشـــتیی مادی" ناوی لێ دەبرێت**

**- دووەم، ژمارەیەکی تر لە وشەکان بە شێوەزارێکن کە نزیکایەتییەکی زۆری هەیە لەگەڵ " شـێوەزاری ئایینی مادی/ مۆگی، کە ئێسـتا بە ئەوێسـتایی" دەناسرێت. ئەم وشانە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ شێوەزارەکانی کوردیی هەورامی و زازاکی و لەکی.**

لەسـەر خاڵی دووەم واتا پەیوەندیی شـێوەزاری هەورامی لەگەڵ ئەوێسـتاییدا، کێشـەیەکی وا نییە، چونکە بە بەراوردکردنی وشـــەکانی کتێبی ئەوێســـتا لەگەڵ شـــێوەزاری هەورامیدا دەکرێت ئەم ڕاسـتییە بسـەلمێندرێت. بەڵام لەسـەر خاڵی یەکەم گرفتەکان زۆرترن، بێجگە لەو وشەگەلە کە لێرە باسی لێ کرا، ئێستا نووسراوەیەکی تر لە بەر دەستدا نییە. تەنیا دەکرێ ئاماژە بە سێ بەڵگەی مێژوویی بکردرێت:

١- "درەختی ئاســـووریگ"[78]، بەیتێکی کۆنی کوردییە کە بە ڕێنووسی پەهلەویی ئەشـــکانی نووسراوەتەوە و کاتی نووسینی دیار نییە. ئەم بەیتە گەنگەشـەیەکە (مناظرە) لە نێوان بزن و دارخۆرمادا. هەر یەکەیان تێ دەکۆشێ ئەوە بســـەلمێنێ کە لە ئەوی تریان باشـــتر و بە ســـوودترە، لە ئەنجامدا بزن بە ســـەر دارخۆرمادا ســـەر دەکەوێ. ئەمڕۆکە کاتێ باس لە ئەدەب و وێژەی کۆنی جیهانی دەکرێـت، بێگومـان بـاسی بەیتی درەختی ئـاســـووریگیش دەکرێت. درەختی ئاسـووریگ بە تەنیا وتووێژێکی سـادە نییە لە نێوان بزن و داری خۆرمادا، لە ڕاســـتیدا ئەمە بەیتێکی ســـیاسی- وروژێنەر (ســـیاسی- تهیجی)ە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی دەســـەڵاتداری مـادەکان. بزن لێرەدا "خەڵکی مـاد" وێنـا دەکـات و درەختی ئاسووریگیش سیمبۆڵێکە بۆ فەرمانڕەوایی ئاشوور.

---

[78] درەختی ئاسووریگ شاکارێکی کۆنی ئەدەبی کوردی، فازڵ ئوسوڵیان

مێژووی ســـەرهەڵدانی ئەم بەیتە ناگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی ئەشـــکانییەکان بەڵکوو هین سـەردەمی مادەکان و بەوردی هی سـەردەمی دەسـەڵاتداری کەیخەسرەوە بەر لە شکسـتدانی یەکجاری فەرمانڕەوایی ئاشـوور. ئەم بەیتە دواجار لەسـەردەمەکانی ئەشـکانی و سـاسـانیدا کەوتووەتە بەر کاریگەری زمانی ئەو ســـەردەمانەوە و تووشی هێندێ گۆڕان بووە. بەڵام بە هەموو ئەم گۆڕانکاریانشـــەوە زۆر بە ڕوونی دیارە کە زمانی ئەم بەیتە کوردیی کۆنە. دەکرێ بڵێن کە زمانی ئەم بەیتە "مادی- ئەشـکانییە"، مادییە لە ژێر کاریگەرێکی زمانی ئەشـکانیدا. ئەم زمانە دەکرێ وەک زمانی "کوردیی میانی" ناوی لێ بەرین. زمانی بەیتی ئاســـووریگ هەر چەندە هێندێک شێوەی باشووری (کەڵهۆڕی/ فەیلی) پێوە دیارە، بەڵام هێشتا وەک ئەمڕۆ نەبووەتە شـێوەزارێکی سـەربەخۆ، بەڵکوو بنزاراوە (لەهجە)یەکە لە زمانی کوردیی میانی، یان بە جۆرێکی تر بڵێن زمانی کرمانجییە بە لەهجەی باشـوورییەوە، واتا هێشـتا لەو سـەردەمەدا جیاوازییەکانی زمانی کوردی نەگەیشـتبوونە ئەو ڕادەیە کە وەک شـێوەزارێکی سـەربەخۆیی باشـــووری لێ هاتبێ، بەڵکوو لەهجەیەک بووە لە زمانی کوردی. دەتوانین بڵێن کە هەموو خەڵکی کورد لەو سەردەمەدا لە زمانی ئەم بەیتە بە جوانی تێگەیشتوون.

٢- لە هەوراماندا سێ قەباڵەی کۆن دوزراونەتەوە کە هی سـەدەی یەکەمی پێش زاینن، یەکێ لەو قەبـاڵانە بێ هیچ گومـانێـک بە زمـانی مـادی نووسراوەتەوە کە کاریگەرێکی کەمی زمـانی ئەشکانی پێوە دیارە. ئەگەر ئێستاش پاش ٩٠٠ سـاڵ چاو لە شـاهنامەی فیردوسی بکرێت، دەبینرێت کە خۆێندنەوەی ئەســـتەم نییە و زمانەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ زمانی ئێســـتای فارســـیدا نییە، هەروەها ئەگەر ئێســـتاش چاو لە سرودەکانی یارســـانی کە تەمەنی هێنـدێک لەوانە لە هەزار ســـاڵ زیاترە بکەین دەبینین کە خوێنـدنەوەی ئەم سرودانە بۆ ئەوانەی کە بە شـێوەزاری هەورامی قسـە دەکەن زۆر ئاسـاییە. بۆیە زمانی ئەم قەباڵەیە کە تەنیا ٥٠٠ ســـاڵ پاش دەســـتەڵاتداری مادەکان نووسراوەتەوە ناتوانێ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زمـانی مـادیـدا هەبێ. (بڕوانە بۆ بەرگی ســـێیەم ل.پ. ٢٨-٣٩ کورتەیەک لەســـەر بەڵگەنامەکانی هەورامان).

٣- لە یەکێ لە دەســـتنووســـەکانی ئەرمەنیدا کە دەگەڕێتەوە بۆ ســـەدەی پانزدەهەمی زایینی نیایشـێکی (دوعایەکی) مەسـیحییە. ئەم دەسـتنووسـە بۆ خۆیشـی لە ڕووی دەسـتنووسـێکی کۆنترەوە نووسراوەتەوە کە گومانی بۆ دەچێ هی سەدەی دووەمی زایینی بووبێ، ئەم نیایشـە بە حەوت زمان نووسراوەتەوە کە یەکێ لەم زمانانە وەک **"زمانی مادی"** ناوی لێ براوە.

ئەم نووسراوەیە لە لایەن چەندین نووســـەری ناسراوەوە بڵاوکراوەتەوە لەوانە:مەک کنزی (D.N Mac Kaenzie)[79] و یوهن لیمبرت (John Limbert)[80] و گ. ئاســـاتریان ( G. Asatrian)[81]. ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:

**"Pakiž xude, pakiž zahm, pakiž ve marg, koy hati xače iž kir ma, řahmate ma"**

**" پاکێژ خوٚدی، پاکێژ زەخم، پاکێژ وە مەرگ، کو هاتیە خاچێ ژی کێرما، ڕاماتە ما"**

**وەرگێڕانی ئینگلیسیەکەی وەها هاتووە:**

**"Holy God, Holy Strong, Holy Immortal, who was crucified for us,show mercy to us.**

**واتاکەی بە شێوازی سۆرانی وەها دەبێ:**

**پاکە خوٚدا، پاک و بەهێزە، پاکە لە مەرگ (نەمرە)، کە تو کرای بە خاچیشـــدا بۆ ئیمە، ڕەحمەتی بۆ ئێمە.**

**(وشـــەی ڕامەت (řahmate)، کە واتای ڕەحمەت دەدا وشـــەیەکی کۆنی کوردییە، لە سانسکریتیشدا هەر وەک "ڕامەتا" هاتووە.)[82]**

ئەم دێڕە نووسراوەیە بێ هیچ گومانێک شـــێوەکەی کرمانجییە. و ئەمە دیســـانەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە شێوەزاری گشتیی زمانی مادی هەمان شێوەزاری کرمانجییە.

---

79 The Language of the Medians. D.N MacKenzie,Source: BSOAS (22), 1959, pp. 354-355. Source : BSOAS (22), 1959,

80 John Limbert, ursprung och utseende kurderna i Pre-islamiska Iran, Iranska studier, Vol. 1, No. 2, Spring 1968. 1, nr 2, våren 1968

81 Asatrian/ Iran and Caucasus 13 (2009), http://www.scribd.com/doc/37604520/Asatrian-kurds p 16 (2012-02-11)

82 Ramate: delights, Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, p 156, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

# بەشی پێنجەم

## شێوەزاری ئایینی زمانی مادی( زوانی ئەوێستایی/ مۆگی/ هەورامی)

ئەوەی کە ئەمڕۆ بە ناوی زوانی ئەوێستایی ناسراوە، لە ڕاستیدا هەمان شێوەزاری ئایینی زمانی مادییە، کە شێوەزاری هۆزی مۆگ بوو، بۆیە دەکرێ وەک شێوەزاری "مۆگی"ش ناوی لێ بنرێت. ئەوێستا بەم شێوەزارە نووسراوەتەوە بۆیە ئێستا بە ئەوێستایی ناوی دەرکردوە. زانایانی بواری زمانناسی ماوەی زیاتر لە دوو سەدەیە کە خەریکی لێکۆڵینەوەن بۆ ناسینەوە و وەرگێڕانی ئەم زمانە، لەوانە زانایانی ئەمریکی، ئۆروپی، هیندی و فارسەکان لەم بوارەدا کاری زۆریان کردووە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە باشترین دۆخی خۆیدا توانیویانە لە سەدا پێنجای (٥٠٪) ئەم زمانەی بە دروستی ساغ بکەنەوە.

**زوانی ئەوێستایی کە هەر وەک لەم لێکۆڵینەوەدا ڕوون دەکرێتەوە و دەسەلمێندرێت شێوەی کۆنی زمانی کوردیی شێوەزاری هەورامییە، یان باشترە بوترێت کە شێوزارەکانی "هەورامی، زازاکی، لەکی و شەبەک" ڕاستەوخۆ دەچنەوە سەر زمانی ئەوێستایی. لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەمەش ڕوون دەکرێتەوە کە هەورامییەکان هەمان هۆزی مۆگان/ مۆغانی مادن.**

بۆ ڕۆشنکردنەوە و سەلماندنی ئەم بابەتە وشەکانی زمانی ئەوێستایی لە سێ فەرهەنگی ئەوێستایی کە لە سێ شوێنی جیاوازدا نووسراون لێکۆڵینەوەی لێ دەکرێت و لەگەڵ وشەکانی هاوتایان لە کوردییدا بەراورد دەکرێت. ئەم سێ فەرهەنگانەش ئەمانن :

١- فەرهەنگی ئەوێستایی- فارسی بە ناوی "یادداشت های گات ها" لە نووسینی ئیبراهیمی پورداود.

٢- فەرهەنگی وشە ئاساییەکانی ئەوێستا لە نووسینی ئەوێستا زانی گەورەی هیندی کانگا.

**Dictionary of most common AVESTA words**

**Kanga Bombay, mars 1891 Kavasji Edaljee**

٣- فەرهەنگی وشەکانی بنچینەیی ئەوێستا، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی تکزاس لە ئەمریکا

**Old Iranian Online**

**Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey**

ئەم سێ فەرهەنگە لە فەرهەنگە ناسراوەکانی جیهانین. فەرهەنگی ئەوێستای پورداود لە نێو ئێرانییەکاندا ڕێزێکی تایبەتی هەیە چونکە یەکەمین وەرگێڕانی "ئەوێستایی- فارسی"یە، و ئێرانییەکان (کوردەکان، فارسەکان، لوڕەکان،بەلوچەکان، گیلەکەکان ، ئەفغانەکان و تاجیکەکان) لە ڕێگای وەرگێڕانەکانی پورداودوە لەگەڵ ئەوێستا ئاشنایەتیان پەیدا کردووە. فەرهەنگی ئەوێستای کانگا یەکێ لە باشترین فەرهەنگەکانە کە وەک سەرچاوەیەکی گرینگی زانیاریی ئەوێستا لە لایەن زۆربەی ئەوێستاناسان و زەردەشتیانی جیهانەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. و هەروەها "بەیس فورم دیکشنەری"ش، یەکێ لەو فەرهەنگانەیە کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا وەک سەرچاوەیەکی زانستی بۆ فیربوونی زمانی ئەوێستایی بە کار دێت. ئەم فەرهەنگانە لە بەردەستدایە و لەسەر ئینتەرنتە و هەموو کەسێک بۆی هەیە چاوی لێ بکات.

## کورتەیەک لەسەر ئەوێستا

"بەپێی گێڕانەوەکانی زەردەشتی ئەوێستا لە سەرەتادا لە ٢١ "نەسەك" واتا دەفتەر، پێک هاتبوو. لە کتێبی دینکرددا هاتووە کە لە سەردەمی داریوشی سێیەم پادشای هەخامەنشیدا دوو ڕوونووس (کۆپی) لە ئەوێستا هەبووە، یەکێ لەم ڕوونووسانە لەسەر ١٢٠٠٠ چەرمی گا نووسرابوو و لەشوێنێک و یان قەڵایەک بە ناوی دژنبشت لە ئەستخر پایتەختی هەخامەنشییەکان ڕاگیردرا بوو. بەشێک و یان گشت ئەوێستا لە دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەسکندەرەوە سوتێندران و لەناوچوون. بەڵام جارێکی دی لە سەردەمی "وەڵەخش"ی یەکەم پادشای ئەشکانی (٥١- ٨٠ زایینی) دەستیاندایە گردکردنەوەی ئەو بەشانەی ئەوێستا کە هێشتا هەر لە بەردستدا بوون و هەروەها نووسینەوەی ئەو بەشانەش کە هێشتا بە شێوەی دەم بەدەم لە نێو خەڵکدا مابوونەوە. لەم بارەیەوە دیاکۆنۆڤ دەڵێ: **"ئەمە خۆی نێشان دەدا کە بەشی سەرەکی ئەوێستا پێش لە هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران نووسراوە. چونکە گومانی بۆ ناچێ پاش چەرخی چوارەمی پ.ز نووسەران و زانایانی وا هەبووێ کە توانیبێتیان جارێکی تر ئەو شێوە دێرینەی زمانی ئەوێستایی بە هەمان شێوەی کۆنی خۆی ساغ بکەنەوە و بینووسنەوە، بۆیە بە ئەگەرێکی زۆر زوانێکی جێکەوتووی وێژەیی پێشتر هەبووە کە توانراوە ئەوێستای پێ بنووسن. دێرینەبوونی لە ڕادە بەدەری وتارە وێژەییەکانی ئەوێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ماوەیەکی درێژی پێویست بووە هەتا زوانی ئەوێستایی وەک زمانێکی وێژەیی گەشە بکا وپێ بگا. بە لەبەر**

**چاوگرتنی هەموو ئەمانە نووسراوە سەرەتایەکانی ئەوێستا کۆنترە لە چەرخی شەشمی پ.ز." (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٦٧).**

دیسانەوە جارێکی تر لە سەردەمی شاپووری دووەم کوڕی هۆرمز پادشای ساسانی (٣٠٩-٣٧٩ زایینی) دەستدرایەوە بە خڕکردنەوە و نووسینەوەی ئەوێستا بۆ ئەوەی کە جارێکی تر هەموو ئەو ٢١ نەسکەکەی (نسخە) ئەوێستا ساغبکرێنەوە. بەلام لەبەر هۆکاری سیاسی کە دەیانویست ئەوێستا گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکان و مرامەکانی دەستگای فەرمانڕەوایی ساسانیدا و هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوکاتە بەشێک لە مامۆستایانی ئایینی [فارسیی زمان] لە زمانی ئەوێستایی تێ نەدەگەیشتن بۆیە ئەوێستایان وەرگێڕانەوە سەر زوانی پارسیی میانە لەگەڵ کەڵک وەرگرتن و تێکهەڵکیشانێکی زۆری وشە و دەستەواژەی ئەوێستایی (کوردی). بەم جۆرە زمانێک هاتە ئاراوە کە لە ڕاستیدا زمانی ئاخاوتنی هیچکام لە هۆزەکانی ئێرانی نەبوو، بەڵام لە زمانی فارسی نزیکتر بوو، ناوی ئەم زمانە دواجار بوو بە "پەهلەوی- پارسیک" یان پەهلەوی- ساسانی.( بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بەرگی سێیەم بەشی نۆیەم).

شارەزایانی بواری ئەوێستا، دەڵێن ئەوێستا لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە سێ بەش پێک هاتبوو. یەکەم، "گاسا"کان دووەم "هات"ەکان و سوم "دات"ەکان کە هەر کامیان لە چەند دەفتەرێک پێک هاتبوون کە بە تێکڕایی ٢١ دەفتەر بوون.

- بەشی یەکەم گاساکان باسی خۆداناسی، نیایش و ستایشی ئاهورامەزدا بوون، ئەم بەشە لە کۆنترین بەشەکانی ئەوێستایە، زۆربەی ئەوێستاناسان لەو باوەڕەدان کە سرودەکانی گاساکان لە وتەکانی خۆدی زەردەشتن.

- بەشی دووەم هاتەکان کە کۆمەڵێک سرودن لەسەر ئێزەدەکان وەهەروەها ئامۆژگاریەکانی ڕەوشپاکی و ئایینی.

- بەشی سێیەم "دات"ەکان، کە بریتی بوون لە فەرمانەکانی ئایینی و دادوەری .

بەڵام ئەمڕۆ بەداخەوە لەم ٢١ دەفتەرە تەنیا پێنج دەفتەری بەجێماوەتەوە کە ئەمانن، یەسنا، ویسپەرد، یشتەکان، وردە ئەوێستا و وەندیداد.

١- یەسنا: کە بە واتای نیایش (دوعا) دێ، بریتییە لە ٧٢ "هات"، گاساکان کە دەڵێن سرودەکان و نیایشەکانی خۆدی زەردەشتن کە هەم لە باری ئایینییەوە و هەم لە باری زمانییەوە خاوەن نرخێکی تایبەتن و لە هەموو بەشەکانی تری ئەوێستا کۆنترن لەم بەشەدا جێیان گرتووە.

٢- ویســـپەرد: باسی ئەرکەکانی ئایینی و هەروەها ڕەوشـــپاکی پێشـــەواکانی دینی دەکا لە ٢٣ بەشدایە.

٣- " یەشت"ەکان: بەواتای نیایش دێ و ٢٢ یەشتە.

٤- ورده ئەوێســـتا: کە باسی ئەرکەکانی ڕۆژانە و نوێژخوێندن و پاڕانەوە دەکا، هەروەها ئەو سرودە تایبەتیانن کە لە بۆنەکاندا دەخوێندرێتەوە.

٥- وەندیداد: کە لە ڕاستیدا کتێبی "داد"ە و باسی بابەتەکانی دادوەری، فەرمانەکانی ئایینی و داب و نەریتەکانی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و کشـــتوکاڵی و ئەســـپەردەکردنی مردو و هەروەها باسی ئافرینشـــی مروڤی تێدایە. ناوی کۆنی ئەم بەشـــە **"وەی دێو دات"** بووە بەڵام لە کاتی نووسینەوەی لە سەردەمی ساسانییەکاندا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ **"وەندیداد"**.

## بەراوردکاری و لێکۆڵینەوە لە وشەکانی ئەوێستایی لەگەڵ وشەکانی کوردیدا

## یادداشتەکانی گاسەکان (فارسی: یادداشتهای گاتها):

ئەمە ناوی فەرهەنگی ئەوێســـتایی- فارسی" ئیبراهیمی پورداود"ە، چاپی یەکەم لە ســـاڵی ١٣٨١ لە تاران چاپ کراوە. پورداود زانایەکی گەورە و زمانناســـێکی بەناوبانگی فارســـە و یەکەمین کەس بووە کە ئەوێســـتای "وەرگێڕاندوەتەوە" ســـەر زمانی فارسی و لە ئێراندا وەک مامۆســـتای گەورەی زمانی ئەوێســـتایی دەناسرێت! زۆربەی ئەو کەســـانەی کە لە دوای ئەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەوێستا کردوە سەرچاوەی زانیارییەکانیان ئەم فەرهەنگەی پورداودە. **<u>لە ڕاســـتیدا لەوانەیە پورداود مامۆســـتای زمانی فارسی بێت بەڵام نە تەنیا مامۆســـتای زمانی ئەوێســـتایی نییە تەنانەت شـــاگردێکی باشـــیش نییە.</u>**
وەرگێڕانەکانی لە ئەوێســـتا نازانســـتیانە، بەکەیفی خۆی و زۆرجاران بێ بنەمایە. لە باشـــترین دۆخی خۆیدا دەتوانێ لە ســـەدا بیســـتی (٢٠٪) وەرگێڕانەکانی ڕاست بن ئەویش ئەوانەیە کە لە لێکۆڵەران و زمانەوانانی بیانی وەرگرتووە. ئەم ڕاســـتییەش ژمارەیەک لە زمانناســـانی ئێرانی پەییان پێ بردووە بەڵام لەبەر هەر هۆکارێک بێت بێدەنگی لێ دەکەن. بۆ نموونە ڕەزا موڕادی غەیاس ئابادی (رضـا مرادی غیاث آبادی) لە ســـەرەتای کتێبەکەی خۆیدا لەســـەر گاتاکانی زەڕدەشـــت (گاتهای زرتشـــت- پیشـــگفتار) دەنووسێ **"وەرگێڕانی پورداود لە گاتاکان،**

**وەرگێڕانێک نییە کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ نووسراوەکانی ئەوێستادا بەڵام دەستپێشخەرییەکەی پورداود لە وەرگێڕانی ئەوێستادا جێگای ڕێز و ستایشە"**[83].

پورداود قەت لە زمانی ئەوێستایی تێنەگەیشتووە وەرگێڕانەکانی هەمووی بە مەزەندەیە، هێندێ جار هەڵەی وای کردووە کە خوێندەوارێکی ئاسایی خوێندنگەش هەڵەی وا ناکا. **مامۆستابوونی پورداود لە ئەوێستادا ئەو مەتەڵەمان و بیر دینێتەوە کە دەڵێن" لە شاری کۆێراندا، کۆێرێک خۆی کردبوو بە چاوساغ".** لێرەدا هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری هێندێک لە وشەکانی فەرهەنگەکەی پورداود دەخرێتە بەرچاو. ناونیشانی فەرهەنگەکە ئەمەیە: **"یادداشتهای گات ها، نگارش ابراهیم پورداود- تهران ، اساطیر ۱۳۸۱".**

**خشنو (Xshnu):** (پورداود، ل.پ.٤ هاتی ٢٨ بەندی ١ یادداشتی ١٠)

ئەم وشەیە هەمان واتای خوشنۆ ئەدا لە کوردیدا، لە فارسیدا "خۆشنود"ی پێ دەڵێن.

**سوچ (Such):** (پورداود، ل.پ.٦٦هاتی ٣٠ بەندی ٢ یادداشتی ٥)

پورداود دوو واتای بۆ ئەم وشەیە داناوە، بە واتای ڕۆشنایی و هەر وها سوتان ( فارسی: روشنائی و سوختن). ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردیی هەورامییە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاردا لە ل.پ. ٤٢٣دا ئاوا هاتووە:

سوچ : بنەمای وشەی سوچان بە واتای ئاگر تێ بەر بوون( فارسی: ریشە کلمە سوچان بە معنی سوختن)

سوچا: سووتا (فارسی: سوخت)

سوچان: سوتان (فارسی: سوختن)

هەروەها لە فەرهەنگی باشووری "عەباسی جەلیلیان"دا لە ل.پ ٤٠٤دا ئاوا هاتووە:

سوچانن (súçanin): سووتانن (فارسی: سوزاندن)

سوچیان (súçayan): سووتیان (فارسی: سوختن)

سوچیا (súçya): سووتیا (فارسی: سوختە)

---

[83] http://ghiasabadi.com/zoroaster_gatha_01.html

که وابوو ئەم وشە دەقاودەق هەمان وشەیە کە لە ئەوێستادا هاتووە.

**هەزئوش (Hazaosha)**: (پورداود، ل.پ ۱۹هاتی ۲۸بەندی ۸ یادداشتی۲)

لێرەدا پورداود واتای ئەم وشـــەیە بە مەزندە دیاری کردووە، ڕوونیش نییە ئایا بۆ خۆی واتاکەی پەیدا کردووە یان لە کەســـێکی دیکەی وەرگرتووە، هەر چەند واتاکەی نزیکە لە ڕاستی وەلێ لە خۆدی وشەکە تێ نەگەیشتووە. پورداود دەڵێ وشەکە دوو بڕگەیە، یەکەم "هە" کە هەمان وشـــەی "هەم"ە، (فارسی: "هم" ). و بڕگەی دووەم "زئوش"ە کە واتای کام، مەیل و خواســـت ئەدا!؟ وپێکەوە واتای هەمکام دەدا. ئەم بۆچوونە ڕاســـت نییە، چونکە "هەم" هەموو کاتێ لە ئەوێستادا هەر وەک "هەم"[84] هاتووە نەک هە. "زئوش" لە هیچ زمانێکدا واتای کام نادات، وشـــەیەکی وا هەرهەبوونی نییە. هەزئوش (حەزوش ) وشـــەیەکی پەتی کوردییە لە شـــێوەزاری هەورامیدا لە دوو بڕگە پێک هاتووە، (حەز + ش) بڕگەی یەکەم "حەز" کە لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا هەیە، واتای (مەیل، کام، حەز و ئارەزوو) ئەدات. بڕگەی دووەمیش " ش" جێناوی لکاوی بەرکارە بۆ ســـێیەم کەسی تاک لە هەورامیدا. پێکەوە دەبێتە "حەزش".

| هەورامی | | | سۆرانی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| حەزم | حەزت | **حەزش** | حەزم | حەزت | حەزی |

که وابوو ئەم وشەیە "حەزش"ە کە واتای مەیلی، حەزی ، ئارەزووی ئەدات لە دۆخی سێیەم کەسی تاکدا.

---

[84] Ham = 'together' -- [some] --6.13
Jonathan Slocum and Scott L. Harvey,
http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02

**وائونوش (Vaunuš)**: (پورداود، ل.پ.١٩هاتی ٢٨ بەندی ٨ یادداشتی ٣)

بە قسەی پورداود ئەم وشەیە واتای خواهان ( بە کوردی خوازیار) ئەدات. و دەڵێ لە چاوگی "وەن" هاتووە کە واتای خواستن و تکا کردن (فارسی: خواهش داشتن) و ڕێزگرتن (فارسی: حرمت داشتن)، هەروەها چەندین واتای تری هێناوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە هیچیان پەیوەندیان بەم وشەوە نییە. لە ئەوێستادا وشەی بەرانبەر بە خواستن "واس/ واز، و ویستا"یە، بڕوانە (پورداود ل.پ ٣٠٠ بەندی ١٩ یادداشتی ١٠ و هەروەها پورداود ل.پ ٢٩٩ بەندی ١٩ یادداشتی ٤). لە کوردیدا هەر بە شێوەی ئەوێستایی ماوەتەوە وەک "واس/ واز، ویست" لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا، و "خواز و ویست" لە شێوەزارکانی تری کوردیدا.

بەڵام ئەم وشەیە واس/ واز نییە "وانوش"ە وشەیەکی ئاسایی هەورامییە لە چاوگی "وان" کە کارەکەی (فعل) دەبێتە "وانای"[85]، کە هەم لە ئەوێستاییدا و هەم لە هەورامیدا واتای خوێندن دەدا. وانوش واتای بیخوینەوە دەدا.( فارسی: خوانش/ بخوانش).

**زو ( Zu):** (پورداود، ل.پ.١٩هاتی ٢٨ بەندی ٩ یادداشتی ٨)

بە واتای زو یان خێرا هاتووە، لە کوردیشدا هەمان واتای هەیە. (فارسی: زود).

**بوو (Bu):** (پورداود، ل.پ.٢٦هاتی ٢٨ بەندی ١١یادداشتی ١١)

هەر بە واتای بوو و بوون هاتووە، وشەیەکی ئاسایی کوردییە. (فارسی: بودن).

**داوئی (Davoi)**: (پورداود ل.پ.٥ هاتی ٢٨ بەندی ٢ یادداشتی٢)

پورداود ئەم وشەیە وەک داوئی نووسیوەتی و دەڵێ لە چاوگی "دادن"ە واتا "دان". و دواجار چەندین واتای تری بۆ نووسیوە وەک چێکردن (فارسی: ساختن)، بەخشین (فارسی: بخشیدن)، پێ دان (فارسی: ارزانی داشتن)، ئافراندن (فارسی: آفریدن)، دانان (فارسی: نهادن)، دامەزراندن (فارسی: گماشتن)، **چاودێری و پەرستاری** کردن. پورداود زۆر واتای بۆ ئەم وشەیە داناوە کە تەنیا یەکێکی لە ڕاستییەوە نزیکە بەڵام واتای وشەکە بە تەوای ناگەینی.ئەمە ڕوونە کە وشەی دان یا داتن لە ئەوێستادا چاوگە هەر وەک کوردی، ڕەگی ئەم وشەیە هەر وەک کوردی "**دا**"یە، کە وەک کار (فعل) دەبێتە "دات یان داتا" ئەم

---

[85] بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، بێدار هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٩٧٩
هەروەها فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان ل.پ.٧١٦

وشــەیە داوێ نییە بەڵکوو **"داوی"**یە لە چاوگی **دان** کە لێرەدا سـێیەم کەسی تاکە لە دۆخی ڕابوردوودا، کە بە شــێوازی ئەمڕۆکەی ســۆرانی دەبێتە داویە / داویەتی، و فارسی: دەبێتە "دادە/ دادە است". بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن خۆدا داویە. هەر ئێسـتاکەش ئەم وشـەیە بەم شێوازە و بەم واتایە لە ناوچەکانی جۆربەجۆری کوردستاندا گۆ دەکرێ.

بەڵام لێرەشــدا پورداود وشــەی "دا / داتن"ی لەگەڵ وشــەیەکی تری کوردی/ ئەوێسـتایی تێکەڵ کردوە. ئەوێش وشـەی **"دا"**یە. ئەم وشـەیە هەم لە کوردیدا و هەم لە ئەوێسـتاییدا یەک واتایان هەیە ئەویش، پەرسـتاری کردن، ئاگالێبوون، و دڵسـۆزیکردنە. وشـەی دایك، دایە، دادالێ (دایک لە شــێوەی هەورامیدا)، دادە (خوشــکە گەورە کە ئاگای لە منداڵە بچووکەکانە)، دایان (کەسێ کە ئاگای لە منداڵی بچووکە)، داینگە (شــوێنی بەخێوکردن) هەر هەمووی لە ڕیشەی"دا" بە واتای پەرستاریکردن دارێژراون.

**تو (Tu):** (پورداود، ل.پ. ١١هاتی ٢٨ بەندی ٤ یادداشتی ١٠)

بە واتای توش و توان هاتووە. بەرانبەر بەم وشــەیە لە کوردیدا هەمان وشــەی "تاو"ی کوردییە کە واتـای تـاقەت و توان دەدا بۆ نموونە دەڵێن **تـاوەم** لێبڕاوە واتا هێز و تـاقەتم نەماوە

**وخشور (Vaxšvar):** (پورداود، ل.پ. ١٤هاتی ٢٨ بەندی ٥ یادداشتی ٦)

بە واتای پێغەمبەر هاتووە.

**دواشنگە (Dvaešňh):** (پورداود، ل.پ. ١٦هاتی ٢٨ بەندی ٦ یادداشتی ٦)

بەپێی بۆچوونی پورداود واتای شـەڕ و دوژمنی ئەدات. بەڵام ئەمە هەمان وشـەیە "دوژێن"ە لە کوردیدا.

**ڕەنجانیەتی (Rencaniti):** (پورداود، ل.پ٩٣هاتی ٣٠ بەندی ١١ یادداشتی ٥)

پورداود لە واتای ئەم وشـەیە کە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە تێ نەگەیشـتووە. ڕەنجانیەتی لە دوو برگە پێک هاتووە "ڕەنجان- یەتی" **(**Rencan-iti)، ڕەگی ئەم وشـەیە "ڕەنج"ە کە واتای ئازار و دەرد دەدا، و "یەتی" نیشانەی ناوی چاوگە هەم لە کوردی و هەمیش لە ئەوێستاییدا. ڕەنجـانیەتی واتـای دەڵێشـــان، بێزارکردن، دڵگرانکردن و کەس لە خۆ ڕەنجـانـدن ئەدات (فـارسی: از خۆد رنجـانـدن). بەڵام لەبەر ئەوەی پورداود پاشــگری "یەتی" نـاناسێ بۆیە وشــەکە دەکاتە دووبەشــەوە بەم شـێوەیە "ڕەنج- انیەتی" و دەڵێ واتای ئێش و دەرد دەدا،

ڕاسته "ڕەنج" بە مانای ئێش و دەردە، ئەی" انیەتی" واتای چی دەدا؟ هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بۆ نییە. بەڵام ڕۆشنە کە دابەشکردنی وشەکە بەم شێوەیە بە تەواوەتی هەڵەیە.

**هویەتی/ خۆیەتی ($X^viti$):** (پورداود، ل.پ٩٣هاتی ٣٠ بەندی ١١ یادداشتی ٤)

پورداود لە بەرانبەر ئەم وشەیەدا نووسیویەتی کە واتای ئاسایش دەدا، بەڵام بۆچی و لەبەر چی، ڕوون نییە! دەقی نووسراوەکەی ئاوایە:

[مرکب است از هو و ایتی، iti از مصدر ئی (i) شدن، رفتن، آمدن. بنابراین خویتی یعنی خوش روش ].

وەرگێڕانەکەی: [هویەتی پێک هاتووە لە "هو (hu) و ایتی (iti ) لە ڕیشەی "ئی ( i)" بە واتای چوون، هاتن، کە وابوو خۆیەتی واتای خوش ڕەوشت دەدا].

ئەم ڕوونکردنەوەی پورداود بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە، لە پێشدا دەڵێ واتای ئاسایش دەدا بەڵام لە دواییدا دەڵێ واتای خوش ڕوشت دەدا. لێرەدا بە ڕوونکردنەوەی ئەم وشەیە، جارێکی تر دەردەکەوێ کە مامۆستا چەندە لە زمانی ئەوێستایی پەرتە، و وەرگێڕانەکەی بنەمایەکی زانستیانەیان نییە و بەکیفی خۆیەتی.

١- ئەمە ڕوونە کە لە زمانی ئەوێستاییدا ئەگەر پاش پیتی "خ"ێ پیتی " ۆ" بێت، دەنگی پیتی "خ"ێ دەگۆردرێت بۆ دەنگێکی تایبەت لە نێوان " هـ " و"و"، بۆ نموونە خۆ دەبێتە "هو" یان خۆش دەبێتە " وەش / هۆش" لە زمانی کوردیی شێوەزاری ئەوێستاییدا (هەورامی، زازاکی، لەکی)یش هەر وایە. بەڵام پورداود لێرەدا ئەم وشەیە جارێک وەک "هۆیتی" هێناویەتی و جارێکی تر وەک " خۆیتی" بێ هیچ ڕوونکردنەویەک.

٢- پاشگری "یەتی (iti)" کە پاشگرێکی ئەوێستایی و هەروەها کوردیشە، پورداود وەک چاوگی " ئی" ناوی لێ دەبا و دەڵێ بە واتای چوون و هاتنە (فارسی: شدن، رفتن ، آمدن). هەر وەک وترا ئەمە چاوگ نییە و پاشگرە. وشەی **"ئی"** واتای هاتن دەدا نە ڕۆیشتن. "ئی" وشەیەکی پەتی کوردی و هەروەها ئەوێستاییە وەك لە کوردیدا دەڵێن **"ئی"** یان **"نای"** بە مانای دێت یان نایێت.

٣- پەیوەندی " i " لەگەڵ "iti"دا چییە؟ باشە ئەگەر بە قسەی پورداوود بێ وشەی "هو" لەگەڵ " ئی" پێکەوە واتای باش هاتن یان باش ڕۆیشتن دەدا، باش هاتن لەگەڵ ئاسایش یان خۆش ڕەوشت خۆ هیچ پەیوەندییەکی نییە.

بەڵام بۆ ڕوونکردنەوە واتای ڕاستی ئەم وشەیە ئاوایە: "هۆیەتی " لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەمی هۆ واتای "باش" دەدا لە کوردیدا (بڕوانە ل.پ.٧٣١ فەرهەنگی باشـــوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥) و بڕگەی دووەمی " یەتی" نێشـــانەی ناوی چاوگە لە کوردی و لە ئەوێســتاییدا. پێکەوە واتای "باشـیەتی" دەدا. باشـیەتی لە کوردیدا دەتوانێ زۆر واتا بگەیێنێ بۆ نموونە دەڵێن "هەموو شتێک بە باشیەتی گۆزەرا (فارسی: همه چیر به **خوبی** گذشت) دیارە لێرە باشیەتی دەتوانێ واتای خۆشی، ڕزگاری، ئاسایش، ئارامی، ڕێکوپێکی و زۆر واتای تر بدات. بۆیە دیارە پورداود بە مەزندە واتای ئەم وشەیە دیاری کردوە.

**ماتهران (Mathran ):** (پورداود، ل.پ.١٨هاتی ٢٨ بەندی ٧ یادداشتی ٥)

بە واتای پێغەمبەری و ڕابەری دینی هاتووە. ئەمە هەمان وشـــەی **"مەتران"**ی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا کە ئێستا بە ڕابەرانی ئایینی مەسیحی و بە تایبەت ئوسقۆفانی مەسیحی دەگۆترێت.( بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار ل.پ.٨٢٢).

**ویســـپا- تەوروەری(Vispa taurvairi):** (پورداود، ل.پ.١٧هـاتی ٢٨ بەنـدی ٦ یادداشتی ٧)

لە زۆربەی فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا بە واتای گشت تێکشـکێنەران/ هەموو ڕووخێنەران مانایان کردوەتەوە. پورداود دەڵێ واتای سـەرکەوتن لە ڕێ جەنگەوە دەدا (فارسی: بســتیزە چیرە شـوندە، شـکسـت دهندە دشـمنی)، دوسـتخواە لە ل.پ.١٠٧٨دا وەک **"ویســپا تەوروێری"** نووســیویەتی و دەڵێ واتـای هەمووان تێکـدەشـکێنێ/ بە سـەر هەمووان سـەردەکەوێ دەدا (همە را شـکسـت دهندە یا بر همگان پیروز). ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم ویســپە/ ویسـپا (Vispa)[86] لە ئەوێســتاییدا واتای گشـت و هەموو دەدا، ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوەزاری زازکیدا ماوەتەوە و وەک"ویسە (Vise)" گۆ دەکرێ. وشـــەی دووەم **"تەوروەری یـان تەورویری"** کە واتـای روخێنەری یـان تێکشـکێنەری دەدا، ئەم وشـەیە لە شـێوەی ناوی گوندی **" تەوریوەر"** لە ٢٠ کیلومەتری شاری سنەدا بە دی دەکرێ. لە ڕاستیدا ئەم وشەیە، وشەیەکی سەربازییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە تەور- وەری". بڕگەی یەکەم تەوەرهەمان" تەوەر" و" تەوەرزینی" کوردییە و بڕگەی

[86] vîspa [-] = 39 (n.plNA) all (pl); everything (sg); whole, entire, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

دوهەم "وەری" کە شـێوەیەکی ترە لە وشـەی کوردی "بەری" لە چاوگی وشـەی "بردن" بۆ نموونە لە کوردیدا وشـەکانی ڕەنجبەر و ڕەنجوەر یان خەبەربەرە و خەوەروەرە یان دادبەر و دادوەر هەر یەک وشـەن و یەک واتایان هەیە. تەوری- وەری" بەواتای ئەو کەسـانەیە کە تەوەر بەرن، ئەو کەسـانەی کە هەڵگری تەوەرن. "ویسـپا- تەوروەری" واتای **"گشـت تەوەربەران"** دەدا، یان بە زمانێکی سادەتر بە واتای **"دەستەی تەوربەران"**ە، چونکە تەوەر لەو سەردەمەدا چەکی سەربازی بوو.

**تەویش (Tevish): (پورداود، ل.پ.هاتی ۲۹ بەندی ۱ یادداشتی ۹)**

بە واتای زۆر و کۆشش هاتووە. لە پەهلەویدا بە شـێوەی **توخشـیشـن (Tuxshishn)**[87] وەرگێڕاوەتەوە. کە بەرانبەرەکەی لە کوردیدا وشەی **" تێکۆشین"**ە.

**گئو- داینگە (Gao- dayaňh):** (پورداود، ل.پ.۳۳هاتی ۲۹ بەندی ۲ یادداشتی ۸)

پورداود دەڵێ ئەم وشـەیە لە چاوگی " دا" بە واتای پەرسـتاری هاتووە، و واتای "چوارپا- پرور" دەدا. وشەی " **دا"** هەم لە کوردیدا و هەم لە ئەوێستادا یەک واتایان هەیە ئەویش، پەرسـتاری کردن، ئاگالێبوون، و دڵسـۆزیکردنە. وشـەی دایك، دایە، دادالێ (دایک لە شـێوەزاری هەورامیدا)، دادە (خوشـکە گەورە کە ئاگای لە منداڵە بچووکەکانە)، دایان (کەسێ کە ئاگای لە منداڵی بچووکە)، داینگە کە جێگای بەخێوکردنی منداڵی ساوایە، هەمووی هەر لە ڕیشـەی "دا" بە واتای پەرسـتاریکردن دارژاون. داینگە لە کوردیدا واتای شـوێنی ڕاگرتن و پرستاریکردن دەدات. گئو- داینگە واتای" شـوێنی ڕاگرتن و بەخێوکردنی گا" دەدات.

**سەرجین ( Sarejan):** (پورداود، ل.پ.۳۵هات ۲۹ بەندی ۳ یادداشتی ۲)

پورداود ئەم وشـەیە بە "سـەرداری" مانا کردوەتەوە، کە ڕاسـت نییە. ئەمە وشـەیەکی کوردییە، چاوگی ئەم وشـەیە "جن" یان "جنین"ە[88] بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن جن جن کردن یان ئەنجن کردن واتا پارچە پارچە کردن، بڕین، ".سـەرجین ئەمرۆکە لە شێوازی کرمانجیدا بووە بە "سەرژەن "، ( فارسی: سرزن) کەواتای سەربڕان و سەرپەڕاندان

[87] Pahlavi Dictionary, D.N. MacKenzie p 84

[88] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ. ۱۸٤، هەروەها. بڕوانە فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان ل.پ. ۳٤

دەدا. ئەمە وشـــەیەکی ئاســـاییە لە کرمانجیدا لە شـــێوەی **"ســـەرژێکرن"** کە بە واتای سەربڕینی ئاژەڵانە.

**مەشیە (Mashya):** (پورداود، ل.پ.٣٨هاتی ٢٩ بەندی ٤ یادداشتی ٦)

پورداود دەڵێ لە پارسـی هەخامەنشـیدا وەکوو مەرتیە (Martiya) و لە پەهلەویدا وەکوو مەرتوم و لە فارسیدا وەک مەردوم (فارسی: مردم) بە دی دەکرێ.

بەڵام لە کوردیدا بە تایبەت لە شـێوازی ئەوێسـتایی کوردیدا واتا لە هەورامیدا "مەشی " واتـای یەکەمین مرۆڤی پیـاو(ئـادم)ە، کە ئەهورا مەزدا لە دەنکی ریواس ئـافرانـدویـانیەتی. وهەروەها "مەشـیانا"ش یەکەمین مرۆڤی ژنە. بۆ نموونە لە یەکێ لە سرودەکانی یارسـانیدا پیرشـاریار(شـاڵیار) کە یەکێ لە ڕابەرانی ئایینی یارسـانییە لە نێوان سـاڵەکانی ١٠٠٦ -١٠٩٨ زایینیدا ئاوا دەڵێ:

یاران جە رێواس یاران جە رێواس[89]

پادشام پەیدا بی جە دانەی رێواس

**مەشیە** و **مەشیانە** بەر ئامان جە واس

پەری ئازمایی مێردان رەواس

واتاکەی:

یاران لە ریواس، یاران لە ریواس

پادشام پەیدا بووە لە دانەی ریواس

ئادەم و حەوا هەڵهاتوون (پەیدا بوون) لە دەنکی ریواس

بۆ ئەوەی ئەوکەسانەی لە ڕووەک پەیدا بوون تاقی بکرێنەوە

ئەمە دەقاودەق فەلسـەفەی پەیدا بوونی مروڤە لە ئایینی زەردەشـتیدا کە لەم هەڵبەسـتەدا تئوریزە کراوە. ( ئەم پارچە هەڵبەستە کە نزیک بە ٩٥٠ساڵ لەمەوبەر نووسراوە بەڵگەیەکی بەهێزە کە نیشـان دەدا زمانی هەورامی هەمان زمانی ئەوێسـتاییە. چونکە بە قسـەی خودی پورداود لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا بە مەشیەیان وتووە "مەرتیە"، ئەمە لە کاتێکدا کە

[89] مێژووی ئەدەبی کوردی، ل.پ. ٢٣٨ د.مارف خزنەدار ساڵی ٢٠٠١هەولێر

١٥٠٠سـاڵ پاش هەخامەنشـیيەکان لە نێو کوردەکاندا هەر وەک ئەوێسـتا بە **"مەشی"** گۆ کراوە و نووسراوەتەوە و هەتا ئێستاش لە نێو پێڕەوانی ئایینی یارسانیدا ، دەستەواژەی مەشی و مەشیانە هەر بە کار دێت).

لە یەکی لە هەڵبەستەکانی عابدینی جاف ئەم ناوانە وەک مەشیە و ماشێۆ هاتووە:[90]

ئەوسا **مەشیەی** لە خاک خۆلقان

دار و بەریشی بۆ لەقان

**ماشێوی** داهێنا لە دەنی

مەشیە لە خۆشیا پێکەنی

**دورائۆشـە (Duraosha):** (پورداود ل.پ.١٦٦یەسـنا، هاتی ٣٢ بەندی ١٤یادداشـتی ١٠)

پورداود دەڵێ ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم دورا کە هەمان وشـەی "دوور"ە و دووەم "ئوشە" کە بە واتای مەرگ و تیاچوونە، کە پێکەوە واتای "سڕینەوە لە مەرگ" یان مەرگ سڕێنەر دەدات، ( فارسی: مرگ زدای).

بەڵام ئەم لێکدانەوەیە ڕاســـت نییە، نە لە کوردی نە لە فارسی و نە لە هیچکام لە زمانە ئێرانییەکاندا "ئوشـە" واتای مەرگ و تیاچوون ناگەینێ. ئەمە وشـەیەکی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "دورا" کە لە کوردی و فارسـیشـدا هەر "دوور"ە، دووەم "ئۆشـە" کە لە وشــەی "ئێش"[91] هاتووە کە لە کوردیدا واتای دەرد و ئێش ئەدا. پێکەوە واتای **"دوورە-ئێشـە "** دەدات کە ئەم دەسـتەواژە ئێسـتاش لە کوردیدا بە کار دێت وەک دەڵێن دوور لە ئێش بێ، دوور لە بەڵا بێ. پاشــان پورداود ڕوونکردنەوەیەکی باش ئەدا بەدەســتەوە بۆ تێگەیشتن لە واتای ڕاستەقینەی ئەم دەستەواژەیە، لە هەمان کاتدا دەردەکەوێ کە بۆخۆی چەندە لە تێگەیشتنی ئەوێستا دوورە. دەقی نووسراوەکەی ئاوایە:

[ صـفت **دورئوش** در جاهای دیگر اوسـتا چندین بار از برای **هوم** آورده شـده چنانکە در پاره ٢ از یسـنا ٩ در گزارش پهلوی همان پاره این صـفت چنین تعریف شـده **" کو اوش از**

---

[90] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زایینی ل.پ ١٤٨

[91] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ٣٢

هەروەها فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل.پ ٣٩

**روان مردمان دور دارد"** این تعریف درست است در فارسی نیز میتوان آن را به دور دارنده هوش گردانید. هوش با واو مجهول بمعنی مرگ و نیستی است].

له دوای ئەم ڕوونکردنەوەش هێندێک قســەی پڕوپووچ دەکا کە شـــایانی هێنانەوە نییە، وەرگێڕانی دەقی ڕوونکردنەوەکەی بەم شێوەیە:

[ئاوەڵناوی دوورئوش (ئوشەی کردوە بە ئوش= نووسەر) لە چەندین بەشی تری ئەوێستادا بۆ **"هۆم"** هێنراوە لەوانە لە بەشی ٢ لە یەسـنا ٩ لە گۆزارشی پەهلەویدا ئابەم شـێوەیە لە سـەری باس کراوە **" کە ئوش لە ڕەوانی مەردم دوور ئەخاتەوە"** ئەم پێناسـەیە ڕاسـتە، لە فارسـیشـدا دەتوانین بیهێنینەوە بۆ دوور راگرتنی هۆش، چونکە هۆش بە "و" نادیار (مە بەستی "هش"ە= نووسەر) واتای مەرگ و تیاچوون دەدا].

ئەم ڕوونکردنەوەی پورداود هەر بۆ خۆی باشە، بەڵام لێرەدا بە دروستی ڕوون دەبێتەوە کە دەسـتەواژە " دورا- ئوشـە" یان  بە زمانی ئەمڕۆکە " دوورە- ئێشـە" لە پەیوەندی لەگەڵ خواردنەوەی **"هۆم"**دا بە کار هێنراوە، و ئەمە ڕوونە کە هۆم خوشاوێکی تایبەت بە پێڕەوانی زەردەشـتی بووە کە برِوایان وا بوو هەر کەسێ بیخواتەوە **بە دوور دەبێ لە دەرد و ئێش.** (نەک بە دوور دەبێ لە مەرگ بە قسەی پورداود).

پیرشـاریار(شـاڵیار) کە یەکێ لە ڕابەرانی ئایینی یارسـانییە لە نێوان سـاڵەکانی ١٠٠٦ -١٠٩٨ زاییندا لەسەر نۆشکردنی هۆم دەڵێ:[92]

| | |
|---|---|
| هۆمم دەرمانن، هۆمم دەرمانن | **هۆم پەی گردێ دەردو دەرمانن** |
| هۆم مایەی جوانیی بەر ئەورامانن | هۆم مایەی وەشیی دەڕوون زامانن |

لێرەدا پیرشاریار زۆر بەڕوونی دەڵێ هۆم دەرمانە بۆ گشت دەردێک، کە وابوو دەردەکەوێ کە هۆم وەک دەرمانێک بە کار هاتووە بۆ دوورخســـتنەوەی ئێش ودەرد (فارسی: درد زدائی) نەک بۆ دوورخســـتنەوەی مەرگ (فارسی: مرگ زدایی) کە دەرمانی وا هەتا ئێسـتا هەبوونی نییە.

**وەرز (Varez):** (پورداود، ل.پ.٣٨هاتی ٢٩ بەندی ٤ یادداشتی ٤)

بە واتای کردن و ئەنجامدان هاتووە ( فارسی: کردن، سـاختن، انجام دادن، گزاردن). ئەمە وشـەیەکی ئاسایی کوردییە، لە کوردیدا لە شێوەی وشـەی "وەرزێر" لە ناوچەکانی باشـووری

---

[92] فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز،  یوتوبوری ٢٠٠٩

کوردستاندا بە کار دێت، لە ڕەگی چاوگی وەرز و لە دۆخی ناوی بکەر دایە کە واتای کرێکاری کشتوکاڵی دەدا. وشەکانی وەرزش، وەرزکار، و وەڕزگاری( بە واتای کاری کشتوکاڵی) لە کرمانجیدا هەر لەم وشەوە هاتوون. وەرزکار بە واتای جوتیار جاران لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا بە کارهاتووە بۆ نموونە عابدینی جاف لە گەورەکانی یارسانی لە هەڵبەستێکی خۆیدا ئاوا دەڵێ:

وەرزکار دەبێ تۆم بکێڵێ          لە زەوی بدا چەند هێڵێ

گەنم یا جۆ بێنێتە بەر          سودی بێ لەناو ڕۆژیار

**فشوێنت (Fshuyant):** (پورداود، ل.پ.٤٢هاتی ٢٩ بەندی ٥ یادداشتی ٩)

پورداود ئەم وشەیە باش لێکداوەتەوە ودەڵێ: بە واتای شوان دێت (فارسی: شبان). لە وشەی فشو(Fshu) کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی پەسو( Pasu) کە هەر دووک وشەکە واتای ئاژەڵی ماڵی دەدەن. هەروەها دەنووسێ لە پەهلەویدا وەک شوپان هاتووە. و ڕوونی دەکاتەوە کە کەوتنی دەنگی پیتی (ف) لەسەر وشەکانی ئەوێستایی زۆر باوە، بۆ نموونە "فشەرم ( Fsharema)" کە دەنگی "ف" کەوتووە و بووە بە شەرم .

بۆ ڕوونکردنەوە زیاتر دەبێ بێژین کە ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوەی وشەی "شوان" ماوەتەوە، وشەی "پەسو"یش هەمان وشەی "پەز"ی کوردییە. وشەی فشو هەر وەک پورداود دەڵێ دەنگی "ف"ێ لێ کەوتووە، ئێستا بووە بە "شە" کە هەمان واتای پەز ئەدا. بۆۆ نموونە دەڵێن "شە"گەل واتە پەزەکان. یان "شەك"[93] کە واتای پەزی بچووک دەدا (بەرخی دووساڵان)، وشەی "شوان"یش هەر لە "شە" لەگەڵ پاشگری "وان" کە واتای پاسەوان ئەدا پێک هاتووە.هەروەها وشەی "چێودار" کە لە کوردیدا بە کەسێ دەڵێن کە ئاژەڵ بەخێو دەکا لە بنەڕەتدا وشەی " شەدار" بووە کە گۆڕان بە سەریدا هاتووە و دەنگی ش گۆڕاوە بۆ چ. وشەی شوان لە ڕێگای زمانی پەهلەوییەوە چووەتە نێو زمانی فارسییەوە و بووە بە "شبان" چونکە لە فارسیدا نە شەک هەیە و نە شەگەل. هەر ئەم وشەیە دواجار گۆڕان بە سەریدا هاتووە و دەنگی "ش" گۆڕاوە بۆ "چ" و وشەکە بووە بە چوپان.

**فراجیایتی/فرا- جیایەتی (Fra- jyaiti):** (پورداود، ل.پ.٤٣هاتی ٢٩ بەندی ٥ یادداشتی ١١)

---

[93] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ.٤٨٧

به وتەی پورداود ئەم وشـەیە واتای زیان، تێکشکان، ئاسـیب (فارسی: آسـیب، گزند، زیان، شـکسـتگی) دەدا، و دەڵێ لە چاوگی "جیا" بە واتای پیربوون، بێهێزبوون و تیاچوونە (فارسی: پیرشـــدن، کاهیدن، ناتوان گردیدن). هەروەها دەنووسێ کە لە ئەوێســتادا ئەم وشــەیە بە واتای " ژێ" (ژێ کەوان)یش هاتووە، (فارسی: زه).

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێن کە وشەی "جیا، یان جێ" هەمان وشەی " ژێ"یە لە کوردیدا کە واتای ژێ کەوان دەدا[94]. بەڵام لەســـەر فراجیایەتی بۆچوونی جوراوجور هەیە هێشـــتا واتاکەی بە ڕوونی دیاری نەکراوە. بۆ نموونە لە فەرهەنگی ئەوێستای

Jonathan Slocum and Scott L. Harvey[95]

ئەم وشەیە وەک دەرفەتەکانی ژیان یان دەرتانەکانی ژیان وەرگێردراوەتەوە.

frajyāiṯi = 'life's possibility'

بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەمە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لە سێ برگە پێک هاتووە بەمجۆرە " فرا- ژی- ایەتی".

- "فرا" کە هەر وەک باس کرا وشەیەکی پەتی کوردییە، ئاوەڵکرداری پێوانەییە واتای زۆر، گەلێک ئەدا.
- "جی" یان" ژی" وشەیەکی ئاسایی کوردییە، ڕەگی چاوگە بۆ وشەی ژین و ژیان.
- "ایەتی" پاشـــگرێکی باوی کوردییە کە دەکەوێتە پاش ڕەگی چاوگەوە و وشــــەکە دەباتە دۆخی ناوی چاوگ (اسم مصدر)، وەک ترس (ترسایەتی)، مێرد (مێردایەتی).

ئەم دەسـتەواژەیە" فرە ژیایەتی"یە واتای ژیانی هەمە ڕەنگ / ژیانی هەموو بوونەوەران (تنوع حیات ) دەدات. مامۆســـتا پورداودیش بێ ئەوەی کە واتایەک بۆ "فرا" دابنێ، و بێ ئەوەی زانیارییەکی لەسـەر پاشگری ایەتی ( iti ) هەبێت، چەندین واتای بۆ ئەم وشـەیە ڕێز کردووە وڕوونیشـــی نەکردوەتەوە کە ئاخۆ پەیوەندی ئەم وشـــەیە لەگەڵ ئەو واتانە کە ئەو بۆی داناوە لە کوێیەوە هاتوون.

**تێبینییەک لەســەر وشــەی فرا:** بەداخەوە زۆربەی ئەو کەسـانەی کە ئەوێسـتایان وەرگێڕاوتەوە بە باشی لە واتای وشـەی " فرا / فرە" تێنەگەیشـتوون. وشـەی"فرا / فرە"

---

[94] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ.٤٠٢

[95] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html (2012-12-02)

هەم لە کوردی و هەم لە ئەوێستادا واتای "زۆر، گەلێک  **(much)**" دەدا. لە ئەوێستادا بە دەیان و بگرە بە ســـەدان جار وشـــەی "فرا" هەر بە هەمان واتای "فرا/ فرە"ی کوردی هاتووە. ئەم نموونانەی خوارەوە لە فەرهەنگی کانگا هاتووە، ئەم فەرهەنگە لەبەر دەستدایە و لەسەر ئێنتەرنتە و هەموو کەس دەتوانێ سەیری بکات:[96]

Fra-stu [e] = to praise, to glorify (k538)                    **فرا- ستو**

ئەم وشــەیە لە دوو برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەم "فرا" کە ئاوەڵکردارە، و برگەی دووەم "ســتو" کە وشــەیەکی کوردییە، ڕەگی چاوگە بۆ "ســتوتن". ئێســتا لە کوردیدا زیاتر دەڵێن "ستایشتکردن" بە کار دێت، ئەم دەستەواژەیە واتای فرا ستایشتکردن، فرا ستوتن ئەدات.

Frabaraiti [fra-bar] = to carry, to bring, to use; to make use of (k367) **فرا – بارایەتی / فرە بار**

ئەمە وشــەیەکی کوردییە لە شــێوەزارەکانی هەورامی و باشــووریدا بە واتای فرە هێنان/ فرە هاوردن. ئەم دەستەواژەیە لە سێ برگە پێک هاتووە، "فرا" کە هەر وەک پێشتر باسی لێ کرا ئاوەڵکردارە واتای زۆر یان گەلێک دەدا، برگەی دووەم "بار/ بارا" وشــەیەکی کوردییە کە لە شـێوەزارەکانی هەورامی و باشـووریدا مانای "بێنە" دەدات. برگەی سـێیەم پاشـگری "ایەتی" کە تایبەتە بە زمانی کوردی و هەروەها زمانەکانی ئەوێسـتایی و سـانسـکریتی. لێرەدا مامۆسـتا "کانگا"ش تووشی هەڵە بووە و [فرا- بار] وەک چاوگ نیشان دەدات کە ئەمە ڕاست نییە.

Fradathaiti [fra-dâ]= to give; to propagate (k255) **(فرا-دا) فراداتایەتی،**

ئەم وشـەیش لە سێ برگە پێک هاتووە، ١- "فرا" کە هەر وەک باسی لێ کرا وشـەیەکی پەتی کوردییە، ئاوەڵکرداری پێوانەییە واتای  زۆر، گەلێک و فرا ئەدا. ٢- وشەی " داتا" کە هەمان وشـــەی دان، داتن و"دا"ی کوردییە  ٣- "ایەتی" کە پاشـــگرێکی تایبەت بە زوانی کوردییە. وشـەی "فرە- دا" هەمان وشـەی کوردی ( فرا- دا) بە واتای زۆری- دا، وشـەی"فراداتایەتی" واتای فرا- دان یان (زۆر- دان) دەدا.

Frateresaiti [fra-tares] = to tremble (k221)                    **فرا- ترسایەتی**

ئەمە وشــەیەکی ئاســایی کوردییە کە ئێســتاش خەڵک ڕۆژانە لە وتووێژی خۆیاندا بە کاری دێنن. لە سێ برگە پێک هاتووە، یەکەم " فرا" کە ئاوەڵکردارە، برگەی دووەمیش "ترس" کە

[96] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

هەمان وشــەی ترسی کوردییە و برگەی ســێیەمێش پاشــگری " ایەتی"یە. پێکەوە واتای فرە ترسایەتی  دەدا. لە فەرهەنگی کانگا دا وەک لەرزین، چۆکشکان یان تۆقان مانا کراوەتەوە.

Frêna = abundance, a large quantity (k356); because of; "full of"

**فرەنا:**

ئەمە وشــەیەکی ئاســایی هەورامییە، فرەنا واتای "زۆرن یان گەلێکن" دەدا، ( فارسی: بســیار است). ڕیشەی ئەم وشەیە هەمان وشەی "فرا / فرە"یە، بەڵام کانگا چاوگی بۆ ئەم وشەیە دەســتنیشــان نەکردووە. هەروەها لە بەرانبەر ئەم وشــەیە واتای " Full of" (پڕیەتی) شی نووسیوە، کە ئەمەش هەڵەیە، چونکە "پڕیەتی" هەم لە هەورامیدا و هەم لە ئەوێستایشدا دەبێتە "**پڕەنا**"، وادیارە وشەی "فرەنا"ی لەگەڵ "پڕەنا" تێکەڵ کردووە.

**واچ (Vač ):** (پورداود، ل.پ.٤٤هاتی ٢٩ بەندی ٦ یادداشتی ٢)

واچ وشــەیەکی ئاســایی هەورامییە بنە یان ڕەگی وشــەی "وتن"ە لە کاتی تێنەپەڕدا، بە واتای "بێژ"، (فارسی: گو). لە شـێوازی باشـووری (ناوچەکانی کرماشـان و ئیلام) ئەم وشـەیە وەک "وش" گۆ دەکرێ، وەک" ئەوشــم" واتا ئەڵێم، یان "بوشــە". لە کرمانجیدا ئەم وشـەیە لە شێوەی "بێژ" گۆ دەکرێت.

**چرکرتهر/ چارەکرترا (Carekerethra ):** (پورداود، ل.پ.٤٩هاتی ٢٩ بەندی ٨ یادداشتی ٥)

پورداود ئەم وشەیە بە "ئەندیشە" وەرگێڕاوەتەوە، (فارسی: بمعنی اندیشە و پندار است). و دەڵێ لە چاوگی "کار" هاتووە کە واتای ئەندیشــەکردن و یادکردنە. لە ڕاســتیدا ئەم وشــەیە لەوانەیە کە واتای ئەندیشە کردن بدات بەڵام ئەندیشـە هیچ  پەیوەندییەکی بە کارەوە نییە. ئەمە وشـــەیەکی کوردییە کە لە دوو برگە پێک هاتووە"چارە- کرترا" برگەی یەکەم "چارە (čare) کە هەمـان چـارەی کوردییە، و برگەی دووەمیش " کردرا"یە کە نـاوی بەرکارە لە چاوگی "کرتن/ کردن" بە واتای ئەنجامدرا. بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەم وشەگەلەی خوارەوە بۆ نموونە:

خواردن= خواردرا / خواریا  (فارسی: خوردە شد).

بردن = بردرا / بریا (فارسی: بردە شد)

کردن = کردرا / کریا (فارسی: کردە شد)

که وا بو ئەمە هەمان وشـــەیە **"چارەکرترا"** کوردییە، تەنیا دەنگی پیتی "ت" ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ "د" و بووەتە **"چارە کردرا"،** (فارسی: چارە کردە شد، چارە شد).

**هودم/ هودەم (Hudema):** (پورداود، ل.پ.٤٩هاتی ٢٩ بەندی ٨ یادداشتی ٨)

بە واتای شـیرین و دڵچسـپ هاتووە،( فارسی: دلپذیر،شـیرین، نغز)، بەڵام ئەم مانایە تەواو نییە. ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "هو"[97] کە واتای باش دەدات و لە کوردیدا هەر ماوەتەوە، و بڕگەی دووەم وشـــەی "دەم" کە لە کوردیدا و لە ئەوێســـتاییدا واتای "کات / گا" دەدا. کە وابوو ئەم وشـەیە واتای "دەم باش" دەدا. ( فارسی: وقت بخیر، وقت خوش).

**رود (Rud):** (پورداود، ل.پ.٤٩هاتی ٢٩ بەندی ٩ یادداشتی ١)

پورداود نووسیویەتی کە ئەم وشەیە واتایناڵین و گرین ئەدات، (فارسی: نالیدن و گریستن). ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک **"ڕۆ"** گۆ دەکرێ بە واتای شێوەن و زاری کردن دێت[98]. بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن "هەی ڕۆ" یان "هاوار و ڕۆ" کردن یان "ڕۆ ڕۆ" کردن.

**ئاسۆر (A- sura):** (پورداود، ل.پ٥١هاتی ٢٩ بەندی ٩ یادداشتی ١)

ئەم وشـــەیە بە واتای بێ زۆر و بیهێز هاتووە. لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "ئا" کە نیشانەی " نەرێنی" کردن بووە لە کوردیی کۆندا. بۆ نموونە "وار" لە کوردیدا واتای جێگا دەدا، کە بە زیادکردنی "ئا" لەســـەر وشـــەکە دەبێتە ئاوارە کە واتای بێجێگە دەدا. "نەوا" (دەرفەتی دارایی، دەرفەتی ژیان)، ئانەوا (وشـــەیەکی زازاکییە واتای بێنەوا، نەبوونی دەرفەتی ژیان دەدا). بڕگەی دووەم "سـۆر"ە، ئەمە ڕوونە کە لە کوردیدا و لە ئەوێسـتایشـدا هێندێ جـاران دەنگی "س" و دەنگێ " ز" لەگەڵ یەکتردا جێگۆڕکی دەکەن بۆ نموونەو وشـــەی " سـک و زک، سـورنا و زورنا، سـیم و زیۆ" و هەروەها سـۆر و زۆر".کە وابوو وشـەێ ئاسـۆر هەمان "ئا زۆر"ە کە واتای "بێ زۆر"دەدا.

**شین/ شەینا (Shayana ):** (پورداود، ل.پ.٥٣هاتی ٢٩ بەندی ١٠ یادداشتی ٦)

لەســەر ئەم وشـەیە پورداود ئاوای نووسـیوە، شـیەین لە چاوگی شی (shi) کە واتای جێگا، سـەرا، خانو دەدا. ئەمە زۆر ڕاسـتە، ئەم وشـەیە ئێسـتا لە کوردیدا لە شـێوەزاری کرمانجیدا

---

[97] بڕوانە ل.پ.٧٣١ فەرهەنگی باشوور ، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥

[98] بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار ل.پ.٣٤٩

هەر ماوەتەوە و واتای "دانیشتوو یان دانیشتووان ( فارسی: ساکنین) دەدا. بۆ نموونە دەڵێن **شێنیا گوندا**، یان **شێنیا باژێر** کە واتای دانیشتووانی گوندەکان یان دانیشتووانی شار دەدا.

**مان (Man):** (پورداود، ل.پ.٥٤ هاتی ٢٩ بەندی ١٠ یادداشتی ٨)

ئەم وشەیە بە واتای "مان" (فارسی: ماندن) هاتووە. وشەیەکی ئاسایی کوردییە.

**کودا (Kuda):** (پورداود، ل.پ.٥٥ هاتی ٢٩ بەندی ١١ یادداشتی ١)

کودا وشەیەکی پەتی کوردییە بە واتای کوێ (فارسی: کجا). لە کوردیدا بە چەندین شێوە گۆ دەکرێ وەک کودا / کیدەرە (کرمانجی)، کوێدا (سۆرانی)، کورە (کەلهۆڕی).

**مەز، مەزنگە، مەزن (Maz, Mazaňh, Mazan):** (پورداود، ل.پ. ٥٦هاتی ٢٩ بەندی ١١ یادداشتی ٦)

پورداود واتای (فارسی: بزرگی و بزرگواری) بۆ هەر سێ وشەکە داناوە، ئەمانە وشەی ئاسایی کوردین، مەزن لە کوردیـدا واتـای گەورە ئەدات، بەڵام مەزنگە ئەمڕۆ وەک "مەزنە" گۆ دەکرێ، ( فارسی: بزرگ اســـت). لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار ل.پ. ٨٢٨دا، ئەم وشـــانە لە پەیوەندی لەگەڵ مەزندا هاتووە: مەزناهی (گەورەیی، ســـەرۆکی)، مەزنایەتی (گەورەیی)، مەزند (گەورە)، مەزنان مەزنتر (گەورەی گەورەکان، خۆدا).

**نو (Nu):** (پورداود، ل.پ.٦١هاتی ٢٩ بەندی ١١ یادداشتی ٨)

لە ئەوێستادا بە واتای ئێستا هاتووە (فارسی: اکنون). ئەم وشـەیە لە شێوەزاری کرمانجیدا هەر ماوەتەوە کە وەک "نو، نوهە، نهو، نوکە"[99] گۆ دەکرێ.

**راتی (Rati):** (پورداود، ل.پ.٦١هاتی ٢٩ بەندی ١١ یادداشتی ١٠)

بە واتای بەخشـــش و دســـتکراوەیی هاتووە، ئەم وشـــەیە لە کۆردیدا وەک " ڕاد، ڕادی و ڕەدا"[100] ماوەتەوە، ڕاد و ڕادی وەک ناوی پیاوان و هەروەها پاشناو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە کار دێت کە واتای پیاوی ڕەشی (بەخشـــندە) دەســـتپاک و جوانمێر دەدات، بڕوانە ئەم هەڵبەستەی خوارەوە لە پیر نازداری شیرازی کە یەکێ لە پیرانی یارسانییە[101].

---

[99] فەرهەنگا کانی ، جگەرسۆز، ساڵی ٢٠٠٩ هەولێر، ل.پ ٥١١

[100] فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر٢٠٠٥، ل.پ.٣٤٦

[101] یارسان، نوسینی ئەیوب رۆستەم ٢٠٠٦ زایینی، ل.پ ١٣٧

یاران یاوەران رای هەق راسیەن

پاکی و دورستی و **ڕەدا** و خاسیەن

**ئورواز / ئوروازەمان (Urvazeman):** (پورداود، ل.پ.٦٣هاتی ٣٠ بەندی ١ یادداشتی ٧)

ئەم وشـەیە بە واتای "شادمانی و هەڵپەڕکێ" هاتووە، (فارسی: شادمانی و رامش). بەرانبەر ئەم وشەیە لە کوردیدا وشەی "**هەڵبەزە**"یە. لە ڕێگای ئەم وشەیەوە دەکرێ تا ئەندازەیەک چۆنیەتی گۆڕانی وشەکانی زمانی کوردی نێشانبدرێت. ١- لە زمانی کوردیدا زۆر جاران گۆڕان لە نێوان پیتی "ئە" و پیتی "هە" دەکرێ. لە فەرهەنگی باشووری، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٧٤٢دا کۆمەڵێک وشە هاتووە کە هەم بە "ئە" و هەم بە "هە" گۆ دەکرێن، بۆ نموونە ئەم وشانە هاتووە. هەلشێوانن (ئەڵشێوانن)، هەڵقاچین (ئەڵقاچین)، هەڵقرچیان (ئەڵقرچیان)،هەڵکردن (ئەڵکردن)، هەڵکیشان (ئەڵکیشان)، هەڵگرتن (ئەڵگرتن)... ٢- پیتی "ر" لە کوردیی کۆندا، گۆڕان بە سەریدا هاتووە و ئێستا بووە بە " ڵ ". بەڵام لە هێندێ ناوچەی کوردستاندا ئێستاش هێشتا هەر شێوازە کۆنەکەی ماوەتەوە، بۆ نموونە لە ناوچەی هەولێر ئێستاش پیتی "ڵ" وەک "ر" گۆ دەکرێ. وەک خاڵ دەبێتە (خار)، ماڵ (مار)، شاڵ (شار)، ساڵ (سار)، **بۆیە وشـەی" ئورواز" بە لە بەرچاوگرتنی ئەم گۆڕانکاریانە ئەمڕۆ بووە بە ئوڵ- واز / هەڵ- واز / هەڵ- بەز کە ڕیشەیە بۆ وشەی"هەلوەزین/ هەلبەزین" کە مانای هەڵپەڕکێ و خۆشیکردن (شادمانی) دەدات. هەروەها هەر بەپێی ئەم ڕێسایە وشەی"هورزای/ هورسای" کوردیی- هەورامی لە سۆرانیدا بووە بە "هەڵ- سا".**

**ڕۆچنگە، (Raočaňe):** (پورداود، ل.پ.٦٤هاتی ٣٠ بەندی ١ یادداشتی ٩)

ئەم وشەی لە ڕەگی "ڕۆچ (Ruč)"ە کە لە بەندی ٥ هات هاتی ٤٤ و لە بەندی ١٠ هاتی ٥٠ دیسانەوە هاتووە. پورداود واتای ئەم وشەیە بە وردی دیاری ناکا تەنیا ئەوندە دەڵێ کە وشەکانی فارسی" روز و روزنە" پەیوەندیان لەگەڵ ئەم وشەیەدا هەیە.

**لێرەدا پێویستە خاڵێکی گرینگ ڕۆشن بکرێتەوە، ئەویش دەنگی پیتی" (Ň)یە لەم وشەیەدا، کە پیتێکی تایبەت بە شێوەزاری هەورامی و هەروها ئەوێستاییە. ئەم پیتە**

**دەنگێکە لە نێوان "ن" و "گ"، نە "ن "ە و نە "گ"ە، پیتێکە کە لە نێو لوتـدا گۆ دەکرێت. بۆ نموونە وەک مانگ، شەنگ، هەنگ، تەنگ، ڕەنگ، هەنگاو، مانگا.**

ڕۆچنگە (ڕۆچنە) وشـەیەکی ئاسـایی هەورامییە و واتای کونی ماڵ بۆ ڕۆشـنایی دەدا (بڕوانە ل.پ.٣٥٠ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩). وشەی "ڕۆچ"یش لە هەورامیدا واتای ڕۆژ دەدا، هەروەها وشـــەی "ڕۆچیار"یش لە هەورامیدا کە واتای خۆر و ڕۆژگار دەدا هاوڕیشەی لەگەڵ وشەی "ڕۆچ".

**وین (Vin):** (پورداود، ل.پ.٦٤هاتی ٣٠ بەندی ٢ یادداشتی ٣)

وین بە واتای دیتن / بینن هاتووە (فارسی: دیدن). ئەم وشـەیە لە شێوەزارەکانی باشـووری و ئەوێســتـاێی کوردیـدا هەر وەک "وێن"[102] گۆ دەکرێ بۆ نموونە دەڵێن "ئەیوینم ( واتـا دەیبینم) یان چاوم ناوینت، یان چاوم وێنا ناکا. لە شـێوەزارەکانی سـۆرانی و کرمانجیدا پیتی "و" گۆڕاوە بۆ "ب"، لە جیاتی وین دەڵێن بین.

**وێر (Vira):** (پورداود ل.پ.١٢٥هاتی ٣١ بەندی ١٥ یادداشتی ١١)

پورداود لە ســەر ئەم وشـــەیە ئاوا دەڵێ: ویر بە واتای مەرد و پاڵەوان چەندین جار لە ئەوێســتادا هاتووە، هەروەها بە واتای هۆش و بیریش دێت بەڵام وەک وشــەی لەیەکدراو (مرکب).

لێرەدا پورداود دوو وشـەی ئەوێستایی کە لە هەمان کاتیشـدا وشـەی پەتی و ئاسـایی کوردین لەگەڵ یەک تێکەڵ کردوە. دیارە بۆ کەسێ کە کورد نەبێ و کوردی نەزانێ تێکەڵکردنی ئەم دوو وشـەیە سـەیر نییە. یەکەم وشـەی "وێر"[103] کە ڕەگی چاوگی وشـەی "وێران"ە کە هەم لە کوردیدا و هەم لە ئەوێستایشدا واتای نەترسی و ئازایەتی ( جسارت و شجاعت) ئەدا. بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن : ناوێرم (واتا جورئت ناکەم) یان دەڵێن پیاوێکی بوێرە ( واتا پیاوێکی نەترس و بێباکە). بەڵام پورداود واتای مەرد و پاڵەوانی بۆ ئەم وشەیە داناوە.

هەروەها وشـەیەکی تری کوردی و ئەوێستایی هەیە کە لەم وشـەیە نزیکە ، ئەوێش وشـەی "ویر"[104] یان "بیر"ە، کە واتای هۆش دەدا. ئەم وشــەیە لە شـێوەزارەکانی گشـتیی کوردیدا

---

[102] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ.٩٣٣، هەروەها فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار هەولێر ٢٠١٠ زایینی ل.پ ١٠٤٣

[103] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩ بەرگی دووەم ل.پ ٩٣٠

[104] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ ٧١٩ هەروەها هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٩٨٩ ل.پ ٩٣٠

وەک بیر گۆ دەکرێ بەڵام لە شـــێوەزارەکانی ئەوێســـتاییی کوردیدا (هەورامی، زازاکی، لەکی، شـــەبک) وەک ویر گۆ دەکرێ. ئەم دو وشـــە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، یەکەمیان وشەی "وێر"ە و ئەوی تریشیان " بیر یان ویر"ە. بەڵام پورداود هەر دووکیان دەباتەوە سەر یەک چاوگ.

**تیا (Taya):** (پورداود ل.پ.١٢٠هاتی ٣١ بەندی ١٣یادداشتی ٢)

پورداود دەڵێ ئەم وشـەیە بە واتای "دزی"یە، (فارسی: این واژه اصلا بمعنای دزدی اسـت، درگزارش پهلوی بە "نهـانـک = نهـانی" آمـده اســـت)، ئەم وەرگێڕانە هەڵەیە. هەڵەکەی پورداوە لەوەدایە کە لە مانای "نهانک" لە گۆزارەشی ئەوێســـتادا خراپ تێ گەیشـــتووە. وشـــەی "نهانی / نهانک" لە فارســـیدا دوو مانای هەیە، یەکەم بە واتای درون و ناوەوە، و دووەم بە واتـای نهێنی. پورداود واتـای دووەمەکەی هەڵبژاردووە کە هیچ پەیوەنـدییەکی لەگەڵ "تێیا" نییە. وشـــەی "تێیا"[105]وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە کە واتای "درون، ناوەوە" دەدا، و ئێســـتاش هەر بە شـــێوەی " تێیا / تێدا" بە کار دێت. بۆ نموونە دەڵێن " هیچی تێیا نەماوە/ هیچی تێدا نەماوە، یان هەرچی تێیا بوو بردیان یان دەڵێن ئاوی تێیا نەماوە، بڕوانە بۆ فەرهەنگی باشوور ل.پ.١٨٣.

**یاونگە (yâṅh):** (پورداود، ل.پ ٦٨ هات ٣٠ بەندی ٢ یادداشتی ١٠)

پورداود دەڵێ ئەم وشـەیە لە چاوگی "یاه (yâh)، هاتووە و واتای ئەنجام، یان سەر ئەنجام و ڕۆژی ڕســتاخێز (پەســلان، ڕۆژی هەڵســانەوەی دوای مەرگ) دەدا. هەروەها دەنووسێ کە یاونگە لە ئەوێستادا وشـەی چاوگە بە واتای " کەمەر بەسـتن" هاتووە، دەقی فارسـییەکەی ئاوایە:

[ یآونگە "yâṅh" ( = یاه yâh) نیز در اوسـتا مصـدر اسـت بمعنی کمربسـتن. بجلد خرده اوستا، گزارش نگارنده، ص٦٣ نگاه کنید].

پورداود ڕوون ناکاتەوە چۆن و لە کۆێ ئەم واتایە بۆ وشەکە دۆزیوەتەوە!

ئەمە وشـەیەکی هەورامییە لە ڕیشەی" یاوا" بە واتای گەیشتن کە دەتوانێ مانای ئەنجامیش بدات. لە فەرهەنگی وشـــەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەوڵێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ.١١٢٤، لەسەر مانای ئەم وشەیە ئاوا هاتووە:

---

[105] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ. ١٨٣

یاوای ونه: پێگەیشتن، گەیشتنە لا (فارسی رسیدن، رسیدن بە، " انجام، سرانجام).

یاوایەنە: تێگەیشتن. لێ تێ گەیشتن.

یاوا/ یاوێ: گەییو، پێگەیشتوو (فارسی: رسیدە)

یاوایێ: گەیین، پێگەیشتن (فارسی: رسیدن)

**مز (Maz):** (پورداود، ل.پ ٦٨ هاتی ٣٠ بەندی ٢ یادداشتی ١١)

واتای گەورە دەدات، لە کوردیدا لە شێوازی کرمانجی و زازاکییدا وەک "مەزن" ئێستاش بە کار دێت، جاران لە هەمووشێوەزارەکانی تری کوردیدا کاری پێ کراوە بۆ نموونە لە دەستەواژەی "مناڵ و مەزن" بە دی دەکرێ، وەک دەڵێن " لەوێ زەماوەندە پڕێەتی لە مناڵ و مەزن".

**پئوئورویە (Paouruye):** (پورداود، ل.پ٦٩هاتی ٣٠ بەندی ٣ یادداشتی ١)

پورداود لەسەر ئەم وشەیە نووسیویەتی کە "ئاوەڵکرداری کاتی/ دەمی"یە ( فارسی: از ظروف زمان است). ئەم وشەیە بێ گومان پەیوەندی هەیە لەگەڵ وشەی کوردی " پێر" بۆ نموونە پێر یان" **پێرەرۆ**" (فارسی: پریروز)، پێرار، یان" **پێرارۆ**" کە لە هەورامیدا واتای "لە پێرارەوە" دەدات (فارسی: از پارسال).

**فرا- واچ ( Fra- vač):** (پورداود ل.پ ٢٠٢-٢٠٣ یەسنا، هاتی ٣٤ بەندی ١٣ یادداشتی ٢)

ئەمە وشەیەکی پەتی هەورامییە، "فرا/ فرە" لە کوردیدا واتای زۆر، گەلێک، ئەدات. و"واچ"[106] واتای "وتن/ وێژ/ بێژ " ئەدات لە هەورامیدا. فرا- واچ واتای زۆری وت، فرەی وت دەدا. پورداود دەڵێ کە واچ بە واتای وتن دێت (فارسی: گفتن) بەڵام لەبەر ئەوەی واتای "فرا" نازانێ دەڵێ واتای "فراگفتن" دەدا. فراگفتن لە فارسیدا واتای لە هەورازوە وتن/ لە سەرەوە وتن، لە پێشدا وتن دەدات. کە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەم وشەیەوە نییە. ئەوەی کە پورداود وەک (جزء فرا) ناوی لێ دەبا کورتکراوەی وشەی "افراز"ە کە واتای بەرزی دەدا. کە لە کوردیدا بە شێوەی ئەوراز (کرمانجی) و هەوراز(سۆرانی) گۆ دەکرێ. و ئەم وشەیە (افرا) هیچ پەیوەندی بە وشەی "فرا/ فرە"ی کوردی و ئەوێستاییەوە نییە.

---

[106] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ ٦٩٣

**ئەرژجی ( Erežeǰi):** (پورداود، ل.پ.٧٣هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٨)

پورداود ئەم وشەیە وەک "ئەرژجی" هێناوە هەر چەند گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچێ کە "ئەرژ-ژی" بێت .پورداود ئەرژ(Ereže) هەر بە ئارش و ئارشیە کە واتای پاک، ڕاست و دادپەرور دەدا دەزانێ، بۆیە ئەم وشەیە وەک " پاک- ژی" مانا کردووەتەوە. بەڵام وشەی ئارەش و ئەرژ دوو وشـــەی جیاوازن و نابێ تێکەڵ بکرێن. ئەرژ- جی لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەمی ئەرژ یان ئەرج واتای نرخ و ئەرزش دەدا، ئەم وشـــەیە لە کوردیدا بەتایبەت لە ناوچەکانی شـارەزۆر و هەورامان و سـنە و کرماشـاندا ماوەتەوە بەڵام چونکە ئەرژ دەنگێکی گرانە و گۆکردنی سەخڵەتە، بۆیە پیتی "ر"ی لێ کەوتووە و ئێستا وەک "ئەژ" گۆ دەکرێ بۆ نموونە دەڵێن ئەو ئەســپە چەندێک ئەژێ (واتا نرخی ئەو ئەســپە چەندە)، یان دەڵێن ئەو کچە چوار کوڕ ئەژێ (واتا ئەو کچە چوار کوڕ دینێ). ئەژ هەمان وشـەی "ئەرج و ئەرژ"ی ئەوێســتاییە. بڕگەی دووەمی وشـــەکەش "جی / ژی"ش هەمان ژی کوردییە کە ڕیشــەی وشــەی ژین و ژیانە. کە وابوو "ئەرژجی" هەمان وشــەی (ئەرژ- ژی/ ئەژ- ژی)یە کە واتای ئەرزشمەند بژی، ئەرجمەند بژی، بەئەرژ بژی دەدات.

**هـۆ- دا (Hu-da)، دوژ- دا (Duš-da):** (پـورداود، ل.پ٧٤هـاتی ٣٠ بەنـدی ٣یادداشتی ٩)

ئەم دوو وشـــەیە واتای "باشی دا و خراپی دا" ئەدەن. پورداود واتای نیک ئەندیش و بەد ئەندیش یان نیکخواز و بەدخوازی بۆ ئەم دوو وشەیە داناوە. "هو- دا " وشەیەکی کوردییە، چونکە "هو" لە کوردیدا واتای باش دەدا (بڕوانە فەرهەنگی باشـــوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر٢٠٠٥، ل.پ.٧٣١) و "دا"ش وشەیەکی ئاسایی کوردییە.

لێرە باسی ڕاســتی و ناڕاســتی واتای ئەم وشــەیە ناکەین، بەڵام مامۆســتا پورداود بۆ ڕوونکردنەوەی وشــەی "دا" ئاماژەیەکی بچووکی بە زمانی کوردی کردووە کە هەڵوێســتی بەرانبەر بە زمانی کوردی و هەر وها ناشـــارەزابوونی لە زمانە ئێرانییەکان دەردەخات. دەقی نووسراوەکەی ئاوایە:

[ لەســەر وشــەی "دا" بۆچوونی جیاواز هەیە، هێندێ کەس پێیان وایە لە چاوگی "دا" بە واتای زانینە (فارسی دانســتن). بەڵام لە هاتی ٢٩ بەندی ١١ یادداشتی ٤ دەردەکەوێ کە لە ئەوێستادا "زان"(zan) بە واتای (دانستن)ە، لە فارســی هەخامەنشــیشــدا "دان" (Dan) یان ادانا (Adana)"یە هەر وەک ئەوەی کە لە نووسراوە بەردینەکانی داریوش لە بێســتوندا هاتووە. لە کوردیدا

که یەکێ لە لەهجەکانی ئێرانییە "زانم" لە باتی "دانم"ی فارسییە. لە وشەکانی **فرزان و فرزانە** کە وتمان بە واتای "دانش و دانا"یە هەر لەم چاوگەوە هاتوون لەگەڵ پاژی فرا (فارسی: با جزء فرا)].

ئەم چەند دێڕە قسەی زۆر هەڵدەگرێ بەڵام لێرەدا بە کورتی هەڵەکانی دەخەینە بەر چاو.

یەکەم: کوردی وەک یەکێ لە لەهجەکانی زمانی ئێرانی دادەنێ، پرسیار ئەمەیە زمانی ئێرانی کامەیە کە کوردی لەهجەیەتی؟ زمانەکانی ئێرانی هەیە کە کوردیش و فارسیش سەر بەو زمانانن، بەڵام زمانێک بە ناوی ئێرانی هەبوونی نییە. پورداود زۆر زیرەکانە ئەم دەستەواژەیە بۆ زمانی کوردی هەلبژاردووە، چونکە ئەو وەک زمانەوانانی دیکەی فارس ئەوندە ناشارەزا نییە، دەزانێ ئەگەر بێتو بێژێ زمانی کوردی لەهجەیەکی زمانی فارسییە، ئەوجا دەبێ هەر هیچ نەبێ لە سەدا هەفتای زمانی کوردی تێ بگا بۆیە هەڵەی وا ناکا، دەستەواژەکە دەگۆڕێ دەیکا بە ئێرانی تەنیا بۆ ئەوەی بە کوردی نەڵێ زمان.

دووەم: زانایانی بواری زمانەوانی بۆ جیا کردنەوەی زوانە ئێرانییەکانی بەشی ڕۆژئاوا، پێوەرێکی سەرەکیان داناوە ئەویش گۆڕانی پیتی "ز" و پیتی "د"یە. واتا ئەو شێوەزارانەی کە لە وشەکانیاندا پیتی "د" گۆ دەکەن دەکەونە بەشی باشووری ڕۆژئاوا و سەر بە زمانی فارسین، و ئەوانەش کە پیتی "ز"ێ لە هەمان وشەگەلەدا لە جیاتی "د"ێ بە کار دینن دەکەونە بەشی باکووری ڕۆژئاوا و سەر بە زمانی کوردین. بۆ نموونە:

فارسی: ١- دان/ دانا ٢- دەریا ٣- داماد ٤- دل ٥- بلند ٦- گونبد/ گومبد

کوردی: ١- زان/ زانا ٢- زەریا[107] ٣- زاما / زاوا ٤- زەرێ[108] (زازاکی)، زیڵ[109] (هەورامی) ٥- بەرز ٦- گۆمەز

ئەوێستایی: ١- زان / زانا ٢- زەرێ/ زەریا ٣- زاماد ٤- زەری/زەردی ٥- بەرزا/ بەرز ٦- ...؟

خۆ ئەگەر بێتو ئەم پێوەرەش لەبەر چاو بگیردرێت ئەوا زمانی ئەوێستایی سەر بە زمانی کوردییە نەک فارسی.

---

107 هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ.٣٧٨

108 Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag l.p 530

109 فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل.پ. ٣٨٢، هەروەها فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی-کوردی، بێدار هەولێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ ٥٦٧

سـێیەم: لەسـەر وشـەکانی "فرزان و فرزانە"ش دیارە ناشـارەزا بوونی خۆی هەم لە زوانی ئەوێسـتایی و هەم بە قسـەی خۆی لەهجەی ئێرانی (زوانی کوردی) دەردەخات. پورداود لە واتای وشـەی "فرا" کە ئاوڵکرداری پێوانەییە ( قید مقدار) تێ ناگا و هەر جارەو واتایەکی سـەیری بۆ دەدۆزێتەوە کە لێرەدا دەڵێ پاژە (جزء)، باشـە ئەم پاژە بۆچییە، چی دەگەیێ؟ "فرا" وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە واتای زۆر، گەلێک دەدا. وشەی "فرزان" کە لە فارسیدا واتای (خیلی- دانا) ئەدات، لە کوردیدا وەک "فرە- زان" گۆ دەکرێ کە باری نەرێنی هەیە بە واتای کەسێک دێت کە زانیاریی و زیرەکی خۆی بە شێوەی خراپ بە کار دێنێ. بەڵام وشەی "فرا- زانا" کە چووەتە نێو زمانی فارسـییەوە و وەک "فرزانە" بە کار دێت واتای کەسـێک دەدا کە زۆر زانایە، زۆر هۆشمەندە، ئەم وشەیە باری ئەرێنی هەیە.

**چوارەم: بە قسـەی خۆدی پورداود لە نووسراوەبەردینەکانی داریوشـدا و لە سـەردەمی هەخامەنشـیشـدا لە باتی زان ئەم وشـەیە وەک "دان" یان "ادانا" گۆکراوە کە چی لە زمانی کوردیدا لەپاش ٢٥٠٠ ساڵ زان هەر وەک ئەوێستا زان گۆ دەکرێ.**

**هونەر(Hunara):** (پوورداود، ل.پ٧٦هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

هەمان وشـەی هونەری کوردییە، لە فارسـیشـدا هەر هونەرە. ئەم وشـە جارێکی تر لە ل.پ.٢١٤ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ٥ یادداشتی ٦ هاتووە.

**دوشیتی/ دوشیەتی (Dushiti):** (پورداود، ل.پ٧٧هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

دوژیەتی، بەواتای بەدی و دژایەتی هاتووە، (خراپیەتی، بەدایەتی)، وشـەی دوژین (جوین، خوەسن)ش هەر لەم وشەیەوە هاتووە.

**دوژ- واچنگە (Duživačaňh):** (پورداود، ل.پ.٧٧هاتی٣٠ بەندی ٣ یادداشتی٩)

بە واتای بەد وتار (فارسی: بد گفتار) هاتووە، ئەم واتایە هەر چەند نزیکە لە ماناکەی بەڵام ورد و تەواو نییە."بەد گوفتـار" لە ئەوێسـتـاییـدا دەبێتە "دوژ- واچ". ئەمە وشـەیەکی هەورامییە، دوژ و دوش بێجگە لە واتای "دژ" ( ضـد، مخالف) بە واتای بەدی و خراپیش دێت، وەک وشـەی دوژین کە واتـای قسـەی خراپ و دوژمنانە ئەدات. دوژ واچنگە وشـەیەکی هەورامییە کە ئەمڕۆکەی وەک "دژ واچەنێ" گۆ دەکری کە واتـاکەی دەبێتە "خراپ دەڵێن/ دوژمنانە دەڵێن". (فارسی: بد میگویند/ خلاف میگویند).

**دوژ- جیاتی (Duž- jyaiti):** (پورداود، ل.پ.٧٧هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

واتای "دوژ- ژیایەتی (دژ- ژیایەتی)" ئەدا لە کوردیدا یان بە جورێکی تر واتای ژیانی خراپ دەدا.

**دوشیەتی (Dushiti ):** (پورداود، ل.پ.٧٧هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

پورداود وەک ماڵباتی بەد، خانەدانی بەد وەرێگێڕاوەتەوە (فارسی: خان ومان بد). بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وشەیە قەت باسی خانەدان و خانومان ناکا، ئەمە هەمان وشەی کوردی "دژیەتی"یە، (فارسی: ضدیت/ مخالفت).

**دوژ- دیئنا(Duždaênâ):**(پورداود، ل.پ.٧٧هاتی ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

ئەم وشەیە وەک بەد دین مانا کراووەتەوە، (فارسی: بد دین). بەڵام گومانی زیاتر بۆ ئەوە دەچێ کە هەمان واتای "دژ دین"ی کوردی ڕاستتر بێت.

**فەڕائۆرت (Faraoret):** (پورداود، ل.پ٨٣ هاتی ٣٠ بەندی ٥ یادداشتی ٣)

پورداود دوو واتای بەو ئەم وشەیە داناوە کە هیچیان ڕاست نین، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەم وشەیەدا نییە. یەکەم دەڵێ بە واتای " لە ڕووی بیرو باوەڕەوە" و دووەم دەڵێ بە واتای " بە خۆشی و بە کام و ئارەزووی دڵ". بەڵام ئەمانە ڕاست نین و هیچ بەڵگەێکیشیان لە پشت نییە، فەرائۆرت "ناو/ نازناو"ە ناوی یەکێ لە پادشایانی ماد و هەروەها ناوی باوکی دیاکۆ بووە ( بڕوانە دیاکۆنۆڤ ل.پ ٤٨٤). هەر وەک پێشتر ڕوون کرایەوە ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، فەڕا کە هەمان وشەی فەڕی کوردییە، پیتی " ا" لە پاش وشەکانی مادی لە دوای سەردەمی هەخامەنشییەکان ئێتر لە پاش وشەکان کەوت، بۆیە فەڕا بوو بە فەڕ. وشەی "ئۆرت"یش کە هەمان "یورت"ی هەورامییە کە واتای ڕەوان دەدا، لە بەشەکانی پێشوودا بە وردی باسێ لێ کرا، فەڕائۆرت واتای ڕۆحی شکۆدار یان ڕەوانی بەفەڕ دەدا.

**پرس (Pares):** (پورداود، ل.پ.٨٤هاتی ٣٠ بەندی ٦یادداشتی ٣)

بە واتای پرس و ڕاوێژ کردن هاتووە، وشەیەکی ئاسایی کوردییە، هەمان وشەی "پرس" و پرسکردنە لە کوردیدا.

**کر (kr):** (پورداود، ل.پ.٨٨ هاتی ٣٠ بەندی ٩یادداشتی ٤)

به واتای کردن هاتووه، (فارسی: کردن). ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە لە شـــێوازی کرمانجیدا کە هەر بەم شـــێوەیە گۆ دەکرێ، (کر) ڕەگی چاوگە و لە دۆخی چاوگدا دەبێتە "کرن".

**سو (Su):** (پورداود، ل.پ.٩٤هاتی ٣٠ بەندی ١١ یادداشتی ٨)

به واتای ســـوو، قازانج (فارسی: ســـود) هاتووە. وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە، هەمان واتای هەیە لە کوردیشدا.[110]

**ئەیش (Aiŝ):** (پورداود، ل.پ.٩٨هاتی ٣١ بەندی ٢ یادداشتی ٦)

پورداود دەڵێ ئەم وشـــەیە واتای "لەم ڕووەوە"، " لەبەر ئەمە" و "چون" دەدا ( فارسی: از اینرو، باین خاطر، چون). بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وشـەیەکی کوردییە کە لە شێوازی کوردیی باشـــووریدا ئێســـتاش هەر ماوەتەوە وەک "ئەیەش"[111] گۆ دەکرێ. کە مانای ئەمەش (سۆرانی) و ئەوەژی (کرمانجێ) دەدا، (فارسی: اینهم).

**ئاتهر، ئاتر (Atar, Athr):** (پورداود، ل.پ.٩٨هاتی ٣١ بەندی ٣ یادداشتی ٣)

ئەم وشەی بە واتای ئاگر یان ئاوەرە. بەڵام لە کوردیی کۆندا "ئاتر"یشی. پێ وتراوە بۆ نموونە لەو هۆنراوە کۆنەی هەورامییەدا کە بە هورمزگان ناسراوە:

هورمزگان رمان، **ئاتران** کوژان وێشان شاردەوە گەورەی گەورەکان

واتا هورمزگەکان رمان، ئاگرەکان کوژانەوە...

**ئە- ڕەشی ( Ereshi):** (پورداود ل.پ.١٠٦هاتی ٣١ بەندی ٥ یادداشتی ٦)

بە قســـەی پورداود لە واتای ئەم وشـــەیە جیاوازیی بۆچوون هەیە، لەوانە بارتۆلۆمە[112] پێ وایە کە واتای ڕەشک (حەسودی، بەخیڵی)، دەدا، پورداودیش هەر ئەم واتایە لا پەسەندە. بەڵام ئەم واتایە ڕاســـت نییە بەڵکوو بە مەزەندە بۆی دۆزراوەتەوە. لە ڕاســـتیدا شـێوەیەکی تری ئەم وشـەیە لە کوردیدا هەر ماوەتەوە و ئێسـتاش لە ناوچەکانی باشـووری کوردسـتاندا وەک شـارەزوور و هەورامان وکامێران و گوندەکانی دەوروبەری سنە و لەیلاخ و کرماشـان بە کار دێت. ئەویش وشـــەی **"ڕەشی"**یە کە واتای بەخشـــندە و دەســـتبڵاو و ســـەخاوتمەند

---

[110] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩ ل.پ.٤٢١

[111] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل.پ. ٣٨

[112] Bartholomae

دەدا."ئا" نیشـــانەیەکە بۆ نەرێنیکردن لە زمانی کوردیی کۆندا، کە وابوو ئا- ڕەشی (ئەڕەشی) واتای **"نابەخشـنده / ڕژد"** دەدا، کەسێ کە بەخشـندە نییە، کەسێ کە دەسـت قووچاوە (فارسی: خسیس). **ڕژد و ڕەشی** دوو دەستەواژەی دژبەرن لە کوردیدا.

**خواتهر:** (پورداود ل.پ.٧هاتی ٢٨ بەندی٣ یادداشـــتی ٩ و هەروەها ل.پ.١٠٨هاتی ٣١ بەندی ٧ یادداشتی ٢).

پورداود لە ڕوونکردنەوەی ئەم وشـەدا تووشی هەڵەیەکی سەرسوڕهێنەربووە. هەڵەیەک کە بۆ کەسێکی وەکوو ئەو جێگای داخە، لە پێشدا دەقی فارسییەکی دەخرێتە پێش چاو، دوایش وەرگێڕانە کوردییەکەی دێت. دەقی فارسییەکەی **[بجای فردوس خواتهر آمده، در فارسی خوار گوییم بمعنی آســانی و گشــایش و فراخی و ئاســایش و رامش و خوشی اســت. خواتهر ( Xᵛathra) از واژه هو و آتهر(دم، نفس) آمیزش یافته. دوژ آتهر یعنی دشخوار یا بسختی دمزدن و یا برنج بودن. خواتهر بمعنی فردوس بدین اعتبار است که در آنجا دم خوش توان برآوردن و در گشایش و فراخی زیستن].**

کورتەی وەرگێڕانەکەی ئاوایە:لە جیاتی بەهەشـت خواتهر هاتووە، لە فارسـیدا دەڵێن خوار بە واتای ئاســانی و گۆشـایش و فەراخی و خۆشی و خۆش ڕابواردن. پاشـان ئاماژە بە کتێبی (مجمل التواریخ) دەکا ل.پ.٥١ و دەڵێ لەوێدا بە واتای ئاســانی، گۆشـــایش، خۆشی، دڵ فەراخی و خۆش ڕابواردن هێنراوە. دوای لە ل.پ ١٠٨دا دەنووسێ کە لە چەنـد دەقێکی ئەوێســـتادا لە جیاتی فێردەۆس (بەهەشـــت) هاتووە، ولە دوایدا چەندین واتای تری بۆ داتاشـــیوە و دەڵێ ئەم وشـــەی لە چاوگی هۆ (فارسی: خوب) لە گەل وشـــەی ئاتهر پێک هاتووە. دیسـانەوە ئەم وشـە دەباتەوە سـەر چاوگی خوان بە واتای دروشـانەوە و هەروەها چەنـدین چـاوگی تریش هەڵـدەدا، بە کورتی قســەی بێ ســەروبەر دەکـا. بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە کە لە کتێبی (مجمل التواریخ)دا هاتووە واتای ڕاسـت و دروسـتی وشـەکە دەگەینێ.

لە پێشـدا باشـتر وایە ئەوە ڕۆشـن بکرێتەوە کە ئەم وشـەیە خواتهر نییە، و ناشـتوانی بێ. چونکە لە ئەوێســـتاییدا پیتی"خ" ئەگەر بکەوێتە پێش "و" گۆ ناکری و دەگۆڕدرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان "هـ" و "و"دایە کە لە زۆربەی فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا وەک "Hu/Xv" نیشـــان دەدرێ بۆ نموونە: خۆ(هۆ)، خۆەر(هۆەر)، خۆش (هۆش)... لە هەورامیشدا هەر وایە. کە وابوو ئەم وشە دەبێ "خاتهر" بێ.

خاتهر(خاتر) وشـەیەکی رەسـەن و ئاسایی کوردییە، کە زۆر بە جوانی لە شوێنی خۆیدا بە کار دێت. ئەم وشـەیە ئەمڕۆ لە هەموو شـێوەزارەکانی کوردیدا و تەنانەت لە فارسـیشـدا هەر ماوەتەوە و چەندین مانای جۆراوجۆر دەگەیێ، لەوانە :

- بە واتای **ڕازی و ڕەزایەت،** وەک دەڵێن " لەبەر خاتری [رضـایت] خۆدا یارمەتی بکە / لەبەر خاتری من وازی لێ بێنە.
- بە واتای **ڕێزگرتن و ڕێزلێنان،** "هاتن بۆ لام زۆر خاتریانم گرت/ خاتری گرتین بە هەرزان پێ فروشتین".
- بە واتای خۆشـەویسـتی، " **زۆر خاتری ئەوکچەم دەوی/ خاترخوایم** (خۆشـیم دەوی)/ **خاتر خوامە** (خوشمی دەوی)/ **خاترخواکەی** (خۆشەویستەکەی).
- بە واتای ئاسـودە و دڵنیابوون، بڕۆ **خاتر جەم بە** (ئاسـودە بە)/ **خاترجەم نیم لێ** (دڵنیا نیم) / **خاتر جەمی کردین** (دڵنیای کردین).
- خاتر لە شێوەزارەکانی کرمانجی و زازاکیدا دەستەواژەیەکە لە جیاتی وشەی (bye) ئینگلیسـی/ (خدا حافظ)ی فارسی بە کار دێت. واتا مروڤ کاتێ شـوێنێک بەجێ دەهێڵێ دەڵێ **"خاترێ تە/ خاترێ وە"** واتا ئەوە من ڕۆیشـتم، خۆشی، خۆش ڕابواردن، ئاسـودەیی بۆ تۆ یان بۆ ئێوە بێ، یان دەڵێن **" بچوو خاترێ خۆ بخۆازە"** واتا بچوو ئارەزووی خۆشی وئاسـودەیی و ئارامشـیان بۆ بخۆازە. ئەم وشـەیە لە فارسـیشـدا هەیە، جاران بە زۆری لە فارسـیشـدا بە کار دهێنرا، بەڵام ئێسـتا لە هێندێ ناوچە و لە گوندەکان دا گۆ دەکرێ، بۆ نموونە دەڵێن (خاطر خواتم) یان (خاطر شـما را خیلی میخوام) واتا من تۆم خۆش دەوێ، من ئاسـودەیی و خۆشی تۆم دەوێ. لە لایەکی تریشـەوە خۆدی پورداود دەڵێ لە ئەوێسـتادا لە جیاتی بەهەشـتیش بە کار هێنراوە، ئەمەش ڕوونە کە وشـەی بەهەشـت یان وەهەشـت واتای باشـترین ئەدات، کە وابووکاتێ کە دەبێژن خاترێ تە یان خاترێ وە، واتای ئەوە دەگەیێ کە باشترینت یان خۆشترینت بۆ ئارەزوو دەکەم.

کە وابوو لێرە ڕوون دەبێتەوە کە مامۆستا پورداود لە واتای وشەکە تێ نەگەیشتووە، وشەی "هو و ئاتهر" لە کوێ و خاتر لە کوێ!

**تاش، تاشان (Tashan,Tash):** (پورداود ل.پ.١١٢هاتی ٣١ بەندی ٩ یادداشتی ٢)

(فارسی: یعنی سازنده، آفریننده از مصدر"تاش"، تراشیدن و بریدن و ساختن و آفریدن). وشـەیەکی ڕەسـەن و ئاسـایی کوردییە لە ریشـەی تاش، لە دۆخی چاوگە وەک تاشـین و

تاشـــان[113] بەکار دەبرێ. لەکوردیشـــدا هەر وەک ئەوێســـتا چەندین واتا دەگەیێ لەوانە ئافراندن و دروسـتکردن وەک پەیکەر تاشـین، وشـە تاشـین، درۆتاشـین. وشـەی تاشـەر کە ناوی بکەرە لە کوردیدا، لە ئەوێسـتاشـدا هەر وەک تاشـەر[114] هاتووە. هەروەها وشـەی داتاشـۆ کە بە هەورامی واتای دەیتاشێ/ دایدەتاشێ دەدا هەر بە هەمان واتای کوردییەکەی لە ئەوێستایشدا هاتووە. (بڕوانە کانگا دیکشنەری)[115]

**دوشیەتی ( Dushiti ):** (پورداود ل.پ.١٣٢هاتی ٣١ بەندی ١٨یادداشتی ٥)

پورداود چونکە پاشگری "یەتی" ناناسی وشـەکە ئەکا بە دوو بەشـەوە "دوش- شیتی" ودەڵێ واتـای وێرانی دەدا، کە ئەمە زۆر ســـەیرە! چون ئەگەر وەهـا بێ کە پورداود دەڵێ خۆ دەبێ وشـەکە بە شـێوەی "دوشـشـیەتی Dushshiti" نووسرا بای. ئەم وشـەیە لەدوو بڕگە پێک هاتووە. یەکەم وشەی دوش یان دژ کە و واتای (ضد و مخالف) دەدا، بۆ نموونە لە کوردیدا لە وشـەگەلێ وەک دوشـمن / دوژمن، دژبەر. دووەم پاشـگری یەتی کە نیشـانەی بۆ ناوی چاوگ لە کوردی وهەروەها لە ئەوێسـتاییدا کە نموونەی بەهەزارانە. ئەم وشـەیە ئێسـتا لە کوردیدا بە شێوەی "دژیەتی "یان "دژایەتی" بە کار دێت کە واتای (مخالفت) یان دوژمنایەتی دەدا.

**زەرد (Zered):** (پورداود ل.پ.١١٩هاتی ٣١ بەندی ١٢یادداشتی ٦)

بەواتای دڵ هاتووە، (فارسی: دل)، ئەم وشـەیە لە شێوەزاری زازاکیدا "زەری"[116] پێ دەڵێن و لە هەورامیدا وەک "زیڵ"[117] گۆ دەکرێ. لە هێندێ لە فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا هەر وەک "زەرەی"ش هاتووە.

**دا (Da):** (پورداود ل.پ.١١٨هاتی ٣١ بەندی ١١یادداشتی ١٠)

واتای دا، و دان دەدا (فارسی: دادن)، پورداود چەندین واتای تری بۆ دۆزیوەتەوە بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، ئاوای نووســیوە (فارسی: بجای پذیرد، دادن، آزاد و بە کام و خواســت

---

[113] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ١٤١هەروەها فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان ، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ. ١٥٣

[114] <tašar-> = 'carver, fashioner, shaper, creator' 1.55
Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey

[115] dathushô [dadhvañh] = Creator, maker.

[116] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag l.p 530

[117] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل.پ. ٣٨٢، هەروەها فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەۆلێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ. ٥٦٧

خویش، کیش و آئین بخود ارزانی دارد)، ئەم واتانە هەمووی هەر بە مەزندە بۆی دانراوە و هیچ بنەمایەکی ڕاستی لە پشت نییە.

"دا" لە کوردیدا بێجگە لە واتای "دا / دان" چەندین واتای تری هەیە لەوانە. ١- "دا" وەک "پێشـگەر" نێشـانەی بەرەوخوار بوونە، هاوڕیشـەیە لەگەڵ وشـەی "Down " ئینگلیزی وەک دانیشـتن، دابەزین، داخسـتن، داکەوتن، دانـان، داگرتن. ٢- "دا" نیشـانەی جەختکردنەوەیە (تاکید)، وەک دا چاوەکەم، دا ماڵەکەم، دا بخوە، دا خوشـکم، دا براکەم. دا برۆ، دا هەستە، لەهەنبانە بۆرینەی هەژاردا زیاتر لە پانزدە واتا بۆ "دا" دانراوە.

**داتهر/ داتەر (Dathr):** (پورداود ل.پ.١٢٣هاتی ٣١ بەندی ١٤یادداشتی ٣)

پورداود نووسـیویەتی کە ئەم وشـەیە واتای "مێزد"، (فارسی: مزد) دەدا ودەڵێ لە چاوگی "دا (Da) بە واتای دان و بەخشـیین و پاداشـت، ( فارسی: دادن، بخشـودن، ارزانی داشـتن)، و هەروەها چەند واتای تری بۆ دۆزیوەتەوە.

ئەمە وشـەیەکی ئـاسـایی کوردییە، لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێسـتـادا بە شـێوەی "داتەر"(Datar)[118] هاتووە، بە واتای کەسێ کە دەدا (بەخشـێنەر). چاوگی ئەم وشـەیە هەمان "دان"ە کە لێرە بەپێی ڕێزمانی ئەوێسـتایی (لە کوردیشـدا هەر وایە) چووەتە دۆخی ناوی بکەرەوە (اسـم فاعل)، یەکێ لە نێشـانەکانی ناوی بکەر لە ئەوێسـتایی و هەروەها لە کوردیشدا " ەر"یە، کە دەکەوێتە پاش ڕەگی چاوگی وشەکەوە بۆ نموونە:

بیستن = بیسەر

نووسین = نووسەر

بینین = بینەر

خوێندن= خوێنەر

هێنان = هێنەر

تاشان = تاشەر

**دان، داتن = داتەر**

---

[118] dâta [dâtar] = giver, creator, creator (k259); maker (t102), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

که وابوو داتهر(دات- ەر) ناوی بکەری "داتن"ە کە واتای بەخشـینەر و بدەر ئەدات. لێرەدا دیار دەکەوێ کە پورداود واتای ئەم وشەیەشی هەر بە مەزندە دیاری کردوە.

**فرا- داتاهی (Fra-datahai):** (پورداود ل.پ.١٢٦هاتی٣١ بەندی١٣یادداشتی ٢)

پورداود لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا دەڵێ کە واتای فرە بوون (فارسی: افزایش) دەدا. و دەڵێ ئەمە هەمان وشەی "فردتهە (Fra- datha)"یە کە لە ئەوێستادا زۆر جاران هاتووە و واتای فراوانی، فرە بوون، گۆشـایشـت، فراخی و دان و بەخشـین دەدا. پێش هەموو شـتێک دەبێ بڵێین کە پورداود خۆدی وشـەکەی بە دروسـتی نەنووسـیوە، چونکە لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێســـتاییدا وەک "فرا- داتایەتی" نووسراوە نەک "فرا- داتاهی". جگە لەمەش پێشـــگری "فرا" و پاشگری "ایەتی" لەم وشەیەدا هەر ناناسێ و هەر باسیشی ناکا. بەڵام چونکە دەزانێ کە داتا لە "دا / داتن"وە هاتووە بۆیە بە مەزندە چەندین واتای بۆ وشـــەکە ڕیز کردووە و هەروەها وشـەکانی "گوشـایشـت و فراخی"یشـی لێ زیاد دەکا کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم وشـەوە نیە. ئەمە وشـەیەکی کوردییە لە چاوگی دان/ داتن، لەگەڵ ئاوەڵکاری پێوانەیی "فرا/ فرە". فرا- داتایەتی واتای فرە دان یان فرە دانیەتی دەگەیێ.

**پەسو (Pasu):** (پورداود ل.پ.١٢٠هاتی ٣١ بەندی ١٥یادداشتی ١٠)

بە واتای پەز هاتووە (فارسی: گوسفند)، هەمان وشەی پەزە لە کوردیدا، مەڕ، مێ، شەک و (شە) شی پێ دەڵێن.

**ئا- دروجێنت (A- drujyant):** (پورداود ل.پ.١٢٦هاتی٣١ بەندی١٣یادداشتی ٢)

بە واتای ڕاســتبێژ یان ڕاســتگۆ هاتووە. ئەم وشــەیە لە دوو بڕگە پێک دێت، ئا- دروجێنت. بڕگەی یەکەم "ئا" نێشـــانەی نەرێنییە بە واتای "نا"یە لە کوردیی کۆندا. **بڕگەی دووەم دروجێنت وشـەیەکی پەتی هەورامییە، لە بنەڕەتدا لە "درۆ- واچەنت" هاتووە کە واتای "درۆ- ئێژن" دەدا. ئـا درۆجێنـت واتـای "نـا درۆ- واچەنـت/ درۆ نـاواچەنـت/ درۆ نەواچەن" دەدات، (درۆ نایێژن).**

**مزینگە (Mazyaňh):** (پورداود ل.پ.١٣١هاتی ٣١ بەندی ١٧یادداشتی ١)

پورداود واتـای گەورەتری (فـارسی: بزرگتر)ی بۆ دانـاوە. بەڵام ئەمە ڕاســـت نییە چونکە نیشانەی "تر" لە ئەوێستادا (est / ist) و نیشانەی"ترین" لە ئەوێستادا (esta / ista)یە. ئەمە وشـەیەکی پەتی کوردییە کە ئێسـتاش لە کرمانجیدا بە کار دێت، مەزینگە لە ڕاسـتیدا هەر وشـەی "مەزنە"یە ( فارسی: بزرگ اسـت)، چونکە لە شـێوازی ئەوێسـتاییدا، گۆکردنی

پێتی "**ň (نگ)" لە جیاتی"n**" زۆر جاران هاتووە، ئەم شـــێوە گۆڕکردنە ئێســـتاش لە شێوەزاری هەورامیدا هەر ماوەتەوە.

**سا / پەییەتی سا (Sa / Paiti sa):** (پورداود ل.پ.١٣٣-١٣٤ هاتی ٣١ بەندی ١٨ یادداشتی ٨)

پورداود چەندین واتای جۆراوجۆری بۆ ئەم دەســـتەواژەیە هێناوەتەوە، کە تەنیا یەکێکیان لێیەوە نزیکە، واتاکان ئەمانن: ڕاونان، لە خۆ دوورخستنەوە، وەرگرتن، پڕاندن، بەشەڕهاتن، لەگەڵ هاوزۆردا ڕووبەڕوو بوونەوە و لە **دژ کەســێک ڕۆیشــتن**. لە نێو ئەم هەموو واتانەدا تەنیا ئەوەی دواییان لە ڕاستییەوە نزیکە. بڕگەی "سا" لە کوردیدا چەندین واتا دەگەیێ لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژاردا[119] هەفت واتای بۆ ئەم وشـــەیە هێناوەتەوە. هەروەها لە فەرهەنگی باشووریشدا هەشت واتای بۆ دانراوە. ئەم وشەیە سێ واتای گرینگی هەیە ١- بە واتای کات و سـات دێت وەک ئەیسـا، ئەوسـا ٢- بە واتای ئیتر وەک سـا بەسـیەتی، سا بچوو، سا واز بێنە ٣- نێشانەی جەختکردنەوەیە (تاکید) وەک سا دانیشە، سا قسە مەکە، ســا هەڵســـە، ســـا بخۆە ســـا بڕۆ. وشـــەی" پەییەتی" وشـــەیەکی پەتی کوردییە و واتای شـــوێنکەوتن، بە دوای کەســـێک کەوتن یان ڕۆیشـــتن ئەدات. لە دوو بڕگە پێک هاتووە "پەی"، و پاشـــگری" یەتی" کە هەر وەک ڕوونە نیشـــانەی ناوی چاوگە لە کوردیدا. ئەم وشـەیە بە کورتی واتای **شـوێن کەسێ کەوتن، بە دوایدا ڕۆیشـتن (تعقیب کردن) ئەدات،** وەک دەڵێن "وازی لێ ناهێنێ هەر لە پەییەتی" وشـــەی پەیگیری واتا بە دواداچوون یان لە پەی مەچوو، هەر هەمووی لە یەک چاوگەن. لە فارسیشدا هەیە و هەر ئەو واتایە دەگەیێ وەک (فارسی: پیگیری و از پی رفتن).

**وێ- داتی ( Vidati):** (پورداود ل.پ.١٣٥ هاتی ٣١ بەندی ١٩ یادداشتی ٨)

پورداود زۆر بەدروستی ئەم وشـەیە لێکداوەتەوە بە واتای دابەشـکردن، بەخشـین و دان. لە ڕیشەی "دا" لەگەڵ پێشگری "وێ" واتا وێ- دا (Vi- da ). ئەم وشەیە ئێستاش لە کوردیدا هەر بەم شێوەیە بە کاردێت، وێدان لە شێوەزارەکانی سۆرانی و کرمانجیدا هەر هەمان واتای پێ دان و دابەشکردن دەدا.

**واسۆ (Vaso ):** (پورداود ل.پ.١٣٥هاتی ٣١ بەندی ١٩ یادداشتی ٤)

---

[119] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٩٨٩، ل.پ. ٤٠٥، هەروەها فەرهەنگی ،عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل. پ.٣٩٠

پورداود ئەم وشـــەیە وەک ئارەزوو، دڵخواز و ئازاد مانا کردووەتەوە، بەڵام ئەم واتایە ورد و تەواو نییە. ئەمە وشـەیەکی ئاسـاییی کوردییە لە شـێوەزارەکانی ئەوێسـتاییی کوردیدا، ئەم وشـەیە کارە لە چاوگی "واسـتن / وازتن"[120] کەواتای خواسـت یان خواز ئەدات. "واسـۆ/ وازۆ" کارە، کەسێ سێیەمی تاکە لە دۆخی ئایندەدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

| هەورامی | فارسی |
|---|---|
| واسوو / وازوو | میخواهم |
| واسی / وازی | میخواهی |
| **واسۆ / وازۆ** | **میخواهد** |
| واسمێ / وازمێ | میخواهیم |
| واسدێ / وازدێ | میخواهید |
| واسا / وازا | میخواهند |

که وابوو واتای ئەم وشەیە دەبێتە دەخوازێ یان دیەوێت (فارسی: میخواهد).

## واس (Vas)، واسنا (Vasna): (پورداود ل.پ.٢٩٩بەندی ١٩، یادداشتی ٤)

پورداود لە جیاوازیی واتای نێوان وشـەکانی "واس و واسـنا" تێ ناگات و هەردووکیان وەک کام و ئارەزوو مانا کردووەتەوە. بەڵام هەر چەند ئەمە ڕاسـتە کە ئەم دوو وشـەیە لە یەک چاوگن وەلێ لە دوو دۆخی جیاوازدان.

١- واس (Vas) یان واز( Vaz ) وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری ئەوێستایی کوردیدا (هەورامی، زازاکی)کە بە شێوەی Was یان Waz دەنووسرێت[121] کە ڕەگی چاوگە. بەرانبەر ئەم وشەیە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وشەی "خواز"ە لە فارسیشدا "خواه"ە.

[120] بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، لە نووسینی بێدار، هەولێر ٢٠١٠زاێنی، ل.پ. ٩٧٧

[121] واس ، واز ( Was, waz ) فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل. پ. ٦٩٤

٢- واسـنا (Vasna) "کار"ه، یەکەم کەسی تاکە لە دۆخی ڕابوردوودا لە شـێوازی هەورامی و زازاکیدا وەک "وازێنا / واسـێنا" گۆ دەکری کە بە واتای "دەمویسـت/ دەمخۆاسـت / گەرەکەم بوو" دێت، (فارسی: میخواستم).

٣- وشـەی واز/ واس (Waz) بێجگە لەوەی کە وشـەیەکی ئاسـایی هەورامی وزازاکییە لە شێوەزارەکانی تری کوردیشدا بە کار دێت و چەندین واتا دەگەینێ لەوانە لە فەرهەنگی زازاکی- کرمانجیدا واتاکانی خواسـت، ئارەزوو، کام، و داخوازی بۆ نووسـیوە، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەشدا ١٦ واتای جۆربەجۆری بۆ دانراوە.[122]

**ڕان ( Rana ):** (پورداود ل.پ.١٣٥ هاتی ٣١ بەندی ١٩ یادداشتی ١٠)

پورداود دەڵێ "واتای کۆمەڵ، گرۆ (گروه) دەدا، لەوانە گرۆ و دەسـتەی دینی وەک مەزد یەسنا و دێو یەسنا". بەلام لە ل.پ.٢٢٠ هاتی ٤٣ بەندی ١٢ یادداشتی ٨ واتای "هەماورد" (فارسی: هماورد) بە واتای "ڕەقیب"ی بۆ داناوە و دەڵێ مەبەسـت لەم وشـەیە دوو گرۆی دینی، مەزدا یەسـنا و دێو یەسـنایە. ئەمە ڕاسـت نییە، ئەمە پەیداکردنی واتای وشـەکەیە بە مەزندە. ئەوەی کە ڕوونە "ڕان"[123] وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە واتای گەلە یان مێگەل دەدا وەک گاڕان (گاگەل یان گەلەگا)، ڕانە پەز، ڕانە مەڕ، ڕانە بەرخ ( بەرخەل/ بەرخەیل). و لە ئەوێستاشدا هەر ئەم مانای مەبەستە، بەڵام بۆچی پورداود وای تێ دەگا، ڕوونکردنەوەکەی دیاکۆنۆڤ لەسەر زمانی ئەوێستایی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە.

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٤٧٧ مێژووی ماددا، لەسـەر شـێوازی زوانی ئەوێسـتا دەڵێ: "ئەوێسـتا زمانێکی تیژی هەیە بەرانبەر بە بیانیەکان و ئەوانەی کە ئاریایی نین. لە چاوی ئەم ڕێبازەوە نائارییەکان وەکوو جرۆجانەوەر ودەعبان، وەک مرۆڤی ئاسـایی باسـیان لێوە ناکا بۆ نموونە ئەوانە لە دایک نابن، بەڵکوو بەردەبنەوە، نامرن ئەتەقن/ئەتۆپن، بە ڕێگادا ناچن ئەخزن یان تەپەتەپیان دێ، ئەهورامەزدا بە تێاچوونیان خۆشنووە".

بۆیە لێرەشـدا بە تەوسـەوە باسی دێوەکان کراوە و دەسـتەواژەی "ڕانە دێو"ی بۆ چوواندنی دێوەکان بە ئاژەڵ و دەعبا هێناوەتەوە، دەنا خۆدی وشـەی ڕان بە واتای هەمان "ڕان/ گەلە"ی کوردییە.

---

[122] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٩٨٩، ل.پ.٩٠٣
Ferheng Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p.488

[123] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ ٣٤٢ هەروەها فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥ ل.پ ٣٤٨

**ئەی (i ):** (پورداود ل.پ.١٣٦ هاتی ٣١ بەندی ٢٠ یادداشتی ٢ و هەروەها ل.پ.٩٩ هاتی ٣١ بند ٣یادداشتی ٧ وهەروەها ل.پ.٢٨٢ بند ٦ یادداشتی ٢).

پورداود ئەم وشـەیە بە واتای "هاتن" (فارسی: آمدن) مانا کردووەتەوە. **"ئەی"** وشـەیەکی پەتی کوردییە کە واتای هاتن دەدا لە دۆخی ڕانەبوردوودا، وەک لە کوردیدا دەڵێن **"ئەی"** یان **"نای"** واتا دێت یان نایێت. ئەمە ڕوونە کە ژمارەیەک لە "کار"ەکان هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشدا دوو بنەین واتا دوو ڕەگیان هەیە، لە دۆخی ڕابوردوودا بنەیەک (ڕەگێک) و لە دۆخی ڕانەبوردووشـدا (مضـارع) ڕەگێکی تر وەک : کردم (دەکەم)، بردم (دەبەم)، خواردم (دەخۆم)، هاتم (ئەیێم/ دێم). "ئەی" وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە کە ئێسـتاش لە باشووری کوردستاندا (ناوچەکانی کەرکووک و گەرمیان و سنە و کرماشان و ئێلام) هەر بەم شێوەیە بەکار دێت وەک دەڵێن:

**١- ئەیێم (دێم) ٢- ئەیت ( دیت) ٣- ئەیێ/ ئەیێت (دێ/ دێت)**

**ئەیت (Ite):** (پورداود ل.پ٢٢١ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ١٤ یادداشتی ٦)

پورداود ئەم وشـەیە وەک (فارسی: ایت) نووسیوە و دەڵێ ئەم وشـەیە لە چاوگی "ئەی"یە و واتای "هاتن و چوون" دەدات. لێرەش دیسان واتای وشـەکە بە مەزندە دیاری کراوە، یەک وشـە ناتوانێ هەم واتای هاتن بدات و هەم واتای چوون، چونکە ئەم دوو وشـەیە دژبەرن. ئەم وشـەیە هەر وەک لە نووسینی لاتینیەکەی دیارە "ئەیتێ"یە کە ئەمڕۆ لە کوردیدا وەک "ئەتێ" گۆ دەکرێ لە ناوچەکانی باشـووری کوردسـتاندا بە واتای دێت ( ئەو دێت)، بۆ نموونە: ئەتێم (من دێم)، ئەتی (دیت/ تۆ دیت)، ئەتێ (دێت/ ئەو دێت).

**دیوامەنا ( Divamna ):** (پورداود ل.پ.١٣٦ هاتی ٣١ بەندی ٢٠ یادداشتی٣)

پورداود واتـای "دورمـانـده"ی بۆ ئەم وشـەیە دانـاوە، بە واتـای دوور کەوتوو یـان دوور ماوەتەوە. بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، (دوا- مەنا / Diva -mna) بڕگەی یەکەم "دیوا" کەهەمان وشـەی دوای کوردییە واتای پاش ئەدا، وبڕگەی دووەم وشـەی "مەنا"یە کە واتای مان و مانەوە دەدا. ئەم وشـەیە هەر ئێستاش لە بەشێکی زۆر لە کوردستاندا هەر بەم شێوەیە گۆ دەکرێ. **"دوا- مەنا"** واتای دواکەوتوو و دوا ماوەتەوە ئەدا (فارسی: عقب مانده/ جا مانده)، نەک دوورکەوتوو.

**دەرەگە (Darega):** (پورداود ل.پ.١٣٧ هاتی ٣١ بەندی ٢٠ یادداشتی٧)

به واتای درێژ هاتووه. ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری زازاکی کە وەک "دەرگ، دەرەگە (Derg, Derege, Deregiye)[124] گۆ دەکرێ بە واتای درێژ.

**واز(Vaz / Waz):** (پورداود ل.پ.١٤١ هاتی ٣١ بەندی٢٢ یادداشتی٧)

واز لە کوردیدا چەندین واتای جۆراوجۆر دەگەینێ لە وانە ١- دەست بردار بوون (واز بێنە)٢- ئارەزوو و تامەزرۆ، کام[125] ٣- بە واتای فڕین بۆ نموونە (پەڕەوازە، باڵەوازە) ٤- وازدان / بازدان ٥- کردنەوە (وازکردن) ٦- کایە، گەمە (وازی) ٧ – باز، دیسان، دوبارە ٨- خواز، خواست ٩- ئاوارە بوون (پەرتەوازە، لانەواز).

لە ئەوێستادا زۆربەی ئەم وشانە بە هەمان واتا بە کار هاتوون.

**ئەستی (Asti):** (پورداود ل.پ.١٤٢ هاتی ٣١ بەندی٢٢ یادداشتی٩)

بە واتای ئێسک و ئێستک (استخوان) هاتووه. ئەمە وشەیەکی پەتی کوردییە، لە شێوەزاری زازاکیدا وەک ئەستە/ ئەستێک (Aste, Astik)[126] لە شێوەی کرمانجیدا وەک هێستی/ هێستێک (Hesti, Hestik) و لە سۆرانیدا وەک ئێسک گۆ دەکرێ.

**ئەستی (Asti):** (پورداود ل.پ ٢٩٣ یەسنا، هاتی ٤٦ بەندی ١١یادداشتی ١٣)

ئەم وشە لێرەدا بە واتای "یار" هاتووه. ئەستی لە کوردیدا لە شێوە ناوی کچان ماوەتەوە. (ناوی ئەستی هەر ئێستاش لە ناوچەی موکریان ناوێکی باوە)[127].

**فرا- مانا/فرا- مەن (Fra- mana):** (پورداود ل.پ.١٤٣هاتی ٣٢ بەندی١ یادداشتی٣)

پورداود لە ڕوونکردنەوەکەی خۆیدا لەسەر ئەم وشەیە بەڕاستی قسەی بێ سەروبن دەکا، تەنانەت بۆ وەرگێڕانێش نابێ بۆیە دەقی فارسییەکەی وەکوو خۆی لە خوارەوە هاتووه:

[ آموزش = من mana پیمایش و اندازه و با جزء فر fra-mana در فارسی فرمان گوییم و درفرس هەخامەنشیـ فرمان fra-mana از مصدر "ما" ma فرمان دادن، دستور دادن، چنانکه در بند ٤ از همین هات آمده، مصدر"ما" در تصریف فعلهای فارسی چون فرماید، پیماید، آزماید، نماید بخوبی پیداست]. ئەمە دەقی ڕوونکردنەوەکەی بوو.

---

[124] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p. 600
[125] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٩٨٩، ل.پ.٩٠٣
[126] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p. 14
[127] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ.٢٣

پێویسته بوترێت که وشەی "فرا" که پورداود وەک "جزء" باسی لێ دەکا هیچ پەیوەندییەکی بە "فر" و "فەرمان"وە نییە. چاوگی "ما"ش کە ئاماژەی پێ دەکا هیچ پەیوەندییەکی بەم وشـــەوە نییە. ئەم قســـە بێبنەمانە تەنیا بۆ ئەوەیە کە بڵێ ئەم وشـــەیە پەیوەندی بە زمانی فارســـییەوە هەیە. ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "فرا" کە هەمان "فرا / فره"ی کوردییە بە واتای زۆر و فراوان دێت کە پێشـــتر باسی لێ کرا. بڕگەی دووەم "مەن / مەنا"یە کە چەندین واتای هەیە هەم لە کوردیدا و هەم لە ئەوێستادا:

یەکەم: لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا سێ واتا بۆ ئەم وشەیە دانراوە:[128]

1- to think ( بیرکردنەوە، ئەندیشە کردن )

2- to resemble (فارسی: شباهت) لەیەکچوون، وەک هەڤ بوون

3- me (م / من)

دووەم: لە فەرهەنگەکانی کوردیدا لە بارەی "مەن / مەنا" ئاوا هاتووە[129]:

١- ئەندیشە، بیر کردنەوە

٢- مان و مانەوە (فارسی: ماندن)

٣- لەیەکچوون، بۆ نموونە لە کوردیی باشـــووووریدا دەڵێن " ئەو منالە وکێ مەنێ" واتا لە کێ دەچێ، (فارسی: به کی شـــباهت دارد)، و "باوکی مەنێ" واتا لەباوکی دەچێ (فارسی: به پدرش شباهت دارد).

٤- بە واتای ژیر و لەسەرخۆبوون

٥- بە واتای ئاوی راوستاو ( فارسی: آب راكد).

بە وردبوونەوە لەم وشـەگەلە دیار دەکەوێ کە دو وشـەی ئەندیشـە و لەیەکچوون هەم لە کوردی و هەم لە ئەوێســتاییشــدا وەک یەکەن کە وابوو"فرا- مانا" یان واتای ئەندیشــەی زۆر دەدا و یان واتای فرا لەیەکچوون دەدا، دەســتەواژەی "فرا مەنێ" لە کوردیی باشــووریدا ئێســتاش هەر بە کار دێت بۆ نموونە دەڵێن "ئەو کوڕە فره مەنێ باوکی" واتا ئەو کوڕە زۆر لە

[128] Avesta Dictionary by K.E. Kanga.
Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L Harvey

[129] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ.٨٣٥. هەروەها فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥، ل.پ ٦٤٢

باوکی دەچێ. بێجگە لەم دوو واتایە دەتوانێ چەند مانای تریشـی هەبێ لە وانە زۆر ژیربوون / زۆر لەسەر خۆ بوون و یان زۆر مانەوە.

## ئارمایەتی (Armaiti): (پورداود ل.پ.١٤٤ هاتی ٣٢ بەندی٢ یادداشتی٥)

ئەم دەستەواژەیە یەکێ لە درۆشمە سەرەکییەکانی ئایینی زەردەشتییە. ئەمە وشـەیەکی پەتی کوردییە کە ئەمرۆکەش لە زمانی رۆژانەدا بە کار دێت. بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی کە ئەوێستایان وەرگێڕاوەتەوە لە گەوهەری واتاکەی تێ نەگەیشـتوون هەر چەند هێندێکیان زۆر لێ نزیک بوونەتەوە.

ئەم وشـەیە لە ڕاسـتیدا "ئارمایەتی" نییە، بەڵکوو"ئارامایەتی"یە، هەر بە هەمان واتای کوردییەکەی وەک: ئارامایەتی، ئارامش، سەبر و خۆڕاگری. بۆ نموونە لە کاتی شیندا ئەگەر کەسـێک دەگریی و بێقەراری دەکا پێ دەڵێن ئارام بە، یان ئەگەر کەسـێک توورە دەبێ پێ دەڵێن ئارام بە، کە وابوو واتای سەبووری و تەحەموڵ دەدات. ساڵێح دیلان لە هەڵبەستێکی خۆیدا ئاوا دەڵێ:

گڕەی پەژارەی دووری دیدارت          قرچی هەڵێنا پێستی ئارامم

واتا لەبەر دووری دیداری تۆ، پێستی سەبووری من سوتا (سەبرم نەما).

ئارامایەتی لە دوو بڕگە پێک هاتووە، **"ئارام"** کە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لەگەڵ پاشگری ناوی چاوگی **" ایەتی"**، ئارامایەتی واتای ئارام بوون و سەبووری دەدا.

پورداود زۆری لەسـەر ئەم وشـەیە نووسـیوە و بە شـێوەی خۆی واتای بۆ داتاشـیوە کە لە ڕاسـتی بەدوورن، لەوانە وشـەکە دابەش دەکاتە سـەر دوو بڕگە، " آرم (arem) " و " ماتی (mati) و دەڵێ (آرم) ئاوەڵکردارە و واتای "دروسـتـ" یان " ئاوا (فارسی: آنچنان)" دەدات و ماتی لە چاوگی "مەن" بە واتای ئەندێشەکردنە.

جارێک ئەم دابەشـکردنە هەڵەیە، چونکە پیتی " m "ی دووجاران دابەش دەکات بە سـەر هەر دوو بڕگەکەدا، ئەگەر وا بێ دەبێ وشەکە بە شێوەی "aremmati" بێ. بێجگە لەمەش وشەی "ماتی (mati) لەگەڵ "مەن/ مەنا" بە واتای ئەندیشە هیچ پەیوەندییەکی نییە.

بەڵام لە درێژەی نووسینەکەی خۆیدا، شتێک دەنووسێ کە بۆچوونی ئەم نووسراوەی ئێرە و کوردی بوونی وشـەکە پشـتڕاسـت دەکاتەوە، دەنووسێ" کەسـانی تر ئارامایەتیان وەک خۆراگری، سازگاری و خۆبە زل نەزانین مانا کردوەتەوە".

دەبێ ئەوش بزانرێت کە دەســـتەواژەی ئارامایەتی (Tolerance) وەک دان بەخۆدا گرتن، ســـەبووری، ژیانێکی ئارام و هارمونیک لەگەڵ سروشـــت و لەگەڵ دەوروبەردا یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئایینی زەردەشتییە.

**دەب (Dab):** ( پورداود ل.پ.١٤٩یەسنا، هاتی ٣٢ بەندی ٥ یادداشتی ١)

بەواتای فریودان و هەڵخەڵەتان هاتووە، ئەمە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە بە هەمان مانای "دەبە و دەبەکردنە"[130] کە ئێستاش لە کوردیدا هەر بە کاردێت.

**پئورو (Paouru):** (پورداود ل.پ.١٥٠یەسنا، هاتی ٣٢ بەندی ٦ یادداشتی ١)

بە واتای زۆر وگەلێک دێت، (فارسی: بسیار و خیلی)، ئەم وشەیە کەمێک گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ئێستا لە کرمانجیدا بە شێوەی " پڕ" گۆ دەکرێ. وشەکانی فرا / فرە، زۆر و پڕ کە هەموویان یەک واتایان هەیە لە ئەوێستاشدا بە هەمان واتا هاتوون.

**دەرەگۆ- جیاتی (Darego- ǰyati):** (پورداود ل.پ.١٧٥یەســنا، هاتی ٣٣ بەندی ٥ یادداشتی ٥)

پورداود واتای ژیانی "جاودانی" (هەمیشەیی)، ژیانی درێژی بۆ داناوە. ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگە یەکم دەرەگۆ، وشــەیەکی ئاســایی کوردییە لە شــێوەزاری زازاکیدا کە بە واتای درێژ دێت.[131] بڕگەی دووەم هەمان وشـەی "ژیایەتی/ ژییەتی"یە لە ریشـەی "ژی" بە واتای ژین یان ژیان. کە بە وەرگرتنی پاشگری یەتی چووەتە دۆخی ناوی چاوگەوە. کە پێکەوە واتای ژیانی درێژ ئەدات.

**هۆر (Hvar):** (پورداود ل.پ.١٥٩یەسنا، هاتی ٣٢ بەندی ١٠ یادداشتی ٣)

ئەم وشەیە هەمان وشەی" خۆر"ە لە کوردیدا کە لە شێوەزارەکانی هەورامی زازاکی و لەکیدا وەک "وەر/ هۆر" [132]گۆ دەکرێ. (فارسی: خورشید).

**شی (Shi):** (پورداود ل.پ.١٧٥یەسنا، هاتی ٣٣ بەندی ٥ یادداشتی ١٠)

بە واتای نیشتنگا هاتووە. ئەم وشەیە لە کوردیدا ماوەتەوە بە تایبەت لە کرمانجیدا لە قاڵبی وشەی "شێنێ" کە واتای دانێشتوو دەدا.

---

[130] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ساڵی ١٩٨٩، ل.پ.٣٠٨

[131] Ferheng, Kirmanckî (zazaki) – Kurmancî, Çeko Kocadag, l.p.100.

[132] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٠٠٩

**وەرزیدیایی (Varezyeidyai):** (پورداود ل.پ.١٧٧یەسـنا، هـاتی ٣٣ بەنـدی ٦ یادداشتی ٧)

واتای کارکردن، بە کارخستن و وەرزین دەدات. وشەکانی وەرزێر لە کوردیدا کە واتای کرێکار و وەرزکار لە کرمانجیدا کە واتای جوتیار دەدا وهەروەها وەرزش هەمووی هەر هاوڕیشـەن لەگەڵ ئەم وشەیەدا.

**پاریێ/ پارە (Pare):** (پورداود ل.پ.١٧٨یەسنا، هاتی ٣٣ بەندی ٧ یادداشتی ٤)

بە واتای ڕابوردوو هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە هەر هەمان وشـەی "پار"ە لە کوردیدا وەک پارەکە، پارساڵ، پاریێ لەگەڵ وشـەکانی پێریێ، پێراریێ، پێرەکە ... هەمووی هەر لە یەک ڕیشەن.

**هو- جیتی/ هوجیەتی (Hu- jiti):** (پورداود ل.پ.١٨٢یەسـنا، هاتی ٣٣ بەندی ١٠ یادداشتی ٢)

بە مانای "باش ژییەتی / بە باشی ژیان کردن" (فارسی: زندگی خوش) هاتووە. لە دوو بڕگە پێک دێت، بڕگە یەکەم "هۆ" کە لە کوردیدا هەر ماوەتەوە بە تایبەتی لە شـێوەزاری باشـووریدا کە واتای باش دەدا (بڕوانە ل.پ.٧٣١ فەرهەنگی باشـوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥). بڕگە دووەم "جیەتی" ئەمڕۆ لە شێوەی ژییەتی یان ژیایەتی بە دی دەکریێ.

**بار(Bar):** (پورداود ل.پ.١٨٢یەسنا، هاتی ٣٣ بەندی ٩ یادداشتی ٦)

پورداود واتای بردن و پیێ دانی بۆ ئەم وشـەیە داناوە (فارسی: بردن و ارزانی داشـتن). لە فەرهەنگی کانگادا بە شـێوەی "بار و بارایەتی (Bar, Baraiti)"[133] هاتووە، ئەم وشـەیە لە کوردیدا بە هەمان شێوەی بار و بارایەتی گۆ دەکریێ کە دوو واتای هەیە" بار و بار کردن"، و هەروەها ڕەگی چاوگە بۆ وشـەی"هێنان" لە دۆخی ڕانەبوردوودا لە شـێوەزارەکانی هەورامی و باشووریدا،[134] وەک: بیهێنە (سۆرانی) / "بار"ە (هەورامی).

**فرادات گیتها (Fradat-gaetha):** (پورداود ل.پ.١٨٣یەسـنا، هاتی ٣٣ بەندی ١١ یادداشتی ٢)

---

133 bar [-], baraiti = to carry, to bear (k365), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

134 فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ.٤٢

پورداود واتای "جهان افزا"ی بۆ ئەم وشە داناوە، (بە کوردی: لە جێهان زیادکردن، یان زیاد کردن لە جێهان). بەڵام وا دیارە کە ئەم واتایە لە کەسێکی دیکەی وەرگرتووە چونکە کاتێک خۆی ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکە ئەدات، دیار دەکەوێ کە قەت لە واتای وشەکە تێ نەگەیشتووە، قسەی بێبنەما دەکا بە فارسی ئاوای نووسیوە:

[فرادات گیتها صفت است از "فراد" که بمعنی پیش بردن و به پایه چیزی افزودن و بزرگ کردن است... صفت فرادت گیتها در گزارش پهلوی به فراچ داتار گهان (فراز دهنده جهان) گردانیده شده].

وەرگێڕانەکەی ئاوایە:

[فرادات گیتها ئاوەڵناوە لە "فراد" کە بە واتای بەرەو پێش بردن و لە شتێک زیاد کردن و گەورە کردنە... ئاوەڵناوی فرادت گیتها لە گوزارشی پەهلەویدا وەکوو فراچ داتار گهان (هەوراز بەری/ دەری جێهان ) هاتووە].

دابەشکردنی وشەکە بەم شێوەیە بە تەواوی هەڵەیە، هیچ مانایەکی تریش بۆ بڕگەکانی تر دیاری ناکا. ئەم وشەیە کوردییە لە سێ بڕگە پێک هاتووە " فرا- دات- گیتها " بڕگەی یەکەم کە هەمان "فرا"ی کوردییە بە واتای زۆر و فراوان، بڕگەی دووەم "دات" لە چاوگی "دان/ داتن" بە واتای دای/ داویەتی، و بڕگەی سێیەم وشەی "گیتی"یە کە واتای گیتی و جێهان دەدا. پێکەوە واتای **"فرەی داوەتە گیتی"** دەگەیێ. مەبەست ئەوەیە کە "ئاهورامەزدا فرە شتی داوەتە گیتی". وا دیارە پورداود لە گوزارشی پەهلەویەکەش تێ نەگەیشتووە، بە ئەگەرێکی زۆر لە گۆزارشی پەهلەویەکەیدا مەبەست ئەوەیە کە "فرا چت داتە گهان" واتا زۆر شتی داوەتە جێهان.

**نەمەنگە (Nemaňh):** (پورداود ل.پ.١٩١یەسنا، هاتی ٣٤ بەندی ٣ یادداشتی ١)

پورداود واتای نوێژی بۆ ئەم وشە داناوە. وشەی نوێژ لە کرمانجیدا وەک نمێژ گۆ دەکرێ، لە شێوەزاری هەورامی، زازاکی و هەروەها لە ناوچەکانی باکووری کوردستان وەک ڕێها (ئورفا)، مەرعش و کۆبانی، ئەم وشەیە وەک نەمە/ نەمێ گۆ دەکرێت. بەڵام وشەی "نەمەنگە" لەوە دەچێ مەبەست لە "نەمەگە" بێ واتا جێگای نوێژ کردن. وشەی نەمە بە واتای نوێژ لە ڕیشەی "نەم / نەمێی/ نەمیا"یە[135] کە لە هەورامیدا واتای چەمانەوە و خۆ نەویکردن دەدا (سوجدە کردن).

[135] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٦٣

**میژد (Mižd):** (پورداود ل.پ ٢٠٤ یەسنا، هاتی ٣٤ بەندی ١٣ یادداشتی ٧)

پورداود دەڵێ بە واتای مێزد هاتووە. لە ڕاستیدا وشەی مێژد، موژدە، مێزد و مێزگێنی هەموویان هەر کوردین و یەک واتایان هەیە، ئەویش پێدانی پاداشتێک لە بەرامبەر خزمەتێکدایە.

**ئوشتە واسەمێ / ئوشتە وازەمێ (Ušta vasemi ):** (پورداود ل.پ.٢٠٧ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ١ یادداشتی ١)

**پورداود لە واتای ئەم دەستەواژەیە تێ نەگەیشتووە بۆیە تەنیا یەک شتی نووسیوە، دەڵێ " لە چاوگی "واس" هاتووە بە واتای خواستن، و" ئوشتە " واتای بەکامی دڵ دەدا". چۆن و بۆچی ئوشتە واتای بەکامی دڵ ئەدا دیار نییە. دوایش دەڵێ واتای "کام فرما" دەدات کە مەبەست لە ئاهورامەزدایە. پورداود باسی وشەی "واسەمێ/ وازەمێ" هەر ناکات نازانێ کە ئەو "مێ"[136] پاش "واز" هاتووە جێناوی لکاوە. بەڵام لێرەش واتای ئاهورامەزدای بە مەزندە پەیدا کردووە. چونکە وا دیارە لێرەدا زەردەشت لەگەڵ خۆدای خۆی قسە دەکا و پێ دەڵێ "لە تو دەخوازین" بۆیە پورداود بە مەزندە تێ گەیشتووە و دەڵێ مەبەست ئاهورامەزدایە.**

ئەم دەستەواژەیە نیشان دەدا کە چەندە شێوازی ئەوێستایی مادی (هەورامی) لەگەڵ شێوازی گشتیی مادی (کرمانجی) لەیەک نزیک بووون.

**ئەم دەستەواژەیە لە ڕاستیدا بەم شێوەی خوارەوەیە ( ئەژ- تە – واسە - مێ). "ئەژ تە واسەمێ / ئەژ تە وازەمێ" ئەژ تە واتای "جە تە (هەورامی)" یان "ژە تە (کرمانجی)" دەدات، "وازەمێ" وشەیەکی پەتی هەورامییە، لە وشەی "واز / واس" لەگەڵ جێناوی"مێ" پێک هاتووە، کارە لە دۆخی یەکەم کەسی کۆدا، واتای دەخوازین دەدات. ئەم دەستەواژەیە زۆر نزیکە لە شێوەزارەکانی زازاکی و هەورامی، بەرانبەرەکەی بە هەورامی دەبێتە "جە تە وازمێ"، لە کرمانجیدا دەبێتە "ژێ تە دەخوازین" و لە سۆرانیدا دەبێتە " لە تۆ دەخوازین" (فارسی: از تو میخواهیم).**

**چیش (Çish):** (پورداود ل.پ.٢٥٤، هاتی ٤٤ بەندی ١٦یادداشتی ٦)

ئەم وشەیە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستییە کە زمانی هەورامی هەمان زمانی ئەوێستاییە. پورداود نووسیویەتی کە ئەم وشەیە واتای ئاگایی/ ئاگاداری ( فارسی: آگهی)

---

[136] بروانە دستورزبان کردی (هەورامی)، فاتح رحیمی، چاپی دوم ١٣٨٩، ل.پ.٨٣- ٨٤

دەدات، چۆن و بۆچی و لە کوێرا ئەم مانایە دۆزیوەتەوە دیار نییە! **بەلام ئەمە ڕاست نییە، لە فەرهەنگەکانی دیکەی ئەوێســـتاییدا ئەم وشـــەیە بە واتای "چی" مانا کراوەتەوە، (بڕوانە کانگا دیکشـــنەری)[137]. ئەم وشـــەیە هەورامییە و واتای " چی" ئەدات (بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست)[138]. ئەمە تەنیا لە شێوەزاری هەورامی و ئەوێستاییدایە کە وشەی "چی" وەک "چێش" گۆ دەکرێ.**

**گەرما (Garema):** (پورداود ل.پ.٢١٣ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ٥ یادداشتی ٦)

هەر بە واتای گەرما هاتووە.

**هێزنگە (Hazaňh):** (پورداود ل.پ.٢١٣ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ٤ یادداشتی ٨)

بە واتای هێز هاتووە، (فارسی: نیرو). ئەم وشـــەیە خراپ خوێندراوەتەوە، لە ڕاســـتیدا دەبێ ئەوا بخوێندرێتەوە " **Haz-aňh "( هێز ئەنە)**، کە وشـەیەکەی ئاسـایی هەورامییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم هێز کە هەمان وشـــەی "هێز"ی کوردییە بە واتای زۆر، و بڕگەی دووەم وشەیەکی پەتی هەورامییە کە واتای " تێ / تیا " دەدات بۆ نموونە:

**"هێز ئەنە کوتەی: واتای "هێز تێ کەوتن"[139]دەدات.**

**"هێز ئەنە وزتەی: واتای "هێز تێ خستن"[140]دەدات.**

**دامی (Dami):** (پورداود ل.پ.٢١٤ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ٥ یادداشتی ٩)

پورداود دەڵێ ئەمە بە واتای "ئافراندن یان ئافرینش"ە، بەڵام ئەمە ڕاســـت نییە. ئەمە وشـــەیەکی کوردیی هەورامییە، لە دوو بڕگە پێک هـاتووە. یەکەم "دا" لە چـاوگی "دان و داتن"ە و دووەم جێناوێ "مێ"[141] کە جێناوێکی لکاوە بۆ "یەکەم کەسی کۆ" لە شـــێوەزاری هەورامیدا، کە پێکەوە دەبێتە (دا- مێ) واتا ئیمەی داوە ( فارسی: کە ما را دادە). کە وا دیارە لێرەش مەبەست لە ئاهورامەزدایە.

---

[137] Cish [ci] = 12 (N) (interr. pron.) - who? what? which? (indef. pron.) anyone, someone, whoever, whatever (k180), Avesta Dictionary by K.E. Kanga

[138] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٣٨٣

[139] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ١١١٢

[140] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ١١١٢

[141] بڕوانە دستورزبان کردی (هەورامی)، فاتح رحیمی، چاپی دوم ١٣٨٩، ل.پ.٨٣- ٨٤

**ئوزارئیدیایی (Uzeredyai):** (پورداود ل.پ۲۲۰ یەسنا، هاتی ٤۳ بەندی ۱۲ یادداشتی ٤)

پورداود لەسەر ئەم وشەیە ئاوای نووسیوە: (فارسی: به معنای برخاستن، بلندشدن، از مصدر ار که در یادداشت شماره ٦ از بند ۱۰ همین هات گذشت، در اینجا با جزء اوز آورده شده). (قسەی پەرت و بێ واتا = نووسەر) قەت باسی ئەوەش ناکا کە چۆن و لە کوێ ئەم واتایە بۆ وشەکە دۆزیوەتەوە.

بە گومانێکی زۆر ئەم وشەیە یان خراپ نووسراوە یان خراپ وەرگێڕدراوەتەوە. ئەم وشەیە بە واتای هەڵسان/ هەستان هاتووە، (فارسی: برخاستن، بلند شدن) لە فەرهەنگی وشەنامەی هەورامی- کوردیی ناوەڕاست ئاوا هاتووە:

هورزاِی = هەڵسان[142]

هۆرئیزتەی = هەڵسان[143]

هورئیزتەیۆ = هەڵسانەوە[144]

هورئێستەی = هەڵسان[145]

هورئێزنای = هەڵساندن[146]

**لە شێوەزاری زازکیدا وەک وەرزایەنە "Warzayene"[147] گۆ دەکرێ.**

ئەمە نیشان دەدات کە وشەکانی هەورامی و زازاکی زۆر لەم وشەوە نزیکترن هەتا وشەکانی (برخاستن، بلندشدن) لە فارسیدا. بۆیە بە ئەگەری زۆر ئەم وشەیە خراپ نووسراوەتەوە. ئەم وشەیە لەگەڵ شێوزارەکانی گشتیی کوردی پەیوەندی هەیە بەم شێوەیە کە پێشگری هور لەم شێوەزارەدا وەک هەڵ گۆ دەکرێ، بۆیە هورئێستەی وەک هەڵئێستە(هەڵسە/ هەستە) گۆ دەکرێ.

---

[142] بڕوانە بۆ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ۱۹۸۹، ل.پ. ۹۵۵. هەروەها فەرهەنگی باخەڵی گەشاوەز، هەورامی- فارسی، کوورش ئەمینی.

[143] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ. ۱۰٦۸

[144] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ. ۱۰٦۸

[145] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ. ۱۰٦۸

[146] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەوڵێر ۲۰۱۰، ل.پ. ۱۰٦۸

[147] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p.488

**کام (Kama):** (پورداود ل.پ۲۲۱ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ١٤ یادداشتی ٣)

هەمان وشەی "کام"ە لە کوردیدا، بە واتای ئارەزوو، مرام.

**ئۆشیایی (Ušyai):** (پورداود ل.پ۲۲۳ یەسنا، هاتی ٤٣ بەندی ١٢ یادداشتی ١)

پورداود دەڵێ لە چاوگی "واچ"ە و واتای "ئاگا کردنەوە" و هەر وها "وتن" دەدا. ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە لە شێوەزاری باشووری ( کەلهوڕی) لە ناوچەکانی کرماشان و ئێلام بە کار دێت کە واتای **"وتراوە"** دەدات. هەر وەک دەڵێن:

ئۆشم (دەبێژەم)، ئۆشێ (دەبێژی)، ئۆشێ/ ئۆشێد (دەبێژێ).

"ئۆشیا" واتای "پێ دەبێژێ" (فارسی: بە او میگوید)دەدا (بڕوانە ل.پ.۲۳ فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان)،." ئۆشیایی" واتای وتراوە دەدا، (فارسی: گفتەشد).

**ستێر (Star):** (پورداود ل.پ ۲۳۰ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٣ یادداشتی ٧)

بە واتای ئەستێرە هاتووە، وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە لە کرمانجیدا هەر وەک "ستێڕ/ ستێڕک" گۆ دەکرێ.

**مانگە (Maňh):** (پورداود ل.پ ۲۳۰ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٣ یادداشتی ١٠)

وشەیەکی کوردییە بە واتای مانگ هاتووە.

**دار (Dar):** (پورداود ل.پ.۲۳۱ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٤ یادداشتی ١)

پورداود بێ ئەوەی کە هیچ ڕوونکردنەویەک بدات دەڵێ ئەم وشەیە واتای ڕاگرتن، هەبوون و دراندن دەدات. ئەم وشە لە کوردیدا بە شێوەی "دارە (Dare)"[148] بە واتای ڕاگرتن/ خۆڕاگرتن بە کار دێت. بۆ نموونە منداڵ کاتێ تازە خەریکە بە سەر پێ خۆیەوە ڕاوەستێ دەڵێن دارە دارە دەکا، واتا خۆی ڕادەگرێ. یان لە کاتی ماڵکردنەوەدا ئەگەر دیواری ماڵەکە بگاتە ئەو ئاستە کە بتوانێ دارەکانی سەر ماڵەکە ڕابگرێ دەڵێن دارەڕا بووە. یان دەڵێن فلانی لە ڕۆیشتندا دارەی دێ، واتا بە زەحمەت خۆێ ڕادەگرێ.

**وات (Vat):** (پورداود ل.پ۲۳۳ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٤ یادداشتی ٨)

---

[148] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ۱۹۸۹، ل.پ.۲۹۸

ئەم وشـــەیە بە واتای "با" هاتووە، (فارسی: باد)، لە کوردیدا لە شـــێوەزارەکانی هەورامی، زازاکی، کەلهوڕی و لەکیـدا وەک "وا" گۆ دەکرێ. لە کوردیی ئەمڕۆدا دەنگی پیتی "ت/ د" ئەگەر لە پاش پیتی " ا " بێت ئەوە پیتی " ت/ د" دەکەوێ وەک پاد (پا)، شـاد (شـا)، واد (وا)، ماد (ما).

**دونمان (Dunman):** (پورداود ل.پ٢٣٤ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٤ یادداشتی ٩)

بە قسـەی پورداود واتای مژ و هەور دەدا. ئەم وشـە لە کوردیدا بە تایبەت لە کرمانجیدا بە کار دێـت، پیتی "ن"ێ لێ کەوتووە و وەک "دومـان" گۆ دەکرێ و هەر واتـای مژ دەدا. (بڕوانە بۆ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ل.پ. ٣٠٦).

**پڕەن/ پڕەنا (Perena):** (پورداود ل.پ٢٥٠ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ١٣ یادداشتی ٣)

پورداود سێ واتای بە مەزندە بۆ ئەم وشەیە دیاری کردوە کە هەر سێکیان لە ڕاستییەوە زۆر نزیکە:

- یەکەم دەڵێ لە چاوگی پڕ بە واتای پڕکردنە. پڕەنا وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە لە شـــێوەی هەورامیدا کە واتای پڕیەتی دەگەیێ (فارسی: پراست).

- دووەم پەڕ، بە واتای پەڕی پەلەوەر، ئەمەش ڕاستە لە کوردێشدا هەر وایە.

- سێیەم پەڕ بە واتای پەڕینەوە، تێپەڕین کە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە ( فارسی: گذشـتن و گذرکردن).

**بەڵام هەر وەک لە نووســینی کوردییەکەیدا دەردەکەوێ وشـــەی پڕەن و پڕەنا، لەگەڵ "پەڕی" پەلەوەر و" پەڕی" پەڕینەوە هەم لە نووسین و هەم لە گۆکردنیاندا جیاوازییان هەیە.**

**دوافشــە، دوافشــنگە (Dvafshaňh, Dvafsha):** (پورداود ل.پ.٢٥٢ یەسـنا، هاتی ٤٤ بەندی ١٤یادداشتی ٨)

پورداود دەڵێ ئەم وشـــەیە واتـای فریودان و فێڵەبـاز دەدا (فـارسی: فریفتن و فریفتـار). و وشـەکە دەباتەوە سـەر وشـەی دافشنیا و دەڵێ کە لە چاوگی "دەب" واتا دەبەکردن هاتووە. بەڵام ئەم بۆچوونە هەڵەیە. لەبەر ئەوەی کە دافشنیا هیچ پەیوەندییەکی بە "دەب"وە نییە.

دوافشـــە دەســـتەواژەیەکی پەتی کوردییە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە "دوا- فشـــە"، بڕگەی یەکەمی "دوا" وشـەیەکی سـانسـکریتی، ئەوێسـتایی و کوردییە  و واتای قسـە و قسـەکردن

ئەدا[149]، بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن مەدوە واتا قســـە مەکە، یان دەڵێن زۆر دوان واتا زۆر قســـەیان کرد. هەروەها ناوی کۆنی زمانی ســـانسـکریتی "دوا- بەگا"یە، واتا زمانی بەگەکان/ زمانی گەورەکان. بڕگەی دووەمی وشـــەکەش "فشـــە"یە کە هەمان وشـــەی "فشـــە"[150]ی کوردییە کە واتای خۆهەڵکێشـــان دەدا، "دوا- فشـــە" واتای قســـەی فشـــە، قســـەی بێ ناوەڕۆک، قسـە بە مەبەسـتی خۆ سـتایشـکردن و خۆ هەڵکێشـان (فارسـی: خودسـتایی) دەدا. لە کوردیدا ئێستا لە باتی دوافشە دەستەواژەی "فشەکردن/ قسەی فشە" بە کار دەبرێت.

**دەرز/ دەرزا ( Darez/ Dareza):** (پورداود ل.پ.٢٥٤-٢٥٣ یەســـنا، هـاتی ٤٤ بەندی ١٥یادداشتی ٨)

بە واتای دەرزی هاتووە، پورداود دەڵێ واتای دەرزی و جلدوور ( فارسی: ســـوزن و خیاط) دەدا. ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە کوردیشدا هەر هەمان واتای هەیە (بڕوانە هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩ ل.پ.٣١١) لە شـــێوەزارەکانی کرمانجی و زازاکیدا دەرزی بێجگە لە واتای دەرزی درومان، واتای جلدووریش دەدات.

**ئەوا (Ava):** (پورداود ل.پ.٢٥٥ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ١٧یادداشتی ٦)

ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە هەر واتای "ئەو" و "ئەوە" ئەدات. (فارسی: او، آن).

**دواشـنگە (Dvaeshanh):** ( پورداود ل.پ٢٨٨ یەسـنا، هاتی ٤٦ بەندی ٨ یادداشـتی ٨)

ئەم وشـــەیە وەک ئازار، دوژمنی، بەدخوازی و کین مانا کراوەتەوە. ئەم وشـــەیە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی "دوژن یان دوژێن"ی کوردی.

**ئەسپا (aspa):** (پورداود ل.پ.٢٥٦ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ١٨ یادداشتی ٣)

هەمان وشەی "ئەسپ"ە لە کوردیدا ( فارسی: اسب).

**میز (Miz):** (پورداود ل.پ.٢٥٩ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٢٠ یادداشتی ٩)

---

[149] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ.٢٩٨

[150] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ.٥٢١

پورداود چەندین واتای بە مەزندە بۆ دوزیوەتەوە وەک پەروەردە کردن، پەرستاری کردن و ڕاگرتن. بەڵام تەنیا یەک واتای بە بەڵگە بۆ هێناوەتەوە کە ئەویش هەمان وشەی کوردی میز و میزکردنە کە لە پەهلەویشدا هەر وایە. (فارسی: شاش و شاشیدن).

**فرادائینەی (Fradainhe):** (پورداود ل.پ.٢٥٩ یەسنا، هاتی ٤٤ بەندی ٢٠ یادداشتی ١٠)

پورداود قەت لە واتای ئەم وشەیە تێنەگەیشتووە، دەڵێ لە چاوگی "فراد"ە، بە واتای گۆشایش بەخشین (فارسی: گۆشایش بخشیدن)، پێویستە بڵێن کە وشەی" فراد" هەر هەبوونی نییە.

ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە ( فرا- داینەی) کە هەمان وشەی کوردییە لە شێوەزارەکانی هەورامی و باشووریدا، بڕگەی یەکەمی "فرا" کە واتای فرە و زۆر ئەدات و بڕگەی دووەم " داینەی" لە چاوگی "دان/ داتن "[151]، پێکەوە واتای "فرەی داوینی/ فرەی پێ داوین/ زۆری داوینێ" یان بە واتایەکی تر زۆری پێ بەخشیوین دەدات.

**هو- زەنتو(Hu-zentu):** (پورداود ل.پ.٢٧٩ یەسنا، هاتی ٤ بەندی ٥ یادداشتی ١)

پورداود واتای "زانای باش/ باش ناسین"ی بۆ ئەم وشەیە داناوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە. وشەی زنتو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ "زان و زانا"دا نییە. زەنتو لە ئەوێستاییدا هەروەها لە شێوەزاری گشتیی مادیشدا واتای هۆز و خێڵ ئەدات. یەکێ لە هۆزەکانی پێکهاتەی ماد ئاری زەنتی/ ئاری زەنتو بوو کە بە بڕوای دیاکۆنۆڤ واتای **هۆزی ئاری** دەدات. هەروەها لە کانگا دیکشنەریش هەر بە واتای هۆز هاتووە."هۆ- زەنتو" واتای هۆزی باش، خێڵی باش ئەدات.

**تنو( Tanu):** پورداود ل.پ. ٢٨٨ یەسنا، هاتی ٤٦ بەندی ٨ یادداشتی ٩)

پورداود واتای "خۆ"ی بۆ داناوە (فارسی: خود). بەڵام ئەمە هەمان وشەی "تەن"ە لە کوردیدا بە واتای لەش. هەروەها بە واتای نەفەریش (Person) دێت وەک دەڵێن چوار تەن، یان چلتەن. لە فەرهەنگی ئەوێستایی کانگاشدا[152] هەر بە واتای تەن هاتووە.

**گنا(Gena):** پورداود ل.پ. ٢٨٩ یەسنا، هاتی ٤٦ بەندی ١٠یادداشتی ١)

---

[151] دان بە واتای داین، بخشین، هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ. ٥٢١

[152] tanu = f. body, person (k219), Avesta Dictionary by K.E. Kanga

پورداود ئەم وشـــەیە وەک "گنا" نووســیوە و دەڵێ واتای ژن دەدا (فارسی: زن). بەڵام ئەمە هێندێک هەڵەی تێیایە. لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێســـتاییدا، ئەم وشـــەیە وەک "کەنیا (kanyâ)"[153]و بە واتای کچ هاتووە. لە کوردیشـدا هەر واتای کچ دەدات[154]. لە شێوەزاری هەورامیدا وەک " کنا، کناچە و کناچێ" گۆ دەکرێ. کە هەمان واتای کچ دەدات نەک ژن. کناچە / کناچێ بە واتای "کنا"ی بچووک دێت واتا (کیژۆڵە). هەروەها خۆدی وشـــەی "کچ"یش لە شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا کورتکراوەی وشەی "کناچێ"یە.

**جنی/ جانی (Jeni /Jani):** (پورداود ل.پ. ٢٨٩ یەسنا، هاتی ٤٦ بەندی ١٠یادداشتی ١)

ئەم وشـــەیە بە واتای ژن هاتووە، (فارسی: زن). لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێســـتاییدا وەک "جێنـایـا (Jenaya)"[155] نووسراوە هەر بە واتـای ژن. ئەمە نیشـــان دەدا کە هێشـــتـا خویندنەوەیەکی ڕاست بۆ ئەم وشەیە نەکراوە. ئەم وشەیە ئێستا لە زۆربەی شێوەزارەکانی کوردیدا وەک ژن گۆ دەکرێ، بەڵام لە شـێوەزاری زازاکیدا بە شـێوەی "جینی (Jeniye)[156] ماوەتەوە و لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکدا بە کار دێت.

**فراسرویدیای (Fra- sruidyai):** (پورداود ل.پ. ٢٩٤ یەســـنا، هاتی ٤٦ بەندی ١٣ یادداشتی ٣)

پورداود بە بێ هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو دەڵێ ئەم وشـەیە واتای ببیسـترێت (بێتە بیسـتن)، بناسرێت (بێتە ناســاندن) و ناودەرکردن دەدا، (فارسی: شــنودە شـــدن، شــناختە شـــدن، نامبردار گردیدن). ئەم واتانە هەڵەن. ئەمە وشەیەکی پەتی کوردییە لە شێوەزارەکانی هەورامی و باشـووریدا، واتاکەشی ڕوون و ئاشـکرایە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە (فرا- سروێدیای) بڕگە یەکەم "فرا" ئاوەڵکرداری پێوانەیی واتای زۆر دەدا و بڕگەی دووەم کارە لە چاوگی " سروتن/ سرودن"، پێکەوە واتای "فرە سرودراوە" یان "زۆرسرودراوە" دەدا، ( فارسی: خیلی سرودە شدە).

**من ویست (Mane- vista):** (پورداود ل.پ. ٣٠٠ بەندی ١٩ یادداشتی ١٠)

---

[153] Avesta Dictionary by K.E. Kanga و هەروەها Jonathan Slocum and Scott L. Harvey
[154] ل.پ.٦٢٢ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩
[155] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02
[156] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocada, l.p 762

به واتای ئارەزوومەند و دڵخواز هاتووە. ئەمە وشـــەیەکی کوردییە، بڕگەی یەکەم "من" جێناوە هەمان وشەی "من"ە لە کوردی و لە فارسی و هەروەها لە ئەوێستاشدا (بڕوانە کانگا دیکشـــنەری)[157]. بڕگەی دووەم "ویســـت"یش هەمان وشـــەی ویســـتی کوردییە کە واتای خواست دەدا هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێستاییدا. پێکەوە دەبێتە بە ویستی من، بە خواســـتی من، بە دڵی من، بە ئـارەزووی من.[من ویســـت هـاوتەرازە لەگەڵ وشـــەی خۆشـــەویســـت]. بەڵام پورداود بە هەڵە بۆی چووە و دەڵێ " مەنە لە وشـــەی "مننگە"وە هاتووە کە واتای "مەنش (بیر، ئەندێشـــە)" دەدا و بڕگەی دووەمی وشـــەکەش "ویســـت" پەیوەنـدی بە "ویـد (vid)"وە هەیە کە واتـای "دۆزینەوە" و پەیـدا کردن ئەدا، کە ئەمە هەڵەیە. بەڵام ســـەیریش لەوەدایە کە لە دواییدا هەر واتـای ئارەزوومەنـد و دڵخوازی بۆ وشـــەکەی داناوە، ڕوونیش نییە ئارەزوومەند و دڵخواز چە پەیوەندییەکی لەگەڵ "مەنش" هەیە.

**تا (Ta):** (پورداود ل.پ. ٣٠٣ یەسنا، هاتی ٤٧ بەندی ٣ یادداشتی ١)

**پورداود نووســـیویەتی کە ئەم وشـــەیە واتای باوک دەدا (فارسی: پدر). و دەڵێ لە "Ptar"وە هاتووە. بەڵام وا دیارە کە واتای ئەم وشـــەیەشی یان بە مەزندە دیاری کردووە و یان لە ســـەرچاوەیەکی ترەوە وەریگرتووە و تێ کۆشـــاوە کە ڕیشـــەی بۆ بدۆزێتەوە. چونکە ئەم وشـــە "Ta" نییە بەڵکوو "تاتا (Tata)"یە. وشەی" تاتا "وشەیەکی کوردیی هەورامییە ، لە هەورامیدا بە باوک دەڵێن تاتە[158]، و لە "لەکی"دا بە مام دەڵێن تاتە. لە سانسکریتیشدا " تاتا" واتای باوک ئەدا، (بڕوانە ئۆنلایەن سـانسـکریت دیکشـنەری، ل.پ ٧٦).[159]**

**ئەن ئێشە (An-aesha):** (پورداود ل.پ.٢٧٣ یەسنا، هاتی ٤ بەندی٢ یاداشتی ١)

پورداود ئەم وشـەیە وەک بێهێز(فارسی: ناتوان) مانا کردووەتەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی بۆ ئەم واتایە نییە. بەڵام ئەم مانایە جێگای گومانە. ئەن (an) لە ئەوێســـتاییدا دوو واتای هەیە یەکەم بە واتای ئەمە ( هەورامی: ئانا) و دووەم نیشـانەیە بۆ نەرێنیکردنی هێندێک لە

---

[157] mana [azem] = me, Avesta Dictionary by K.E. Kanga

[158] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٢٦٨

[159] Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

وشەکان بۆ نموونە ئەن- ئێرانی کە واتای نائێرانی دەدات. "ئێشە" هەمان واتای ئێشی کوردی دەدا بە واتای دەرد و ئێش. کە وابوو ئەم وشەیە یان واتای " بێ ئێش/ بێ دەرد" (فارسی: بی درد) دەدا، و یان واتای ئەمە ئێشە (فارسی: این درد است) دەدات.

**کەمەنا- فشـــو( Kamna-fshva):** (پورداود ل.پ.٢٧٣ یەســـنا، هاتی ٤ بەندی٢ یاداشتی ٢)

پورداود ئەم وشەیە وەک کەسێ کە مێگەلی کەمی هەیە، (فارسی: یعنی کسی کە اندک گلە و رمە دارد) ماناکردووەتەوە. ئەمە وشەیەکی پەتی کوردیی هەورامییە. فشو ئێستا وەک "شە" گۆ دەکرێ کە واتای پەز ئەدات. بۆ نموونە لە کوردیدا "شـــەگەل" واتای پەزەکان ددەدا، شـەک واتای پەزی بچووک (بەرخی دووسـاڵان) دەدا، شـوان (شـەوان) واتای ئەوکەسـەیە کە پارێزوانی لە "شـە"گەل دەکا، "شـەدار" مانای  پەزدار" دەدا کە ئێسـتا گۆڕان بە سـەریدا هاتووە و بووە بە چێودار. وشـــەی کەمەنا واتای "کەمن" ئەدات ( فارسی: کم اند). پێکەوە واتای پەزکەمن/ پەزەکان کەمن ئەدات، (فارسی: گۆسفندان کم اند).

**هەم- تاش (Hem- tash):** (پورداود ل.پ.٣٠٣ یەسـنا، هاتی ٤٧ بەندی ٣ یاداشـتی ٣)

پورداود مانای (آفریدن) واتا "ئافراندن"ی بۆی داناوە، وشـــەی تاش لە چاوگی "تاشـــان و تاشـین"ە کە لە کوردیدا بێجگە لە تاشـین واتای دروسـتکردن، ئافراندن و فورم پێدان دەدا. وەک پەیکەرتاشـین، وشـەتاشـین، درۆتاشـین. وشـەی "داتاشـین"یش هەر لەم وشـەیەوە گیراوە کە بە واتای داهێنان و دروســتکردن دێت. لە کوردیدا دەســتەواژەیەکی وا هەیە کە ئەگەر کەسێ جوان بێ دەڵێن خۆدا تاشـــیویە واتا خۆدا ئافراندویەتی، "هەم تاش" مانای دوبـارە تـاشـــین ئەدات، بە کوردیی ئەمڕۆ دەبێتە تـاشـــینەوە یـان دووبـارە ئـافرانـدن /" ئافراندنەوە".

**ڕەنگە (Raňh):** (پورداود ل.پ.٣٠٣ یەسنا، هاتی ٤٧ بەندی ٤ یاداشتی ١)

پورداود واتای سـەرپێچیکردن و نافەرمانیکردنی بۆ داناوە، و دەڵێ لە وشـەی ڕێش هاتووە بە واتای بریندارکردن و زیان پێگەیاندن. دەقی فارسییەکەی ئاوایە: (بە معنی روگردان ساختن یا سرپیچیدن و نافرمانی کردن از مصدر ریش کە در فارسی ریش کردن و زخم زدن و آسیب رسانیدن است). ئەم بۆچوونە ڕاست نییە.

یەکەم: ڕێش لە کوردی و لە فارسی و لە ئەوێستایشدا هەیە و واتای ئێش و برین دەدا، وشەی ڕێش پەیوەندی لەگەڵ وشەی "ڕەنگە "نییە. ڕێش لە کوێ و ڕەنگە لە کوێ، بۆچی ئەم وشەیە دەچێتەوە سەر ڕێش، پورداود بێدەنگە و هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نییە.

دووەم: ڕێش واتای سەرپێچیکردن و نافەرمانی نادات، بۆچی لە کام فەرهەنگدا وا نووسراوە.

سێیەم: ڕەنگە لە کوردیدا چەند واتای دەگەیێ وەک " لەوانەیە، دەگونجی"[160]. (فارسی: شاید، احتمالا، ممکن). هەروەها لە کرمانجیدا و لە شێوەزاری باشووریدا ڕەنگە واتای، جۆر، شێوە، پیلان و "فریو"یش دەدا[161]

**کاسە/ کاثە (Kathe):** (پورداود ل.پ.٣٠٤ یەسنا، هاتی ٤٧ بەندی ٤ یاداشتی ٤)

بە واتای مێهرەبان هاتووە (فارسی: کاث = مهربان). پورداود دەڵێ کە "ئەم وشەیە لە چاوگی کەن kan هاتووە کە بە واتای ئارەزووکردن و خوشەویستی دێت، بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە پاش ئەم وشەیە aka ( بە واتای بدخواه) هاتووە دەبێ وشەی" کاثە" ناو بێت". بۆچی kathe لە kan وە هاتووە هیچ ڕوونکردنەوەیەک نییە. ئەم دوو وشەیە (کاثە و ئاکە) ئێستاش لە کوردیدا هەر ماونەتەوە. وشەی "کاثە" واتای مێهرەبان نادات بەڵام بۆ نیشاندانی خۆشەویستی و مێهرەبانی بە کاردێت، ئەمڕۆکە وەک "قەزا / قەسا" گۆ دەکرێ. واتا ئەگەر کەسێک بیەوێت خۆشەویستی و مێهرەبانی خۆی بەرانبەر بە کەسێک یان کەسانی تر دەربڕێت دەڵێت قەزات لە من یان قەزاتان لە من یان بە وتەی خەڵکی ناوچەکانی سنە و کرماشان کە دەڵێن "قەزاکەت " یان " قەزای گشتتان " مەبەست ئەوەیە کە هەموو دەرد و بەڵا و ناخۆشیەکانی ئێوە بۆ من بێ. ( ئەم وشەیە لەوانەیە لە کوردییەوە چوبێتە نێو عەرەبی وەک وشەی "قضا" کە واتای لێقەومان، قەدەر و ڕووداو دەدا). ڕەنگە ئەم وشەیە واتای دەرد و ئێش، نەخۆشی ویان ڕووداوی خراپ بدات. بەڵام وشەی aka ، ئێستا لە کوردیدا تەنیا لە شێوەی وشەی "ئەخ/ ئەخە" ماوەتەوە کە واتای بەد و خراپ دەدا، بە تایبەت بۆ قسەکردن لەگەڵ منداڵانی بچووکدا بە کاردێت بۆ نموونە دەڵێن ئەوە "ئەخە" مەیخۆە، یان ئەو "ئەخە" فڕەیدە.

کە وابوو ئەم دوو وشەیە **kathe, aka** کە بە دوای یەکدا هاتوون دەبێ هەر یەک واتایان هەبێت، نموونەی ئەم جۆرە لە کوردیدا گەلێکن وەک: خۆشی و شادی، گرین و زاری، ئاە و ناڵە، ڕاستی و دروستی، دەرد و بەڵا. کە وابوو وشەکانی کاثە و ئەکا (ئەخە) کە بە شوێن

---

[160] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار، تاران ١٩٨٩ ل.پ. ٣٦٢

[161] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ.٣٦١

یەکدا هاتوون دەتوانی واتای  دەرد و بەڵا، بەدی وخراپی و یان ڕووداوی بەد و خراپ بدات. بەڵام کە وترا قەزات لە من ئەوە واتای مێهرەبانی و خۆشەویستی دەگەیێ.

**وریس (Wris):** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۷۲)

دوســـتخواه دەڵێ ئەم وشـــەیە لە ئەوێســـتادا بە واتای موی مروڤ و جانەوەران هاتووە . دوایش دەڵێ لە کوردیدا بە رێســـمان و دەزوو دەڵێن گۆریس. "وریس" وشـــەیەکی ڕەســـەنی کوردییە لە هەمـوو شـــێوەزارەکـانی کـوردیـدا وەک کـرمـانـجی، هەورامی و لەکی هەر "**وریس**"ی[162] پێ دەوترێت. تەنیا لە شـــێوازی ســـۆرانی ئەویش لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەشـکانیدا پیتی "و" گۆڕاوە بۆ "گ" و ئێســتا وەک گوریس گۆ دەکرێ. وریس ئێســتاش لە گوندەکانی کوردستان و بە تایبەت لە هەوراماندا لە تووکی بزن دروست دەکرێ.

---

[162] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p.1035.

# ڕوونکردنەوە لەسەر ژمارەیەک لە دەستەواژە ئایینییەکانی ئەوێستا

هەر چەند شێوەزارکانی ئەوێستایی کوردی و بە تایبەت هەورامی پەیوەندێکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ زمانی ئەوێستاییدا، و زۆر لە وشەکانی ئاسایی و بە تایبەت چاوگی وشەکان هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەو دەستەواژە ئایینیانە کە پەیوەندیان لەگەڵ دینی زەردەشتیدا هەیە لە پاش زاڵبوونی ئایینی ئیسلام یان سڕاونەتەوە و یان لە بیر چوونەتەوە. بەڵام بە کەمێک وردبوونەوە دەکرێ واتاکانی ئەم دەستەواژانە و هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ زوانی کوردیدا بە جوانی بخرێتە بەرچاو.

## وەندیداد (وەی دیو دات):

جەلیلی دوستخواه لە ل.پ ١٠٧٧ کتێبی ئەوێستادا لەسەر ئەم دەستەواژەیە ئاوای نووسیوە: [بە معنی "داد دیو ستیز" یا "داد دیو گریز" یا "قانون ضد دیو" نام بخشی از اوستای نو است کە در فارسی بە تحریف وندیداد خواندە شدە است].

ئەم دەستەواژەیە لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا وەک "داد لە دژی دێو" یان "دادی دژ بە دێوان" وەرگێڕاوەتەوە. هەم ئەم ناوەی کە ئێستا لە سەری دانراوە واتا "وەندیداد" و هەم ناوە کۆنەکەشی "وەی دێو دات" کوردین. **"وەی دێو دات"** بە هێندێک گۆڕانەوە ئێستاش لە کوردیدا بەکار دێت. ئەگەر وەربگێڕدرێتەوە سەر کوردی ئەمڕۆ، ئاوای لێ دێ **"وەی داد لە دێو"**. ئەم شێوە لە دەربڕینی گازندە و سکاڵا لە کوردیدا هەر ماوەتەوە وەک دەڵێن، وەی داد لەو زاڵمە، وەی داد لە دەست تو، وەی داد و بێداد.

لەسەر ناوی "وەندیداد"یش، جەلیلی دوستخواە دەڵێ لە فارسیدا بە هەڵە وایان خوێندوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، ئەم ناوە بە ئەنقەست لە سەری دانراوە. لەسەردەمی زەردەشتدا کاتێ کە **"وەی دێو دات"** هاتووەتە بەرهەم، هەلومەرجێکی تر لە ئارادا بوو، پێواژوێ شۆڕشێکی گەورە وبەربڵاوی کۆمەڵایەتی و ئایینی سەرانسەری کۆمەڵگای ئەو کاتەی کوردەواری داگرتبوو. ناو و ناوەڕۆکی کتێبی ئەوێستا لەو سەردەمەدا شۆڕشگێڕانە بوو و ئارمانجێکی تایبەتی لە پشت بوو. ئەم بابەتانە لە دژی دێوان واتا زۆرداران و ستەمگەرانی ئەو سەردەمە بوو. زەردەشت ویستوویەتی بەم سروودانە و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا خەڵک تێ بگەینێ و لە دژی دێوان هانیان بدا. بەڵام لە کاتی نووسینەوەی ئەوێستا لە سەردەمی ساسانییەکاندا زیاتر لە هەزار ساڵ لە تەمەنی ئەوێستا تێ پەڕیبوو، هەلومەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی بە تەواوی گۆڕابوو، ئایینی زەردەشتی لەسەردەمی ساسانییەکاندا

ئامرازێک بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی پادشـــا و کەســـانی نزیکی و هەروەها توێژێک لە مۆغانی زەردەشـتی کە نیشـتەجێ بارگای پادشـایی بوون. دین ئامرازێک بوو بۆ سـتایشـکردنی پادشـا و ئاواتخواسـتن بۆ بەردوامی پادشـایەتیەکەی، هەر بۆیەش پێویسـتی بە پێداچوونەوە و گۆڕانی دەکرد و ئەم کارەشیان کرد، هەم لە ناوەڕۆکی ئایینی زەردەشتیدا و هەم لە زمانی ئەوێستاشدا وایان رێکخســت کە دینی زەردەشــتی و کتێبی ئەوێســتا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی پادشــا و دەربـاردا بگونجێـت و یەکبگرێتەوە. بۆیە "وەی- دێو- دات" (وەی داد لە دێو) گۆڕدرا بۆ"وەندی داد". واتا ئەم بەشـە لە کتێبەکە کە "داد لە دەسـتی سـتەمکاران" بوو گۆڕدرا بۆ کتێبێکی ئاسـایی داد (قانون) و ناوکەشی گۆڕدرا بۆ "وەندی داد" کە لەوێدا باسی کردووەکان و ڕێساکانی ئاسایی ئایینی دەکات.

**"وەندی داد" دەســـتەواژەیەکی کوردییە لە شـــێوەزارەکانی باشـــووری و هەورامیدا بە واتای "بەندی داد"ە چونکە لەم شـێوەزارانەدا "بەند" وەک "وەنـد" گـۆ دەکرێ، بـۆیە "وەنـدی داد" واتـای "بەنـدی داد" ئەدات مەبەست لەم دەستەواژەیە (بەشی قانون)ە.**

## هات:

لەســـەر وشـــەی هات لە فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا شـــتێکی وا نەنووسراوە، جەلیلی دوســـتخواە لە ل.پ. ١٠٧٩ کتێبی ئەوێســـتادا دەنووسێ کە هەر یەکە لە ٧٢ یەســـناکانی ئەوێســـتا بە "هات" یان هایتی ناو دەبرێ. لە کتێبەکانی پەهلەویدا بە "هاتک" ناو براوە. بەلام خۆدی وشەی هات / هاتک واتای چێ دەدا ڕوون نەکراوەتەوە. **هات، هاتی و هاتگ**، وشـــەی کوردین. هات لە چاوگی "هاتن"ە و لە هەموو ناوچەکانی کوردەواریدا بە کار دێت، بەڵام لە هێندێک ناوچەدا وەک ناوچەکانی شارەزۆر، سنە، ئیلام، و لە ناو کوردەکانی فەیلی لە بەغداد لە باتی هات وشـــەی **"هاتگ"**[163] بە کار دێت. وشـــەی هات / هاتگ بێجگە لەوەی کە واتای هاتن دەدا چەند مانایەکی تریش دەگەیێ ، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی، هەژار ل.پ.٩٣٥ لەسـەر ئەم وشـەیە ئاوا هاتووە: ١- گەیشتنەبەرەوە ٢- بخت، شانس ٣- ساڵی زۆر بە حاسڵ ( ئەو ساڵ ساڵەکەی هاتە) ٤- پاشگری کۆ ٥- خەبەرت، ئاگات.

بێجگە لەمانە هات لە کوردیدا مانایەکی تریشـــی هەیە ئەویش واتای **"وحی، ئیلهام یان پەیدا بوونی هەســتێکی تایبەتە"** بۆ نموونە هەڵبەســتوانێک دەڵێ شـــیعرێکەم بۆ **هات**، یان گۆرانیبێژی دەڵێ هەوایەکەم بۆ **هات**، یان دەڵێن

---

[163] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار تاران ١٩٨٩. ل.پ. ٩٣٥.

دروێشــــکە حاڵی لێ **هات**. کە وابوو دەتوانین بڵێن" **هات**"ەکان نیشــــاندەری هاتنی هەستێک یان پەیامێکی دەرونین. هەر لەم ڕووەوە کاتێ دەڵێن **"هاتە"**کانی زەردەشــت مەبەســت ئەو پەیام، شـیعر و یان " وحی"یانەیە کە بۆ زەردەشـت **هـاتووە**. بۆیە لێرە "هـات"ەکـان یـان "هـاتـگ"ەکـانی زەردەشــــت واتـای "وەحی"یەکانی زەردەشت دەگەیێ.

## چینوات:

لە ڕوانگەی ئایینی زەردەشــــتیەوە کەسێ کە دەمرێ ڕەوانی لە لەشی دەردەچێ، پاشــــان بۆ ماوەی سێ ڕۆژان بەلای لەشــــەکەوە دەمێنێتەوە، لە ڕۆژی چاورەمدا بایەک هەڵدەکا و ڕەوانی مردووەکە بەرەو پردی چینوات (صراط) دەبا، ئەم پردە زۆر درێژ و تیژە وەکوو دەمی شـــمشــــێر وایە، هەر کەسێ کە بە ســـەریدا تێ دەپەڕی ئەگەر کردەوەی پاک و چاک بێ، شمشێرەکە دەبێتە پردێکی بەرین و نیان (نەرم) کە بە ئاسانی لە سەری تێ دەپەڕی، و ئەگەر کردەوەی چاک نەبێ، شمشێرەکە شەق دەکا و بەردەبێتەوە بۆ دۆزخ. [ئەم جۆرە بیرکردنەوە لە مردن هێشــــتا لە نێو بەســــاڵاچووکانی گوندەکانی لای ســـنە و کرماشــــان و شــــارەزوردا ماوەتەوە].

لەســـەر ئەم پردە زۆر شــــت نووسراوە بەڵام تا ئێســـتا کەس واتای خۆدی وشـــەکەی ڕوون نەکردووەتەوە. جەلیلی دوستخواە لە لاپەڕەی "٩٧١"ی کتێبەکەی خۆیدا، دەڵێ واتای پردی دادوەری ئەدات (فارسی: گذرگاه داوری). بەڵام پەیوەندی وشەی چینوات لەگەڵ دادوەریدا لە چیـدایە بێـدەنگی لێ دەکـا. پـورداودیش هەروا بێـدەنگە. لە فەرهەنگەکـانی تـری ئەوێستاییشدا لەسەر ڕێشەی ئەم دەستەواژەیە هیچ نەنووسراوە. لە فەرهەنگی کانگادا ئەم دەستەواژەیە وەک "چینوات- پرەتو"[164] هاتووە.

**چینوات (چین و ئەت) دەستەواژەیەکی کوردییە، بەتایبەتی لە شێوەزارەکانی کرمانجی و باشووری و لەکیدا. وشەی "چینوات" هەمان وشەی "چوون و هات"ە بە واتای ( عبور/ رفت و آمد) بەڵام لە دۆخی ئایندەدا. چونکە چینو-ئەت (چینوات) کردەوەیەکە لە ئـایـنـدە لە پـاش مردن ڕوو دەدا، ناکرێ دەســـــتەواژەی "چین و هات" کە ئاماژە بە ڕابوردووی تێدایە بۆی**

[164] [peretu] = 5 (A) bridge (see also cinvat-peretu) (k330)

دابنرێت، دەبێ دەســـتەواژەکە بچێتە دۆخی ئـاینـدەوە. وردبوونەوە لەم دەستەواژەیە دوو خاڵی گرینگمان پێ نیشان دەدات.

یەکەم: ئەمە کە چەندێک بەوردی و ژیرانە ئەم دەستەواژەیە هەڵبژێردراوە.

دووەم: ڕادەی لێهـاتوویی وگونجـاوبوونی زمـانی کوردی بۆ چـێکـردنی دەستەواژەی نوێ و زانستی.

ئەمە ڕوونە کە هێندێک لە "کردار"ەکان هەم لە کوردی و هەم لە فارسیشـدا دوو بـنەیـن واتـا لە دۆخی ڕابـوردوودا بـنەیەک (ڕیشـــەیەک) و لە دۆخی ڕانەبوردوودا بنەیەکی تر وەک :

| دۆخی ڕابوردوو | دۆخی ڕانەبوردوو |
|---|---|
| کردم | دەکەم |
| خواردم | دەخۆم |
| بردم | دەبم |
| هێشتم | دەهێڵم |
| هاتم | ئەتێم / دێم |

"چینوات" لە سێ برگە پێک هاتووە بەم شـــێوەیە "چین- و- ات". وشـــەی "چین" هەمان وشـەی "چوون"ە بە واتای ڕۆیشـتن (بڕوانە فەرهەنگی باشـوور لە نووسینی عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥. ل.پ.٢٣٥)، پیتی "و" ئامرازی پەیوەندییە. وشـــەی " ات/ ئەت"ش هەمان وشـــەی "هات"ی کوردییە لە دۆخی ڕانەبوردوودا کە لە ناوچەکانی باشـووری کوردسـتان ئێسـتاش هەر وا بە کار دێـت. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر دەکرێ ســـەیری ئەم نموونەیە خوارەوە بکرێت. هەر وەک ڕوونە "ات " لە کوردیدا وەک "ئەت" دەنووسرێت:

| کوردی | فارسی | کوردی | فارسی |
|---|---|---|---|
| ئەت- ێم/ دێم | میایم | ئەت- ین/ دین | میائیم |
| ئەت- ی/ دیت | میائی | ئەت- ێن/ دێن | میائید |
| ئەت- ێت/ دێت | میاید | ئەت- ێن/ دێن | میایند |

که وابوو"چین و ات" هەمـان "چین و هـات"ە لە دۆخی ئـاینـدەدا، یـان بە جۆرێکی تر "چین و ات" ڕەگی چاوگە بۆ دەســـتەواژەی " ئەچین و ئەتین ". وشـــەی "پرەتو"ش هەمان وشـــەی "پرت" یان "پرد"ی کوردییە لە شـــێوازی ســـۆرانیدا و"پر"ە لە شـــێوەزاری کرمانجیدا، کە پێکەوە واتای **"پردی چین و ات [ پردی چین و هات] دەدا.** کە لە فارسـیدا دەبێتە **(پل عبور/ پل رفتن و آمدن).**

دەبێ ئەوەش لە یادمان بێت کە وشـــەکانی"ئەێت (ائێت)، (فارسی: میاید)، ئەی/ ئەتی (ای/ اتی)، (فارسی: میائی) لە ئەوێســـتادا بە هەمان مانا چەندین جار هاتووون.

## (گاث)/ گاس:

گاس بە قسـە دوسـتخواه[165]واتای سرودەکانی زەردەشـت دەدا. لە ئەوێسـتادا وەک (گاث) نووسراوە، لە پەهلەویدا وەک گاس و گاسـان هاتووە لە فارسـیدا وەک گاە. ئەم وشـەیە لە کوردیدا ماوەتەوە و بە شـێوەی گاس گۆ دەکرێ. لە شـێوازی کرمانجیدا گاس کردن واتای بانگ کردن، قاو کردن، هاوار کردن دەدا. کە وابوو گاس واتای بانگەواز یان هاوارکردنە لە ئاهورامەزدا. لە سرودەکانی یارسـانیشـدا هەر وەک گاس باسی لێ کراوە. لەم هەڵبەسـتەی خوارەوە عابدینی جاف نزیک بە ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر وەهای وتووە[166]:

[165] اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ. ١٠٤٠

[166] یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زاییینی ل.پ ١٤٩

عابیدینی جاف ١٣٢٠م- ١٣٩٤م

من گەرەکمە گاس بخوێنم

نەک وەک ئێوە خۆم بنوێنم

گاسی من دیداری یارە

یاری جوانم لە من دیارە

## سۆشیانت (سوشیانس):

لە کتێبەکان و ماڵپەڕەکانی فارسیدا لەسەر دەستەواژەی سۆشیانت وهەروەها واتای خۆدی وشەکە ئاوا نووسراوە:

(در ئەوێستا "سوشیانت" به معنی سودبخش یا سود رسان و در معنای گسترده "رهاننده" یا رهایی بخش است)[167].

(در گاتها، واژه سوشیانت به معنی رهاننده یا نجات دهنده ذکر شده و پیامبر ایرانی، اشو زرتشت، خود را سوشیانت نامیده است)[168].

(سوشیانت یا سوشیانس نام سه موعود زرتشتي است که در آخرین سه هزاره عمر جهان ظهورخواهند کرد و جهان را از بدی و فساد و ستم رهايي خواهند بخشید. بر طبق اعتقادات زرتشتیان، پیڕەوان این دین در انتظار ظهور سه موعودند که بین هر يك از این منجیان يك هزار ساڵ فاصله است)[169].

(سوشیانت مانند خورشید درخشان است، با ٦ چشم به هر طرف می‌نگرد تا راه کامل نابودی دروج ها رابیابد)[170].

بەپێی گێڕانەوەکانی زەردەشتی لە ڕۆژی دواییدا سێ کوڕی زەردەشت پەیدا دەبن (دێنە گێتییەوە) بۆ ئەوی جارێکی تر دادپەروەری لە گیتیدا دامەزرێنێنەوە. ئەمانە لە ئەوێستادا بە سوشیانت ناو براوەن، هەروەها گۆیا چەند جارێکیش ناوی سوشیانت بۆ خۆدی زەردەشت

---

[167] اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ. ١٠١١

[168] http://www.ash0-zartosht.blogfa.com/post-6.aspx

[169]http://tebyanzn.ir/NewsArticle/Religion_Thoughts/Research_religion/2011/7/28/35415.html#sthash.C5XMkgcg.dpuf

[170] http://database-aryana-encyclopaedia.blogspot.se/2014/03/blog-post_14.html

له ئەوێستادا هاتووە. جەلیلی دوستخواه دەڵێ سوشیابت بە واتای سودبەخش و ڕزگاریکەر هاتووە و لە کتێبەکانی پەهلەویشدا هەر ئەم واتایە هەیە.

بە کورتی هەموو نووسراوەکانی زەرەدەشتی وا دەردەخەن کە سوشیانت ڕۆشنایی یان مرۆڤێکە لە شێوەی تیشک کە لە ئاسمانەوە دێتە خوارەوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆفەکانی سەر گیتی لە ستەم و زۆرداری و گەندەڵی. بەڵام کاتێ کە باس لەسەر خۆدی واتای وشەکە دەکرێت، وشەکە دەبەنەوە بۆ سەر وشەی "سوو"ی کوردی بە واتای قازانج و سوو (فارسی: سود). بەلام ئەمە ڕاست نییە، قازانج و سوو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ "سوشیانت"دا نییە.

سۆشیانت وشەیەکی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتوە " سو / سۆ، و شیانت". "سۆ" لە کوردیدا بە واتای تیشک و ڕۆشنایی دێت (بڕوانە هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی - فارسی، هەژار ۱۹۸۹، ل.پ. ٤٢١)، ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی سۆما کە ئەویش هەر بە واتای ڕۆشنایی دێت لە یەک چاوگن، بڕگەی دووەمیش "شیانت" لە چاوگی "شان / شیان"ە کە لە کوردیدا بە تایبەت لە کرمانجیدا واتای "هەناردن"[171] دەدا، بۆ نموونە لە کرمانجیدا دەڵێن " بابێ من ئەوکتیب ژێ مەڕا شانت" (بابی من ئەوکتێبەی بۆ من نارد)، یان دەڵێن "ئەزێ تەڕا بشینم (من بۆتی دەنێرم)، هەر ئێستاش لە کوردیدا وشەی "شاند / شاندی" واتای " نێردە/ نێردراو" (فارسی: فرستادە) دەدا، کە وەک دەستەواژەیەک لە کوردیدا بە کار دێت (بڕوانە ل.پ.٤٩٥ هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار) بۆ نموونە دەڵێن شاندی ئێرانی ( فارسی: فرستادگان ئێرانی). لە هەورامیشدا ئەم وشەیە بە هەمان مانا بە دی دەکرێ.

**کە وابوو ئەمە وشەیەکی کوردییە "سۆشیانت" بە واتای "سۆ یان ڕۆشناییەکە کە دەشێندرێت" (نور فرستادە / نوری کە فرستادە خواهد شد). واتا ئاهورامەزدا، ڕۆشناییەک یان مروڤێک لە شێوەی تێشکێک (سۆ) دەنێرێتە خوارەوە بۆ ڕزگارکردنی مروڤەکان لە تاریکی و گەندەڵی.**

**یان بە کوردیی پەتی سۆشیانت بە واتای ئەوە دێت کە ئاهورامەزدا "سۆ"یەک دەشێنێ (دەنێرێ) بۆ ڕزگارکردنی مروڤەکان.**

---

[171] هەنبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، هەژار ١٩٨٩ ل.پ. ٤٩٥

## ویسپه رد:

ویسپەرد واتای هەموو پاکان، هەموو چاکان یا هەموو جوانمێران دەدا. ئەم وشەیە لە دوو برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەم ویسپە کە واتای هەموو دەدا، ئەم وشەیە لە زازاکیدا ماوەتەوە و وەک "ویسە" گۆ دەکرێ. وشەی "ڕەد" و "ڕەدا" کە واتای پاکی و چاکی و جوانمێری ئەدا هەر ئێستاش لە کوردیدا بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەورامان و کرماشان و لەکستان بە کار دێت. بۆ نموونە بڕوانە بۆ ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە:

یاران یاوەران ڕای هەق ڕاسیەن[172]

پاکی و دورستی و **ڕەدا** و خاسیەن

## هۆم: [173]

هوم جۆرە خۆشاوێکە کە پێڕەوانی ئایینی زەڕدەشتی لە بۆنە ئایینیەکانیاندا دەیخۆنەوە، لە گیایەکی ڕەنگ زەرد دەگوشرێ. ئەو گیایە لە چیاکانی کوردسناندا هەیە و هۆمی پێ دەڵێن، لە سانسکریتیشدا سۆمای پێ دەوترێت کە واتای ڕووناکی دەدا. وشەی سۆما لە کوردیدا هەر ماوە و هەمان واتای هەیە (سۆمای چاو کە واتای ڕووناکی چاو دەدا). هەروەها لە لایەن پێڕەوانی ئایینی یارسانیشەوە هۆم نۆش دەکرێ و وەک دەرمانیش بە کار دەبرێ. [ نابێ ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی هۆما کە لە شێوەزاری زازاکیدا بە واتای خۆدا دێت تێکەڵ بکرێت]. پیرشاریار(شاڵیار) کە یەکێ لە ڕابەرانی ئایینی یارسانییە لە نێوان ساڵەکانی ١٠٠٦ -١٠٩٨ زایینیدا لەسەر نۆشکردنی هۆم دەڵێ:[174]

هۆمم دەرمانن، هۆمم دەرمانن

هۆم پەی گردێ دەردو دەرمانن

هۆم مایەی جوانیی بەر ئەورامانن

هۆم مایەی وەشیی دەروون زامانن

---

[172] پیر نازداری شیرازی: ل.پ ١٣٧ یارسان لە نووسینی ئەیوب روستەم ٢٠٠٦

[173] فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز یوتوبوری ٢٠٠٩، ل.پ.١٥

[174] فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز یوتوبوری ٢٠٠٩، ل.پ.١٦

## وریسی هۆم پاڵای (Wrisi hom palai): (جەلیلی دوستخواە ل.پ.١٠٧٢)

دوستخواە لە درێژەی نووسراوەکەیدا لە ل.پ. ١٠٧٢دا، دەڵێ کە:

[ لە ئەوێستادا لە ویسپەرد (کر، ١٠، بەندی ٢) دەستەواژەی وەک **" وریسی. هۆم پاڵای"** بەرچاومان دەکەوێ، لەو سەردەمەدا لە تووکی یاڵی ئەسپ و کلکی گا بێژنگیان دروست دەکرد بۆ پاڵاوتنی هۆم]. ئەمە زۆر ڕاستە. ئەمە دەستەواژەیەکی کوردییە بە تایبەتی لە شێوەزاری هەورامیدا. وشەی وریس وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزارەکانی هەورامی، لەکی و کرمانجیدا، (لە سۆرانیدا گوریسی پێ دەڵێن). وشەی "پاڵای" لە چاوگی " پاڵان و پاڵاوتن"ە، کە لە هەورامیدا هەر بەم شێوەیە گۆ دەکرێ. وشەی "هۆم"یش کە وشەیەکی کوردییە جۆرە خواردنەوەیەکە (خۆشاو، دۆشاو، نۆشاو)ێکە کە پێشترباسی لێ کرا.

**توربرادروش:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواە چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣١)

لەسەر ئەم وشەیە جەلیلی دوستخواە نووسیویەتی کە زەردەشت بە دەستی کەسێک بەناوی **"توربرادروش"** کوژراوە. (در پهلوی karb به پیشوایان دینی مخالف زردشت گفته می شود، که دشمن ترین دشمنان او بودند و **" توربرادروش"** کشندە زردشت یکی از همین گروە بود). بەڵام ئەم وشەیە هەڵەیە و ڕاست نەنووسراوە. لە نووسراوە لاتینییەکەیدا ڕاستییەکەی دەردەکەوێ. لە یەکێ لە ماڵپەڕە سەرەکیەکانی زەردەشتیدا کە بە زمانی فارسییە لەسەر کوژرانی زەردەشت و ناوی بکوژەکەی ئاوا نووسراوە:

**توربرادروش** (Turebâdruŝ): (http://mazdaahoora.blogfa.com)[175]

(هنگامی که هفتاد و دو ساڵ از عمر زرتشت گذشت، وی گشتاسپ را از دادن باج و خراج به تورانیان منع می کند. چون گشتاسپ از در آزادگی بر تورانیان وارد شد، جنگی میانشان در گرفت. در روایات آمدە کە ارجاسپ پادشاە تورانی در دومین هجوم خود بە بلخ، صدمە زیادی بە آنجا وارد کرد.در این هنگام،گشتاسپ در پایتخت نبود و چون ایرانیان هزیمت یافتند، زرتشت در آتشکدە "انوش آذر" بلخ در حال دعا برای سپاە ایران بود کە یک تورانی بە نام **"توربرادروش Turebâdruŝ"** از پشت بە وی حملە ور شدە، و پاک پیامبر آریایی را بە شهادت می رساند).

**وەرگێرانەکەی:** کاتێ کە زەردەشت تەمەنی ٧٢ ساڵ بوو، بە گۆشتاسپی وت کە چی تر باج بە تورانییەکان نەدا، دواجار ئەمە بوو بە هۆی جەنگێک لە نێوان ئێرانییەکان و تورانیەکاندا،

---

[175] " اوستا شناسی در اروپا " http://mazdaahoora.blogfa.com/

له هێرشی دووەمی تورانیەکاندا بە سەرکردایەتی ئەرجاسپی تورانی، سپای ئێرانییەکان تووشی شکان هات. گوشتاسپ بۆ خۆی لە بەلخ نەبوو، زەرِدەشت لە هورمزگەی" ئانوش ئازەر" لە بەڵخ خەریکی نیایش و پاڕانەوە بوو بۆ سـپای ئێران کە یەکێکی تورانی بە ناوی " **توربرادروش Turebâdruŝ"** لە پشتەوە وپەلاماری زەرِدەشتی دا وکوشتی.

**ئەگەر چاو لە نووسراوە لاتینییەکەی بکرێت دەردەکەوێ کە وەرگێڕانە فارسییەکەی هەڵەیە. ئەم وشەیە ناوی بکوژەکەی زەرِدەشت نییە، بەڵکوو دەستەواژەیەکی کوردییە لە سێ بڕگە پێک هاتووە بەم شێوەیە "Ture-bâd-ruŝ" (توری- بەد- ڕەوش) واتا تورانییەکی بەد ڕەوشت.**

**فروهر/ فرەوشی:** (اوستا، جلد دوم، جليل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٢٥)

لە کتێبەکان و ماڵپەرە فارسییەکاندا زۆر لەسەر ئەم دوو دەستەواژەیە نووسراوە، و وای تێ دەگەن کە ئەم دوو دەستەواژەیە هەر یەک واتایان هەیە، ئەمە ڕاست نییە تەنانەت لە گۆکردنی ئەم دەستەواژانەشدا تووشی هەڵە و سەرلێشیواوی بوون. جەلیلی دوستخواە دەڵێ لەسەر وشەی "فرەوەشی" زۆر نووسراوە و مانای جۆربەجۆریان بۆ نووسیوە کە پێمان ناکرێ باسی هەمووی بکەین، دوای دەنووسێ کە پورداود دوو واتای بۆ داناوە یەکەم پشتیبانیکردن و پەنادان ( پشتیبانی کردن و پناه دادن) و یان لەخۆگرتن و داپۆشین (دربرگرفتن و پوشاندن). دوایش دەڵێ "بەهار" (زمانەوان و شاعێری فارس) مانای "بەرەنگاری و ڕاوەستان"ی بۆ داناوە. لە یەکێ لە ماڵپەرەکاندا کە زۆری لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە ئاوا دەڵێ : [176]

(اين كلمه در اوستا **فروشي** و در فرس هخامنشي- **فرورتي** و در پهلوي **فروهر faravahar** ميباشد). واتا ئەم وشەیە لە ئەوێستادا "فەڕەوشی" و لە فارسیی هەخامەنشیدا "فەڕوەرتی"

[176] http://mazdaahoora.blogfa.com/8501.aspx

و له پەهلەویدا وەک "فروهەر" هاتووە. هەروەها هەر لەم ماڵپەڕەدا ناوی چەندین زانا و ئەوێستا ناسی بەناوبانگی بیانی وەک نیریوسنگ، دارمسستتر، ئەشپیگڵ، گیگر، یوستی، هوگ، تیل و... هێناوە کە لەسەر ئەم دەستەواژانە نووسیویانە، بەڵام نەیانتوانیوە واتای ڕاستەقینەی بۆ دەستنیشان بکەن تەنیا بەوە گەیشتوون کە لەوانەیە ئەم دەستەواژەیە لە "فەڕ + وەشی" پێک هاتبێ. بەڵام ئەم بۆچوونانە و ئەم واتاگەلە هیچیان ڕاست نین، بەر لەوەی ماناکانی خۆدی ئەم دەستەواژەگەلە ڕۆشنبکرێتەوە پێویستە واتای وشەکانی فەڕ، فرا / فرە، و هەروەها "وەش" ڕوون بکرێتەوە.

١- **فەڕ:** لە فارسیدا وەک ( فر) دەنووسریت، لە کوردیدا ئەم وشەیە چەندین واتا دەگەیێنێ لەوانە ١- گەورەیی، شکۆ ٢- بخت و شگۆن (فارسی: یمن) ٣- پیت و بەرەکەت (برکت، فایدە)، بۆ نموونە دەڵێن ئەو کوڕە زۆر بەدفەڕە واتا بەرەکەتی نییە، زیان دەگەیێنێ یان دەڵێن ئەو ژنە فەڕی ئەو ماڵەیە، واتا بەرەکەت و خوشبەختی ئەو ماڵە لەو ژنەدایە. یان کاتێ مانگایەک شیری زۆر دەدا دەڵێن مانگایەکێ بەفەڕە واتا بەرەکەتی زۆرە. (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار ل.پ. ٥٢٤).

٢- **فرا / فرە:** وشەیەکی پەتی کوردییە ئاوڵکرداری پێوانەییە (قید مقدار) واتای زۆر، گەلێک، پڕ(کرمانجی)، دەدا. لە هەورامیدا وەک "فرا" و لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "فرە" گۆ دەکرێ. لە ئەوێستادا بە دەیان جار وشەی"فرا" بە هەمان مانای کوردییەکەی هاتووە.

٣- **وەشی:** لە فارسیدا وەک (وشی) دەینووسن. "وەشی" وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری ئەوێستایی کوردی (هەورامی، زازاکی، لەکی، شەبەک) کە واتای خۆشی دەدا، ناوی چاوگ (اسم مصدر) بۆ خۆشی دەبێتە **"خۆشیەتی"** کە لە هەورامیدا دەبێتە "وەشیەتی".

وشەکانی **"وەش"** و **"وەشیەتی"**[177]بە دەیان جار لە ئەوێستادا بە هەمان واتای کوردییەکەی هاتوون.

**وشـەکانی خۆش و خۆشـیەتی / (هەورامی: وەش، وەشـیەتی) لە زمانی کوردیدا مانایەکی فراوانتری هەیە لە وشـەی "خوش"ی فارسی. لە فارسـیدا خوش بە واتای تندروسـتی، خوشڕووبوون، وخوشی کردن دێت. بەڵام لە کوردیدا بێجگە لەمانە واتای ئاســایش، ئـارامش، رفـاه، خۆشـــگوزەرانی دەدا. واتـا ئەگەر وترا فلانی خۆشـــیەتی/ (هەورامی: وەشـیەتی) بەو مانایە دێت کە هیچ گرفتێکی نییە لە هیچ بارێکەوە، واتا هەم تندروسـتی باشـە، هەم ئاسـایش و ئارامش و ئابوری واتا باری ژیانی لە هەموو بارێکەوە باشـە. ئێسـتا با دەستەواژەکانی فروهر و فرەوەشی ڕوون بکرێتەوە.**

**فرەوەشی:** ئەم وشــەیە لە فارسـیدا وەک **"فروشی"** دەنووسرێت و وەک **"فەرە وەشی" گۆ دەکرێ کە هەڵەیە**. ئەمە دەسـتەواژەیەکی کوردیی هەورامییە کە لە ئاوەڵکرداری "فرە / فرا" لەگەڵ "وەشی" کە هەمان وشـــەی "خۆشی"یە پێک هـاتووە، فرەوەشی واتـای فرە خۆشی دەدا، یان بە جۆرێکی تر واتای **" زۆرترین تندروســـتی، ئاســایش، ئارامش، رفاە و خۆشی "** دەگەینێ.

(دارمستتر، فرەوەشی بە واتای "خوراک پێ دان" مانا کردووەتەوە)[178]، ئەمە واتای فرە وەشی ناگەینێ بەڵکوو تەنیا بەشێکی کەمە لە فرەوەشی.

**فروهر/ فرە وهر:** ئەم وشەیە لە فارسیدا وەک "فروهر" و هەروەها "فرە وهر" هاتووە و وەک فروهەر دەخوێنـدرێتەوە، و بە ســـەدان واتـای جۆربەجۆریان بۆ داتـاشـــیوە کە

---

[177] hushiti [-] = f. good abode (k600), Avesta Dictionary by K.E. Kanga

[178] http://mazdaahoora.blogfa.com/8501.aspx

"دارمستتر به دانشمندان پيشين روي نموده و فروشي را به معني پروريدن و غذا دادن تصور نموده است"

هەموویان لە ڕاستی بەدوورن. ئەم دەستەواژەیە هەر لە سەردەمای باستانەوە (کۆنەوە) وەک نیشانە و هێمایەک بۆ خۆر وێنا کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە: هێمای خۆرێک بە دوو باڵی درێژو و بەرینەوە، لەگەڵ وێنەی پادشایەک یان ڕێبەرێکی ئایینی (مادی/ هەخامەنشی)، کە تەوقێک لە دەستی ڕاستیدایە، و دەستی چەپیشی وەک پاڕانەوە بەرانبەر بە خۆدای خۆی بەرزکردوەتەوە.



فەڕی وەر ( فەڕی خۆر) هێمایەکە بۆ شکۆ و بەرەکەتی خۆر[179]

واتای ئەم دەستەواژەیە لە هەورامیدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەم وشەیە "فروهر" نییە، بەڵکوو **" فەڕ- وەر"**ە، لە فارسیدا بە هەڵە "فروهر/ فرەوهر"ی پێ دەڵێن ئەم دەستەواژەیە لە دوو برگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "فەڕ" کە واتای شکۆ، بەرەکەت و شگۆن (یمن) دەدا و بڕگەی دووەم (وەر) کە لە هەورامیدا و هەروەها لە ئەوێستادا واتای "خۆر" ئەدا. کە وابوو پێکەوە واتای **فەڕ، شکۆ و بەرەکەتی خۆر دەگەیێ.** ئەمەش نابێ لە بیر بکرێت کە خۆر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی دانیشتووی وڵاتی کۆنی کوردەواریدا هەم لە ئایینی میترایی کە

---

179 ئەم وینەیە لە ئەم ماڵپەرە وەرگیراوە
https://www.google.se/search?q=%D9%81%D8%B1%D9%88%D9%87%D8%B1+%D9%86%D9%85%D8%A7%D8%AF+%DA%86%DB%8C%D8%B3%D8%AA&biw=1391&bih=654&tbm=isch&imgil=XoeEvKPOQ2k7nM%253A%253BJYGaY_maDLpLwM%253Bhttp%25253A%25252F

"خۆر" خۆدا بوو وهەم لە ئاییینی زەردەشـتیشـدا جێگایەکی هەرە بەرز و گرینگی هەبوو. ئەم هێمایە کە **" فەڕ- وەر"**ی ناوە، لە ڕاسـتیدا هەمان هێمای "خۆری باڵداری" سـەردەمی میتانییەکانە. **باسی بەرەکەت و دەسـتەڵاتی ئەم باڵانەی" فەڕوەر" هەر ئێسـتاش لە نێو خەڵکی کوردسـتاندا وەکوو دەسـتەواژەیەک ماوەتەوە و تێکەڵ بووە بە بیرو باوڕی ئاییینی ئیسـلامیشـەوە، بۆ نموونە لە کاتی نیایش کردندا دەڵێن " خۆدایا باڵی خەیر و بەرەکەت بە سـەرماندا بکێشـە" یان دەڵێن " خۆدایا لە ژێر باڵی رەحمەت و بەرەکەتی خۆتدا بمانپارێزە " ئەم باڵە هەمان باڵی "فەڕوەر"ە، دەنا خۆدا لە ئیسلامدا باڵی نییە.**

بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی واتای "فەڕ- وەر" دەکرێ سـەیری ئەو بەڵگەیە بکرێت لە کتێبی بەندهش کە بە خەت و زمانی پەهلەوی نووسراوەتەوە، دەقی فارسی نووسراوەکە لە بەشی یەکەم لەژێر خاڵی ٨ لە کتێبی بەندهش (فارسی، بندهش) ئاوا هاتووە: **( آخرین فروهری کە بە زمین فرود خواهد آمد فروهر سوشیانت موعود مزدیسناست و پس از آن آخر الزمان است).**[180]

واتـاکەی ئـاوایە: دوایین "فەر- وەر"ێک کە دێتە خوارەوە بۆ زەوین "فەڕ- وەر" (فەڕی- خۆر)، سـۆشـیانە بەپێی بریاری مەزدیەسـنا (ئاهورامەزدا) و لە پاش ئەو ئیدی دوایی بە گیتی دێت. ئەم وتەیە ئەوە دەسـەلمێنێ کە "فەڕ- وەر" فەڕێکە کە لە ئاسـمانەوە دێتە خوارەوە بۆ زەوین، ئەم بەرەکەتەی خۆر (فەڕوەر) لە ڕێگای شاندنی سۆیەکەو ( ناردنی ڕۆشنایەکەوە/ سۆشیانت) دەگاتە گیتی. ئەم واتایە بە زمانێکی ڕەوان ئاوایە "فەڕی- خۆر/ بەرەکەتی خۆر" لە شـێوەی ڕۆشـنایییەک دەنێردرێتە خوارەوە بۆ سـەر زوین بۆ ڕزگارکردنی مروڤەکان، ئەمە ئیتر دواجارە و لە پاش ئەمە ئیدی دوایی بە گیتی دێت.

---

[180] http://mazdaahoora.blogfa.com/8501.aspx
آخرین فروهري كه به زمین فرود خواهد امد فروهر سوشیانت موعود مزدیسناست و پس از ان اخر الزمان است.

له فەروەردین یەشت لە ئەوێستا دا له بارەی "فەڕ- وەر"وە ئاوا نووسراوە، ئەمەش بەشێک له دەقی فارسیەکەیەتی:

"از پرتو فر و شکوه فروهرهاست که من اهورامەزدا، آسمان و زمین و آنچه در روی آنست را از رودها و گیاهان و جانوران و مردم را نگاه میدارم. از پرتو فروهرهاست که ستارگان و ماه و آفتاب سیر پیش گرفتند و آب روان گردیدو گیاه بالیدن آغاز نمود."[181]

**واتاکەی: لەبەر تیشک و فەڕ و شکۆی "فەڕوەرکانە" کە من (ئاهورامەزدا ) ئاسمان و زەوین و هەمووی ئەوانەی کە لە سەریەتی لە رووبارو و گیاکان و جانەوەران و مەردمم ڕاگرتووە. لە بەر تیشکی فەڕوەرەکانە کە خۆر و مانگ و ئەستێرە لەسەر شوێنی خۆیان ڕێگا دەپێوون و ئاوەکان رەوان  و گیاکان شین بوون.**

ئەم دەقانە بەڵگەن کە وشەی "فروهر"ی فارسی ڕاست نییە، و ئەم دەستەواژەیە کوردیی هەورامییە و "فەڕ- وەر"ە کە واتای فەڕ و بەرەکەتی خۆر دەدا.

## ئەوێستا:

وشەی ئەوێستا لە دەقە جۆراوجۆرەکاندا بە چەند شێوەیەک هاتووە وەک ئەوێستا، ئوستا، وەستا، ئەفستا، پستاک و ئەوێستاک. بەڵام ئەوەی کە زیاتر بەرچاو دەکەوێ و لە دەقە کۆنەکاندا هاتووە هەمان وشەی ئەوێستایە. زۆربەی ئەوێستاناسان دوو واتایان بۆ وشەی ئەوێستا دیاری کردووە. یەکەم: ئەوێستا بە واتای پایە و بنەما، یان  پایە و بنەمای ئایینی. دووەم: ئەوێستا بە واتای __**زانست و زانیاری**__ کە هاو ڕیشەیە لەگەڵ وشەی "ودا " کە کۆنترین کتێبی ئایینی هیندیەکانە.

ئەوەی کە ڕاستە واتا دووەمەکەیەتی، چونکە لە کوردیدا بە زانایانی ئایینی دەبێژن **"مامۆستا "** کە لە دوو برگە پێک هاتووە "مام " کە واتای برای باوک دەدا و بۆ ڕێزلێنان و گەورەیی بە

---

[181] http://mazdaahoora.blogfa.com/8501.aspx

کار دەبرێت، و"وستا"ش کورتکراوەی وشەی ئەوێستایە بە واتای زانا و زانیار. کە واتا پێکەوە واتای "مامی زانا" دەدا. خۆدی وشەی "وەستا" لە کوردیدا هەر بە مانای مرۆڤی "زانا" و"کارزان" دێت. تەنانەت لە زمانی فارسیشدا لە نێو خەڵکی ئاساییدا "وەستا" بە "ئوستا" گۆ دەکرێ. وشەی ئوستاد (استاد)ی عربی لە ئەوێستاوە وەرگیراوە و لە کوردییەوە پەڕیوەتەوە نێوعەربی. لە فەرهەنگی پەهلەویشدا (بڕوانە پەهلەوەی دیکشنەری لە نووسینی D.N. Mac Kenzie, 1986 sid 14,) وەک "ئەوێستاد awestad" هاتووە کە واتای ئوستاد (master)ی بۆ دانراوە.

## دوژێنەکانی ناو ئەوێستا:

دیاکۆنۆڤ لە ل.پ.٤٧٧ مێژووی ماددا، لەسەر شێوازی زوانی ئەوێستا دەڵێ:

" ئەوێستا زمانێکی تیژی هەیە بەرانبەر بە بیانیەکان و ئەوانەی کە ئاریایی نین. لە چاوی ئەم رێبازەوە نائارییەکان وەکوو "جڕ و جانەوەر ودەعبان"، وەک مرۆڤی ئاسایی باسیان لێوە ناکا بۆ نموونە ئەوانە لە دایک نابن بەڵکوو بەردەبنەوە، نامرن ئەتەقن/ ئەتۆپن، بە ڕێگادا ناچن ئەخزن یان تەپەتەپیان دێ، ئەهورامەزدا بە تێاچوونیان خۆشنووە".

لێرەشدا هێندێک لەو دەستەواژەگەلە کە وەک دوژێن و ناونیتکە / ناو و ناتۆرە (لقب زشت= فارسی) لە ئەوێستادا هاتووە دەخرێتە پێش چاو:

**کرپ (کرپان):** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳۱)

دوستخواه دەنووسێ: (در گاهان عنوان گروهی ازپیشوایان و دشمنان دین مزداپرستی است). واتا لە گاساکاندا وەکوو ناوی تاقمێک لە پیشەواکانی دێوپەرەستان و دوژمنانی مەزداپەرەستی هاتووە. ئەمە ناو نییە ناونیتکەیە، ئەمە وشەیەکی کوردییە کە لە شێوەزاری باشووریدا هەر ماوەتەوە و وەک "کەرەپەن kerepen/ kerepan" گۆ دەکرێ، کە واتای **"کەڕ"** ئەدات، کەسێ کە گوێ گرانە و نابیسێ. (بڕوانە فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر۲۰۰۵، ل.پ ٥٣٤).

**گماڵە دێوان/ گماڵگان:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳٤)

له بارەی ئەم وشـــە ئاوا نووسراوە: [به معنی "چەسری!" و به مفهوم گســـتردەتر " چەسر نفرت انگیزی!" صـفت اسـت برای هفت تن از دیوان بزرگ و دسـتیار اهریمن که در برابر امشاسپندان قرار میگیرند. نامهای آنها چنین است:

اک من ( اکومن)، ایندر (اندر)، ســـورو، نانگ هیثیه، ناگهیس، ترومیتی، توروی (تریز) و زریچ (زریز). از این نـامهـا ترومیتی نه نـامی جداگانه بلکه صـــفتی برای **"نانگ هیثیه"** دانستەاند که گاه به جای نام او میاید].

وەرگێڕانەکەی بە کورتی ئاوایە: بە مانای "چە ســـەرێک" هاتووە، بە واتایەکی بەرینتر "چە سـەرێکی قیزەون" ئاوەڵناوێکە بۆ هەفت کەس لە دێوە گەورەکان کە دەسـتیار و فەرمانبەری ئەهریمەنن لە دژی ئەمشاسپنداندا، ناوی دێوەکانیش ئەمانەن ...

ئەمە ڕاست نییە، ئەمە پەیداکردنی مانای وشەکانە بە مەزندە. پەیوەندی وشـەی "گماڵ" لەگەڵ "چە سری، و چە سرنفرت انگیزی" لە چیدایە و لە کوێڕا هاتووە دیار نییە؟

ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە واتای **"گەماڵ (ســـەگی نێر)"** دەدات کە وەک دوژێن و ناونیتکە (قسەی ناشیرین) لە کوردیدا بە کار دێت وەک **"گەماڵ باوک"** (فارسی: پدرسگ). وشـــەی "گماڵە دێوان/ گەماڵ دێوان"، واتای دێوانی گەماڵ ئەدات. "گماڵگان"یش هەر وشەیەکی ئاسایی کوردییە، هەمان "گەماڵەکان"ە کە واتای سەگەکان دەدات.

**اک من/ (اکومن):** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٤)

بە واتای بەد ئەندیش هاتووە، ناوی یەکێ لە دێوەکانە، وشـــەیەکی کۆنی کوردییە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە،"ئەک" واتای "ئەخ" (بەد، خراپ) دەدات و بڕگەی دووەم "من/ مەن" کە واتای "ئەندیشە"[182] دەدا. ئەکمەن/ ئەخمەن واتای "بەد ئەندیش/ باوەڕپیس" دەدات.

**سورو:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٤)

ناوی یەکێ لە دێوەکانە، سورو، وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە تایبەت لە کرمانجیدا بە کەسێ دەڵێن کە ڕەنگی کاڵ و سوور بێت. لە شێوازەکانی تردا وەک "سوورە" گۆ دەکرێ.

**نانک هیثیه:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ١٣٨٥، ل.پ.١٠٣٤)

---

182 فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ. ٦٤٢

وەک ناوی یەکێ لە دێوەکان هاتووە، هیچ واتایەک بۆ ئەم وشـەیە دانەنراوە. ئەمە ناو نییە دوژێنە، وشەیەکی کوردییە واتای "نەنک حیزە" دەدات، فارسی: (ننە هیز، ننە جندە).

**ناگهیس:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳٤)

ناوی یەکێکی دی لە دێوەکانە، هیچ واتایەکی بۆ دیاری نەکراوە. بە ئەگەرێکی زۆر ئەم وشەیە یان خراپ نووسراوە و یان خراپ خوێنراوەتەوە، ئەمە ناگهیس نییە بەڵکوو دەبێ "نەگریس/ نگریس" بێت کە وشەیەکی ئاسایی کوردییە واتای "بەد سرشت، بەد فەڕ"[183] دەدا.

**کوند:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳۵)

ناوی دێوێکە، دوستخواه نووسیویەتی کە "بەهاری شاعێر" دەڵێ هیچ واتایەکی نییە، بەڵام دارمستتر نووسییویەتی کە دەستەواژەیەکە بۆ هەوری بارانی! و دواجار بووە بە ناوی دێوێک لە هەوردا (قسـەی پۆچ = نووسـەر). و پورداودیش دەڵێ لەوانەی ئەم دێوە دێوی سـسـتی بێت (فارسی: دیو کندی و سستی).

ئەمانە ناتوانن واتای ڕاستی ئەم وشەیە بن هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراویان لە پشت نییە. بە ئەگەرێکی زۆر ئەمە لە وشـــەی "کوند"ی[184] کوردییەوە هاتووە کە واتای بووم و بایەقوش دەدا لە کوردیدا، کە هێما و ســـێمبۆلی "شـــومی"یە لە فەرهەنگی کوردیدا. دەڵێن ئەگەر لە هەر شـوێنێکدا بنیشـێتەوە ئەوە دەبێتە کەلاوە و وێرانە. بۆیە نیشـتنەوە و خوێندنی کوند لە ئاوەدانی وەک کارەسـات چاوی لێ دەکرا (ئەم باوەڕە ئێسـتاش لە زۆر ناوچەی کوردسـتاندا هەر ماوەتەوە)، ئەم دەستەواژەیە ئێستاش بۆ مروڤی شوم و بەدفەڕ هەر باوە.

**کون مرزی:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳٦)

بە وتەی پورداود ئەم وشـــەیە بە واتای نێربازی، جوتبوونی نێر لەگەڵ نێردا هاتووە،. کە لە ئایینی زەڕدەشتیدا گوناحێکی گەورە دەژمێردرا و جێگای لێبوردن نەبوو.

**کوندیز:** (اوستا، جلد دوم، جلیل دوستخواه چاپ دهم ۱۳۸۵، ل.پ.۱۰۳۵)

نـاوی دێوێک بووە، هیچ واتـایەکی بۆ دانەنراوە. بەڵام ئەمەش وشـــەیەکی کوردییە وهەر ناونیتکەیە. لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەمجورە "کون- دێز" کە کون هەمان "کون / قون/

---

[183] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ۲۰۰۵، ل.پ. ٦٦٧، هەنبانە بۆرینە هەژار ل.پ. ۸۸٦.
[184] هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ۱۳٦۹ ل.پ.٦٤٥

قێنگ"ە لە زمانی کوردیدا و بڕگەی دووەم "دێز" واتای ڕەنگی ڕەش و تاڵ دەدات.[185] (فارسی: رنگ تیره و سیاه). هەروەها لە کوردیدا بە تەوسەوە بە مرۆڤی شوم و بەدفەڕیش دەڵێن "دێزە"[186]. کوندێز ناووناتۆرەیە واتای "کون ڕەش " دەدات. مەبەست لەو کەسانەیە کە گۆناهکار و تاوانبارن و نیشانەی ڕەشیەتی و تاوانیان پێوە دیارە.

---

185 هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩ ل.پ.٣٣٣. هەروەها فەرهەنگی باشوور ل.پ. ٣٤٢

186 فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ. ٣٤٢.

# بەشی شەشم

## ئەریَ زمانی هەورامی هەمان زمانی ئەوێستاییە؟

بەراوردکردنێکی گشتگیر و زانستییانەی زمانی کوردی و بە تایبەت شێوازی هەورامی لەگەڵ زمانی ئەوێستاییدا کارێکی ئاسان و تاکە کەسی/ (انفرادی) نییە، بەڵکوو پێویستی بە کارێکی رێکخراوی کۆمی (جمعی) کۆمەڵێک لە شارەزایانی بواری زمانی ئەوێستایی و کوردی بە تایبەت شێوەزاری هەورامی هەیە. ئەم بەراوردکاریانەش کە لێرە کراوە تەنیا دەسپێکێکە کە زۆر بە زەق و ئاشکرایی نیشان دەدا کە زوانی ئەوێستایی پەیوەندی ڕاستەوخۆیَ هەیە لەگەڵ زمانی کوردی شێوەزاری هەورامیدا، زمانی ئەوێستایی دایکی شێوەزاری هەورامییە. ئەم ڕاستییە دەبیَ هەموو کەسیَ بیزانیَ کە تەنیا بە پشتبەستن بە زمانی کوردی شێوەزاری هەورامییە کە دەکریَ وەرگێڕانێکی ڕاست و زانستیانە لە زمانی ئەوێستایی بکریَ. یان بە واتایەکی تر ئەمە تەنیا کۆمێکی شارەزای زمانی کوردی و بە تایبەت هەورامییە کە دەبیَ جارێکی تر و بۆ هەمیشە ئەوێستا لەسەر زمانی ڕاستی خۆی بنووسێنەوە، و خزمەتێکی گەورەش نە تەنیا بە زمانی کوردی بەڵکوو بە مێژوو و فەرهەنگی جیهانیش بکەن.

لەم بەشەدا تیَ دەکۆشرێت بە پشتبەستن بە بەڵگەی ڕوون و باوەڕپێکراو ئەم بابەتە بسەلمێندرێت کە زمانی هەورامی هەمان زوانی ئەوێستاییە و هەورامییەکانیش هەمان هۆزی ماگ (مۆغان)ی مادن. بۆ ئەم مەبەستەش پێش هەرشتێک ڕۆشنایی دەخرێتە سەرهێندێک لەو تایبەتمەندیانە کە تەنیا هەر لە زمانی کوردی و بە تایبەت شێوەزاری هەورامی و زمانی ئەوێستاییدا هەن. هەروەها وشەکانی ئەوێستایی لە فەرهەنگەکانی "کانگا" و "بەیس فورم دیکشنەری"ش لەگەڵ وشەکانی کوردیدا بەراورد دەکرێت.

لێرەدا پێویستە ئەمەش بوترێت کە شێوەزاری ئەوێستایی تەنیا شێوەزاری هەورامی نییە، بەڵکوو شێوەزارەکانی زازاکی، لەکی، شەبەک و باجەلانیش دەکەونە خانەی شێوەزاری ئەوێستاییەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە لایەکەوە شێوازی هەورامی کەمتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانەکانی دی و لە لایەکی تریشەوە وەک دواجار پیشان دەدرێت هەورامییەکان نەوەی ڕاستەقینەی مۆغانی زەردەشتین بۆیە شێوەزاری هەورامی لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە زمانی ئەوێستاییەوە لە هەمان دەمدا کەمترین گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە. ئەو خاڵانەی کە زۆر بە زەقی نیشان دەدەن کە هەورامی و ئەوێستایی هەر یەکێکن بریتین لە:

## ١- گۆكردنی دەنگی" خ "ێ بۆ " و" یان "هو (hv/xv) لە ئەوێســـتایی و لە هەورامیدا:

دەنگی پیتی "خ"ێ لە شێوەزاری ئەوێستاییدا بە گشتی و بە تایبەت ئەگەر پیتی "خ"ێ پێش پیتی " ۆ/ و/ وو" بکەوێ، ئەوە دەنگی پیتی "خ"ێ لە وشەکەدا دەگۆردرێت بۆ پیتێک کە لە نێوان (هـ) و ( و)دایە، نە پیتی "هـ"یە بە تەواوی و نەش پیتی "و"یە بە تەواوی، پیتێکە لە نێوان ئەم دوو پیتەدا بەڵام زیاتر بە "و" نزیکە. لە شـــێوەزاری هەورامیشـــدا هەر وایە. لە هێندێک لە فەرهەنگەکانی ئەوێســـتایی نیشـــانەیەک وەک ( **hv**) و لە هێندێکی تردا نیشانەیەک وەک **(xv)** بۆ ئەم دەنگەیان داناوە، بۆ نموونە:

| ئەویستایی | هەورامی | سۆرانی/ کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| وەر/ هۆر[187] | وەر/ هۆر | خۆر | خورشید |
| وەشیەتی[188] | وەشیەتی | خۆشیەتی | خوش بودن |
| واز/ واس[189] | واز/ واس[190] | خۆاز | خواه |
| وەنی[191] | ونی[192] | خوێنی | خونی |
| وێم[193] | وێم | خۆم | خودم |
| وەفنا / هوفنا[194] | وسنای | خەوانـــــــــدن/ خەفاندن | خواباندن |

[187] hvar = 20 (G) n. Sun, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 606
[188] hušiti = good dwelling, comfort, safety' 2.199, 4.396, Base Form Dictionary
[189] vas / vaz = desire, wish/ marry, 1.87, 1.176, 3.216, Base Form Dictionary
[190] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٧٧
[191] vohuni = 7 (plA) blood, menses, Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 511
[192] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٠٠٥
[193] Vaêm. Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 451
[194] hv لە ژێر بەشی، Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 139

| | | | |
|---|---|---|---|
| وەداتە[195] | وێداتە | خۆداتە | خود دادە |
| وارەتا[196] | وارتە/ وارتەی | خواردە/خواردنی | خوردنی |
| وەتو[197] | وێت | خۆت | خودت |
| هۆشک / وشک[198] | وشک | وشک/ حۆشک | خۆشک ( خشک) |
| | وانای | خوندن/ خوێندن | خواندن |
| | واردەمەنی | خۆاردەمەنی | خوردنی |
| | وەن وەر | خۆێنخۆر | خونخوار |
| | وتەی | خەوتن / خەفتن | خوابیدن |
| | تۆم | توو/ تۆم/ تۆخم | توخم (تخم) |
| | وارزا | خۆارزا | خواهرزادە |
| | ورد | ورد/ خۆرد | خورد (خرد) |
| | وار | خوار | پائین |
| | وزتەی[199] | خستن | انداختن |

هەر بەم شـــێوەیە وشـــەکانی خۆش دەبێتە "هوەش یان وەش"، خۆاردم دەبێتە "واردم"، خوندم/ خوێندم، دەبێتە "وانام". خۆرد (بچووک ) دەبێتە "ورد"، خواروو دەبێتە "واروو".

**ئەمە یەکێک لە جیاوازییەکان یان تایبەتمەندییەکانی شـــێوەزاری ئەوێســـتاییە لەگەڵ شـــێوەزاری گشـــتیی مادیدا. هەروەها ئەم دیاردەیە لە نێوان شـــێوەزاری گشـــتیی کوردی**

195 hv لە ژێر بەشی، Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 139
196 hv لە ژێر بەشی، Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 141
197 hv لە ژێر بەشی، Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 139
198 hushka = 6 (plG) dry (k601, b1839), Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 601
199 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ . ٩٩٧

**(کرمانجی، سۆرانی، کەلهوڕی) و شێوەزاری ئەوێستایی کوردی (هەورامی، زازاکی، لەکی ،شەبەک) هەر ماوەتەوە.**

## ٢- گۆکردنی دەنگی "ج" بۆ "ی" لە ئەوێستایی و لە هەورامیدا:

لە زوانی ئەوێستاییدا هەندێ جاران دەنگی پیتی "ج" کە لە سەرەتای وشەکەدا دێت دەگۆڕدرێت بۆ "ی"، لە هەورامیشدا هەر وایە بۆ نموونە:

| ئەویستایی | هەورامی | سۆرانی/ کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| یەم/ یەمە (Yima )[200] | جەم/ یەم | جەم | جەم (جم) |
| یاکەر( Yakar )[201] | یەهەر[202] | جەگەر/ جێگەر | جێگەر (جگر) |
| یەما ( Yama)[203] | یەوارا[204] | جمک | همزاد/ جفت |
| یاگە/ یاگا/ ئایاگە | یاگە/ یاگا[205] | جێگا / جێگە | جایگاه |
| یاوان ( Yavan )[206] | جەوان | جەوان/جوان | جەوان(جوان) |
| یاتو (Yatu)[207] | جادو | جادو | جادو |
| یاوات ( Yavat)[208] | یاوید/ جاوید | جاوید | جاوید |
| یۆ/ یەوە (Yava)[209] | یۆ/ یەوە[210] | جۆ | جەو (جو) |

[200] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 429, هەر وەها پورداود ل.پ.٩٢

[201] یادداشت های گات ها، پورداود تهران ١٣٨١، ل.پ.٩٢

[202] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١٤٠

[203] یادداشت های گات ها، پورداود تهران ١٣٨١، ل.پ.٧١

[204] زبان هورامی و گویش پاوەای منصور سلیمی، ل.پ.٤٩١

[205] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٠٠٥

[206] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 422

[207] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, هەر وەها پورداود ل.پ.٩٢

[208] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 423

[209] Yava= barley (orig.); corn (k422, t117, b263), Avesta Dictionary, K.E. Kanga

[210] زبان هورامی و گویش پاوەای منصور سلیمی، ل.پ.٤٩١

| | | | |
|---|---|---|---|
| یەما[211] | ێیت/ هیت/هیتە [212] | جوت | جفت |
| -------- | یتیار/هیتیار[213] | جوتیار | کشاورز |
| -------- | یاگەوبان[214] | جێوبان | رختخواب |
| -------- | یەۆین[215] | جۆیین (شتی لە جۆ دروستکراو) | جوی (از جو) |
| یەسنا / یەشن[216] | یەسن/ یەسنە/ یەسنا[217] | جێژن | جشن |

## ٣- پێتی " ز" لە ئەوێستایی و کوردیدا:

لە کوردی و بەتایبەت لە هەورامیدا دەنگی "ز"ێ لەگەڵ وشەکانی هاوتای خۆی لە ئەوێستاییدا یەکدەگرێنەوە، واتا لە زمانی کوردیدا بە گشت شێوەزارەکانیەوە پیتی "ز"ێ هەر وەک شێوەزاری ئایینی مادی (ئەوێستایی) و شێوزاری گشتیی مادی "ز"ێ گۆ دەکرێ. کە چی ئەم پیتە لە فارسیی کۆندا و لە فارسیی نوێدا وەک "د"ێ گۆ دەکرێ بۆ نموونە:

| ئەوێستایی | هەورامی، زازاکی | سۆرانی، کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| زانا[218] | زانا / زانا | زانا / زانا | دانا |
| زریانگە/ زەریا[219] | زەریا/ زرێوار [220] | زەریا/ دەریا | دریا |
| بەرزیا/ بەرزاهی[221] | بەرزی/ بەرزایی | بەرزی/ بڵیندی | بلندی |

[211] <yāma-='twin'. http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

[212] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١١٠-١١١١

[213] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١١١

[214] دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی، چاپی دووم ل.پ.٢٦١

[215] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١٤٠. دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی، چاپی دووم ل.پ.٢٦١.

[216] لە ئەوێستادا هەم بەواتای نیایش هاتووە و هەم بە واتای جێژن

[217] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ١١٣٣

[218] مێژووی ماد دیاکۆنوف ل.پ.٩٤

[219] zrayanghat [zrayangh] =12 (Abl) n. the sea (k213). avesta Dictionary by K.E.

[220] زرێوار کە ناوی دەریاچەیەکە لە مەرێوان، لە دوو برگە پێک هاتووە " زرێ" بەواتای دەریا و "وار" کە واتایە "وەک" ئەدات، پێکەوە واتای وەک دەریا، "دەریاچە" ئەدات.

[221] Barezâ, barezahi = height; a mountain (k369), avesta Dictionary by K.E. Kanga

| | | | |
|---|---|---|---|
| زەردی/ زەری[222] | زیڵ[223]/ زەریٚ[224] | دڵ | دل |
| زاماد | زاما[225] | زاوا | داماد |

هەروەها بەپێی بۆچوونی زانایانی بواری زمانەوانی یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوان زوانی مادی لەگەڵ زوانی فارسـیی کوندا (فارسـیی باسـتان) گۆکردنی پیتی "ز"یە لە زمانی مادیدا (هەم شـێوازی ئایینی زمانی مادی و هەم شـێوازی گشـتی زمانی مادی) کە لە پارسیدا وەک "د"ێ گۆ کراوە، بۆ نموونە:

**وەرزان:** بە وتەی دیاکۆنۆڤ ئەم وشەیە لە پارسیی باستاندا "وەردان" بووە کە واتای گوند یان شـوێنی نیشـتەجێبوون دەدا. لە کوردیی ئەمڕۆدا وەک ناوی بەرزان ماوەتەوە (وەک ناوچەی بارزان لای مێرگە سوور).

**زیانا / زیانی:** لە ئەوێسـتادا زیان و زیانی هاتووە، چاوگی ئەم وشـەیە "زیا" یە لە پارسـیی هەخامەنشیدا "دییا"یە. ( پورداود ل.پ.٩٤) .

**زرەنکا:** ناوی ناوچەی سیستان بووە لە شێوازی مادیدا، لە پارسیی باستاندا "درنگیانا"ی پێ وتراوە.

**بەرزییا / بەرزی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٨١) لە فارسیی کۆندا بەردیا / بەردی وتراوە.

**ئارتامارزی/ ئارتاوارزی:** (دیاکۆنۆڤ ل.پ.٥٨١) لە فارسیی کۆندا ئارتاواردی بووە.

**پارادائێزا:** (دیاکۆنۆڤ ل. پ. ٧٢٦ پەراویزەکان بەندی ٢٨)، واتای بەهشـت دەدا. بە وتەی دیاکۆنۆڤ ئەم وشـەیە لە پارسـیی باسـتاندا وەک پارادایێدا گۆ کراوە. (ئەم وشـەیە ئێسـتا

---

[222] پورداود هاتی ٣١ بەندی ١٢یادداشتی ٦، ل.پ.١١٩

[223] دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی، چاپی دووم ل.پ.٢٥٥

[224] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag 2020,l.p 530 ,

[225] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 5244,
هەروەها زبان هورامی وگویش پاوەای منصور سلیمی، ل.پ ٤٩١

هێندێک گۆران بە ســـەریدا هاتووە لە "پارادێزا" گۆڕاوە بۆ "پارادیس"، و دواجاریش لە ژێر کاریگەریی زمانی عەربیدا دەنگی "پ" گۆراوە بۆ " ف" بووە بە فردەۆس).

## ٤- (ň / ڵ)" لە زمانی کوردی و ئەوێستاییدا:

پیتی "نگ (ň / ڵ) پیتێکی تایبەتە بە زمانی ئەوێستایی و هەورامی، لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا بە شێوەی جوراوجۆر نیشاندراوە وەک "ň، ŋ "[226]. ئەم پیتە نە لە فارسیدا هەیە و نەش لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا، دەنگێکە کە لە تێکەڵبوونی دوو دەنگی "ن، و گ (n و g)" پەیدا دەبێ و لە نێو لوتدا گۆ دەکرێت. بۆ نموونە وەک مانگ، شەنگ، هەنگ، تەنگ، ڕەنگ، هەنگاو، مانگا، دەنگ، مەنگ، چنگ، پەنگ، ژەنگ، تەنگ، هەنگڵ، هەنگوین. لە ئەوێستاییشدا وەک یاوڵگە (پورداود، ل.پ.٦٨)، رئوچڵگە (پورداود ل.پ.٦٤)، ڕەشنگە (پورداود ل.پ.٩٣)، واچنگە (پورداود ل.پ.١٣٥).

## ٥- ناوی بکەر لە زمانی ئەوێستایی و کوردیدا:

شێوەی دروستکردنی ناوی بکەر لە کوردی و لە ئەوێستاییدا هەر وەک یەکن. بۆ نموونە لە ئەوێستادا بە دەیان جار وشەکانی "تاشەر"[227] لە چاوگی "تاشان" بە واتای دروستکەر و ئافرینەر، وشەی "داتەر"[228] لە چاوگی "داتن / دان" بە واتای بەخشێنەر و بدەر و هەروەها وشەی "وینەر" لە چاوگی "وین" بە واتای بینەرهاتووە. واتا لە ئەوێستاییدا ناوی بکەر لە "ڕەگی چاوگ + ەر" دروست دەبێ. لە کوردیشدا هەر وایە. جا با ئەم نموونەگەلەی خوارەوە بەراورد بکرێت لەگەڵ هێندێک ناوی بکەر لە زمانی کوردیی ئێستادا وەک:

| ئەویستایی | هەورامی | سۆرانی/ کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| تاشەر[229] | تاشەر | تاشەر | تراشندە |
| داتەر[230] | داتەر/ دادەر | بدەر/ دادەر | دهندە |

---

[226] Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html 2012-12-02
[227] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[228] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[229] <tašar-> = 'carver, fashioner, shaper, creator' 1.55
Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey
[230] [dâtar] = 14 (mN) giver, creator, creator (k259); maker (t102); n. (JAR: m) law

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەووەرەشتەر[231] | درەوشدەر | درەوشدەر | درفشگر |
| وێچەر | وێژەر | بێژەر | گوینده |
| جنەر[232] | جنەر[233] | جنەر | خرد کننده |
| وینەر | وینەر | بینەر | بیننده |
| | وانەر/ وەنەر | خوێنەر | خواننده |
| | نووسەر | نووسەر/ نووێسەر | نویسنده |

## ٦- ئامرازی "ما، (ma)" وەک نیشانەی نەرێنیکردن (نهی):

لە گشت فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا نیشانەی نەرێنی کردن (نهی) وەک "ما (ma)"[234] دەستنیشانەکراوە لە کوردیشدا هەر وایە. لە شێوەزاری هەورامیدا ئەم نیشانەیە هەر وەک "ما، ma" ماوەتەوە، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "مە، me" بە کار دێت. بۆ نموونە:

| **شێوەزاری هەورامی ما (ma )** | **شێوەزارەکانی دیکەی کوردی مە (me)** | **فارسی** |
|---|---|---|
| ما- واچا | مە- بێژە / مە- وشە/ مە- ڵێ | نگو/ مگو |
| ما- وانا | مە- خوێنە | نخوان/ مخوان |
| ما- سڕا | مە- سڕا | پاک نکن |

[231] <θwōrəšt̰ar> = 'Fashioner' [Pokorny tu̯erk̑- :: to cut] 2.40
Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Harvey

[232] <jānar-> = 'man-killing' 3.407, ئەو کەسەی کە ئەنجن ئەنجن دەکا / ئەو کەسەی کە دەجنێت
Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum Scott L. Harvey
http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

[233] لە چاوگی ئەنجنای بە واتای جنین، جن جن کردن، ئەنجن ئەنجن کردن (بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٢).

[234] Ma= Negative particle/prohitive, never (do this), not (K403) بڕوانە کانگا دیکشنەری

| | | |
|---|---|---|
| ما- وسا | مه- خەوە | نخواب |
| ما- وەرا | مه- خوە | نخور |
| ما- کەندی | مه- کەن | نکنید |
| ما- گێلدی | مه- گەڕن | نگردید |
| ما- واچدی | مه- بێژن | نگوئید |

## ٧- پاشگری "یەتی، ایەتی  iti":

یەکێ لە نیشانەکانی ناوی چاوگ لە کوردیدا "یەتی، ایەتی"یە، لە ئەوێستاشدا ئەم نیشانەیە هەر وەک کوردی وایە، بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن: ڕەشیەتی، سپییەتی، پیاوەتی، چۆنیەتی، برسییەتی، خۆشیەتی، تەنیایەتی، ڕاستییەتی، دوژمنایەتی، ئاشتیەتی، دۆستایەتی، ئارامایەتی، ترسایەتی، مەردایەتی.

لە ئەوێستاشدا بە دیان و بگرە بە سەدان جار ئەم جۆرە نیشانەیە بە هەمان واتا و شێوازی کوردی هاتووە بۆ نموونە:

**فرا- جیا- یەتی (Fra- jyaiti):** (پوورداود، ل.پ.٤٣هات ٢٩ بەندی ٥ یادداشتی ١١)

بە واتای فرە- ژیایەتی هاتووە، واتا (تنوع حیات).

**هو- جی- یەتی (Hu- jiti):** (پوورداود، ل.پ٧٦هات ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

بە واتای باش- ژی-یەتی (باش ژییەتی/ باش ژیان کردن)

**دوشیتی/ دوش- یەتی (Dushiti):** (پوورداود، ل.پ٧٧هات ٣٠ بەندی ٣یادداشتی ٩)

بە واتای دوژیەتی/ دژیەتی هاتووە.

**ڕەنجان- یەتی/ ڕەنجانیەتی:** ( پوورداود یسنا، هات ٣٠، بەندی ١١، ل.پ. ٩٣)

لە کوردیشدا هەر "ڕەنجانیەتی"یە

**فرا- داتا- یەتی / فراداتا- یەتی:**

**Fradathaiti [fra-dâ]** = to give; to propagate (k255)[235]

واتای "فرا- دان / فره- دان" دەدا.

**فرا- بارا- یەتی/ فرا- بارایەتی:**

**Frabaraiti [fra-bar]** = to carry, to bring, to use; (k367)[236]

"فرا- بارایەتی واتای فره بار(هەورامی/ باشووری ) یان گەلێک هێنان دەدا.

**فرا- ترسا- یەتی / فرا- ترسایەتی:**

**Frateresaiti [fra-tares]** = to tremble (k221)[237]

وشەیەکی ئاساییی کوردییە لە زمانی کوردیشدا هەر فرا ترسایەتییە.

## ٨- ئاوەڵکاری "فرا":

وشـەی "فرا" ئاوەڵکارێکی پێوانەییە (قید مقدار) کە تایبەتی زمانی ئەوێستایی و کوردییە. لە شـێوەزاری هەورامیدا ئەم وشـەیە وەک "فرا"[238] و لە شـێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "فره" گۆ دەکرێ، کە واتای زۆر، گەلێک، خەیلێ و پڕ دەدات. لە فەرهەنگەکانی "کانگا" و بەیس فورم دیکشـنەری و هەروەها پورداوددا بە دەیان جار وشـەی " فرا" هاتووە، وەک: فرا-ترسـایەتی، فرا- دا، فرا- وەشی، فرا- بـار (فرا- بـارایەتی)، فرا- سـتو (بە واتـای فرا ستایشکردن) و فرانا (زۆرن، فرەن).

## ٩- جێناوەکان لە ئەوێستایی و لە کوردیی هەورامیدا هەر وەک یەکن:

جێنـاو لە کوردی و بە تـایبەت هەورامیـدا پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەوێسـتاییدا، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەگەر جیاوازییەک هەبێ تەنیا لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە سێ هەزارساڵە لە تەمەنی ئەوێستا تێ پەڕیوە، دەنا دەقی وشەکان هەر ئەوەیە کە

---

[235] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[236] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[237] Avesta Dictionary by K.E. Kanga, http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm
[238] بررسی و توصیف زبان هورامی و گویش پاوەای، منصور سلیمی، چاپ اول، ۱۳۹۲.

له ئەوێســـتاییدا هاتووە. لێرەدا هێندێک لە جێناوەکان کە لە فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا هاتوون لەگەڵ جێناوەکانی کوردی و بە تایبەتی هەورامی بەراورد دەکرێت.

**تێبینیەکی گرینگ: لە هەموو وەرگێڕانەکان و فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا هەڵەیەکی زەق و بەرچاو کراوە لە تێگەیشتنی واتای ڕاستەقینەی جێناوەکان. هەڵەکەش لەمەدایە کە جێنـاوەکـانی (من، منم/ ئەز، ئەزم)یـان بە (I)، (تۆ، تۆم)یـان بە (you) و (ئەو، ئەوم)یان هەر بە (he/she/it) وەرگێڕاندوەتەوە. بۆ نموونە من "تۆم" خۆشـــدەوێ وەرگێڕانەکەی بە ئینگلیزی دەبێتە (I like you) ئەگەر کەسێ زمانی کوردی نەزانی زۆر ئاساییە کە "تۆم" بە you مانا بکاتەوە، و هەر واش کراوە، نموونەی دیکە:**

| | |
|---|---|
| ١- **"ئەزم (منم)"** زەردەشت: | **I** am zerdehst |
| ٢- من **"تۆم"** ناوێ | I dont want **you** |
| ٣- من **"ئەووەم"** کڕی | I bought **it** |

نیشانەی "م" کاتێ دەکەوێتە پاش جێناو واتای جۆربەجۆر بە جێناوەکە دەبەخشێ لەوانە بۆ نموونە لە باری (١) "ئەزم زەردەشـــت" نیشـــانەی "م" بە واتای (am) ئینگلیزی دێت، وەلی لە بارەکانی ٢ و ٣دا ئەم نیشانەیە جێناوەکە دەباتە دۆخی بەرکار. ئەم ڕێسایە تایبەتە بە زمانی کوردی و ئەوێستایی، لە فارسیدا ئەم نیشانەیە وەک **"را"** دەنووسن. بەڵام چون ئەو کەسـانەی کە ئەوێســتایان وەرگێڕاوەتەوە زانیاریان لەســەر ئەم ڕێســایە نەبووە، بۆیە یان وەرگێڕانی وشە بە وشەیان کردوە و یان بە مەزندە واتای وشەکانیان لێکداوەتەوە. ئەمە وای کردوە کە لە فەرهەنگەکانی ئەوێســـتاییدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەز و ئەزم، یان تۆ و تۆم و یان جێناوە جۆربەجۆرەکانی کەسی وەک "وێم، وێت، وێش/ وێمان، وێتان، وێشـان" نەکراوە و هەر هەمووی وەک وێ یان هۆ مانا کراوەتەوە کە ڕاست نییە.

**جێناوی ئەز Az:**

ئەم جێناوە جاران لە هەموو شـــێوەزارکانی کوردیدا هەبووە بەڵام ئێســـتا هەر لە شـــێوازی کرمانجی و زازاکیدا ماوەتەوە و بە کاردێت و وەک "ئەز، (Az )"گۆ دەکرێ. لە فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا وەک ئەز، و ئەزم هاتووە. بەڵام هەر**"ئەز"** ڕاستە و **ئەزم (Azem)** واتای منم دەدات.

جێناوی "ئەز" لە هەموو شـــێوەزارەکانی تری کوردیدا هەتا ســـەدەی هەژدەی زایینی بە کار هاتووە لە سرودەکانی یارساندا بە دەیان نموونەی بەرچاو دەکەوێ وەك:

له هەڵبەستێکی بابا سەرهنگی دەودانی ( له نێوان ساڵانی ٩٣٥- ١٠٠٧ زایینی)[239]

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان **ئەز** کە نامەن سەرهەنگ دەودان

چنی ئێر مانان مەگێلم نە هەردان مکۆشم پەرێ ئایین کوردان

له هەڵبەستێکی بابا یادگار ( ١٣٥٩- ١٤٨٠ زایینی)[240]

باربەد ئاما، بەربەتی نە دەست سێ ئاوای کوردی، پەی دڵداران بەست

**ئەز** باربەد بیم، نەو بەزمگای لەست کاکەم خوسرە و بی، نەگرد بەندی ڕەست[241]

له هەڵبەستێکی سەید ئەکابیری خامۆشی( ١٤٤٠- ١٤٩٣ زایینی)[242]

بینای گشت کاران ئازیز هەر تونی بینای گشت کاران

**ئەز** سوەیلەنان مەرژێ نەداران دڵدار مەوێنی سوب و ئێواران

له هەڵبەستێکی سەیدی هەورامیدا ( ١٧٨٥- ١٨٤٩ زایینی)[243]

**ئەز** ئۆراۆمۆن مەکانم پێ و وڵاتم سەروو پیری خوای گێرەن خەڵاتم

تە فەرزا دەی زەکات و نازەنینت **ئەز**یچ دەرویشوو تە، سا دە زکاتم

له شێوازی سۆرانیشدا ئەم جێناوە هەبووە، مەتەڵێکی کۆنی کوردی ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە، کاتێ کەسێک بە تەمای دزی کردنە لە ئاشنایەکی خۆی، دەڵێن "ئەگەر زانی **ئەز**م، ئەگەر نەیزانی دزم".

هەروەها لە هەڵبەستێکی پیر ئەحمەدی کەرکوکی کە لە سەدەی شەشەمی کۆچی لە کەرکوکدا ژیاوە جێناوی "ئەز" هاتووە:

**ئەز** ئەحمەدی زێڕین بەرم[244] **ئەز** ئەو دوڕڕەی ناو گەوهەرم

---

[239] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێهەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٣٥
[240] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێهەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٨٢
[241] وشەی ڕست لێرە کارە لە دۆخی سێیەم کەسی تاکدا، چاوگەکەی" ڕست و ڕستن "ە
[242] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێهەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٣٠١
[243] دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی ل.پ. ١٥٩
[244] د.جەمال نەبەز فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، ل.پ. ٣٦

ئەرزو سەمایە لەنگەرم            لە ڕۆژ حەساو، ئەز لەدەرم

## ئەم جێناوانەی خوارەوەش ڕاستەوخۆ لە "بەیس فورم دیکشنەری وەرگیراوە".

Avestan: Base Form Dictionary, Jonathan Slocum Scott L. Harvey
http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

2012-12-02

**tū = you**

**تۆ:** هەمان جێناوی "تۆ"یە لە کوردیدا.

**tvəm = you**

**توێم/ تۆم:** ئەمە هەر وشەی "تۆ"یە لەگەڵ نیشانەی "م"، ئەم نیشانەیە کاتێ دەکەوێتە پاش جێناو، جێناوەکە دەباتە دۆخی بەرکار بۆ نموونە : "تۆم "خۆشــدەوی، ماڵی " تۆم" ناوێ، "ئەوەم" پێ باشە، "ئەمەم" نەدەزانی، "ئەوانەم"هەڵگرتووە.

**ma = my**

**ما / مای:** ئەم جێناوە لە شێوازی کرمانجیدا هەر وەک "ما" ماوەتەوە وەک : ماڵاما، وڵاتاما، لە ســۆرانیدا وەک : ماڵمان، وڵاتمان بە کار دێت، لە هەورامیدا هەم وەک "ما" و هەم وەک "مان" بە کار دێت.

**yūžəm = you**

**yûshmâkem [tum], (k432)   (کانگا دیکشنەری ل.پ.٤٣٢)**

**یوژەم:** ئەم جێناوە لە فەرهەنگی کانگادا وەک "یوشـما" نووسراوە، ئەم وشـەیە ئێسـتا بووە بە دوو بڕگەوە، "یو + شما"، لە ئینگلیزیدا بڕگەی یەکەمی بە کاردێت واتا "یو" و لە هەورامی و زازاکیدا بڕگەی دووەمی بە کار دەبرێت واتا "شـما". ئەم شـێوە لە کورتکردنەوەی وشـەکان لە کوردیدا نموونەی زۆرە، وەک "ئارمانج" کە لە فارســیدا وەک ئارمان و ئاماج و لە سـۆرانیدا وەک ئامانج بە کار دێت،. هەروەها وشـەی "ئاخاک" کە لە کرمانجیدا وەک ئاخ

و له شێوەزارکانی تری کوردیدا وەک خاک گۆ دەکرێت، "سێری، three (سێ + ێری) کە لە هەورامیدا وەک "ێری" و لە شـێوەزارەکانی تری کوردیدا بەشی یەکەمی وشـەکە "سێ" گۆ دەکرێ.

**vaēm- 'we' = we (plural)**

**وێم:** ئەم جێناوە وەک "ئێمە " مانا کراوەتەوە کە ئەمە ڕاست نییە، ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە، جێناوی هاوبەشـــە لە دۆخی یەکەم کەسی تاکدا. لە فەرهەنگەکانی هەورامیدا "وی، we"[245] وەک جێناوی هاوبەش (ضـمیر مشـترک) پێناسـە کراوە کە بە تەنیا بە کار نایت و لەگەڵ جێناوی لکاودا دێت بەم شێوەی خوارەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **جێناوی تاک** | وێم (خۆم) | وێت (خۆت) | وێش (خۆی) |
| **جێناوی کۆ** | وێمان (خۆمان) | وێتان (خۆتان) | وێشان (خۆیان) |

**Hva = this, self, one's own**

**هۆ/ هەوە:** ئەم وشـەیە شێوەی ئەوێستایی وشـەی "خۆ"یە، پیتی "خ ( x)"ێ گۆڕدراوە بۆ "هۆ (hv)". ئەگەر وشـــەکە وەک هۆ گۆ بکرێ ئەوە واتای خۆ دەدات، بەڵام ئەگەر وشەکە وەک "هەوە" گۆ بکرێ ئەوە واتای "ئەوە (this, that)" دەدا.

**Anya = other**

**ئانیا:** بە واتای ئەوی دیکە هاتووە، ئەم وشـــە لە هەورامیدا وەک "ئانایا، Anaya" گۆ دەکرێ (بڕوانە زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی، تهران ١٣٩٢ ل.پ. ٣٢٥).

**Ava** = this, that

**ئەوە/ ئەڤە:** ئەمە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، لە هەموو شـێوەزارەکانی کوردیدا هەروا گۆ دەکرێ و هەر ئەم واتایەش دەگەیێ.

---

[245] دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی ل.پ. ١٦٠، هەروەها زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی، ک.پ ٣٢٦

**Ana** = him

**ئانا:** وشەیەکی ئاساپی هەورامییە جێناوە واتای "ئەمە" دەدا

**Idā = here, (demonstrative particle: one, this, etc.)**

**ئێدا/ ئیدە:** جێناوێکی ئـاســـاپی هەورامییە واتـای "ئەمە" دەدا بۆ مێینە، بۆ نێرێنەش جێناوەکە دەگۆردرێت بۆ " ئید، Id" (بڕوانە دســـتور زبان کوردی- هورامی، فاتح رحیمی چاپی دووەم ١٣٨٩)

## ئەم جێناوانەی خوارەوەش لە ئەوێستا دیکشنەری لە نووسینی "کانگا"[246] وەرگیراوە:

**Aêm** = 30 (mnN) this, that; egg (ahm200)

**ئائم:** جێناوێکی ئاســـاپی کوردییە، ئێســـتاش وەک ئائم و ئائەمە لە کوردیدا گۆ دەکرێ. (فارسی: این، همین)

**Aêva** = 23 (numeral I, fN) one, only, alone; in this manner, thus (k11, b22f)

**ئائەوە:** "ئا- ئەوە" جێناوێکی ئاســـاپی کوردییە. لە پیتی " ئا، a" کە لە کوردیدا نیشـــانەی جەختکردنەوەیە لەگەڵ جێناوی"ئەوە". وەک ئا ئەمە، ئا ئەوە، ئێســـتاش لە کوردیدا هەر بەم شێوەیە بە کار دێت. (لە فارسیدا واتای آن/ همان دەدات).

**Ana** = 39 (I,nI) in this (viz. the following) way.

**ئانا:** جێناوێکی ئاســـاپی کوردییە لە شـــێوازی هەورامیدا واتای "ئەوە" دەدا.(بڕوانە زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی ل.پ. ٣٢٤)

**Aya [AEM]** = 8 (fi) this

[246] avesta dictionary by K.E. Kanga. http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

**ئایا / ئەیە:** واتای ئەمە دەدا، جێناوێکی کوردییە لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و گەرمیان هەر بە شـــێوەی "ئەیە" گۆ دەکرێ. (بڕوانە فەرهەنگی بـاشـــوور، عەبـاسی جەلیلیـان، هەولێر٢٠٠٥، لاپەڕەکانی ٣٨)

**Ima [aêm]** = 8 ( pron.; adv. duNAv) this (j422)

**ئیما:** ئەم وشـەیە ئەگەر وەک " ئێمە" گۆ بکرێ ئەوا واتای we دەدا، ئەگەر وەک "ئەمە" بێت واتای this دەدا.

**Mana [azem]** = 18 (GAbl) me

**مەنا / من:** هەمان وشەی "من"ی کوردییە کە جێناوە بۆ یەکەم کەسی تاک.

**Ve [tum]** = 51 (plNAD) you

**وێ [توم]:** کانگا چاوگی وشـەی "وێ" بە "توم" دەزانێ، ئەمە ڕاسـت نییە. جارێک خۆدی وشـەی "توم" هەمان جێناوی "تۆ"یە، لە کاتێکدا "وێ" جێناوی کەسی هاوبەشە و لەگەڵ "تۆ"دا جیاوازە.

**Hva** = 9 (fN, duN) (poss. pronominal adj.) own (reflex pronoun) self (viz. myself, theyself, himself, itself) (but see AHM 157, n.3)

**هۆە/ هەوا:** ئەمە هەمان جێناوی "خۆ"یە لە شێوەزاری گشتیی کوردیدا کە لە شێوەزاری هەورامیدا وەک "هۆ"یان "وێ" گۆ دەکرێ.

**Hvatô** =7(reflex. pron. indecl.)himself;herself;theyself (k139)

**هڤەتۆ/ هوەتۆ:** ئەمە هەمان وشـــەی "خۆت"ە لە شـــێوەزارەکانی تری کوردیدا، کە لە شێوازی هەورامیدا دەبێتە " وێت" کە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی ئینگلیزی " yourself ".

## Hvâish [hva]

**هوەێش/ وەێش:** کانگا لە بەرانبەر ئەم وشـــەیەدا هیچ ڕوونکردنەوەی نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەنووسێ چـاوگەکەی "هڤە/هوە"یە. بەڵام ئەمە هەمـان جێنـاوی "وێش"ە لە

هەورامیداکە لە سۆرانیدا وەک "خۆێشی" (فارسی: خودش) گۆ دەکرێ کە بەرامبەر لەگەڵ **"himself, herself "**.

لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیـاتر هێنـدێـک لە جێنـاوەکـانی کوردیی هەورامی زۆر بە کورتی دەخرێتە پێش چـاو. جێنـاوەکـانی کەسی لە هەورامیـدا سێ جۆرن، لێرە تەنیـا دوو جۆری دەخرێتە ڕوو:[247]

## ١- جێناوی کەسی لکاو جۆری یەکەم:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم کەسی تاک | م | M | یەکەم کەسی کۆ | مان/ ما | ma/man |
| دووەم کەسی تاک | ت | T | دووەم کەسی کۆ | تان/ تا | ta/tan |
| سێیەم کەسی تاک | ش | Š | سێیەم کەسی کۆ | شان/ شا | šan/ ša |

## ٢- جێناوی کەسی لکاو جۆری دووەم:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم کەسی تاک | وو | U | یەکەم کەسی کۆ | می | me |
| دووەم کەسی تاک | ی | I | دووەم کەسی کۆ | دی | de |
| سێیەم کەسی تاک | ۆ | O | سێیەم کەسی کۆ | ا | a |

## ٣- جێناوی کەسی جودا (سەربەخۆ):

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم کەسی تاک | من | men | یەکەم کەسی کۆ/ (کۆم) | ئیمە | ema |
| دووەم کەسی تاک | تۆ | to | دووەم کەسی کۆ/ (کۆم) | شمە | šema |
| سێیەم کەسی تاک(نێرینە)<br>سێیەم کەسی تاک(مێینە) | ئاد<br>ئادە | Ad<br>ada | سێیەم کەسی کۆ/ (کۆم) | ئادی | ade |

---

[247] بڕوانە دستور زبان کوردی- هورامی ، فاتح رحیمی، چاپی دووهەم ١٣٨٩، ل.پ.١٥٦-١٦٢

## ٤- جێناوی ئاماژەیی:

| جێناو | تاکە کەسی (نێرینە) | تاکە کەسی (مێینە) | کۆ/ (کۆم) |
| --- | --- | --- | --- |
| ئـامـاژە بـۆ نزیک | ئید (ed) . ئینە (ina) | ئیدە (eda) . ئینی (ine) | ئیدی (ede) . ئینی( ine ) |
| ئـامـاژە بـۆ ناوەند | ئاد (ad) . ئانە (ana) | ئادە (ada) . ئانی (ane) | ئادی (ade) . ئانی(ane) |
| ئـامـاژە بـۆ دوور | ئەو(aw).ئوونە(una) | ئەوە(awa).ئوونی(une) | ئەوی(awe).ئوونی(une) |

## ٥- جێناوی لێپرسینی "چی، چێش":

"چی" جێناوی لێپرسینە لە ئەوێستایی، لە کوردی لە فارسی و هەروەها لە زۆربەی زمانە ئێرانییەکانی تردا، بەڵام **"چێش"**[248] کە هەمان واتای "چی" دەدا تەنیا تایبەتە بە زمانی هەورامی و ئەوێستاییەوە. لە فەرهەنگی کانگادا ئاوا نووسراوە:

**ci [-]** = (interrogative pron.) - who? what? which? (indef. pron.) anyone, someone, whoever, whatever (k181)

**cish [ci]** = 12 (N) (interr. pron.) - who? what? which? (indef. pron.) anyone, someone, whoever, whatever (k180)

---

248 دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی، چاپی دووهەم ١٣٧٩، ل.پ.١٦٥

## ١٠- هەبوونی نێر و مێ لە هەورامی و لە ئەوێستاییدا:

لە هەورامیدا هەر وەک ئەوێســـتایی نە تەنیا ناوەکان بەڵکوو بەشـــێک لە ئاوەڵناوەکان، جێناوەکان و"کار"ەکانیش دەچنە دۆخی نێر یان مێ، و یان نێرومێیەوە. بۆ نموونە:

**ناوی نێرینە:** ڕۆ (ڕۆژ)، ئەسـپ (ئەسـپ)، دەس (دەسـت)، کەش (کێو)، یەوە (جۆ)، یانە (خانو)، ئاسـمان (ئاسـمان)، چەم (چاو)، وەرگ (گورگ)، داڵ (داڵ)، هەسـارە (ئەسـتێرە)، توتا (سەگ) هەمیر (هەویر).

**ناوی مێینە:** نەما / نێما (نوێژ)، حەوشـا (حەوش)، هەرا (کەر)، نانا (نان)، شـەوا (شـەو)، ئەنۆسا (ئەنگۆست)، ڕیواسی (ڕیوی)، دەگا (دێ، گوند)، چراوی (چرا)، ئاوی (ئاو).

**کار لە دۆخەکانی نێرینە و مێینەدا:**

- **کەوت:** کەوت (نێرێنە)، کەوتا (مێینە).
- **ڕۆیشتووە:** لێوان ( نێرینە) ،لێواینا( مێینە).
- **ترساوی:** تەرسانی ( نێرینە)، تەرسێنی (مێینە)
- **هەڵاتبوو/ ڕایکردەبوو:** ڕەما بی ( نێرینە)، ڕەمێ بی (مێینە)

## ١١- ناوی ئاژەڵەکان لە ئەوێستایی و لە هەورامیدا:

لەیەکچوونی ناوی ئاژەڵەکان لە ئەوێســـتایی و هەورامیدا ئیتر هیچ گومانێکی تێدا ناهێڵێتەوە کە هەورامی هەمان زمانی ئەوێستاییە، بۆ نموونە:

| ئەوێستایی | هەورامی | سۆرانی، کرمانجی | فارسی |
|---|---|---|---|
| وارازا [250] | **وەراز**[249] | بەراز | گۆراز (گراز) |
| گاو[252] | **گاو**[251] | گا | گاو |
| ماســیو/ ماســیا [254] | **ماساو/ ماساوی**[253] | ماسی | ماهی |
| بزا[256] | **بزە** [255] | بزن | بوز (بز) |
| ئەسپا [257] | **ئەسپ** | ئەسپ | ئەسب (اسب) |
| ئوشترا [258] | **وشتر** | وشتر/ حوشتر | شوتر (شتر) |
| پەسو[259] | **پەز/ مێ** | پەز/ مێ/ مەڕ | گوسفند |
| وەرکا[261] | **وەرگ**[260] | گۆرگ | گورگ (گرگ) |
| کەرک [263] | **کەرگ/ کەرگی**[262] | مریشک | مورغ (مرغ) |
| ژوژا [265] | **ژووژوو**[264] | ژژوو/ ژیشک | جوجه تیغی |

[249] بێستوون فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، حامید درودی و حاتەم مەنبەری، ستۆکهۆلم ١٩٩٨.
[250] varâzahe [varâza] =7 (G) m. boar, wild pig, kanga Dictionary (k470)
[251] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٩٤
[252] http://www.avesta.org/language/vocab.htm. kanga Dictionary
[253] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٨٧٣
[254] masyô [masya] =10 (N) m. fish, kanga Dictionary (k401)
[255] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٣٢
[256] http://www.avesta.org/language/vocab.htm, kanga Dictionary
[257] aspa [-] = 6 (N, plN) a horse, kanga Dictionary (k57)
[258] ushtrahe [ushtra] = 6 (G) m. camel, kanga Dictionary (k114)
[259] pasu [-] 5 (duNA) m. sheep (t145); domestic animal, kanga Dictionary (k323)
[260] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ١٠٢٢.
[261] vehrka [-] = 5 (plN) m. wolf, kanga Dictionary (k508)
[262] فەرهەنگی وشەنامە، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٧٤. بێستون فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی ١٩٨٩ ل.پ.١٧٧
[263] A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986 p 50
[264] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٥٧٢.
[265] A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986p 100

# Dictionary of most common AVESTA word

# بەراوردکردنی ژمارەیەک لە وشـــەکانی فەرهەنگی ئەوێســـتایی کانگا لەگەڵ وشەکانی زمانی کوردی و بە تایبەت هەورامیدا.

**ئەم فەرهەنگە یەکێ لە فەرهەنگە بەناوبانگ و باوەڕپێکراوەکانی جیهانییە کە وەک سـەرچاوەیەکی گرینگی ئەوێسـتا لە لاین پسـپۆڕانەوە بە کار دێت، ئەم فەرهەنگە لەبەر دەستدایە و لەسەر ئێنتەرنێتە، ناو نیشانە فەرهەنگەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە:**

**فەرهەنگی وشە ئاساییەکانی ئەوێستا لە نووسینی ک. کانگا، بەمبەیی ساڵی ١٨٩١ زایینی.**

Dictionary of most common AVESTA word

KAVASJI EDALJEE Kanga. Bombay, mars 1891

http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm

NOTE: layout is:

Avesta word [root of word] = وشەی ئەوێستایی [چاوگی وشەکە ]

number of times word occurs in the Avesta (case) meaning

... another form of word

Example:

baodhô [baodha] 7 (nNA) m. perfume (k362)

The root of "baodhô" is "baodha". It occurs 7 times in the Avesta. (It is neuter Nominative or Accusative case.) It means "perfume". (This word can be found on page 362 of Kanga's dictionary. )

## Avestan dictionary – A

**aêiti [i]** = 6 (3/1, cl 2.) to go; to come

**ئەییەتی [ئەی]:** ئەمە وشـــەیەکی کوردییە، لە چاوگی "ئەین/ئەتن" لەگەڵ پاشـــگری "یەتی"، هەر وەک دەزانین "ئەتن/ ئەین" لە کوردیدا چاوگە بۆ وشـــەی هاتن لە دۆخی ڕانەبوردوودا. بۆ نموونە لە کوردیدا و بە تایبەت لە ناوچەکانی باشـــووری کوردســتاندا وەک شــارەزوورو وســنە و کرماشــان دەڵێن "ئەی " یان " نای" واتا دێت یان نایێت."ئەی- یەتی" ناوی چاوگە بۆ وشەی هاتن لە دۆخی ڕانەبوردوودا.

**aêm [-]** = 30 (mnN) this, that; egg (ahm200)

**ئـائم:** ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هـاتووە "ئـا + ئم"، "ئـا" پیتێکە یان دەنگێکە بۆ جەختکردنەوە (تاکید) دێت و "ئەم"ش لە کوردیدا واتـای this دەدا.وەک **ئا-** ئەمە، **ئا-** ئەوە، بۆ نموونە (ئائەم ماڵە، ئائەم منداڵە، ئا ئەمەش، ئائەو پیاوە، ئائەو دارە، ئائەم کارە).

**[aêta]** = 5 (fN) this, that (k8)

**ئەیتا / ئەیەتا:** لە شـێوەزارەکانی کوردی لە باشـووری کوردسـتان لە ناوچەکانی گەرمیان، کرماشـان و سـنە ئەم وشـەیە وەک ئەیەسـە و ئەیەتە گۆ دەکرێ. بە هەمان واتای ئەمە / ئەمەتا.

**aêva [-]** = 23 (numeral I, fN) one, only, alone; in this manner, thus (k11, b22f)

**ئائەوا:** وشەیەکی کوردییە، بە واتای **"ئا- ئەوا/ ئەوە"**، (فارسی: همین، این).

**Aêvahe,** 12 (G)

**ئاواهە:** وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، هەمان وشـەی "ئاوەها"یە لە کوردیدا کە واتای "ئاوا" دەدا. (فارسی: اینجوری).

**akha [-]** = 13 (plA) n. bad, evil (k16)

**ئاکە:** ئەم وشە لە کوردیدا ئێستا وەک ئەخ/ ئەخە[266] بە کار دێت.

**[airyaman]** = 7 (N) Airyaman, name of a Yazad; a prayer, Y54; a serviter; community ...

**[ ئیریامەن]:** ( دیاکۆنۆف ل. پ. ٢٣٤)، بە وتەی دیاکۆنۆف ئەم وشەیە واتای کۆمەڵێک خەڵک یان کۆمەڵێک خەڵکی دیندار دەدا، ئەم وشـەیە لە کوردیدا هەبووە .بەڵام ئێستا لە برەو کەوتووە، ئەودەستەواژەگەلە کە باری ئایینی زەردەشتیان پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی دینەکەی باوێکی وای نەماوە، دەستەواژەکانیشی بەرەو نەمان چوون. بۆ نموونە وشەی ئیریامان لە هەڵبەستێکی بابا سەرهەنگی دەودانی ( لە نێوان ساڵانی ٩٣٥- ١٠٠٧ زایینی)[267] بە دی دەکرێت.

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان ئەزکە ناممەن سەرهەنگ دەودان

چنی **ئێرمانان** مەگێلم نە هەردان مکۆشم پەرێ ئایین کوردان

واتاکەی ئاوایە:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان من کە ناومە سەرهەنگ دەودان

وەکوو تاقمی دینداران دەگەڕم لە شاخ وهەردان تێدەکۆشم بۆ ئایینی کوردان

**aiwyô [ap]** = 27 (plD) water

**ئایویۆ:** ئەم وشەیە بە واتای ئاو هاتووە لە هەورامیدا "ئاوی" گۆ دەکرێ.

**aka [-]** = bad, wicked, evil (k14) [= akha]

**ئاکا / ئاکە:** ئەم وشەیە لە کوردیدا وەک "ئەخ/ ئەخا" بە واتای بەد و خراپ ماوەتەوە[268].

**ama [-]** = strength; Strength (t110); Power of Attack (Kr)

---

[266] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥. ل.پ.٢٥
[267] مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی سێهەم د.م. خزنەدارر ل.پ ٢٣٥
[268] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان ٢٠٠٥. ل.پ.٢٥

**amava [amavañt]** = 5 (N) strong, vigorous (t30), courageous

**ئەما، [ئەماوەنت]:** ئەم وشـــەیە لە پەهلەویدا وەک **" ئەماوەند و ئەماوەندی"**[269] هاتووە، واتای زۆر(هێز)، و زۆرمەند (بەهێز) دەدا. ئەم وشـەیە لە کوردیدا لە شێوەی ناوی هۆزی "هەمەوەند" کە یەکێ لە هۆزەکانی کوردە لە گەرمیان بە دی دەکرێ. کە واتای هۆزی بەهێز و زۆرمەند دەدا.

**ana [aem]** = 39 (I,nI) in this (viz. the following

**ئانا:** وشـــەیەکی کوردییە لە شـــێوازی هەورامیدا، جێناوە واتای "ئەوە" دەدا ( بڕوانە زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی ل.پ. ٣٢٦ ).

**anâish [aem?]** = 5 (GAV pl.I) with these

**ئانایش:** وشەیەکی ئاسایی کوردیی هەورامییە، واتای "ئەوەش" دەدا[270].

**anusô** = 9 (nA) unwilling (k31)

**ئان وســۆ:** ئەمە وشـــەیەکی کۆنی هەورامییە، لە ڕاســتیدا " ئەن – واســۆ"یە، "ئەن" لە کوردیی کۆندا نیشانەی نەرێنیکردن (نفی) بووە ئێستا لە کوردی و لە فارسیشدا بووتە "نا"، واسۆ لە چاوگی "واستن/ وازتن"ە، واسۆ/ وازۆکارە، سێیەم کەسی تاکە لە دۆخی ڕابوردوودا. کە بە شـێوازی ئەمڕۆکەی هەورامی دەبێتە ناواســۆ / ناوازۆکە لە شـێوازەکانی تری کوردیدا واتای "ناخوازێ" دەدا.(فارسی: نمی خواهد).

**anya [-]** = 14 (I,duN,plN) another, else (jar), other - in general (anya ... anya) (b135, k31)

**ئانیا:** ئەم وەشـــەیە لە شـــێوازی هەورامیدا وەک "ئانایا" گۆ دەکرێ کە واتای "ئەوی تر" دەدا[271]

**[avô-hvarena]** = 5 (plG) a drinking fountain; a water spring

---

[269] Amawand, Amawandih
A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie,1986 p 7-8

[270] بڕوانە دستور زبان کوردی- هورامی ، فاتح رحیمی، چاپی دووهەم ١٣٨٩، ل.پ ١٦٣

[271] زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی، تهران ١٣٩٢ ل.پ. ٣٢٥

**[ ئاڤۆ- وارەنا / ئاڤێ- وارەنا]:** " ئاوی - وارنا" ئەمە وشەیەکی ئاسایی هەورامییە، واتای ئاوی- خواردنەوە دەدا.

**anaiwishti [-]** = f. failing to study, not studying

**ئانایوێشتی:** ئەم وشەیە لە ڕاستیدا بەم شێوەییە "ئا- نوێشتی"، لە کوردیی کۆندا "ئا" نیشانەی نەرێنیکردن بووە کە واتای "نا"ی داوە وەک "وار/ وارە" کە واتای جێگا دەدا و ئاوارە واتای بێ جێگا دەدا. ئا- نوێشتی لە سێ بڕگە پێک هاتووە، "ئا" بە واتای "نا"یە، "نوێشت / نوشتا" واتای نووسین دەدا لە هەورامیدا (بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار ل.پ. ٨٧٣). و "ی" جێناوی دووەم کەسی تاکە لە هەورامیدا، پێکەوە واتای نەینووسی (یان نەنووسراو) دەدا.

**anaiwyâstô [anaiwyâsta]/ a-naiwyâstô** = 5 (N) ungirded, not girded up the loins (lit.), not put on the kusti; inexperienced (k27)

**ئانایۆیساتۆ:** ئەم وشەیە ڕاست مانا نەکراوەتەوە، لە سێ بڕگە پێک هاتووە بەم جۆرە "ئا- نویسات - ۆ" کە "ئا" واتای "نا" دەدا، "نویسات" واتای نووسین دەدا و " ۆ" جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە. (بڕوانە جێناو لە هەورامیدا خشتەی ژمارە ٢). پێکەوە واتای **نەینووسیوە** دەدات.

**anghu [-]/an-ghu** = m. life, being, spirit, existence, the world (ahm), people of the world (k18)

**[anghuya]** = 12 (Abl) life force (Mal), energy (Hum), vital power (t141); (k18)

**ئانگۆ،[ئانگۆیا]:** ئەم وشەیە وەک هێز و هێزی گیان مانا کراوەتەوە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە بەم شێوە "**an- ghuya**" بڕگەی دووەم "گۆیا" ئێستا لە کوردیدا وەک **"گۆ"** ماوەتەوە و واتای هێز و هێزی گیان دەدا. بۆ نموونە دەڵێن دەستم لە **"گۆ" چووەتەوە**. یان دەستم **"گۆ" ناکا** (واتا هێزی تێدا نەماوە، یان گیانی تێدا نەماوە). یان دەڵێن لە **"گۆ"چووێنەوە** (واتا هێزمان لێ بڕا). "ئەن/ ئان" نیشانەی نەرێنییە، کە وابوو پێکەوە واتای بێ هێزی، بێ گیانی دەدات.

**asma, asman [-]** = the sky, the firmament

**ئاسما،[ ئاسمان]:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای ئاسمان هاتووە.

**aoj- [-]** = (vb. rt.) speak, say

**ئۆج:** واتای قسە و قسەکەر ئەدا. لە کوردیی شێوەزاری باشووری (کەلهۆڕی)دا وەک "ئۆش" بە کار دێت و هەمان مانای هەیە. وەک ئۆشم (دەبێژم)، ئۆشێ (دەبێژێ).

**aoxta [aoj]** = 45 (pres. indic. mid. 3/1 (JAR), Aor. mid. 3/1) (he) spoke (k458)

**ئاۆختا:** بە واتای قسە و قسەی کردن هاتووە. ئەمە وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا ئێستا وەک ئاخاوتن بە کار دێت.

**arejaiti [arej]** = 7 (pres. act. 3/1) to be worth, to become worthy-deserving; to be considered respectable (k44)

**ئەرجایەتی [ئەرج]:** ئەمە وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کوردیی زازاکیدا کە واتای قەدر، نرخ، و هێژایەتی دەدا. ( بڕوانە فەرهەنگی زازاکی- کورمانجی لە نووسینی چەکۆ کۆچداغ، ساڵی ٢٠١٠ ل.پ. ١٢٦)[272] . ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، ئەرج لەگەڵ پاشگری یەتی. کە وشەکە دەکاتە ناوی چاوگ. وشەی ئەرج لە شێوەزارەکانی تری کوردیشدا بە کار دێت لە شێوازی ئەرجدار و ئەرجمەند.

**aspa [-]** = 6 (N, plN) a horse (k57)

**ئەسپا / ئەسپ:** هەمان وشەی ئەسپە لە کوردیدا.

**asta [ast-]** = (plN) m. a bone, also

**ئاستا:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە، لە زازاکیدا وەک "ئاستە ( aste)"[273] گۆ دەکرێ. لە کرمانجیدا وەک "هێستی/ هێستک و لە سۆرانیدا وەک ئێسک گۆ دەکرێ.

---

[272] Ferheng zazaki – kurmanci, Çeko Kocadag, 2010, l.p.126

[273] Ferheng zazaki – kurmanci, Çeko Kocadag, 2010, l.p.13

**ava** = 62 (prep.) direction; this, that (k49)

**ئاوا:** له هەموو شـــێوەزارەکانی کوردیدا هەر ئەم واتای دەگەیێ، وەک ئەمە، ئەوە، بەم جۆرە، بەم شێوازە، وەها.[274]

**ava-baraiti [ava-bar]** =13 (pres. act. 3/1) to carry to; to bring down, to bring to (k366)

**ئاوا - بارایەتی [ئاوا- بار]:** ئەمە وشـەیەکی پەتی کوردیی هەورامییە هەر هەمان واتایشـی هەیە. ئـاوا لە کوردیـدا دوو مـانـای هەیە، یەکەم "ئـاوا، بە واتـای وەهـا، بەمجۆرە، بەم شـــێوەیە" و دوهەم بە واتای "بەرەو خۆار" بۆ نموونە دەڵێن خۆر ئاوا بوو، واتا خۆر بەرەو خۆار بووەوە، یان دەڵێن ئەســـپەکە لەو یاڵەوە ئاوا بوو، واتا ئەســـپەکە لەو کێوەوە چووە خوارەوە،. وشـەی بارایەتی ناوی چاوگە بۆ "بار" کە لە هەورامی و لە باشووریدا واتای هێنان دەدا. کە وابوو "ئـاوا- بـارایەتی" هەم واتـای "ئـاوا هێنـان" دەدات و هەم واتـای هێنـانە خوارەوە.

**ava-janyât [ava-jan]** = 14 (pot. act. 3/1) to smite; to kill (k187)

**ئاوا- جنیات [ئاوا- جین]:** بڕگەی یەکەم هەمان وشــەی کوردی "ئاوا"یە بە واتای بەم شـــێوە، بەم جۆرە، و بڕگەی دووەم واتای "جنین/ هەنجن هەنجن"[275] کردن یان جن جن کردن" دەدا لە کوردیدا. پێکەوە واتای ئاوا کوشتن ئاوا بڕین، ئاوا جنین دەدا.

(بە ئەگەرێکی زۆر وشـــەکانی "جنایت و جانی" لەم وشـــەیەوە گیراوەن و چووەتە نێو زمانی عەرەبییەوە).

**ava-kanayen [ava-kan]** = 6 (pot. act. 3/3) to dig (k124)

**ئاوا- کەنایەن:** واتای کەندن (هەڵکەندن) ئەدا لە کوردیدا، و لە هەورامیدا بە شـــێوەی "کەننەی/ کەنانای" گۆ دەکرێ. وا دیارە کە **کانگا** (نووسەری فەرهەنگی کانگا) واتای "ئاوا"ی پێ وەرنەگێراوەتەوە و وشـــەکەی هەر وەک "کەن" (کەندن) مانا کردوەتەوە. بێ گومان "ئاوا" جۆرە ئامرازێکە و ناکرێ بلکێندرێت بە هەر وشـــەیەکەوە، ئاوا هەر وەک دەزانین لە

---

[274] Ferheng zazaki – kurmanci, Çeko Kocadag, 2010, l.p.16,
هەروەها هەنبانە بۆرینە هەژار ١٩٨٩، بەرگی یەکەم ل.پ ١٢

[275] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرێنە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ١٨٤

کوردیدا سێ واتای هەیە **١- بەم جۆرە، بەم شـێوەیە ٢- ئاوا بوون، بەرەو خوار بوون ٣- واتای ئەوە.**

**[avavañt]** = 27 (nNA) so much, such

**[avañt]** = 6(A)such, so much, this much;so great (b952, AHM152)

**[ ئاواوانْت]، [ئاوانْت]:** ئەمە هەمان وشەی "ئەوەندە"یە لە سۆرانیدا و "ئەوەنْە"یە لە هەورامیدا کە هەر هەمان واتای هەیە لە کوردیدا.

**apairithwô [a-pairithwa**] = 5 () may not be traversed (b78)

**ئـاپەڕیتەۆ:** ئەمە وشـــەیەکی کۆنی کوردییە بە مـانـای " نـاپەڕێتەوە". لە سێ بڕگە پێک هاتووە، **"ئا- پەڕیتە- ۆ"،** کە " ئا" نیشانەی نەرێنییە واتای "نا" دەدا، "پەڕێتە"وە وشەیەکی ئاســـایی کوردییە لە چاوگی پەڕین ( پەڕینەوە) بە مانای دەرباز بوون، " ۆ" جێناوی لکاوە لە دۆخی سێیەم کەسی تاک لە هەورامیدا. ماناکەی پێکەوە دەبێتە **" ناپەڕێتەو".**

**aya [aem]** = 6 (fî) this

**ئەیە/ ئەیا:** واتای ئەمە دەدا، لە کوردیی شێوەزاری ناوچەکانی باشووری کوردستاندا هەر بە شێوەی "ئەیە"[276] گۆ دەکرێ.

**ayara [-]** = 0 (plA) relating to a day (lit.); division of a day

**ئەیارە:** ئەم وشـەیە لە کوردیدا لە شـێوە " ئێوارە" ماوەتەوە کە واتای پاشـنیوەڕۆکاتی ئاوا بوونی خۆر دەدا.

**ayãn [ayare]** = 8 (G, plA); also, [î] (3/3) to go, to come

**ayenî [i]** = 5 (sub. 1/1) to go

**ئەیەن، ئەیەنێ:** ئەم وشــە ناتوانێ هەم مانای "هاتن" بدا و هەم "چوون" چونکە دوو وشەی دژبەرن، ئەمە وشەیەکی کوردییە، لە شێوەزاری سۆرانی ناوچەکانی باشووردا. "ئەی" لە چاوگی وشەی "ئەتن/ئەین" بە واتای "هاتن" دێت لە دۆخی ڕانەبوردوودا، وەک دەڵێن :

---

[276] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥. ل.پ ٣٨

ئەێم ( میایم)، ئەی (میائی)، ئەێت (میاید)، ئەین (میائیم)، ئەێن (میاید)، ئەێن (میایند). وشـەی "ئەیەنێ"ش هەمان وشـەی "ئەیەن"ە، کە بە دانانی "ی" لە پاشی دەتوانێ وشـەکە بباتە دۆخی پرسیاریەوە، بە واتای" ئایا ئەوان دێن.

**âtar [-]** = fire; Yazad presiding over fire

**ئاتر:** واتای ئاگر دەدا لە کوردیدا، لە شێوەی کۆنی هەورامیدا هەر وەک "ئاتر" گۆکراوە.

**âhurôish [âhûiri, âhûirya]** = 5 (G) adj. devoted to Ahura; pertaining to Ahura, Ahurian, Ahuric (Boyce)

**ئاهورۆێش:** ئەم وشـــەیە دەکرێ بە دوو جۆر مانا بکرێتەوە: یەکەم ئەگەر وشـــەکە بە شێوەی "ئاهۆراویش" بێت ئەوە بە واتای ئەوکەسانە یان ئەو شتانەیە کە سەر بەئاهوران، بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن، کوردســـتانیش، ئێرانیش، هەورامیش، ئێزدیش، ئاهوراویش/ ئـاهۆرائیش. دووەم ئەگەر وشـــەکە وەک "هـاهۆرا- وێش" گۆ بکرێ ئەوە لە کوردیی هەورامیدا واتای "ئاهورا- خۆی" (فارسی: آهورا خۆدش) دەدات.

**âthrava [âthravan]** = 20 (N) m. priest

**ئاترەوان:** بە واتای مەلا و پیاوی ئایینی هاتووە. وشـــەیەکی پەتی کوردییە، واتای پارێزەری ئاگر دەدا، پاراستنی ئاگر ئەرکێکی ئایینی وپیرۆز بوو لەو سەردەمەدا.

**âthravanô**

**ئاترەوانۆ:** کانگا هیچ واتایەکی بۆ ئەم وشـــەیە داناناوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دەنووسێ لە چاوگی "ئاترە". بەڵام لە کوردیدا واتاکەی ڕوونە، " ئاترەوانۆ" واتای " ئەی ئاترەوان" دەدا. لە کوردیدا " ۆ" لە دوای هێندێک لە وشـەکان واتای "ئەی" دەدا بۆ نموونە شـوانۆ (ئەی شـــوان)، نەچیرەوانۆ ( ئەی نەچیرەوان)، بێریوانۆ ( ئەی بێریوان)، بـابۆ (ئەی بـاب)، برانۆ (ئەی برا). هەواڵنۆ (ئەی هەواڵ).

**âxshti** = truce (Kr), friendship, amity, peace

**ئاخشتی:** واتای ئاشتی دەدا.

**âzaiñti [zan-2]** = f. understanding, explanation

**ئەزاێنتی:** ئەم وشــەیە بۆی هەیە بە دوو جۆر مانا بکرێتەوە یەکەم: وەک "ئا- زانیەتی" کە واتای "نا- زانیەتی/ نەزانیەتی دەدات، چونکە پیتی "ئا" نیشانەی نەرێنیکردن بووە لە کوردیی کۆندا. دووەم: بە واتای زانیەتی چونکە لە شێوە زاری ناوچەکانی سنە و سلێمانیدا پێشگری "دە" لە سەرەتای "کار"ەکانەوە وەک "ئە" گۆ دەکرێ وەک دەڵێن: ئەزانم، ئەزانی، ئەزانێت و... بۆیە دەکرێ ئەم وشەیەش هەر لەویەوە هاتبێ بە واتای زانییەتی.

## Avestan dictionary – B

**bar [-]** = (v. rt. cl. 1) to carry, to bear (k365)

**bara** = 7 (imp. act. 2/1)

**baraiti** = 44 (pres. act. 3/1)

**بار، بارا / بارە، بارایەتی:** وشەی بار لە کوردیدا زۆر واتا دەگەیێ، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار ل.پ.١٤١دا شانزدە واتای بۆ دەستنیشانکراوە. لێرەدا **بار** ڕەگی چاوگی وشەی بارا و بارایەتییە. هەروەها "بارە/ بارا"[277] کارە لە دۆخی داخوازیدا (امر) بە واتای بهێنە (فارسی: بیار). (بۆ زانیاریی زیاتر چاو لە فەرهەنگی باشـــوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر٢٠٠٥، لاپەڕەکانی ٤٢-٤٦ بکە). بارایەتی ناوی چاوگە، بەم شێوەیە "بار- ایەتی" کە واتای هێنان دەدا لە شێوەزارەکانی هەورامی و باشووریدا.

**bareñti [bar-3?]** = 10 (3/3) (impersonal v.) to be windy, to blow furiously

**بارانتی:** بە واتای با و بۆران هاتووە. وا دیارە ئەمە وشــەیەکی ڕەســەنی ئەوێســتایی نەبێ یان لەوانەیە لە "خۆردە ئەوێستا"وە وەرگیرا بێت کە هی سەردەمی ساسانییەکانە، هەرکەسێ کە کورتە زانیارییەکی لەسەر ئەوێستا بێ بۆی ڕوونە کە لە ئەوێستاییدا، باران وەک "واران" و"با" وەک "وا/ وات" هاتووە. گۆڕانی دەنگی پیتی "و" بۆ "ب" دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی ئەشکانییەکان. نووسینەکەشی بەم شێوەیە جێگای گومانە چونکە ڕەگی چاوگی ئەم وشەیە

---

[277] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ٤١

'باران"ە و بەپێی ڕێسا زمانی ئەوێستایی و هەروەها کوردی "بارانیەتی/ بارانەتی" دەبێتە ناوی چاوگ بۆ وشەکە.

**[barethri]** = 6 (plL) f. mother, (female that bears children) in the womb

**بارەدری:** ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە، لە کوردیدا وەک "بارداری" ماوەتەوە " کە واتای دووگیانی، ئاوێســـی دەدا". (بڕوانە هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩ ،ل.پ. ٤٠، هەروەهـا فەرهەنگی وشـــەنـامە، هۆرامی- کوردیی نـاوەڕاســـت، بێـدار،هەولێر ٢٠١٠، ل.پ.١١٧).

**barezahi [barezangh]** = 5 (L) n. height; a mountain (k369)

barez] = 5 (plG) high, exalted (k368)

**بەرزاهی، [ بەرز]:** بەرزاهی وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، کە واتای بەرز و برزایی دەدا[278]. بەرزایی لە کرمانجیدا هەر وەک بەرزاهی گۆ دەکرێ.

**bastem [basta]** = 7 (A) bound, tied, a prisoner

**بەسـتەم [بەسـتە/ بەسـتا]:** بەسـتەم وشـەیەکی ئاسایی کوردییە، کارە لە دۆخی یەکەم کەسی تاکدا. ئەم وشـەیە لە دۆخی کاردا لە شـێوەزاری هەورامیدا وەک "بەسـتەی"[279] و لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک"بەستن" گۆ دەکرێ. لێرەدا وەک زیندانیش مانا کراوەتەوە، بەڵام لە ڕاســـت نـاچێ، چونکە زینـدانی (prisoner) هەم لە کوردیـدا وهەمیش لە ســانســکریتیدا وشــەی "بەندی"یە[280] واتا ئەو کەســەی کە بەندکراوە. بۆیە ئەم وشــەیە هەمان وشەی بەستن (گرێدان)ی کوردییە.

**1- bavaiñti [bû]** = 32 (pres. act. 3/3) cl.1 (they) appear / to be, to become (k376)

---

[278] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرێنە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ٧٤

[279] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٥٩

[280] bandii = prisoner ( Online Sanskrit Dictionary Februaary 12,2003, p 125). http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

**2- bavaiti** = 47 (pres. act. 3/1)

**3- bavat** = 15 (pret. 3/1) he became (j31)

**4- bavâhi** = 33 (pres. subj. 2/1) be

**5- bavâni** = 22 (imp. act. 1/1)

**6- bavât** = 9 (subj. 3/1) he/she/it might be

**7- bavãn** = 7 (subj. 3/3) they might be

بەپێی نووسراوەکەی کانگا ئەم وشەگەلە هەمووی هەر لە ڕەگی چاوگی **[بوو bû]** وەرگیراون کە هەم لە ئەوێستایی و هەمیش لە کوردیدا هەر یەک واتایان هەیە. چاوگی ئەم وشەیە لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا دەبێتە "بوون"، لە هێندێ ناوچەدا هەم لە باشوور و هەم لە باکوور وەک "بین"ش گۆ دەکرێ. ئەم وشەگەلەی سەرەوە هەمووی هەر کارن لە دۆخی جیاجیادا، بەرانبەرەکانیان لە کوردیدا بە کەمێک گۆڕانەوە وەهایە:

**١- بووایەنتی**: لە کوردیدا ئێستا "بووایناتی"یە، وەک: ئەگەر ئەوان لێرە **بووایناتی** وامان بە سەر نەدەهات.

**٢- باوایەتی:** لە کوردیدا ئێستا "بووایەتی"یە وەک: ئەگەر تۆ لەوێ **بووایەتی** وامان بە سەر نەدەهات.

**٣- بووات:** لە کوردیدا ئێستا "بووایێت"ە وەک: ئەگەر ئەو لێرە **بووایت**.

**٤- بوواهی:** لە کوردیدا ئێستا "بووای"یە وەک: ئەگەر ئەو لێرە **بووایی**.

**1- bun [bû]** = 11 (Aor. act. 3/3) will become

**2- buyama** = 5 (opt. 1/3) may we be

**3- buyata** = 8 (pot. mid. 2/3,3/1) may ye be (j135)

ئەمانە هەر هەمووی وشەی پەتی و ئاسایی کوردین لە دۆخی جیاجیادا:

**١- بوون [بوو]:** هەمان وشەی "بوون" و "بوو"یە لە کوردیدا.

**٢- بوویاما :** ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە، بۆ نموونە: ئەگەر من لەوێ **"بووایمای/ بوایامای"** یارمەتیم دەکرد.

**٣- بوویاتا:** وشەیەکی کوردییە وەک: ئەگەر تۆ لەوی **"بووایتای"** یارمەتیت دەکرد.

**baxsheñti [baxsh]** = 8 (vb. cl. 1. 3/3) to bestow, to give, to distribute, to remit, to forgive

**بەخشـەنتی:** وشـەیەکی کوردییە هەر بە هەمان واتای بەخشـینیەتی دێت لە کوردیشـدا. ناوی چاوگە بۆ" بەخشین".

**bâ [-]** = 57 (strengthening particle.) definitely, certainly, indeed

**با:** ئەمە هەمـان ئـامرازی "با"ی لە کوردیـدا کە زۆر واتـا دەگەیێ، ئـامرازی پەیوەنـدیە و هەروەها نیشانەیە بۆ جەختکردنەوە بۆ نموونە: با بچین، با دانیشین، با بخەوین، با بزانین، با بیفروشـین، با هەڵیواسـین، با رایگرین، با ڕاوەسـتین. لە کرمانجیدا "با" واتای "لەگەڵ/ لەتەک"ش دەدات.

**bâzvô [bâzû]** = 16 (duG) limb, arm, foreleg (b955)

**بازو:** بە واتـای بازو دێت لە کوردیـدا، لەوە دەچێ ئەم وشـــەیە لە خوردە ئەوێســـتاوە وەرگیرابێ، چونکە وشـــەی **"باهو"** کە هەر بە مانایە "بازو"یە، هەم لە ســۆرانی و هەم لە هەورامی و هەمیش لە سانسکریتی و ئەوێستائیدا هەر وەک "باهو" هاتووە.

**berezaite [barez-1]** = 5 (D) to grow (k368), to grow high, to be exalted; tall (Kr), high (HZI44)

**berezaiti** = 24 (pres. act. f 1/1)

**berezô [berez]** = 10 (mG) high, great, lofty (k379); [bereza]

**بەرزایەتی، بەرز، بەرزۆ:** کانگا ئەم وشـانەی وەک بەرز مانا کردوەتەوە، و نووسـیویەتی کە هەموویان هەر لە چاوگی "بەرز"ن. بەڵام ئەمە بەشـــێک لە ڕاســـتییەکەیە. بەرزایەتی ناوی چاوگە بۆ "بەرز" و واتای بەرزایی ئەدات. بەرزۆ لە "بەرز+ ۆ" پێک هاتووە کە " ۆ" نیشـانەی خۆشـەویسـتییە. کە وابوو "بەرزۆ" واتای "بەرزی خۆشـەویسـت" دەگەیێ. کە

ئەم وشـــەیە وەک ناوی کەســـیش بە تایبەت لە ناوچەکانی باشـــووری کوردســـتاندا بە کار دێت.

## Avestan dictionary – C

**cathware [-]** = (card. num.) four (k178)

**چاتوارە/ چاتوار:** واتای "چوار/ چوارە" دەدا.

**[cathru-cashma]** = 6 (A) four-eyed

**چاترو- چاشما:** کە بە واتای چوارچشمە دێت لە شێوەزاری هەورامیدا، و بە واتای چوارچەمە / چوار چاوە لە شێوەزارەکانی تردا.

**[cathru-gaosha]** = 5 (mA) four-cornered (lit.)

**چاترو- گەۆشە:** چوار- گۆشە

**cinvatô[cinvañt]** = 7 (N) Chinwad (bridge); inflicting punishment upon; or, gathering, culling

**چینواتو/ چینوات:** ئەم وشـــەیە لە ڕاســـتیـدا ئـاوایە "چین- و- ات". ئەمە هەمـان دەستەواژەی "چین[281]و هات"ە لە دۆخی ڕانەبوردوودا(مضارع)، پێشتر ڕوون کرایەوە.

**[cinvat-peretu]** = 7 (A) Chinwad bridge, the bridge from Earth to Heaven, where the virtuous pass over safely, but the wicked fall into hell (k183)

**چینوات- پرەتو:** پردی چوون وهات. **(فارسی: پل عبور).** پێشتر ڕوون کرایەوە.

---

[281] وشەی چین و چوون هەر یەک واتایان هەیە، لە هەر دوو شێوەزارەکانی کرمانجی و باشووریدا هەر وا گۆ دەکرێ (بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥،ل.پ.٢٣٥.

**cîm [ci]** = 5 (A) (interrogative pron.) - who? what? which? (indef. pron.) anyone, someone, whoever.

**چێم:** ئەمە هەمان وشـــەیە "چێما"یە لە کوردیدا، کە لە هەموو شـــێوەزارەکانی کوردیدا ڕۆژانە بە کار دێت و واتای چی، بۆچی، مەگەر ئەدات.

**cvañt [-]** = (adv.) how much? (k185)

**چەوەنت:** ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا و لە فارسیشدا وەک "چەند" گۆ دەکرێ.

## Avestan dictionary – D

**daenyå [daênâ]** = 8 (G) f. religion), (k240, see HZI)

**دائنیا [ دەئینا]:** بە واتای "دین" هاتووە.

**daêvayâzô [daêvayâz]** = 10 (N, pl.NA) m. worshipper of the Daevas

**دێوایەزۆ/ دێوایەز:** ئەم وشـــەیە بە واتای دێو و جنۆکە هاتووە. لە کوردیشـــدا هەر ئەو مانایە هەیە. وشـــەی "دێوەزمە"[282] لە کوردیدا واتای دێو دەدا لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "دێوەز" کە هەمان وشەی "دێوایەز"ە و "مە" کە مانای "مێ" دەدا، پێکەوە بە واتای دێوی مێ.

**[dainghu]** = 19 (plNA) f. country (AHM), land (k239)

**داێنگەو:** بە واتای وڵات و ســـەرزەمین هاتووە، بەرانبەری ئەم وشـــەیە لە شـــێوەزاری هەورامیدا وەک **"دەگا"** ماوەتەوە کە واتای دێ یان گوند ئەدات.

**dar** = to hold/keep, + vi: cause to cross (vn); to tear (k246, JAR)

**دار:** هەمان وشـــەی " دار"ی کوردییە کە کە بۆ ڕاگرتن وەک کۆڵەکە بە کاردێت، واتای بەدارەوە کردنش (to cross) دەدا، وەک دەڵێن لە "دار"یان دا. "دار" لە کوردیدا واتای

---

[282] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ.٣٣٥

ڕاگرتن و هەروەها لە سەر پێ ڕاوستانیش دەدا، وەک دەڵێن منداڵەکە دارە، دار دەکا واتا لە سەر پێ خۆی ڕادەوستی خۆی ڕادەگری.

**[darethra]** = 5 (D) n. holding fast (lit.), supporting (k250)

**دارەترا:** ئەم وشە لە کوردیدا **" دارەڕا"**یە، واتا کۆڵکە یان دیوارێکی قایم کە دەتوانێ سەری ماڵەکە (تاقی ما ڵ) رابگرێ.

**dasa [dasan]** = 20 (m.pl.NA) ten; (nA) goods

**دەسا:** وشەیەکی پەتی کوردییە، لە کوردیدا چەندین واتای جۆربەجۆر دەگەینێ، لە شێوەزاری زازاکیدا "دەس"[283] واتای "دە (١٠)" دەدات. لە ڕاستیدا وشەی "دە" کورتکراوەی "دەس"ە. کە واتای ١٠ ئەنگۆستی دەست دەدا. لە کوردیدا وەک پێوانەیەکی ئەندازەیی (معیار سنجش/ مقیاس) بەکار دەبرێت، وەک دەسێ گوێز کە بە واتای ١٠ دانە گوێزە، دەسێ ماڵ، کە واتای یەک ماڵ دەدا، دوو دەس جلوبەرگ. دەس واتای فورم و شێوازیش دەدات وەک دەڵێن "من حەزم لەم دەسانە نییە"، لەم دەسانە ئیتر دروست ناکرێت. دەس/ دەست واتای "حوکم"یش دەدات بۆ نموونە: دەوڵەتی عیراق لە کوردستاندا دەستی ناچێ، فلانی لە هەولێردا دەستی دەچێ. دەستەڵات بەواتای حاکمیەت هەر لەم وشەوە هاتووە. دەست بە واتای ڕۆڵ و نەخشیش دێت، بۆ نموونە لە کیشەکانی ناوچەکەدا تورکیا دەستی هەیە. ئیمە هیچ دەستێکمان لەو ڕووداوەدا نییە. زۆر لایەن لەو کودەتایەدا دەستیان هەبوو.

**daxma [-]** = 8 (plA) m. grave; place where dead bodies are deposited

**دەخمە:** لە کوردیشدا هەر دەخمەیە[284]، شوێنێکی تەنگ و تەسک، گۆڕ.

**1) dâ** = (v. rt., cl. 3) to give, to offer (k253)

**2) dâ** = (v. rt.) to make, to create, to put, to appoint (k255)

**3) dâ** = (v. rt.) to know, to think (k257)

---

[283] Ferheng zazaki – kurmanci, Çeko Kocadag, 2010, l.p.101

[284] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٣٠٨

**4) dâ** = (v. rt.) to shut (k257)

**5) dâ**= [-] = wise, prudent

**دا:** ئەمانە هەمووی هەر وشـەی ئاسـایی کوردین کە ئێسـتاش لە کوردیدا هەر باوەن. "دا" لە کوردیـدا دەچێتە دۆخی جۆراوجۆر و چەنـدین واتـای جۆربەجۆر دەگەیێ، وەک کـار (فعل)، وەک پاشـگر، و وەک پێشـگر دەکەوێتە پێش کار (فعل) و واتایەکی تر بە وشـەکە دەبەخشێ، کە نموونە یگجار زۆرە:

1) "دا" ڕەگی چاوگە بۆ وشەی "دان" ( to give)

2) "دا" بە واتای (کشف، اختراع)، وەک **داهێنان**، **داتاشین**

3) "دا" بە واتـای (بیرکردنەوە)[285] ، وەک وامـان **دانـابوو** کە بچین بۆ ئەوێ. وایـان **داننابوو** کە ئیمە ببینن. وای دانە کە من لێرە نیم.

4) "دا" بە واتای (shut)، وەک داخستن، دابستن، داپۆشین.

5) "دا" بە واتای "بەرەو خوار(Down)، وەک **دا**گرتن، **دا**بەزاندن، **دا**نیشتن، **دا**نان.

6) "دا" بە واتای (انتصاب)، وەک **دامەزراندن**، **دانان**.

7) "دا' وەک ئامرازی جەختکردنەوە (قید تاکید)، وەک **دا** بچوو، **دا** هەڵسـا، **دا** بڵێ، **دا** مەکە، **دا** بنووسە، **دا** بخۆێنە، **دا** وەرە.

**dâmi** = Creation; Creator (ahm168); creative, of the creator (HZI)

**دامی (دامێ):** ئەمە وشـــەیەکی کۆنی هەورامییە، لە چاوگی "داتن/ دان" لەگەڵ جێناوی "مێ"[286] کە جێناوی لکاوی یەکەم کەسی کۆیە، بە واتای " ئێمەی دا"، مەبەســتی ئەوەیە کە خۆدا ئێمەی دا یان خۆدا ئافراندومانی.

**[dâtar]** = 14 (mN) giver, creator, creator (k259); maker (t102); n. (JAR: m) law.

---

[285] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرێنە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ..٢٧٤

[286] دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی ل.پ.٤٧-٤٨

**داتەر:** ئەمە ناوی بکەرە، کە لە چاوگی دان/ داتن، پێشتر ڕوونکرایەوە.

**dî- [-]** = (v. rt.) to see; to think; to show, cl. 3 (k264)

**دی:** وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، ڕیشـەی وشـەی "دیتن"، هەروەها کارە لە دۆخی سـییەم کەسی تاکدا.

**drâjô** = 30 (A) n. length, duration (k274)

**درەجۆ:** واتای درێژ دەدا، لە زازاکیدا وەک "دەرگ/ دەرگە (dergê,derg )" ماوەتەوە.

**druj [-]** = f. deceit, lie; deceiver, lier; "druj", demoness (k276, b778)

**درۆج:** واتای درۆ ئەدا.

**[dush-mainyu]** = 5 (plG) m. evil thinking (lit.), an enemy (k269) (evil-spirited!)

**دوش- مەینیۆ:** دوش یان دژ لە کوردیدا واتای خراپ، ناحەز و دژایەتی/ دژبەری دەدا، مەنێیۆ لە وشـــەی مەن هاتووە کە لە کوردیدا واتای ئەندیشـــە، باوەر و بیرۆکە (تفکر) دەدات[287]. کە وابوو دوش مەینیۆ واتای بەد ئەندیش/ دژ ئەندیشە (بێ باوەڕ) ئەدات.

**[duzhûxta]** = 5 (plA) ill-spoken; an evil word

**دوژئوختا:** ئەم وشـــەیە لە دووبڕگە پێک هاتووە "دوژ- ئوختا" کە بڕگەی یەکەمی هەمان وشـــەی "دژ"ی کوردییە و بڕگەی دووەمی وشـــەی "ئاخاوت"ە کە لە کرمانجیدا واتای قسەکردن دەدا. پێکەوە واتای "دژ-ئاخاوتن/ دژ- قسەکردن/ قسەی دوژمنانە" دەدات.

**[duzhvacangh]** = 10 (G, plNA) evil speech; evil- speaking

**دوژواچەنگە:** لە دوو بڕگە پێک هاتووە، "دوژ- واچێە"، بڕگەی یەکەم وشـــەی "دژ"ە و بڕگەی دووەم وشـــەیەکی پەتی هەورامییە لە ڕیشـــەی "واچ" بە مانای قســـە کردن، پێکەوە واتای دژ قسە دەکەن یان "دوژمنانە قسە دەکەن" دەدا.

---

[287] بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥،ل.پ.٦٤٢

**dûraêpârayå [dûraêpâra]** = 7 (fG) far for crossing or passing over (lit.), (this earth) whose ends lie far (k270)

**دوراپاڕایا [ دوراپاڕا]:** ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە "دوورا- پاڕایا / دوورا- پاڕا". کانگا ئەم وشـــەیە بە دوو جۆر مـانـا کردوەتەوە، یەکەم وەک "دووره- پەڕینەوە" واتـا لە دوورەوە پەڕینەوە، (لە دوورەوە دەربازبوون). دووەم وەک " دووره- پەڕای"، کە پەڕ و پەڕای لە کوردیدا واتای ئاخر(انتها) دەدا، پێکەوە بە واتای **"پەڕی دوور، یان ئەو پەڕی دوور"** (فارسی: انتهای دور) دەدا. دەســـتەواژەی لەم چەشـــنە لە کوردیدا کەم نییە بۆ نموونە دەستەواژەی "دوورەپارێز" (فارسی:محافظەکار) هاوتەرازە لەگەڵ ئەم وشەیەدا.

**dûraosha [-]** = 7 (V) removing pain, killer of pain (G. L. Windfuhr Acta Iranica 25, p702), (k271)

**دوورائۆشـا:** ئەم وشـــەیە بێ گومان یان خراپ نووسراوەتەوە یانیش خراپ وەرگێڕاوتەوە، ئەمە دەستەواژەیەکی ئاسایی کوردییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، دوورا کە بە واتای "دوور"ە و "ئۆشـا" کە هەمان وشـەی "ئێش"ە لە کوردیدا، پێکەوە مانای دووره- ئێشـە" دەدات. بە واتای دوور لە ئێش و بەڵا. (ئەم وشەیە پێشتر لە شێکردنەوەی وشەکانی گاساکانی فەرهەنگی پورداوددا ڕوون کرایەوە).

**dva [-]** = 39 (num. duNA) two (k279)

**دوا:** واتای دوو ئەدات.

**diwzhat [diwzha]** = 5 (Abl) fraud, hypocrisy, deceit (k263, b747)

**دێوزات [دێوزا]:** هەمان وشەی "دێوزادە" و "دێوزا"یە لە کوردیدا.

## Avestan dictionary – E

**eresh [-]** = (n.plA) true, just, moral, righteous (indeclinable); truthfulness (A)

**ئەرەش:** واتای ڕاســـتی، پاکی، دادپەروەری (عادل) دەدات. لە کوردی و لە فارســـیدا لە شـێوەی ناوی "ئارش" ماوەتەوە. لە شـێوازی گشـتیی مادیدا ئەم وشـەیە وەک "ئارتا" گۆ کراوە کە دواجار گۆڕاوە بۆ "ئاردە/ ئەردە". کە لە کوردی و لە فارســـیدا لە شـــێوەی ناوی ئەردەوان و ئەردەشێر ماوەتەوە.

**eresh-vacå** = (N) truthful speaker

**ئەرەش- واچا:** واتای "ڕاست واچا" یان "ڕاست قسەکردن" دەدا.

## Avestan dictionary – F

**ferâ [fra]** = 16 (adv.) pro; forward, forth, excessive;(k444)

**فرا:** کانگا ئەم وشەیە وەک "پێش"، "بەرەو پێش" مانا کردووەتەوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ئەمە هەمان وشـــەی "فرا / فرە"ی کوردییە کە بە واتای زۆر، گەلێک و فرە دێت. دواجار واتای هێندێک لە دەســـتەواژەکان کە لەگەڵ "فرا"دا هاتوون ئەم ڕاســـتییە نیشـــان دەدا. ئەوەی کە مانای پێش دەدا وشەی "پرا / پر"ە کە ئێستا لە کوردیدا وەک "بەر" گۆ دەکرێ.

**fra-stu [e]** = (v. rt.) to praise, to glorify (k538)

**فرا- ســـتو:** بە واتای فرە- ســـتایشـــکردن هاتووە، ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "فرا" کە واتای "زۆر" ئەدات و "ســـتو" کە ڕەگی چاوگە بۆ "ســـتوتن یان ســـتودن". پێکەوە واتای فرا ستوتن یان فرا ستایشکردن (گەلێک ستایشکردن) دەدات.

**frabaraiti [fra-bar]** = 5 (pres. act. 3/1) to carry, to bring, to use; to make use of (k367)

**فرا- بارایەتی [ فرا- بار]:** وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە لە شـــێوازی هەوامیدا لە سێ بڕگە پێک هاتووە ( فرا- بارا- یەتی)، " فرا" واتای زۆر، گەلێک" دەدا، "بارا" مانای هێنان دەدا، و "یەتی" نیشانەی ناوی چاوگە. پێکەوە واتای فرە- هێنان دەدا.

**frabarô** = **5 (pres. part. act. mN)**

**فرا- بارۆ:** وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە. " ۆ" لە پاش وشـــەکە نێشـــانەی جێناوی کەسی لکاوە لە دۆخی ســـێیەم کەسی تاکدا (بڕوانە جێناو لە هەورامیدا خشـــتەی دووەم لاپەڕەی ١٨٢ "جێناوی کەسی لکاو جۆری دووەم"). ئەم وشـــەیە واتای "فرە بێنێ/ زۆر بێنێ" دەدا. (فارسی: خیلی بیاورد).

**frabarôish** = 10 (pot. act. 2/1) should take, making use of

**فرا- بارۆش:** وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە، بە واتای "فرەی لێ بێنێ/ زۆری لێ بێنێ" (فارسی: خیلی ازش بیاورد). (بڕوانە جێناو لە هەورامیدا خشـــتەی یەکەم لاپەڕەی ١٨٢ "جێناوی کەسی لکاو جۆری یەکەم").

**fradatha [-]** = n. growth, increase, prosperity

**فرا- داتە:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای فرەی داوە، زۆری داوە.

**fradathaiti [fra-dâ]** = 5 (pres. act. 3/1) to give; to propagate (k255); (3/1) to create, to appoint, to establish (k256)

**فرا- داتایەتی [فرا-دا]:** ئەمەش وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، هەمان وشـەکەی پێشـووە لەگەڵ پاشـــگری "یەتی" کە نیشـــانەی ناوی چاوگە، واتای "فرا دایەتی"، فرە پێ دان، زۆرداویەتی، زۆردانیەتی. (فارسی: خیلی دادن/ خیلی دادە).

**frakârayôish [fra-kar]** = 7 (pot. act. 2/1) to draw circles or furrows around (k127)

**فراکەرایۆیش [ فرا- کەر]: ئەمەش وشـەیەکی هەورامییە، بەڵام کانگا لە واتاکەی تێ نەگەیشـتووە و بە هەڵە وەرگێڕاوەتەوە. ئەم وشـەیە " فرا- کەرایۆش"ە، کە وشـەیەکی ئاسایی هەورامییە واتای فرەی بکەوە، زۆری بکەوە دەگەیێنێ. (فارسی: زیادش بکن).**

**[fra-hvar]** = 6 (subj. 3/1) to eat, to drink (k606)

**فرا- وار/ فرا-وەر:** کانگا ئەم وشـــەیە بە خواردن و نۆشـــین مانا کردووەتەوە، کە ئەمە وەرگێڕانێکی ڕاســت نییە و بە مەزەندە وەرگێڕاوەتەوە. ئەمە وشـەیەکی پەتی هەورامییە واتای "فرە- خۆر / زۆر خۆر" دەدا.

**framarezaiti [fra-marez]** = 5 (pres. act. 3/1) to clear away, to cleanse (k398)

**فرە مەرزایەتی [ فرا- مەرز]:** "مەرز و مەرزین" وشـــەیەکی کوردییە لە هەورامی و هەروەها لە هەموو شـێوەزارەکانی باشـــووری کوردســـتاندا بە کار دێت. لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم "فرە" کە ئاوەڵکردارە و واتای زۆر و گەلێک دەدا. بڕگە دووەم "مەرز" لە چاوگی "مەرزین" واتای پاک کردنەوە لە گوناه دەدا بۆ نموونە دەڵێن: "خۆدا بیامەرزێت"،

واتا خۆدا گۆناهکانی پاک بکاتەوە. یان لە کوردیدا دەڵێن خۆدا "فرا- بیامەرزێت" واتا خۆدا زۆر لە گۆناهکانی پاک بکاتەوە. لە فارسـیشـدا ئەم وشـەی بەکار دەبرێت وەک دەڵێن (خدا بیامرزد). وشەی "مەرزایەتی"ش ناوی چاوگە کە واتای سڕینەوە، پاک کردنەوە دەدات.

**frapithwô [frapitu]** = 8 (L) m. in abundance (k344)

**فراپیتۆ [ فراپیتوو]:** ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە " فرا- پیتۆ"، پێشـگری "فرا" واتای "زۆر و فرە " دەدا، وشـــەی پیتۆ هەمان وشـــەی **"پیت"**ە[288] لە کوردیدا کە واتای بەرەکەت ( برکت) دەگەینێ. پێکەو واتای بەرەکەتی زۆر دەدات.

**[frasraothra]** = 6 (A) n. singing, intoning

**فراسراوترا / فراسرودرا:** وشـــەیەکی پەتی کوردییە لە دوو بڕگە پێـک هـاتووە "فرا- سرودرا"، هەر بە واتای فرا سرودرا (زۆر سرودرا / زۆر خوێندرا) دێت. (فارسی: خیلی سروده شد، خیلی خوانده شد).

**frateresaiti [fra-tares]** = 9 (pres. act. 3/1) to tremble (k221)

**فراترسـایەتی [فرا- ترس]:** وشــەیەکی ئاسـایی کوردییە، لە سێ بڕگە پێک هاتووە "فرا- ترس- ایەتی". فرا ئامرازی پێوانەییە و واتای زۆر دەدا، " ترس" هەمان وشـــەی ترســـە لە کوردیـدا، و "ایەتی" نیشـــانەی نـاوی چـاوگە لە کوردیـدا وەک مەرد (مەردایەتی)، کورد (کوردایەتی)، ترس (ترسایەتی). فراترسایەتی واتای زۆر ترسان، زۆر ترسایەتی دەدا.

**1- fravashi [e] = f. fravashi: guardian spirit or angel**

**2- fravashayô = 103 (plNA)**

**3- fravashêe = 12 (D)**

**4- fravashibyô = 19 (plD.Abl)**

---

[288] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.١٤٤
هەروەها فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٢٦٠

## 5- fravashîm = 290 (A)

ئەم وشەگەلە لە کانگا دیکشنەریدا بە شوێن یەکدا هاتوون، ماناکانیان ئاوایە:

**فره- وەشی:** وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە بە واتای فرە خۆشی ( زۆر خۆشیێ) دێت. فرەوەشی دەســـتەواژەیەکی هەورامییە، لە کوردیدا فرەوەشی / فرەوەشـــیەتی (فرەخۆشی/ فرەخۆشیەتی) واتایەکی فراوانی هەیە، هەر تەنیا بە مانای خۆشبوون وتەندروستبوون نییە، بەڵکوو ئەگەر بە کەســـێک وترا کە فرە خۆشـــیەتی ئەوە واتای ئەوە دەگەیێنێ، کە هیچ گرفتێکی نییە نە لەباری ئابوورییەوە، نە لە باری ئاسـایشـەوە و نە لەباری تەندروسـتییەوە. کانگا دەڵێ بە واتای پارێزەر یان فریشـــتە دێت، لەوانەیە فریشـــتەیەک بە ناو فرەوەشی هەبووبێت کە خەڵک ئارەزووی خۆشـــیان لێ کردەبێ بەڵام واتای خۆدی وشـــەکە بەم جۆرەیە: فرا واتـای زۆر دەدا، "وەشی" وشـــەیەکی پەتی هەورامییە واتـای خۆشی دەدا. وشەکانی ١- ٥ وشەی ئاسایی هەورامین ماناکانیان ئاوایە:

**١- فراوەشی:** وشـــەیەکی هەورامییە بە هەمان واتای " فرا وەشی"، کە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "فرە خۆشی" گۆ دەکرێ.

**٢- فرا وشـایۆ:** وشـەیەکی هەورامییە بە هەمان شـێوەی "فرا وەشـایۆ" کە واتای "فرە خۆش دەبێ" دەدات.

**٣- فرا وەشە:** وشـەیەکی هەورامییە بە هەمان واتای "فرا وەشـە" کە واتای " فرە خۆشە" دەدا لە سۆرانیدا.

**٤- فراوەشـێبیۆ:** وشـەیەکی هەورامییە، بە هەمان شـێوەی "فراوەشـێبیۆ" کە واتای "فرە خۆشی بێت" دەدا لە سۆرانیدا.

**٥- فراوەشێم:** وشـەیەکی هەورامییە، بە هەمان واتای "فراوەشێم" کە واتا "فرە خۆشیم / زۆر خۆشیم " دەدا لە سۆرانیدا.

**fravaxshyâ [fra-vaxsh]** = 7 (subj. 1/1) I shall speak out, I shall proclaim; to grow up (k454)

**فرواخشـيا [ فره- واخش]:** كانگا وشـەی واخش / وەخش بردوەتەوە بۆ سـەر وشـەی "واچ" و دەبێژی کە واتای " پێتان دەڵێم، بۆتانی باس دەکەم، دەیڵێمەوە..." دەدا. بەڵام ئەمە ڕاســـت نییە، وەخش/ واخش هیچ پەیوەندییەکی بە "واچ"وە نییە. وەخش هەمان وشەی بەخش و بەخشایەتییە، کە لە کوردیشدا لە شێوەزارەکانی باشووریدا ئێستاش هەر وەک "وەخش" گۆ دەکرێ ( بڕوانە فەرهەنگی باشـــوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ. ٧٦٠). بۆیە "فرا- واخشیا / فره- واخشیا" وشـەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوازەکانی باشووریدا واتای فرا- بەخشیا / زۆر بەخشا (زۆر بەخشرا) دەدات.

**fravaocâma [fra-vac]** = 5 (impf. act. 1/3) we declare, we proclaim (k458)

**فراواوچاما [ فرا- واچ]:** ئەمە وشـەیەکی ئاسایی هەورامییە لە سێ برگە پێک هاتووە بەم شـــێوەیە **" فرا- واچا- ما "** برگەی یەکەم فرا ئـاوەڵکرداری پێوانەییە بە واتـای " زۆر، گەلێک"، برگەی دووەم واچ کە وشـەیەکی پەتی هەورامییە کە بە واتای " بێژ/ وتن" دێت و برگەی ســـێیەم "ما" کە جێناوە لە دۆخی یەکەم کەسی کۆدا (بڕوانە جێناو لە هەورامیدا خشـــتەی یەکەم لاپەڕەی ١٨٠ جێناوی کەسی لکاو جۆری یەکەم). پێکەوە واتای "فرەمان وت/ زۆرمان گۆت" دەدا. (فارسی: خیلی گفتیم).

**fravazaite [fra-vaz]** = 5 (pres. mid. 3/1) to go (k461)

**فرا- وازایتە [ فرا- واز]:** کانگا ئەم وشـەیە وەک "ڕۆیشـتن" مانا کردوەتەوە. لە هەورامی و شـێوازەکانی کوردیی باشـووردا " واز- بردن[289]، واز- دان" واتای ڕاکردن، هەڵاتن دەدا. لە سۆرانیدا وەک " باز- بردن، باز- دان" گۆ دەکرێ. ئەم وشەیە "فرا- وازیەتی"یە کە بە کورتی واتای فرا- بازدان، خێرا هەڵاتن دەدا.

**frayãn [frâ]** = 5 (subj. 3/3) to go, to move, to walk about; cl. 4 (k350)

**فرایان [فرا]:** ئەم وشـــەیە وەک "فرایان " نووسراوە، بەڵام لەوە دەچێ هەمان وشـــەی کوردی "فڕیان" بێ لە ڕیشـەی"فڕ"، کە لە کوردیدا وەک دەسـتەواژەیەک بۆ خێرا ڕۆیشـتن بە کار دێت بۆ نموونە دەڵێن "ئا بفڕە بچوو ئەوە بێنە" یان دەڵێن " بەفڕیان چووم و بەفڕیان گەڕامەوە". وشەی " فڕین / فڕیان"[290] لە کوردیدا واتای هەڵاتن و پەرواز کردنیش دەدات.

---

[289] بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٦٩٤

[290] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ.٥٢٠

**[frâdat-fshu]** = 8 (D) m. (a Yazad) giving relief to beasts (k352)

**فرادات- فشـو:** ئەم وشـەیە لە سێ بڕگە پێک هاتووە، ( فرا- دات- فشـو) بڕگەی یەکەم "فرا" ئـاوەڵکردارە، بڕگەی دووەم "دات" کە واتـای "داویە/ داویەتی" دەگەیێ. بڕگەی سـێیەم "فشـو"یە، ئەمڕۆکە پیتی "ف"ێ لێ کەوتووە، بڕوانە (پورداود، ل.پ.٤٢هاتی ٢٩ بەندی ٥ یادداشتی ٩)، ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک "شە" گۆ دەکرێ کە واتای پەز دەدا بۆ نموونە "شـەک" ( بەرخی دوو سـاڵە)، "شـەگەل" ( پەزەکان، مێگەل) و "شـەوان/ شوان". دەستەواژەی فرادات- فشو واتای "فرە پەزی داوە / فرە پەزی پێ داوین/ زۆر پەزی پێ داوین" دەدا.

**frâdat-gaêtha** [-] = furthering the world, making the world prosperous

**فرادات- گیتی:** واتـای "فرەی داوەتە گیتی" یان باشـــتر بڵێین "فرە شـــتی داوەتە گیتی" دەدات.

**frâdat-vîspãm-hujyâiti [-]** = f. rendering all the necessities of life thriving; the Yazad presiding over the same (k352)

**فرادات- ویســـپام- حەوجیایەتی:** ئەم دەســـتەواژەیە لە سێ وشـــە پێک هاتووە:١- فرادات کە پێشـــتر باسی کرا واتای "فرەی داوە / زۆری داوە" دەدا.٢- ویســـپام کە واتای هەموو، گشـــت دەدا، ئەم وشـــەیە لە شـــێوەزاری زازاکیدا ماوەتەوە و وەک " ویســـە" گۆ دەکرێ.٣- **حەوجیایەتی،** وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لە شـێوازی کرمانجیدا کە ڕاسـتەکەی "حەوجایەتی"یە و واتای پێویســتی،و پەیداویســتی دەدات (بڕوانە فەرهەنگا، کانی کرمانجییا ژووری- کرمانجییا ژێری، لە نووســـینی جگەر ســـۆز،هەولێر ٢٠٠٩، ل.پ. ١٦٦). پێکەوە واتای "فرەی پێ داوین هەموو حەوجایەتی" (بە فرەیی هەموو پێویستییەکانی پێ داوین).

**frâdh [-] =** (vb. rt. cl. 1) increase, promote, to render prosperous (k352)

**فرادە:** ئەمە وشـەیەکی کوردییە لە شێوازی هەورامی و هەروەها شێوازەکانی تری باشووری کوردســـتاندا. لە دوو بڕگە پێک هاتووە، فرا بە واتای زۆر و "دە" بە واتای "بدە" پێکەوە واتای "فرە دە / زۆر بدە" دەدات.

**[fra-kareñt]** = 20 (3/1) to counter-create (k128); glowing (t121)

**فرا- کەرەنت:** وشەیەکی کوردییە لە شێوازی هەورامیداکە ئێستا وەک "فرا- کەرەن" گۆ دەکرێ. کە بڕگەی یەکەمی "فرا" ئامرازی پێوانەیە و "کەرەنت" کارە لە چاوگی "کردن" پێکەوە واتای فرە کردنی شتێک یان زیاد کردنی شتێک دەدا.

**frâyô-hûxtô [frâyô-huxta]** = 6 (mN) whose good words exceed (his evil ones) (Kr43), rich in good words (k354)

**فرایۆ- هووختۆ:** ئەم دەستەواژەیە لە سێ وشە پێک هاتووە "فرایۆ- هۆ- ئوختو" [ لە نووسینی ئەم وشەیەدا وا دیارە کە " û " ێکی لێ کەوتووە]. ١- "**فرایۆ**"ە وشەیەکی هەورامییە واتای زۆرە، فرەیە، دەدات. ٢- "**هۆ/ هو**"[291] واتای باش دەدات لە کوردیی شێوەزاری باشووریدا. ٣- **ئوختۆ،** ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە (ئۆخت + ۆ)، ئۆخت/ ئوختا، لە ئەوێستاییدا واتای ئاخاوتن (قسەکردن ) دەدا لە شێوازی کرمانجیدا، **"ۆ"** لە پاش وشەکە نێشانەی جێناوی کەسی لکاوە لە دۆخی سێیەم کەسی تاکدا (بڕوانە جێناو لە هەورامیدا خشتەی دووەم لاپەڕەی ١٨٢ جێناوی کەسی لکاو جۆری دووەم"). "فرایۆ- هۆ- ئوختۆ" واتای "فرەیە ئاخاوتنی باشی / ئاخاوتنی باشی زۆرە".

**frêna [-]** = 7 (I) abundance, a large quantity (k356); (but see ahm177:) (I) "because of"; "full of"

**فرەنا:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی هەورامییە، واتای فرەن، زۆرن دەگەینێ. لێرە وەک پڕیەتیش مانا کراوەتەوە کە ئەمە هەڵەیە، پریەتی دەبێتە **"پڕەنا"**.

**frithô [fritha]** = 5 (mN) beloved, affectionate (k355)

**فەریدۆ [فەریتە]:** واتای خۆشەویست دەدا، لە کوردیدا لە شێوەی ناوی کچان دا وەک "فەریدە" ماوەتەوە.

---

[291] فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر٢٠٠٥، ل.پ.٧٣١

## Avestan dictionary – G

**[gaêthâ]** = 54 (pl.G) f. possessions (Herb.), worldly creatures (Kr), being, living creature, herd; world

**گەیتا:** بە واتای گیتی هاتووە.

**gairi [-]** = m. f. mountain (k158)

**گەیری:** وشەیەکی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا کە ئەمڕۆکە وەک "گرێ" گۆ دەکرێ کە واتای کێو و تەپە دەدا.

**gaoshem [gaosha]** = 12 (A) m. ear (k162)

**گەۆشا:** واتای گۆش دەدا لە هەورامیدا، لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک گوش، گۆە، گوێ و گوێچکە گۆ دەکرێ.

**garô [gar]** = 17 (G) gravity, respect, invocation; [garangh] , (A) throat, respect (k164-5)

**گەرو:** وشەیەکی کوردییە بە واتای گەڕو هاتووە. لە شێوازەکانی تری کوردیدا "گەڵۆ، قوڕۆ، قوڕگ، قڕگ"یشی پێ دەڵێن.

## Avestan dictionary – H

**hakat [-]** = 17 (indecl. adv.) forthwith; immediately, at once (k566)

**هاکات:** ئەم وشـــەیە لە کوردیدا وەک "هاکا" گۆ دەکرێ و هەمان واتا هەیە، بۆ نموونە: هاکا بێتەوە، هاکا بچن، هاکا بڕووخێ، هاکا بکەوێ.

**hama [-]** = 13 (N) f. summer (k578); (plN) all, whole, even, same, similar

**هەما:** هەمان وشـەی "هەموو/ هەمی"یە لە کوردیدا. لە ئەوێستادا بە شێوەکانی هەموو، هەمی و هەما هاتووە.

**hamatha [-]** = 18 (indecl. adv.) alike, similar, exactly; always (k579, b1774)

**هەماتا:** بە واتای "هەمتا" دێ لە کوردیدا.

**hañt** = being, existing, living; real; a person (k572)

**هەنت:** ئەم وشـــەیە ئێســـتا لە کوردیدا وەک "هەن / هەنە" گۆ دەکرێ، واتای "بوون" دەدا لە دۆخێ هەنۆکەییدا، بۆ نموونە دەڵێن "ئەوانیش هەن، کەســـانێکی تریش هەن، زۆر شتی دیکەش هەنە".(فارسی: هستند، موجودند).

**haom [hava]** = 10 (A) one's own

**هۆم [هۆا]:** ئەم وشـــەیە لە ڕاســـتیـدا جێنـاوی "وێم"ە لە هەورامیـدا و"خۆم"ە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا. هەر وەک پێشتر باسی کرا پیتی "خ" لە ئەوێستایی و هەورامیدا دەگۆردرێت بۆ دەنگێک لە نێوان " هـ " و "ۆ".

**haoma [-]** = 39 (V, duN, plA) m. Haoma, a sacred plant (k563)

**هۆما / هۆم:** جۆرە خوشـــاوێکە کە زەردەشـــتییەکان لە کۆبوونەوە ئـایینی کانیـانـدا خواردویانەتەوە. (پێشتر رۆۆنکرایەوە).

**haomayô** = 21 (I) probably corrupt, read "haoma ýô gava" with **haoma** (that is mixed with) milk.

**haomâi** [haoma] = 12 (D)

**haomât** = 5 (Abl)

**haomã** = 11 (plA)

**haomem** = 21 (A)

**haomô** = 30 (N)

**haomyãm [haomya]** = 10 (fA) relating to the Haoma; of the Haoma (k565)

**هۆمایۆ، هۆمای، هۆمات، هۆما، هۆمم، هۆمۆ، هۆمایم:** ڕاستەکەی ئەویە کە کانگا لە مانا کردنەوەی ئەم وشەگەلە تووشی هەڵە بووە، بەبێ ئەوەی واتاکانی ڕوون بکاتەوە هەموویان دەباتەوە بۆ سەر خۆشاوی "هۆم" کە ئەمە ناتوانێ ڕاست بیت. وشەی "هۆما"[292] لە کوردیی شێوەزاری زازاکیدا کە زۆر نزیکە لە هەورامی و ئەوێستایی واتای "خۆدا" دەدا. لێرەش واتای خۆدا زۆر بە ڕاستییەوە نزیکترە هەتا واتای"خۆشاوی هۆم" چونکە لە دوای وشەی هۆما چەند جێناوێکی لکاو هاتوون کە تایبەتی شێوەزاری هەورامی و ئەوێستایین، بۆ نموونە " haomâi " دەتوانێ واتای " خۆدات" بدا، و haomô دەتوانێ واتای "خۆدای" بدات، haomyãm دەتوانێ واتای "خۆدایم " بدات.

**haosrava [haosravangh]** = 10 (N) a proper name (k600)

**هۆسرەوا [ هۆسرەوانە]:** بە واتای خەسرەو، و خەسرەوانە / خەسڕەوانی دێت.

**hâmô [hama, hâma]** = 7 (mN) all, whole; same (k578)

**هەموو [ هەما]:** وشەیەکی کوردییە، بە واتای هەموو / هەمە / هەمی هاتووە.

**hâu [-]** = 44 (N) he, she; this, that; (a rare form, used in the SgN both masc and fem); there, in that place k585)

**هەۆ:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری سۆرانی ( بە تایبەت لە ناوچەی موکریان) و کرمانجیدا واتای "ئەمە" و "ئەوە" دەدات.

**hâvana [-]** = 23 (î, duN) m. mortar (k586)

**هاوانا:** وشەیەکی کوردییە واتای هاوان دەدا.

---

[292] Ferheng, zazaki – kurmanci, Çeko Kocdag, 2010, p 190

**hãm-bavaiñti [hãm-bû]** = 5 (pres. 3/1) to go together, to meet together (k377)

**هەم- بواینـاتی [هەم- بوو]:** ئەمە وشـــەیەکی پەتی کوردییە "هەم- بووینەتی/ هەم- بوون" بە واتای یەکبوون، پێکەوە بوون، یەکگرتوویی هاتووە.

**hãm [hañ]** = 23 (adv., prep.) with, together with (k571)

**هەم:** هەمان وشەی "هەم"ە لە کوردیدا.

**hizvâ [-]** = 5 (NI) f. tongue (k588)

**هێزوا:** واتای زوان / زمان دەدا لە کوردیدا.

**[hukairya]** = 6 (Abl) n. from Mount Hukar (k591)

**هوکاریا:** مەبەست ناوچەی"هەکاری"یە بە دووری ٤٠ کیلومەتر لە ورمێییەوە (اورمیە).

**hushiti [-]** = f. good abode (k600)

**هۆشیەتی / وەشیەتی:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی هەورامی و زازاکییە، بە واتای خۆشیەتییە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا.

**humaya [-]** = 6 (plNA) n. possessed of good "mâyâ" (HZI); a good ordinance; a wise code of laws (k598)

**هۆمایە:** ئەمە وشـەیەکی کوردییە لە دوو برگە پێک هاتووە، یەکەم برگەی "هۆ" کە واتای باش، خاس ئەدات، و دووەم "مایە"[293] کە چەندین واتای هەیە لە کوردیدا لەوانە: ١- واتای ماک ( مادە، ماتریاڵ) ٢- هۆکار ٣- ئامیان ٤- کاپیتال (دەســـتمایە، ســـەرمایە) ٥- پتەوی ٦- خەستی ( غلطت). کە وابوو هۆمایە واتای باش مایە (مایەی باش) دەدات.

**[hushka]** = 6 (plG) dry (k601, b1839)

---

[293] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٧٩٩

**هوشـک:** ئەم وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە، کە بە شـێوەی وشـک و حوشـک لە کوردیدا ماوەتەوە.

**[hvar]** = 20 (G) n. Sun (k606)

**هوەر/ وەر:** وشەیەکی هەورامی/ زازاکییە واتای "خۆر" دەدا.

**[hukereta]** = 6 (f.plG) well-made, well shaped (k591)

**هۆکەرەتە:** ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم "هۆ" کە واتا باش، خاس، ئەدات، و بڕگەی دووەم "کەرەتە" کە هەمان وشـــەی "کردە / کرتە"ی کوردییە، پێکەوە واتای "باش کردە / کردەی باش" دەدات.

**hutashta [-]** = well-shapen; beautifully formed (k593)

**هۆتاشـتا:** ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پیك هاتووە، یەکەم هۆ بە واتای باش/ خاس، جوان و دووەم تاشـــتا کە لە چاوگی "تاشـــان"ە پێکەوە واتای باش تاشراو/ باشی تاشـــێوە/ باشی دروست کردوە دەدات.

**hva [-]** = 9 (fN, duN) (poss. pronominal adj.) own (reflex pronoun) self (viz. myself, thyself, himself, itself) (but see AHM 157, n.3).

**هۆ/ وە:** ئەمە هەمان جێناوی "خۆ"یە لە شـێوەزاری گشـتیی کوردیدا کە لە شـێوەزاری هەورامیدا وەک "وە" یان "وێ" گۆ دەکرێ ( سەیری جێناو بکە لە هەورامیدا).

**[hvare-xshaêta]** = 9 (G) n. radiant sun (HZI), bright-sun (k)

**هوەر- خشێتا / وەر- شیتە:** واتای خۆرشید دەدا.

**hyat** = 109 (an indefinite pronoun of the neuter gender, mostly used in the Gatha dialect, implying:) 'that which'; (also used as a participle, which following different meanings:) therefore, consequently; thereby; when; from the time; because; that is, i.e.; (as a connecting particle between a noun and its qualifying adjective. (k605)

**هەیات:** ئەم وشـــەیە هەمان وشـــەی "هەتا"، تا، هەتاکوو، هەتانێ،"یە لە ســـۆرانی و هەورامیدا، بەڵام لە کرمانجی و زازاکیدا بە شـــێوەی " تا، هەیا، هەیان، هەیانی، هەتا، هەتانی، و هەتاکوو بە کار دێت.

## Avestan dictionary - I

**ima [ aêm]** = 8 (pron.; adv. duNAv) this (j422)

**îm [aêm]** = 25 (fN) this (k94)

**ئێما [ ئائەم]:** واتای "ئەمە" و "ئائەمە" دەدا لە کوردیدا.

**irish [-]** = (vb. rt.) to wound; to destroy or kill by wounding; cl. 4 (k90); damaged (Herb.)

**ئێرش:** ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە، واتای "هێرش" دەدا لە شـــێوەزارەکانی هەورامی وسۆرانیدا. لە کرمانجیدا هەر وەک "ئێڕش" گۆ دەکرێ.

**irishyeiti** = 6 (pres. act. 3/1)

**ئێرەشـــێەتی:** وشـــەیەکی کوردییە، "ئێرش- یەتی" ناوی چاوگە بۆ "ئێرش"، واتای هێرش کردن دەدات.

**ithra [-]** = 21 (adv.) in this place; here, there (k88)

**ئیترا / ئیدەرە:** واتای ئێرە دەدات.

**î [-]** = (v. rt.) to go, walk

**ئی / ئەی:** کانگا واتای ڕۆیشتنی بۆ ئەم وشەیە داناوە کە هەڵەیە، ئەمە وشەیەکی کوردییە بە تایبەت لە شـــێوزارەکانی کوردیی باشـــووردا کە واتای "هاتن" دەدا لە دۆخێ ڕانەبوردوودا نەک ڕۆیشتن. (پێشتر ڕۆنکراییەوە).

## Avestan dictionary - J

**[jivya]** = 8 (fA) f. living (lit.); fresh milk (k193)

**[juya]** = 6 (mN) living (k193)

**[jva]** = 8 (N) m. living, alive

**جیویا، جویا، جوا:** بە واتای ژیا / (ژی) و هەروەها ژی (شـیری تازە) هاتووە. لە کوردیدا کەمێک گۆڕان لەســەر شـێوازی گۆکردنی ئەم وشـەیەدا هاتووە، دەنگی "ج" گۆڕدراوە بۆ "ژ"ێ. (یـان لەوانەیە لە کـاتی وەرگێڕانەکەیـدا بە هەڵە لە جیـاتی پیتی "ژ" پیتی "ج"یـان نووسـیێ). بەڵام واتاکانی نەگۆڕاوە و وەک خۆی ماوەتەوە. ئەم وشـەیە لە هەورامیدا وەک "ژیوای"[294] گۆ دەکرێ کە هەمان واتای ژی و ژیان دەدا، هەروەها وشەی "ژی" لە کوردیدا دوو مانای تریشـــی هەیە، یەکەم "ژی / ژەک" بە واتای شـــیری پەز یان بزن دێت لە پاش زایینی، کە زۆر خەســت و وزەبەخشــە و خواردەمەنیەکانی "کەرە، و فرۆ"ی[295] لێ بەرهەم دێت. دووەم "ژێ" بە واتای ژێ کەوان کە لە ئەوێستاش دا وەک "جی" هاتووە.

**jam [-]** = (vb. rt. cl. 2,1, inchoat.) to go; to come; to reach, to happen (k188); rt.

**[â-jam]** = to come to; to approach

**جەم:** لێرە بە واتای هاتن، ڕۆیشـــتن و گەیشـــتن مانا کراوەتەوە، ئەمە تەنیا بەشـــێک لە ڕاستییەکەیە. واتای ئەم وشـەیەش هەر بە مەزەندە دیاری کراوە. جەم وشـەیەکی کوردییە لە شـــێوەزاری کرمانجیدا واتای تەنیشـــت، لا، وکن دەدا. بۆ نموونە: **وەرە جەم من (to come)، هەرە جەم برای خۆ (to go)، ئەز جەم ماڵا وان بووم / ئەز گەهیشـتەبوومە جەم ماڵا وان (to reach).**

---

[294] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٥٧٦

[295] کەرە و فرۆ دوو خواردەمەنین کە لە ژی (ژەک) بەرهەم دێت، لە ناوچەکانی باشـــووری کوردســـتاندا بە تایبەت لە ناوچەی سـنە بەرهەم دێت، فرۆ لە شـوێنەکانی تری کوردسـتاندا وەک "فرشـک یان ژەک" گۆ دەکرێ بە فارسی (آغوز)ی پێ دەڵێن، (بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار تاران ١٣٦٩ لاپەڕەکانی ٥١٨ و ٦٥٥).

## Avestan dictionary – K

**kanyå [kanyâ]** = 8 (plNA?) f. a virgin, a maiden (k130)

**کەنیا:** بە واتای کچ هاتووە. لە شـێوەزارەکانی هەورامی و کوردیی باشـووردا وەک "کنا"[296] ماوەتەوە. کناچێ/ کناچە وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە واتای کچ دەدا، پێک هاتووە لە "کنا+چە" کە مەبەست "کنا"ی بچووکە. وشەی **"کچ"**یش کورتکراوەی **"کناچە"**یە.

**ka** = (interr. pron.) who; which; what; (indefinite pron.) whoever, whichever (k121, j406)

**کا:** ئەمە هەمان ئامرازی "کە"یە لە کوردیدا.

**kairya** = (suffix) -working; industrious, active, skill

**کایریا:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە، واتای "کارا و کاری"(موثر) دەدا.

**kam** = (verb root) to love, to be in love with, to wish (k125)

**کام:** وشەیەکی کوردییە، واتای ئاوات و ئارەزوو دەدا. وەک بەکامی دڵ، بە کامی خۆی.

**kar** = (v. rt.) to do, to make, to create; to produce; cl. 5 (k126)

**کار:** هەمان وشەی "کار"ە لە کوردیدا.

**karshvare [-]** =17 (A) n. a region, a country, continent, (AHM:) clime

**کەرشوارە:** واتای کێشوەر دەدا.

**kehrp [-]** = form, shape; body, flesh, corpse (k136)

---

[296] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٥٣، فەرهەنگی کوردی- فارسی هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ٦٢٢

**کەهرپ:** ئەم وشەیە لە شێوازی گۆ کردنیدا گۆڕان بەسەریدا هاتووە بەلام ماناکەی وەک خۆی ماوەتەوە. ئێســـتا وەک "قاڵب" گۆ دەکرێ و لە فەرهەنگەکانی کوردیدا[297] بە واتای چوارچێوە و قـاڵـب، فورم، تن و لەش و هەروەهـا " پێوەری "پێوانەیی" هـاتووە بۆ نموونە دەڵێن بیخە قاڵبێکەوە، یان لە قاڵبی خۆی دەرچووە، یان گیان لە قاڵبیدا نەماوە، یان وەک ژمارەی پێوانەیی کە دەڵێن قاڵبە پەنێر، قاڵبە سابوون.

**kerefsh-hvarô [kerefsh-hvar]** =24 (G, plN) corpse-eating (k135)

**کەرەفش- وارۆ [ کەرەفش- وار]:** ئەم وشــەیە بە کەمێک گۆڕانەوە بە هەمان واتا لە کوردیدا بە دی دەکرێت. کەرەفش ئێستا لە کوردیی کرمانجیدا وەک "کەلەش/ کەلاش"[298] گۆ دەکرێ کە واتای کەلاک دەدا، "وار" وشـــەیەکی هەورامییە لە چاوگی (واردن/ واردەی) بە واتـای خواردن. "وارۆ" کارە لە دۆخی ســـێیەم کەسی تاکدا کە واتای "خور"دەگەیێ، پێکەوە واتای "کەلەش خور (کەلاک خور) دەدات. هەروەها "کەلاش- خور" ناوی یەکێ لە گوندەکانی کوردستانیشە[299] [وشەی لاشخور هەر لەم وشەیەوە هاتووە].

**kuthra [-]** = 8 (adv.) where, whither? how? (Cf. katha) (k134)

**کوترا:** ئەم وشـــەیە ئێســـتا لە کرمانجیدا وەک کۆدەرە و لە کەلهوڕیدا وەک کورە و لە سۆرانیدا وەک کوێڕا گۆ دەکرێ.

**kva** = 72 (adv.) where? which? how?

**کۆا:** وشــەیەکی ئاســایی کوردییە لە کوردیشــدا هەر وەک "کۆا" بە کار دێت. (بە واتای لە کوێیە، لە کوێدایە، کۆانێ).

## Avestan dictionary – M

**madhô [madha]** = 9 (sg.pl.N) remedy, intoxication, drug (jhp)

---

[297] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ. ٦٩٥، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٥٤٦.

[298] فەرهەنگاکانی کرمانجییا ژووری- کرمانجییا ژێری، جەگەرسۆز، ل.پ. ٤٠٧، فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٦٢٢.

[299] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٦٢٢

**مادها / مەدۆ:** واتای سڕبوون دەدا بە هۆی خواردنەوەی مەی یان بە کارهێنانی مادەی سڕبوون. لە کوردیدا لە شێوە وشەی "**مەد**هۆش" یا " **مات** و **مەد**هۆش" بە دی دەکرێ.

**maêsmana [maêsman]** = 21 (I) n. urine (k387)

**میزمانا [میزمان]:** کانگا ئەم وشـەیە وەک **"میز"** مانا کردووەتەوە. بەڵام لە پەهلەویدا میز وەک "**میز و گمیز**" هاتوون کە هەر دووک وشـــەکە لە کوردیدا هەن و هەمان واتای میز دەگەینن. وشـــەیە "میزمان" لە دوو بڕگە پێک هاتووە "میز- مان"، بڕگەی یەکەمی هەمان مێزی کوردییە، بڕگەی دووەمی پاشگری "مان"ە کە هەم لە کوردی و هەمیش لە ئەوێستاییدا واتای "جێگە، شوێن" دەدا. پێکەوە واتای جێگەی میز، شوێنی میزکردن دەدا.

**mahî [ah]** = 13 (pres. act. 1/3) to be

**ماهی:** بە واتای "بوون" هاتووە، ئەمە وشـەیەکی کوردییە لە چاوگی"مان" (فارسی: ماندن). وشـەی "ماهی" کارە لە دۆخی دووەم کەسی تاکدا، بۆ نموونە لە سـۆرانیدا دەڵێن "ماوی" و لە کرمانجیدا دەبێژن " مای ".

**mark** = (v. rt.) to die

**مەرک:** واتای مەرگ دەدا لە کوردیدا.

**[mainyava]** = 6 (pldh) celestial (t32), supernatural (ahm170), spiritual (k385)

**mainyêush, [mainyu]** = 43 (G) m. spirit, spiritual, invisible (k385)

**ماینیاوی/ ماینییوش/ ماینییو:** بە واتای "مەعنەوی (معنوی)"یە. ئەم وشـــەیە لە چـاوگی "مەن" هـاتووە کە بە واتـای ئەنـدیشـــە دێت هەم لە کوردیـدا[300] و هەمیش لە ئەوێستاییدا[301]. وشەکانی "مەن" و "مایە" دوو وشەی کۆنی کوردین کە دژبەرن (متضاد)ن. "مایە" واتای "ماتریاڵ" دەدا و "مەن" واتای ئەندیشـــە، "ماینیاوی/ ( مەناوی) لە وشـەی "مەن + ئـاوی" دروســـتکراوە وەکوو چۆن لە کوردیی ئەمڕۆدا دەڵێن خوێنـاوی (نوقمی

---

[300] فەرهەنگی باشوور عەباسی جەلیلیان، هەولێر٢٠٠٥، ل.پ.٦٤٢

[301] Man = to think, Avesta Dictionary by K.E. Kanga. Base Form Dictionary, Jonathan Slocum and Scott L. Har

خوێن)، تۆزاوی (نوقمی تۆز)، قوڕاوی (نوقمی قوڕ)، مەناوی/ میناوی ( نوقمی مەن/ نوقمی ئەندیشــــە). گومانی بۆ دەچێ کە وشـــەی (معنوی) لە عەرەبیدا هەر لەم وشـــەی کوردیی "مەناوی" وەرگیرابێت. و هەروەها وشـــەی "مایە"ش کرابێت بە (مادە). واتا "مایە و میناوی" کرا بێت بە "مادە و مەعنەوی". مەناوی لە پەهلەویدا وەک "مینەوی/ میناوی" لێ هاتووە. وشەی **"مایینییوش (مەنەویش)"** وشەیەکی کوردیی هەورامییە بەرامبەرە لەگەڵ وشەی فارسی (معنویش) واتا مەناویەکەی/ مەناویەکەشی.

**mâ** = 130 (emph. particle) !; (negative particle/prohibitive) never (do this)!, not (k403)

**ما:** ئەمە پێشتر باسی لێ کرا، هەمان ئامرازی نەرێنیکردنە (نهی) لە کوردیدا.

**[mareñc]** = (pres. mid. 3/1, cl 6. jAR: cl. 7) to smite, to kill; to destroy (k399)

**مارێنج:** بە واتای کوشــتن و ڕووخاندن هاتووە، ئەم وشــەیە لە کوردیدا لە شـێوەی ناوی گوندی "مارێنج" لە نێوان شارەکانی سنە و کامێراندا ماوەتەوە.

**masyô [masya]** = 10 (N) m. fish (k401)

**ماسـیۆ[ماسـیا]:** ئەم وشـەیە لە شـێوازی هەورامیدا وەک"ماسـاوی"[302]یە، لە شـێوازی زازاکیدا وەک "ماسە"[303]. و لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک "ماسی" گۆ دەکرێ.

**mashîm [mashya]** = 6 (A) m. mortal, man (k401)

... mashyânãm ... mashyânãmca 26 (plG)

**مەشیا، مەشیانەم:** ئەم دوو وشەیە واتای یەکەمین پیاو و یەکەمین ژن ( ئادەم و حەوا) دەدەن. لە زمانی کوردیی شـێوەزاری هەورامیدا زۆر بەفراوانی بە کار هاتوون، هەر ئێسـتاش لە سرودەکانی یارسانیدا ڕۆژانە بە کار دێت. بۆ نموونە:

**لە سرودەکانی پیری شاریار:**

---

[302] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٨٧٣

[303] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010, l-p 257

یاران جه رێواس یاران جه رێواس

پادشام پەیدا بی جه دانەی رێواس

مەشیه و مەشیانه بەر ئامان جه واس

پەری ئازمایی میردان رەوا

**له سرودەکانی شا ئیبراهیم ئەیووت ١٣٢٤م- ١٤٠٧م:**

کاکەم سیاوەخش، هوونەش جوشا جووش"

ئەز سەندم هەقەش، یورتم بیا تووش

یورتی من عەنقا، یورتی من عەنقا

نه قالبی چین، نوور ئەز موحەبیا

جەدد و عالەمی، ئەز نان بیا

جامەی ئەز بیا، مەشیانه و مەشیا

**mareza [-]** = (v. rt., cl. 1) to touch, to limit, to arrive at a certain limit; to clean (lit.); to make, to prepare (k398)

**مەرزا / مەرز:** به واتای پاک کردنەوە بەتایبەت پاک کردنەوە له گۆناه و هەروەها به مانای سنوور و مەرز هاتووە. له کوردیدا له شێوەی دەستەواژەی "خۆدا بیامەرزێت" واتا خۆدا گۆناحەکانی پاک بکاتەوە به کار دێت، دیسان وەک وشەیەکی ئاسایيه بۆ سنوور و مەرزیش له کوردیدا هەر ماوەتەوە.

**[mizhda]** = 16 (NA) n. reward, compensation (k408)

**[مێژده]:** هەمان وشەی "مێژده"یه له کوردیدا.

**naêmaêibyô [naêma]** =12 (plAbl) half; part; n. side, direction (k282)

**نیمەی بیۆ[ نیمە]:** ئەم دەســـتەواژەیە زۆر بەوردی مـانـا نەکراوەتەوە، ئەمە دەســتەواژەیەکی ئاســایی کوردییە لە شـێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا[304]. لە دوو وشــە پێک هاتووە، وشەی یەکەم نیمە کە هەمان وشەی" نیمە / نیوە"ی کوردییە و وشەی دووەم "بیۆ" کە واتای "بووە" دەدا لە هەورامیدا، پێکەوە واتای نێمەی بووە / نێوەی بووە دەدا لە شێوەزارەکانی دیکەی کوردیدا.

**naire [nar]** = 29 (D) m. Man; [nairya], (fN) brave (k281) manly (HZ**I)**

**نێیرە [نێر]:** بە واتی ، پیاو، نێر، جوانمێر و مێر هاتووە، وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە کە هەر وەک " نێر" گۆ دەکرێ.

**nava [-]** = 38 (I, fN) afresh (t96, b1044), new, fresh; (indecl. neg. part.) no, not (k286)

**نەوا:** واتای "نو" دەدا لە شێوەزاری هەورامی و کرمانجیدا و"نویٚ" لە سۆرانیدا.

**nãma [nãman]** = 145 (NA, plA) n. name (k298)

**نامە [ نامەن]:** واتای "ناو" دەدا لە ســـۆرانیدا، لە هەورامیدا "نام"[305] و لە زازاکیدا "نامە"[306] گۆ دەکرێ.

**neme** = 6 (A?)

**nemô [nemangh]** = 68 (N) reverence to; (A) duty

**نەمە، نەمۆ:** وشــەیەکی ئاســایی کوردییە هەمان واتای "نەما / نەمە" دەدا لە هەورامی و زازاکیدا، لە کرمانجیدا وەک نێمێژ گۆ دەکرێ و لە سۆرانیدا وەک نوێژ.

**nemase-tê** = 10 (N) reverence to you, a salutation

---

[304] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۹۷۱
Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010, l.p 855

[305] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ۲۰۱۰، ل.پ ۹۳۳
[306] Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 841

**نەماسا- تە:** ئەم دەستەواژەیە لە دوو وشە پێک هاتووە، وشەی یەکەم "نەماسا" کە ئێستا لە هەورامی وەک "نما"[307] و لە کرمانجیدا وەک "نێمێژ"[308] گۆ دەکرێ و لە سۆرانیدا "نوێژ"ی پێ دەڵێن، وشەی دووەم "تە" کە واتای "تۆ" دەدا لە کرمانجیدا، لە شێوەزاری هەورامیی کۆندا " تە"[309] ش بە کار هاتووە وەک ئەم هەڵبەستەی سەیدی:

ئەز ئۆرۆمۆن مەکانم پێ و وڵاتم | سەروو (پیری) خوای گێرەن خەڵاتم

تە فەرزا دەی زەکات وو نازنینیت | ئەزیچ دەرویش وو تە، سا دە، زکاتم

وشەی "نەماسا/ نەما/ نێمێژ" لە وشەی هەورامی " نەمای"[310] هاتووە، کە واتای نەوی/ نەوین (دانەواندن، چەمانەوە) دەدات. نەماکردن (هەورامی)، نمێژکرن(کرمانجی) و نوێژکردن(سۆرانی) واتای خۆچەمانەوە، خۆنەویکردن (سجدە) لە بەرانبەر خوّدا دەدات. دەستەواژەی " نەماسا- تە / نێمێژی- تە" واتای "(سجدە ) بۆ تۆ" یان "خۆم لە بەرانبەر تۆدا نەوی دەکەم" دەگەیێنێ.

**nû [-]** = 12 (adv.) now (k297)

**نۆ:** ئەم وشەیە بە واتای "ئێستا" هاتووە، لە شێوەزاری کرمانجیدا بە چەندین شێوە گۆ دەکرێ وەک "نهە، نهو، نۆکە". کە لە ڕاستیدا هەمان وشەی "نۆ"ە لەگەڵ پاشگری "ک".

## Avestan dictionary – P

**pad** = m. foot

**پاد:** واتای "پا" دەدا. لە کوردیدا "د" ئەگەر لە پاش " ا " بێت، "د" دەکەوێت. وەک پادشا (پاشـآ)، شـاد (شـا)، ماد (ما). ئەم گۆڕانە لە کوردی و لە فارسیشدا لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا ڕووی داوە.

307 بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، ١٩٩٨ ستوکهولم ل.پ. ١٩٢

308 Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 294

309 دستور زبان کردی "هەورامی" فاتح رحیمی ل.پ.١٥٩

310 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٦٢

**paiti [-]** = 515 **1:** (v) m. lord, husband (b821); a leader. **2:** (pref.) towards, against, back (cGr 735, 750); **3:** (prep.) to, upon, for, with (b822, k300-1)

**پایەتی:** لە وەرگێڕانی ئەم وشـەیەدا کانگا تووشی هەڵە بووە و چەند وشـەیەکی نزیک لەیەکی لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کردوە.

١- بە واتای پیاو، پیاوەتی و ڕابەر هاتووە. کە بەرانبەرەکەی هەمان وشـەی پیاوەتی کوردییە کە گشت ئەم واتانە لە خۆ دەگرێ.

٢- لە بەندی ٢دا، ئەم وشـــەیە وەک "پاد/ پات" کە بە مانای دژ، دژبەر و پێچەوانە دێت هاتووە، بەداخەوە ئەم وشەیە (پاد) ئێستا لە کوردیدا نەماوەتەوە. لە فارسیدا ئەم وشەیان بوژاندوەتەوە و زۆر دەســتەواژەیان لە دروســت کردوە وەک پادزهر (دژی- ژهر)، پادتک (دژی- هێرش).

٣- لێرەدا وەک ئامرازی پەیوەندی هاتووە. ئەمە لە کوردیدا هەر ماوەتەوە و بە شـــێوەی جۆربەجۆر بە کار دێت وەک پێ- بدە، پێ- بێژە. پێ- ناوێ، پێ- ناچێ. لە هەورامیدا وەک ئامرازی پەیوەندی "بۆ" بە کار دێت وەک پەی-چێش (بۆچی)، پەی وێمان (بۆ خۆمان)، پەی وێشان (بۆ خۆیان).

بێجگە لەمانە وشەی "پەیەتی" لە کوردیدا واتای شوێنکەوتن، و بە دوادا ڕۆیشتن (تعقیب) دەدات.

**paiti-aoxta [paiti-vac]** = 14 (root aor. mid. 3/1) to reply, to answer (k458)

**پایەتی- ئاوختا [ پایەتی – واچ]:** واتای دژ- ئاخاوتن [ دژ- واچە] دەدا، دەتوانی واتای بەرسیڤ یان وەڵامییش بدا.

**paiti-davata [paiti-du]** = 11 (imp. act. 3/1) to answer (of evil beings) (k265)

**پایەتی- داوات[ پایەتی- دوو]:** ئەم وشـە واتاکەی هەمان واتای وشـەی پێشـووە. "دو" لە چاوگی وشـەی "دوان" کە لە کوردیدا واتای قسـەکردن دەدا. پێکەوە واتای "دژە- دوان"، دژە- قسـە" دەدات.

**[paityâra]** = 17 (A) m. counter-worker; counter- fiend; going against; counter-action; striking; harm; mischief (k306)

**پەیتیارە:** بە واتای "نە-یار"، دژ- یار"، "پاد- یار" هاتووە. لە کوردیدا ئێســـتاکە وەک "پەتیارە"[311] گۆ دەکرێ.

**pañca [pañcan]** = 20 (num.) five

**پەنجە، پەنجان:** هەمان واتای پەنج/ پێنج دەدا لە کوردیدا کە لە پەنجەی دەســـتەوە هاتووە.

**pañca-dasa [-]** = 15 (N) 15th; [pañca-dasan], (num.) fifteen (k313)

**پەنجە- دەســـا:** بە واتای پانزدە هاتووە، ( پەنجەیەک + دەســـتێک). بەڵام لەوانەی وەرگێڕانەکەی ڕاست نەبێ و مانای پێنجا بدا (پێنج - دەسا).

**pañcâsatem [pañcâsata]** = 21 (num. plNA) fifty (k314)

**پەنجاســـاتا:** لێرەدا کانگا وەک پەنجا مانای کردوەتەوە، بەڵام لەوانەیە وەرگێڕانەکەی هەڵە بێ، وشـــەکە لە دوو بڕگە پێک هاتووە "پەنجا- ســـەتا" کە ڕاســـتەکەی دەبێ "پەێنج سەت یان بە شێوازی کوردیی ئێستا پێنسەد/ پانسەد" بێ.

**para [-]** = 89 (prep.) before, from; (adv.) forth, away, beforehand, previously (k318)

**پەرا:** دەنگی " پ" لەم وشـەیەدا ئێسـتا لە کوردیدا گۆڕاوە بۆ "ب" و وەک "بەرا / بەر" گۆ دەکرێ، بۆ نموونە: لە **بەرا** بڕۆ بۆ ئەوێ، **بەر** لە زســـتان، **بەر** لە هاتنی بەهار، با بچینە **بەر**ەوە، **بەر** لە ئێوارە.

**para** = (pref.) far from, away, out, different from (k318)

**پەڕا / پەڕ:** ئەم وشـــەیە وەکوو خۆی لە کوردیدا ماوەتەوە و لە ڕاســـتیدا واتای ( انتها) دەدات، بۆ نموونە: کاوە لە ئەو پەڕی خۆشـــیدایە، ئەو پەڕی شـــارەکە دیار نییە، ئەم پەڕ و ئەو پەڕی باخەکە داری هەنارە. وشەی پەڕانپەڕ کە واتای سەرانسەر ( لە مبدا هەتا منتهی)

---

[311] فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەنبانە بۆرینە هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ١١٧

دەدات هەر لەم وشـــەیەوە هـاتووە. بۆ نموونە دەڵێن پەڕانپەڕ هەر گوڵە، پەڕانپەڕ هەر دارستانە. پەڕانپەڕ هەر دەرد و ڕەنجە.

**para-baraiti [para-bar] =**11(pres. act.3/1) to carry, to give (k367)

**پەڕا - بارایەتی [ پەڕ- بار]:** ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە "پەڕ- بار"، کانگا تەنیا بڕگەی دووەمی مانا کردوەتەوە و باسی بڕگەی یەکەم ناکات. ئەم وشـــەیە لەوانەی خراپ نووسرا بێ و یان خراپیان وەرگێڕابێتەوە، گومانی بۆ دەچێ ئەم وشەیە **"پڕ"** بێت کە لە کوردی و هەروەها لە ئەوێستاشـدا هەیە و بە واتای "زۆر، فرە" دێت، و وشـەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری کرمانجیدا، بڕگەی دووەمیش کە پێشتر باسی لێ کرا کە وشەیەکی پەتی کوردییە لە چاوگی "بارای" هەورامی، لە شـێوەزارەکانی تری کوردیدا بە تایبەتی باشـــووریشـــدا بە کار دێت. پڕ- بارایەتی واتای "زۆر- هێنان/ فرە- هێنان" دەدا.

ئەم دەســتەواژەیە دەتوانی مانای تریشــی هەبێت، " بار/ بارایەتی" واتای "بەر"(ثمر) دەدا. هەم لە کوردیدا و هەمیش لە ئەوێســـتاییدا بۆیە پڕ- بارایەتی دەتوانی مـانـای پڕبار، پڕ- سەمەر،( فارسی: پربار)ش بدات.

**[para-haoma]** = 9 (A) m. parahaoma, haoma juice (k320)

**پەڕا- هۆما (پڕە هۆما):** پەڕا واتای پڕە / پڕیەتی دەدا و هۆما واتای خۆشـــاوی هۆم دەگەیێ. پێکەوە مانای " پڕە لە هۆم" (پڕ هۆما) دەدات.

**parayât [par]** = 5 (cl. 9 impf. sub. act. 3/1) to go, to cross (k317)

**parâiti [para-i]** = 9 (pres. act. 3/1) to go; to cross; to run away (k87)

**پەڕایەتی/ پەڕایی/ پەڕ:** ئەم وشەگەلە هەمووی هەر لە چاوگی "پەڕین و پەڕینەوە"یە بە واتای تێپەڕین و دەرباز بوون کە لە کوردیشدا هەمان مانای هەیە.

**[parena]** = 5 (NA) n. a wing (k320)

**پەڕەنا:** لێرە بە واتای باڵ هـاتووە، بەڵام ئەم مـانـایە ورد نییە، دیـارە بە مەزەنـدە مـانـا کراوەتەوە. ئەمە وشەیەکی پەتی هەورامییە. **"پەڕ"** واتای هەمان پەڕی پەلەوەرە دەدا، بەڵام **"پەڕەنا"** واتای **"ئەمانە پەڕن"** دەدا. (فارسی: اینها پراند/ پر هستند).

**pares [-]** = 5 (v. rt. cl. 6) to ask, to question; cl. 6 (k320)

**پەرەس:** ئەمە هەمان وشەی کوردی "پرس"ە کە واتای پرسین و پرسیار دەدا.

**pasu [-]** = 5 (duNA) m. sheep (t145); domestic animal; animal, cattle (k323)

**پەسو:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای "پەز" هاتووە.

**pâdha [-]** = 5 (I, duA) m. foot (k326)

**پادە:** لێرەدا بە واتای "پا / پێ" هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وشەیە **"پیادە"**یە کە لە کوردیدا واتای پیادە ڕۆیشتن / بە پێ ڕۆیشتن دەدا.

**perena [-]** = full of, filled with (k332)

**پرەنا:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە تایبەت لە شێوازی هەورامیدا، "پڕەنا" لە هەورامیدا واتای "پڕیەتی"دەدا.

**perenô-mångha [-]** = m. the full moon, the days after the full moon (k332)

**پەڕەنۆ- مانگە:** واتای "مانگی- پڕ" دەدا. (مانگی شەوی چواردە).

**[peretu]** = 5 (A) bridge (see also cinvat-peretu) (k330)

**پەرەتو:** بە واتای پرت / پرد هاتووە.

**pitar, patar, ptar** = m. father (decl. c322)

**پیتەر:** بە واتای باوک هاتووە، لە شێوازی کوردیی لەکیدا وەک "پێەر" ماوەتەوە.

**pouru [-]** = 5 (nA) much, many, full, abundant (k334)

**پۆرو:** " پڕ" دوو مانای هەیە هەم لە کوردیدا و هەم لە ئەوێستاییشدا، بە واتای پڕکردن و هەروەها بە واتای فرە و زۆر لە کرمانجیدا.

**[pouru-mahrka]** = 6 (mG) full of death; full of plague or pestilence (k336)

**پۆڕو- مەرک:** واتای "پڕ- مەرگ / پڕ لە مەرگ" دەدا.

**[pouru-hvâthra]** = 7 (plG) with sufficient comfort or ease, with fullness of welfare (k334)

**پۆڕو- واترا:** ئەم وشـــەیە لەوانەیە یان خراپ نووسرا بێ و یان خراپ وەرگێڕابێتەوە. ئەم وشەیە بە شێوازی هەورامی ئاوای لێ دێت "پڕو- وارده" واتا " پڕیەتی لە خۆاردنی.

## Avestan dictionary – R

**[raoxshna]** = 12 (A) m. radiant (Kr), shining (t89), (bright?) (k435)

**ڕۆخشن:** بە واتای ڕۆشن هاتووە، لە هەورامیدا وەک "ڕۆچن" گۆ دەکرێ.

**[raêsh]** = 6 (impf. sub. act. 3/1) to suffer damage (Herb.); (k448)

**ڕێش:** وشەیەکی کوردییە بە تایبەتی لە هەورامیدا، واتای برین و بریندار دەدات.[312]

**raocah [-]** = n. luminous (Kr), light; daylight; shining (k436)

**ڕۆچ:** وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە واتای ڕۆژ و خۆر دەدا. هەروەها وشـــەکانی ڕۆجیار و ڕۆچیار بە واتای خۆرەتاو ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم وشەیە.

**râmayeiti [ram]** = (caus. pres. act. 3/1) will pacify; cl. 1 (HZI44, k442)

**ڕامایەتی [ ڕام]:** وەک "ئارام گرتن/ ئارام دەگرێ" مانا کراوەتەوە، ئەم وشەیە بە ئەگەرێکی زۆر یان خراپ نووسراوە و یان خراپ وەرگێڕاوەتەوە بەم جۆرەی خوارەوە:

---

[312] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٥٤٢، هەروەها هەنبانە بۆرینە هەژار ١٩٨٩ ل.پ ٣٦٧

ئەگەر وشـــەکە بە واتای ئارام گرتن بێ ئەوە پیتێ "ئا"ی لێکەوتووە واتا وشـــەکە دەبێ ئارامایەتی بێ کە وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە ناوی چاوگە بۆ ئارام. ئەگەر وشـــەکە ڕامایەتی "ڕام – ایەتی" بێ ئەوا، واتای ڕام کردن دەدات (دەســـتەمۆ کردن). کە بەم شـــێوەیە مانا نەکراوەتەوە.

**[râna]** = 9 (A) m. thigh (k446)

**ڕانا / ڕان:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە واتای ڕان دەدا، (ڕانی پێ).

## Avestan dictionary – S

**sarem [sara]** = 7 (A) m. authority, head; husband (k522)

**سـەرەم، سـەرا:** بە واتای سـەر، سـەرۆک، و سـەروەر دێت، هەمان وشـەی "سـەر"ە لە کوردیدا.

**sata [-]** = 48 (m.f.plNA) one hundred (k519)

**سەتا:** واتای سەت (سەد) دەدا لە کوردیدا.

**satakhnâi [satakhna]** = 8 (D) a hundredfold (k520)

**سەتاکەنای [ سەتاکنە]:** واتای سەتەکان / سەدەکان دەدا لە کوردیدا.

**Satâish [sata]** 6 (plI)

**سەتایش:** وشەیەکی کوردییە بە واتای سەتیش / سەدیش هاتووە. (فارسی: سد هم)

**[spaêta]** = 6 (mA) white (k542)

**سپەیتا:** واتای سپی / سپیت دەدا.

**spâdhem** = 7 (A) an army

**سپادەم:** واتای سپا / (سوپا) دەدات.

**spitama [-]** = 177 (V) (family name of Z.) Spitama

**سپیتاما:** ئەم وشـەیە پاشـناو یان نازناوی بنەماڵەی زەرەدەشـتە، (پێشـتر ڕوون کرایەوە) لە دوو بڕگە پێک هاتووە "سپیت- اما (سپیت- ئاما)"، سپیت واتای سپی و پاک دەدا، و "ئاما" واتـای "هێز" دەدا. پێکەوە واتـای هێزی ســـپی دەدا، (هێزی پـاک، هێزی پیرۆز). ئەمەش نیشـــان دەدا کە بنەمـاڵەی زەرەدەشــــت هەر لە پێش پەیـدابوونی زەرەدەشــــتەوە وەکوو بنەماڵەیەکی پیرۆزی ئایینی بەناوبانگ بووون.

**sraêshta [-]** = 7 (fN, mnI) finest, fairest, most beautiful (k550)

**سەرایشتا:** بە واتای جوانترین، شۆخترین هاتووە. لە دوو بڕگە پێک هاتووە " سرای + شتا / ســـتا"، بڕگەی یەکەم **"سرای"** لە ئەوێســـتادا واتای جوان و شـــوخ دەدا، ئەم وشـــەیە ئێســـتاش لە کوردیدا وەک ناوی کچان بە تایبەت لە کرمانجیدا ماوەتەوە، (لە گۆرانییە کۆنەکانی کوردییەدا زۆر جاران ئەم وشــەیە دەبیســترێت)[313] بڕگەی دووەم "شــتا / ســتا" واتای "ترین" دەدا، پێکەوە واتای جوانترین، شۆخترین دەدات.

**stûtô [stût]** = 5 (G) m. praise (k539)

**ستوتۆ[ ستۆت]:** واتای "ستوتن/ ستودن" دەدا. لە کوردیدا ئێستا زیاتر ناوی چاوگی ئەم وشەیە واتا "ستایشت" بە کار دەبرێت.

**[shâishta]** = 5 (superl. adj. nN) happiest, most joyful (k558)

**شایشتا:** ئەم وشە لە دوو بڕگە پێک هاتووە " شای + شتا"، شای هەمان وشەی "شای/ شادی"یە لە کوردیدا و "شتا" واتای "ترین" دەدا. پێکەوە واتای شایترین / شادترین دەدا.

**[shôithra]** = 6 (L) dwelling place, homestead (t131); a field (orig.); a city (k559)

**شۆێسرا / شویدرا:** لێرەدا بە واتای شوێن و شار و کێڵگە هاتووە، پێشتر ڕوون کرایەوە کە دیاکۆنۆڤ ئەم وشەیە وەک یەکەی کشتوکاڵی مانا کردوەتەوە کە لە ڕاستییەوە نزیکترە.

---

[313] Delil Dilanar – Seraye
https://www.youtube.com/watch?v=CFQ_pbuYZSI

ئەم وشـەیە ئێسـتاس لە کوردیدا بە تایبەت لە ناوچەکانی باشـووردا هەر ماوەتەوە و وەک "شێڤ / شێو"[314] گۆ دەکرێ بە واتای پارچە زەوێنێکی کشتووکاڵی.

**shyeiñti [xshi]** = 5 (pres. act. 3/3) to dwell, to reside; cl. 2 (k153)

**شـیێنتی:** بە واتای نیشـتەجێبوون هاتووە (سـاکن بوون). وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لە شـێوەزاری کرمانجیدا[315] بۆ نموونە لە کرمانجیدا دەڵێن **شـێنیا گوندا**، یان **شـێنیا باژێر** کە واتای دانیشتووانی گوندەکان یان دانیشتووانی شار دەدا.

## Avestan dictionary - T

**tafnu [-]** = 6 (V) m. heat, fever (k220)

**تافنو:** واتای تاو/ یاو (گەرمای لەش) دەدا.

**tanu [-]** = f. body, person (k219)

**تەنو:** واتای"تەن" دەدا لە کوردیدا.

**taoxma [taoxman]** = 13 (A) n. seed (k216, Jack IV Gr 29)

**تەوخما [تەوخمان]:** لە کوردیدا وەک "توخم"[316] گۆ دەکرێ وچەندین واتای جۆر بە جۆر دەگەیێ وەک توو، نەژاد، ڕەچەڵەک، توخم، لە ئەوێستاشدا هەمان واتایان هەیە.

**[tarô]** = 16 (adv.) outside, at the door; (prep. with A) through, trans-; over; across; above (k221)

**تارو:** ئەم وشـــەیە ئێســـتا لە کوردیدا لە شـــێوەی وشـــەی "تاراوگە" ماوەتەوە کە مانای دەرەوەی ماڵ و دەرەوەی وڵات دەدا.

---

[314] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ.٤٩٩

[315] Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 980

[316] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٢٨٤

**[tarô-pithwa]** = 13 (A) n. having insufficient food, lacking food (Herb.) (k222)

**تارو- پیتۆ:** "تارۆ"به واتای "دەرەوە" و پیتو واتای "پیت" دەدا. ئەگەر بگێڕدرێتەوە سـەر کوردیی ئەمڕۆ ئاوای لێ دێت "پیتی دەرەوە بەرەکەتی دەرەوە" (فارسی: برکت خارج).

**tarôidîti [-]** = (N) f. disregard, contempt, scorn (k221)

**تەڕویدیەتی:** ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک **"تورەیەتی"** (تووڕە بوون) گۆ دەکرێ.

**[tares]** = 7 (past part. m.duA, m.plN) to fear (k221); flee (jAR)

**تەرس:** هەمان واتای "ترس" دەدا لە کوردیدا.

**tashô [tash]** = 5 (impf. act. 2/1) to create, fashion, chisel, model; cl. 1 A 2 (k222)

**تاشـۆ [ تاش]:** وشـەیەکی ئاسـایی کوردیی هەورامییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، تاش لە چاوگی "تاشـان" لەگەڵ " ۆ" کە جیناوی سـێیەم کەسی تاکە لە هەرامیدا پێکەوە واتای دەیتاشێ دەدا.

**taxma [-]** = 10 (v, fng, plN) brave (Kr)

**تەخما:** ئەمە وشـەیەکی شـێوەزاری گشـتی مادییە واتای پاڵەوان دەدات. ناوی سـەرۆکی هۆزی ئەسـاگەرتی کە بە دەسـتی داریوشی هەخامەنشـی کوژرا ناوی "چیترا تەخما" بوو. لە شـێوەزاری ئەوێسـتاییدا دەنگی پیتی "خ" دەگۆردرێت بۆ "ه" و وشـەکە وەک "تەهما" گۆ دەکرێ. ئەم وشـەیە لە کوردی و لە فارسـیشـدا زۆر جاران هاتووە، بۆ نموونە ڕۆسـتەم پاڵەوانی ئەفسـانەیی وەکوو "تەهم- تن" بەناوبانگە کە واتای "تن پاڵەوان دەدا". هەروەها ناوی خۆدی ڕۆستەمیش لە ڕاسـتیدا ئاوایە (ڕۆتس- تەهم)ە کە واتای " ڕۆتسـی پاڵەوان" دەدا.

## Avestan dictionary – U

**ukhra [-]** = 6 (fN, plN) mighty (jAR); strong, powerful; firm, steady (k96)

**ئوغرا/ یۆغرا:** بە واتای "تنومەند، پاڵەوان، چوارشـانە" هاتووە، ئێسـتا لە کوردیدا وەک **یەغۆر** گۆ دەکرێ.

**urva [urvan]** = 44 (N) m. soul (k106)

**ئوروا / ئوروان:** بە واتای "ڕەوان" هاتووە.

**[us-stâ]** = 6 (imp. 2/1) to stand up, to rise, to get up (k536)

**ئوس- ستا:** واتای "هەستا " دەدا لە کوردیدا.

**[ustâna-zasta]** = 12 (mN) with outstretched hands (k111)

**ئوستانا- زەستا :** کانگا واتای "درێژکردنەوەی دەستی" بۆ ئەم وشـەیە داناوە، بەڵام ئەم مانایە جێگای گومانە. " ئوستانا" لە وشـەی "ستان" وە دێت، واتای شـوێن و جێگا دەدات وەک گۆڵسـتان، بێسـتان، دارسـتان، کوردسـتان، وشـەی زەسـتا مانای "دەسـت/ دەسـتا" دەدات لە ئەوێســـتاییدا. لە کوردیدا دەســـتەواژەیەک هەیە کە لە کاتی پاڕانەوە بەرانبەر بە خۆدادا دەڵێن " **دەستم** لە بەر **ئاستانای** خۆدادا درێژکردەوە" بۆیە لە وانەیە ئەم 'ئاستانە" هەمان "ئوستانا" بێت. کە بە واتای "بارەگا / دەرگا" دێت.

**ushta [-]** = 22 (fN) fortunate (? - Bailey 85) healthy; vigorous; hail!; prosperity, good fortune, health, happiness.

**وشـتە / وشـتا:** ، وشـەیەکی ئاسایی هەورامییە کە وەک "وەشـتە" گۆ دەکرێ، لە وشـەی "وەش" کە واتای "خۆشتە" دەگەیێ. وادیارە تێکەڵاویەک لە ماناکردنەوەی ئەم وشـەیەدا ڕووی داوە ئەم وشــەیە وەک "وەشــت"یش مانا کراوەتەوە، کە لە شـێوەزارەکانی هەورامی، زازاکی و لەکیدا واتای "باران بارین" دەدا، کە لە ڕاســـتیدا "وارشــــت / وارش ( بارشــــت/ بارش)"ە کە کورتکراوەتەوە بووە بە "وەشت".

**ushtrahe [ushtra]** = 6 (G) m. camel (k114)

**ئوشتراه [ ئوشترا]:** بە واتای "وشتر" هاتووە لە کرمانجیدا "حوشتر"ی پێ دەڵێن.

**ushi [-]** = 10 (A) n. intelligence, understanding; mind (k112)

**ئوشی:** هەمان وشـەی  "هۆش"ە لە کوردیدا.

**[ushi-darethra]** = 5 (A) n. holding in mind (k112)

**هۆشی- داریترا:** وشەیەکی کوردییە بە واتای "هۆش- دار/ هۆشداری" دێت.

## Avestan dictionary - V

**vac [-]** = (v. rt.) to speak, to say; cl. 3; word, phrase

**vaca [vâc]** = 70 (I) word, phrase (k459)

**واچ، واچە:** بە واتای قسەکردن هاتووە، ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوازی هەورامیدا.[317] کە واتای "قسە و قسە کردن دەدات.

**vaêm [azem]** = 33 (plN) we; [vaya] (A) (k451)

**وێم:** ئەم وشەیە ڕاست مانا نەکراوەتەوە، تێکەڵی تێدا بە دی دەکرێ. ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە، جێناوی هاوبەشە لە دۆخی یەکەم کەسی تاکدا. کە لە سۆرانیدا وەک"خۆم" گۆ دەکرێ، و لە فارسیدا "خودم"ی پێ دەڵێن. لە ئینگلیزیدا وەک " my self" گۆ دەکرێ. وشەی **[azem]** بەرانبەرەکەی لە کوردیی کرمانجی و زازاکیدا ئێستا وەک "ئەز/ Az" گۆ دەکرێ کە بەرامبەرە لەگەڵ وشەی (I) ئینگلیزی. ئەم جێناوە لە دۆخەکانی جۆراوجۆردا بەم شێوەیە: ( وێم - وێت - وێش - وێمان - وێتان - وێشان).

**vahishta [-]** = 15 (nI, n.plA) best (k478)

**وەهێشتا / وەهێشت:** ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەمی "وە" لە کوردیدا بە تایبەت لە هەورامی و لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا واتای باش دەدا وەک دەڵێن "وە، وە" لە سۆرانیدا دەڵێن "با، با / باە، باە". بڕگەی دووەم "ئێشتا/ ئێشتە" لە

---

[317] بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٦٩٣ هەروەها هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار ١٩٨٩ ل.پ ٩٠٢

ئەوێســتایی و لە کوردیی کۆندا واتای "ترین" دەدا. پێکەوە واتای باشــترین دەدات. وشــەی "بەهەشت" کە لە جیاتی "پەردیس / فێردەوس" ( ئینگلیزی: پارادیس) بە کار دیت هەر لەم وشەوە گیراوە.

**varâzahe [varâza]** = 7 (G) m. boar, wild pig (k470)

**وەرازە [ وەراز]:** هەمان ئاژەڵی "وەراز"ە لە هەورامی، زازاکی و کەلهوڕیدا، کە لە ســـۆرانی وکرمانجیدا "بەراز"ی پێ دەڵێن.

**[varedatha]** = 5 (NA) n. promote (Kr), increase, growth (k473)

**وەرداتە:** ئەم وشــەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، یەکەم " وەر" کە پێشــگرێکی کوردییە لە شــێوازی هەورامی و باشــووریدا، کە لە ســۆرانیدا وەک "بەر" گۆ دەکرێ. بڕگەی دووەمیش هەمان وشـــەی "دا / دان"ە لە کوردیدا. "وەر- داتە" واتای "بەری داوەتەوە یان بەردانەوە ئەدات لە کوردیدا، بۆ نموونە دەڵێن "باوکی زۆری بۆ بەرداوەتەوە" واتا شــتی زۆری پەیداوە. یان دەڵێن "بۆمانی بەرداوەتەوە". بە کورتی واتای زۆر پێ دان، یان بەردانەوە دەدات.

**varedat-gaêthayå [varedat-gaêtha]** = 14 (fG) promotes the world (k472)

**وەرداتە- گیتیا:** واتاکەی بە کوردی ئاوایە "وەرداتە- گیتی" یان بە شــێوە ســۆرانی "بەری داوتە- گیتی" یان بە شێوەیەکی ڕوونتر " زۆر شتی بەرداوەتە سەر گیتی".

**varefshva [var]** = 7 (plL) n. enclosure, a sheltered place (k469)

**وارێ فشــوە [وار]:** ئەم وشــەیە بە وردی مانا نەکراوەتەوە، لە دوو بڕگە پێک دێت "وارێ- فشــوە". بڕگەی یەکەم "وارێ" وشــەیەکی ئاســایی کوردییە لە شــێوەزاری کرمانجیدا. "وار" واتای شـــوێن و جێگا یان هەوار/ هەوارگە دەدات، "ێ" ئامرازی پەیوەندییە، بڕگە دووەم فشــوە کە ئێســتا دەنگی "ف"ی لێ کەوتووە و لە کوردیدا وەک "شــە" گۆ دەکرێ کە واتای "پەز" دەدا، وەک "شەک"، شەگەڵ، شەوان (شوان). کە وابوو ئەم وشەیە "وارێ- شە"یە کە مانای "وارێ- شەکەکان / شوێنی پەزەکان/ وارێ- پەزا (کرمانجی)" دەگەیێنێ.

**[varesa]** = 7 (f.plA) hair; ritual sieve made of hair (k474)

**وەریسا / وەریس:** ئەمە وشەیەکی کوردییە لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا هەر وەریسی پێ دەبێژن تەنیا لە سـوّرانیدا نەبێ کە لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەشـکانیەدا "گوریس"ی پێ دەڵێن.

**varez- [-]** = (v. rt. cl. 4) perform, work, act, fulfill (Herb, k470)

**وەرز:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە، واتای کار دەدات، وشەکانی "وەرزێر" (بە واتای کرێکاری کشـتوکاڵی)، وەرزش (بە واتای کاری لەش، جوڵانەوەی لەش)، وەرزەگاری (کشـاوەرزی) هەمووی هەر لە "وەرز"ەوە دێن.

**vas [-]** = to wish, desire

**واس / واز:** وشەیەکی کوردییە لە شێوازی هەورامیدا. بە هەر دوو شێوەی "واز/ واس"[318] لە کوردیدا بە کار دێت. بەرانبەر بەم وشەیە لە سۆرانی و کرمانجیدا "خواز و خواست"ە کە واتای ئارەزوو، خواست دەگەیێ.

**vasna [-]** = 8 (I) m. wish, desire (k477)

**vasô** = 29 () wish, desire? (k476?)

**واسـنا، واسـۆ:** کانگا هەر واتای "ئارەزوو"ی بۆهەر دووک وشـەکە داناوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، ئەمانە دوو وشەی ئاسایی هەورامین لە چاوگی "واستن(خواستن)" لە دۆخەکانی جیاجیادا. "واسنا" واتای ئەوان دەخوازن دەدات، و "واسۆ" واتای ئەو دەخوازێ دەگەیێ.

**[vazra]** = 9 (Abl) m. club, mace (k462)

**وەزرا / وەزر:** بە واتای گورز دێت.

**vaya [-]** = m. air; atmosphere; vayu, a Yazad presiding over the atmosphere (k466)

**وایا / وای:** بە واتای "با" هاتووە. لە شـێوەزارەکانی سـۆرانی و کرمانجیدا وەک "با" گۆ دەکرێ، بەڵام لە شێوەزارەکانی باشووری، هەورامی، زازاکی و لەکیدا وەک "وا" گۆ دەکرێ.

---

318 هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٩٠٣-٩٠٤

**vaz [-]** = to guide; to fly (t122, k460)

**واز:** ئەمە وشەیەکی کوردییە، چەندین واتای جۆربەجۆر دەگەیێ، وەک واز بە واتای فڕین لە وشەکانی "پەرواز (بە پەڕ فڕین)، باڵەوازە (بە باڵ فڕین)"، هەروەها "واز- دان/ باز- دان" بە واتای هەڵاتن و ڕاکردن. واز بە واتای "واز هێنان"، واز بە واتای خواســت، واز بە واتای ئارەزوو، واز بە واتای واز کردن/ باز کردن، واز بە واتای هەوەس، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی هەژار ١٩٨٩ ل.پ ٩٠٣دا ١٦ واتای جۆربەجۆر بۆ "واز" هاتووە.

**vâta [-]** = 6 (I, plN) m. wind (k481); vata, name of a Yazad

**واتا / وات:** بە واتای "با" دێت لە ســـۆرانی و کرمانجیدا و لە شـــێوەزارکانی تری کوردیدا "وا"ی پێ دەڵێن.

**vehrka [-]** = 5 (plN) m. wolf (k508)

**وەرک/ وەرکا:** بە واتای "گورگ" هاتووە. لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا ئەم وشەیە وەک "وەرگ"[319] گۆ دەکرێ.

**vîkeret-ushtânem** = 6 (A) (a blow) that separates the soul from the body, (rending?)

**وەکەرت - ئوشتەنەم:** ئەم دەستەواژەیە کوردییە و نیشان دەدا کە چەندە شێوەزاری گشــتیی مادی (کرمانجی) لەگەڵ شــێوەزاری ئایینی مادی ( ئەوێســتا / هەورامی) لە یەک نزیک بووەن. ئەم دەســـتە واژەیە لە ڕاســـتیدا ئاوایە " وە- کەرت- ئوش- تەنم" یان بە شێوەی ئەمڕۆکەی کرمانجی " وە- کەرت- ژێ- تەنم"، واتا کردیەوە لە تەنم.

**vîs**-1 [-] = to heed (k498)

**ویس:** وشـــەیەکی کوردییە لە چاوگی بیســـتن لە دۆخی ڕانەبوردوودا، بۆ نموونە: دەبیســـم، دەبیسی، دەبیسێت. هەروەها پاشگرێکە بۆ بیستن و گۆی لێبوون وەک "گۆی نەویس"[320].

[319] Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 476
فەرهەنگی وشەنامە، هەورامی –کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠٢٠ ل.پ ١٠١٢
[320] هەنبانە بۆرێنە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٩٣١

**vîsaiti [-]** = 7 (plA) twenty; [vîs] 7 (pres. act. 3/1) to accept, to receive

**ویسایەتی، ویس:** "ویس"[321] وشەیەکی کوردیی شێوەزاری هەورامییە واتای بیست دەدا.

**[vîsya]** = 11 (A) m. guardian angel of the village (k504)

**وێسیا/ وێسی:** بە واتای فریشتەی پارێزوانی گوندەکان هاتووە. گۆڕی ئەم فریشتەیە ئێستاش لە باشووری کوردستاندا بە تایبەت لە ناوچەکانی سنە و هەورامان و کرماشاندا ماوەتەوە، و چەندین شوێن هەیە کە وەک ئارامگای وەیس دەناسرێت و خەڵک دەچنە سەری بۆ زیارەت و نیاز کردن بۆ بە دی هاتنی ئارەزووەکانیان. لە گۆرانییە کۆنەکانی کوردیشدا ناو و باسی وەیس هاتووە بۆ نموونە لە گۆرانییەکی "ساڵێح دیلان"دا[322]

**vîspa [-]** = 39 (n.plNA) all (pl); everything (sg); whole, entire;

**ویسپە:** بە واتای گشت و هەموو هاتووە. ئەم وشەیە ئێستا تەنیا لە شێوەزاری زازاکیدا ماوەتەوە کە بە شێوەی "ویسە" گۆ دەکرێ.

**[vohuni]** = 7 (plA) blood, menses (k511)

**وەونی:** ئەمە وشەیەکی کوردییە لە شێوازی هەورامیدا کە وەک وەنی یان هونی گۆ دەکرێ[323]، واتای خۆێنی دەدات.

**vouru [-]** = wide, extensive (k509)

**ورو:** ئەمە هەمان وشەی "وەر" و "وەرین"ە لە شێوەزارەکانی هەورامی و باشووریدا کە وەک "بەر" و "بەرین" گۆ دەکرێ لە سۆرانی و کرمانجیدا.

**[vouru-dôithra]** = 5 (fG) with eyes of love, high-minded, of large eyes (lit.) (k510)

---

321 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١٠٤٠. هەر وەها هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ ٩٣١

322 با بچینە سەر ویس بە تۆبەکاری تۆبە لە گشتێک غەیر ئەز دڵداری

323 بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، ١٩٩٨ ستوکهولم ل.پ. ٦٠

**ورو- دویترا:** به واتای "وەرین-دیتە/ بەرین- دیتە " (بەرین دیدە/ دیدی بەرین) هاتووە. (فارسی: دید وسیع).

## Avesta dictionary - hv (xv)

**hvaretha [-]** = 10 (du.pl.NA) n. f. food (k141)

**هوارتا / وارەتە**[324]: بە واتای خواردە و خوراک هاتووە، ئەمە وشـەیەکی ئاسـایی کوردییە لە شێوازی هەورامیدا کە وەک " واردە"[325] و "وارتە " گۆ دەکرێ.

**[hvâpara]** = 7 (fA) self-sufficient (k144)

**هوپارا:** بە واتای خۆ دابین کردن یان "بەشی خۆ" دێت. ئەم وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هـاتووە " هو- پـارا / وە- پـار"، بڕگەی یەکەم "هو/ وە" هەمـان جێنـاوی "وێ"یە لە هەورامیدا بە واتای "خۆ" و بڕگەی دووەم "پارا / پار"[326] واتای بەش دەدات لە کوردیدا کە وابوو پێکەوە واتای "بەشی خۆ/ پاری خۆ" دەدا. ئەم دەسـتە واژەیە لە کرمانجیدا ئێسـتاش هەر بەم شـــێوەیە بە کار دیت "من پارێ خۆ وەرگرت" واتا من بەشی خۆمم وەرگرت، یان دەڵێن ئەز بێ پار بووم واتا من بێ بەش بووم.

## Avesta dictionary - Y

**ýava [-]** = 12 (adv.) duration, period, time of life; always; any time (k423)

**ýavat [-]** = 36 (conj.) as much as; when; as long as (k423, j31)

**ýavô [ýava]** = 6 (N)

**یاوا، یاوات، یاڤۆ:** کانگا ئەم وشـــەگەلەی وەک، درێژایی، کات، پەریود ( period )، هەمیشـــە و هەر کاتێک، کەی و... وەرگێڕاوەتەوە، بەم جۆرە وشـــەکە دەباتەوە بۆ ســـەر وشـەی "یاوات (جاوید)"، بەڵام ئەم بۆچوونە جێگای گومانە، چونکە "یاوا "[327] و یاوات

---

[324] hv لە ژێر، Avesta Dictionary by K.E. Kanga, p 141

[325] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٩٧٦

[326] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ٩٧

[327] فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١٢٤

دوو وشـــەی جیاوازن. یاوات لە ئەوێســـتایی و لە هەورامیدا واتای جاوید دەدات بەڵام "یاوا"[328] لە هەورامیدا واتای "گەیشتوو یان پێگەیشتوو" دەدا، و "یاوای" واتای "گەیشتن یان پێگەیشتن" دەدات.

**[ýavan]** = 5 (plG) m. youth, young man (k423)

**یوان:** واتای جوان / گەنج دەدا.

## Avesta dictionary – Z

**zairi-gaosha [-]** = green-eared; golden-eared (k195)

**زێری- گۆشـــە:** واتای زێڕین- گۆش / زەڕ- گۆش دەدا. ناوی یەکێ لە هۆزەکانی کورد لە جەلەولا "زەرگۆش"ە، بێ گومان پەیوەندی ئەم هۆزە لەگەڵ ئەم دەستەواژەیەدا هەیە.

**zam [-]** = earth

**زام:** واتای زەمین دەدا.

**[zaranya]** = 5 (nNA) golden, of gold; gold (k204)

**زەڕەنیا:** واتای زەڕ، زەڕین دەدا.

**[zavare]** = 8 (A) n. strength, vigor (k206)

**زەوەرە:** واتای زۆر دەدا.

**[zrayangh]** = 12 (Abl) n. the sea (k213)

**زرەیانگە:** ئەم وشەیە بەرانبەرە لەگەڵ وشەی "زریانە" لە هەورامیدا. "زریا" واتای دەریا دەدات، زریانە واتای "دەریایە" دەگەیێ. ناوی زرێوار کە دەریاچەیەکە لە ناوچەی مەریوان پەیوەندی هەیە لە گەگەڵ ئەم وشەیەدا. زرێوار واتای وەک دەریا (دەریاچە) دەدات.

---

328 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١٢٤

# Avestan: Base Form Dictionary

**بەراوردکردنی ژمارەیەک لە وشـەکانی فەرهەنگی ئەوێسـتایی "بەیس فورم دیکشـنەری" لەگەڵ وشـەکانی زمانی کوردی و بە تایبەت هەورامی. ئەم فەرهەنگە لە بەر دەسـتدایە ولەسەر ئینتەرنێتە، ناو نیشانە فەرهەنگەکە بەم جۆرەی خوارەوەیە:**

Avestan: Base Form Dictionary

Jonathan Slocum and Scott L. Harvey

http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html

هەر وەک لەم بەراوردکاریەدا نیشـــاندەدرێت ئەم فەرهەنگە زۆربەی وشـــەکانی خۆی لە "خوردە ئەوێسـتا" وەرگرتووە. هەر چەند بەشـێکی زۆر لە وشـەکان و دەسـتەواژەکانی ئایینی زەردەشـتی کە لە ئەوێسـتای کۆندا هەبوون لە خوردە ئەوێسـتاشـدا دیسـان ڕەنگی داوەتەوە بەڵام لە ڕاسـتیدا زمانی خۆردە ئەوێسـتا لەگەڵ زمانی ئەوێسـتاییدا وەک یەک نین. خوردە ئەوێستا وەرگێڕانی زمانی ئەوێستاییە ( شێوازی ئایینی زمانی مادی / شێوازی هەورامی زمانی کوردییە) بۆ سەر زمانی "فارسیی میانە" لە سەردەمی ساسانییەکاندا. (ئەم باسە دواجار لە بەشی زمانی کوردی لە سەردەمی ساسانییەکاندا زۆرتر ڕوون دەکرێتەوە).

**<tara >** = 'more, better'

**تەرا:** ئەم وشەیە ئامرازی بەراوردکردنە، لە کوردیدا وەک "تر" گۆ دەکرێ.

**<a>** = 'no, none'

**ئا:** نیشـانێکە بۆ نەرێنیکردنی وشـە، لە کوردیی کۆندا بە کار هاتووە، بۆ نموونە وەک "وار" کە واتای شوێن و جێگا ئەدات و "ئاوارە" کە واتای بێ جێگە و بێ شوێن دەدا.

**<aurvant >** = swift, runner, steed' to move, set in motion 6.68, 6.177, 6.183

**ئەوروانت:** بە واتای خێرا، ڕاکردن، بزاو/ بزاڤ (سیال، جریان) هاتووە، ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک **"ڕەوان"** گۆ دەکرێ وەک دەڵێن ئاوی ڕەوان. وشەکانی "ڕەوەند" بە واتای کۆچەر، هەروەها ناوی ڕووباری ئەڵوەند (ئەڵوەند/ ئەروەند / ئەروەنت) لە خانەقیندا هەر لەم وشەیەوە هاتوون.

**<aka >** = 'bad, evil, wicked'   4.107, 4.156, 4.174, 4.230

**ئاکا/ ئاکە:** بە واتای خراپ و پیس هاتووە، ئەمڕۆ لە کوردیدا لە شـــێوەی وشـــەی"ئەخ/ ئەخە"[329] گۆ دەکرێ.

**<ajyaiti >** = 'death'  4.144

**ئاجیایەتی:** بە واتای مردن هاتووە. ئەم وشـەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە، بڕگەی یەکەم " ئا" کە پێشـــگرێکە بۆ نەرێنیکردنی وشـــەکان کە ئەمڕۆ لە کوردیدا وەک "نا" گۆ دەکرێ. و بڕگەی دووەم " جیایەتی" کە واتای " ژیایەتی، (ژیان)" دەدا، پێکەوە واتـای " نەژیـایەتی" دەدات واتا ئەمە وشەیەکی دژبەرە بەرانبەر بە "ژیایەتی".

**<aθā>** ='so, thus, likewise'   1.42, 1.171, 3.146, 3.274, 6.106

**ئاســـا (ئاثا):** پیتی "θ " لێرەدا دەنگێکە وەک دەنگی "ث یان (th)" گۆ دەکرێ. "ئاســـا" وشــەیەکی کوردییە کە واتای "وەک" دەدا بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن، شــێر ئاســا، پلێنگ ئاسا، خۆت ئاسا / خۆت ئاسایی.

**<aθra>** =  'here, there'  6.201, 6.215

**ئاسرا / ئادرا:** واتای "ئێرە" ئەدات.

**<anya >** = 'other'   1.41, 3.255, 3.256, 6.158

**ئانیا:** بە واتای "ئەوی تر/ ئەوی دیکە" هاتووە. ئەمە وشـــەیەکی کوردییە لە شـــێوازی هەورامیدا، کە وەک " ئانایا" گۆ دەکرێ (بڕوانە زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصـــور سلیمی، تهران ١٣٩٢ ل.پ. ٣٢٥).

**<amavant >** = 'strong, powerful, vigorous'  5.129

**ئەماوەنت:** وشـــەیەکی کوردییە پێشـــتر ڕوون کرایەوە (بڕوانە بەراوردکردنی وشـــەکانی ئەوێستایی کانگا لەگەڵ کوردیدا).

[329] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان هەولێر ٢٠٠٥. ل.پ.٢٥

**<Armaiti->** = name of a goddess = 'righteousness, devotion, piety' 3.152

**ئارمایەتی:** ( بڕوانە بۆ بەشی بەراوردکاری و لێکۆڵینەوە لە وشەکانی ئەوێستایی لەگەڵ وشەکانی کوردیدا یادداشتهای گات ها).

:**<ava>** = 'away, down' 4.380, 4.382

**ئاوا:** پێشتر ڕوون کرایەوە، وشەیەکی کوردییە، واتای بەرەوخوار بوون، ئاوابوون دەدا، وەک خۆر ئاوا بوو .

**<ava >** = 'this, that' 2.195

**ئاوا / ئەوە:** وشەیەکی کوردییە هەر واتای ئەوە دەدات.

**<avant >** = 'as much, so much, so long, such' 5.21, 5.23, 5.46

**ئەوەنت:** پێشتر ڕوون کرایەوە، هەمان وشەی "ئەوەندە"یە لە کوردیدا.

**<avar>** = 'down' 2.254

**ئاوار:** وشەیەکی هەورامی و زازاکییە کە وەک "وار ( var)"[330] گۆ دەکرێ. لە شێوازەکانی تری کوردیدا وەک "خوار" گۆ دەکرێ.

**<asan >** = 'stone, heaven' 4.188

**ئەسان:** بە واتای "بەرد" و ئاسمان هاتووە، ئەم وشەیە لە کوردیدا لە شێوەیە وشەی "هەسان"[331] ماوەتەوە، هەسان لە کوردیدا جورە بەردێکە کە بۆ تیژکردنی چەقو و داس بە کار دێت. ئەم وشەیە لە شێوازی باشووریدا هەر وەک "ئەسان"یش گۆ دەکرێ. وشەی "هەساندان"[332] بە واتای لە بەرد دان و ساوین بە هەساندا بۆ تیژ کردن دێت.

**<aspa >** = 'horse' 5.194

---

330 بڕوانە فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار،هەولێر ٢٠١٠، ل.پ.٩٧٥

331 فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان هەولێر ٢٠٠٥. ل.پ.٧٣٨

332 فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ. ٩٧٤

**ئەسپا:** پێشتر ڕوون کرایەوە، کە وشەیەکی کوردییە، واتای ئەسپ دەدا.

**<asišta >** = 'fastest'  4.393

**ئاسیشتە / ئازیشتە:** بە واتای "زووترین" هاتووە، ئەم وشەیە لە دوو بڕگە پێک هاتووە ( ئاس/ ئاز + یشتە)، بڕگەی یەکەم ئاز لە کوردیدا لە شێوەزارەکانی باشووری و هەروەها لە ناوچەکانی سنە و شارەزوور ماوەتەوە و "ئازا"[333] گۆ دەکرێ بۆ نموونە دەڵێن ئازا بچوو و ئازا بگەڕەوە واتا ( زوو بچوو و زوو وەرەوە). بڕگەی دووەمیش "شتا / ستا" لە ئەوێستادا واتای "تر" دەدات.

**<azəm >** =  'I' **I** , (pronoun)]  1.10, 1.13, 1.23, 1.38, 1.43, 1.172, 2.93, 2.97, 2.111, 2.209, 2.229,

**ئەزم:** واتای " ئەز" / "من " دەدا لە کوردیدا. ئەز جاران لە هەموو کوردستاندا بە کار هاتووە بەڵام ئێستا تەنیا لە کرمانجی و زازاکیدا بە کار دێت [ گومانی زۆرە کە ئەم وشەیە "ئەزم" لە ڕاستیدا "منم" بێت کە بە هەڵە وەک "من" وەرگێڕدراوەتەوە].

**<ah>** = 'energy, zest, zeal'  1.187

**ئاه:** ئەمە وشەیەکی پەتی کوردییە واتای هێز و وزە دەدا، بۆ نموونە لە کوردیدا دەڵێن زۆرماندوم " ئاهم" تێدا نەماوە، یان دەڵێن فلانی ئاهی لێ بڕاوە واتا هێزی تێدا نەماوە. (بڕوانە فەرهەنگی کوردی - فارسی، هەژار ١٩٨٩، ل.پ. ١٧).

**<ahe>** = 'indeed, certainly'  5.111

**ئاهە / ئاها:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە، ئامرازێکی جەختکردنەوەیە بۆ دەربڕینی سەرسوڕمان، یان جەختکردنەوە لە ڕاستییەک، بۆ نموونە دەڵێن " ئاها ڕاست دەکەی! ئاها وایە! ئاها نەمدەزانی! ئاها ئەمە بوو! ئاها ئێستا دەزانم.

**<ātar > = 'fire' 5.85**

**ئاتر:** پێشتر ڕوون کرایەوە واتای ئاور/ ئاگر دەدات لە هەورامیدا.

---

[333] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ. ٥

**<uγra >** = 'strong'  1.130

**یۆغرا:** ئێستا لە کوردیدا وەک "یۆغر" گۆ دەکرێ بە واتای بەهێز و چوارشانە.

**<urvan >** = 'soul, self' 1.7, 1.200, 2.138

**ئوروان / یوروان:** پێشتر باسی لێ کرا، واتای " ڕەوان" دەدا.

**<urvāza >** = 'joy, bliss' 4.38

**ئوروازە:** ئەم وشەیە پێشتر ڕوون کرایەوە، لە شێوەزارەکانی باشووری کوردستاندا ئەمڕۆ وەک "ئەروەزە" یان " ئەلوەزە/ هەڵوەزە"ی لێ هاتووە کە واتای هەڵپەڕکێ و هەڵخستنەوە بۆ نیشاندانی خۆشی دەدا، لە سۆرانیدا وەک " هەڵبەزە" گۆ دەکرێ.

**<ustana >** =  'stretched forth' 1.186

**ئوستانا:** بە واتای "درێژکردنەوە، یان ڕاکیشانی دەست" هاتووە. بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر ئەم مانایە هەڵەیە، (بڕوانە بۆ وشەی "ئوستانا – زستا" لە بەشی بەراوردکردنی وشەکانی ئەوێستایی فەرهەنگی کانگا لەگەڵ کوردیدا ل.پ. ٢٣١).

**<ərəš >** = 'right, correct, true' 4.117, 4.213, 5.160, 5.172

**ئەرەش:** واتای ڕاست و پاک و دادپەروەر دەدا. ئەم وشەیە لە شێوەی ناوی "ئارەش" لە کوردیدا ماوەتەوە.

**<ərəžəji >** = 'living justly' 1.215, 3.480

**ئەرەژەجی:** لەم فەرهەنگەدا وەک "ئەرەش- جی" هاتووە بە واتای ژیانی پاک و ژیانی ڕاست. بەلام دەتوانێ مانایەکی تریشی. هەبێ، ئەم وشەیە لە دوو برگە پێک هاتووە "ئەرەژە- جی" بڕگەی یەکەم "ئەرژە/ ئەرەژ" کە لە کوردیدا واتای "نرخ" دەدا ، لە فارسیدا وەک " ئەرز (ارز)" گۆ دەکرێ، لە کوردیی شێوەزارەکانی باشووردا وەک "ئەژ" گۆ دەکرێ، بۆ نموونە دەڵێن ئەو ماڵە چەندێک **ئێژی**، یان دەڵێن ئەوە کوڕە زۆر لاسارە هیچ **نائێژی** واتا بێ نرخە. بڕگەی دووەم "جی" واتای ژی/ ژیان دەدا، پێکەوە واتای "ئەرژ-ژی/ ئەژ- ژی" واتا ژیانێکی بەئەژ، ژیانێکی ئەرزشمەند دەدات.

**<ka>** = 'who, what' [Pokorny kᶣo-, kᶣe-, fem. kᶣā, kᶣei- :: (indefinite/interrogative pronoun)] 1.9, 1.12, 1.85, 2.77

**کا:** ئەمە جۆرە ئامرازێکە کە لە کوردیی شێوەزاری کرمانجیدا ماوەتەوە و ڕۆژانە بە کار دێت. هەم بۆ پرسـیار کردن و هەمیش بۆ جەختکردنەوە بە کار دێت. بۆ نموونە دەڵێن: **کا** ئەم بچین، **کا** کەنگی بێن؟ **کا** لە کێدەرەیە؟ **کا** ئەو هات؟ **کا** وەرە، **کا** ئەم بزانین.

**<kainya >** = 'maiden, girl' 3.217

**کەینیا:** وشـەیەکی ئاسـایی هەورامییە بە واتای کچ هاتووە، لە وانەیە لە نووسـینی ئەم وشـەیەدا هێندێک هەڵە ڕووی دابێ، چونکە لە فەرهەنگەکانی تری ئەوێستاییدا وەک "کنا / کەنی" نووسراوە کە لە هەورامیشـدا هەر وا گۆ دەکرێ. (بڕوانە هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی هەژار، تاران ١٣٦٩. ل.پ ٦٢٢).

**<kar>** = 'do, make' 4.343, 6.134

**کار:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە.

**<ku>** = 'where' [Pokorny kᶣo-, kᶣe-, fem. kᶣā, kᶣei- :: (indefinite/interrogative pronoun)] 3.460

**کوو/ کوێ:** وشـەیەکی زمانی کوردییە، ئامرازە کە بە شـێوەی جۆربەجۆر گۆ دەکرێ وەک کۆ (هەورامی)، یان کوێ (سۆرانی)، کودەرێ / کیدەرێ (کرمانجی)، کورە (باشووری).

**<kudā>** = 'where' [Pokorny kᶣo-, kᶣe-, fem. kᶣā, kᶣei- :: (indefinite/interrogative pronoun)] 2.223

**کوودا / کویدا:**ئامرازێکی زمانی کوردییە، هەمان وشـەی "کوو/ کوێ "یە لەگەڵ پاشگرێ "دا" بە هەمان واتای کوو/ کوێ دێت، بۆ نموونە لە کرمانجیدا وەک "کودا" و لە سۆرانیدا وەک کوێدا گۆ دەکرێ.

**<kəhrp >** = 'form, body, outward appearance' 4.267, 6.35

**کەهرپ:** ئەم وشـەیە هێندێک گۆڕان بە سـەریدا هاتووە، و ئێسـتا لە کوردیدا وەک " قاڵب" گۆ دەکرێ.

**<xratu >** = 'will, intention, vision' 6.10, 6.19

**خراتو:** واتای ژیری، بیرمەندی و "خرەد" (فارسی: خرد) دەدا.

**<xruš>** = 'scream, howl' 3.397

**خرۆش:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای "خرۆش" دێت.

**<xšvid >** 'milk' [Pokorny su̯ēid- **::** milk] 2.65

**خشـوید:** بە واتای شـیر هاتووە. پیتی "خ"ی لە سـەرەتای ئەم وشـەیەدا وەک زۆربەی وشـەکانی تری ئەوێسـتایی ئێسـتا کەوتووە و ئیدی گۆ ناکرێ. ئەم وشـەیە لە شـێوەزاری هەورامیدا وەک شۆت و لە زازاکیدا وەک "شیت"[334] گۆ دەکرێ.

**<$x^{v}$a>** = 'good, worthy' 5.58

**هوە:** بە واتای باش هاتووە، وشـەیەکی کوردییە (بڕوانە بەراوردکردنی وشـەکانی ئەوێسـتایی کانگا لەگەڵ کوردیدا).

**<$x^{v}$a >** = 'self' [Pokorny se- **:: self**, one's own] 4.63

**هۆ:** ئەم وشـەیە واتای "خۆ" دەدا. لە هەورامیدا و هەروەها لە کتێبەکانی تری ئەوێستاییدا هەر وەک "وێ" هاتووە." (بڕوانە بەراوردکردنی وشـەکانی ئەوێستایی کانگا لەگەڵ کوردیدا). لەوە دەچێ ئەم وشەیە لە خوردە ئەوێستا وەرگیرابێ.

**<$x^{v}$aētu >** = 'belonging to the family' [Pokorny se- **:: self**, one's own] 3.179

**هۆەیتۆ/ وەیتۆ:** بە واتای "خۆت" هاتووە، لە شـێوازی هەورامیدا وەک "وێت" گۆ دەکرێ.

**<$x^{v}$athra >** = 'good breathing, ease, comfort' [Pokorny ēter- **::** intestines] 3.305

[334] Ferheng zazaki – kurmanci, Çeko Kocadag, 2010, l.p.985

**هواترا / خاترا:** ئەمە وشـەیەکی پەتی کوردییە، کە ئێسـتا وەک خاتر گۆ دەکرێ. (پێشـتر ئەم وشـــەیە ڕوون کرایەوە، بڕوانە بەراوردکردنی وشـــەکانی یادداشـــت هاى گات ها لە نووسینی ئیبراهیم پورداود لەگەڵ کوردیدا).

**<x$^{v}$afna >** = 'sleep, dream' [Pokorny 1. su̯ep-, sup- :: to sleep] 4.93, 5.180

**هۆفن:** واتای خەفن / خەون دەدا لە کوردیدا.

**<x$^{v}$areiti >** = 'nourishment' 6.121

**هواریەتی/ واریەتی:** بە واتای خواردنیەتی یان خواردەمەنی هاتووە. لە هەورامیدا وەک واردەیەتی / واردەنی گۆ دەکرێ. (بڕوانە بەراوردکردنی وشـــەکانی ئەوێســـتایی کانگا لەگەڵ کوردیدا).

**<x$^{v}$arətha >** = 'food' 3.303

**هوارتە/ وارتە:** بە واتای خواردە هاتووە لە هەورامیدا وەک " واردە / وارتە" گۆ دەکرێ.

**<x$^{v}$arənah >** = 'glory' [Pokorny sā́u̯el-, sāu̯ol-, suu̯él-, su̯el-, sūl- :: Sol, sun] 5.113

**هورەنە / وەرنە:** بە واتای "خور/ هەتاو" هاتووە، لە شـــێوازی هەورامیدا وەک "هور/ وەر" گۆ دەکرێ.

**<x$^{v}$iti >** = 'well-being, freedom of movement' 4.434

**هۆیەتی / وەیەتی:** ئەم وشـەیە بە هەڵە مانا کراوەتەوە، وەك خۆشـیەتی، بەڵام وشـەی هۆشیەتی لە ئەوێستادا هەر وەک "هۆشیەتی/ وەشیەتی" هاتووە (بڕوانە فەرهەنگی کانگا). ئەم وشەیە (هو- یەتی)یە. "هو" لە کوردیدا واتای باش دەدا، پێکەوە بە واتای "باشیەتی"یە.

**<gairi >** = 'mountain' [Pokorny 3. g$^{u}$er-, g$^{u}$or- :: mountain] 6.39, 6.41, 6.75

**گێری:** ئەمە وشـەیەکی ئاسایی کوردییە لە کرمانجیدا هەر ماوەتەوە و وەک "گر/ گرێ" گۆ دەکرێ کە واتای تەپە / کێوی نزم دەدا.

**<gao >** = 'cow' 1.6, 1.56, 1.61, 1.76, 1.105, 1.201, 2.64, 2.137, 5.14, 5.77, 5.119, 5.146.

**گاو:** وشـــەیەکی کوردییە لە شـــێوازی هەورامی کە هەر وەک " گاو"[335] گۆ دەکرێ لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا "گا"ی پێ دەبێژن.

**<gaoša >** = 'ear' [Pokorny ghous- :: to sound, hear] 5.174

**گەۆشـــا / گەۆش:** ئەم وشـــەیە لە هەورامی و زازاکیدا وەک " گۆش"[336] گۆ دەکرێ. لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا وەک گوێ، گۆێچکە، و گۆە بە کار دێت.

**<ganya >** = 'slaying, killing, destroying' 6.122

**گەنیا:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە، لە چاوگی گەنین" بە واتای گەنیو، خراپ بوو، ڕزیو دێت، ئەم وشـــەیە هەر بەم شـــێوەیە لە زۆربەی زارەوەکانی کوردیدا گۆ دەکرێ. (بڕوانە فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٥٨٣).

**<gam>** = 'go' 1.133, 4.133, 4.227, 4.255, 4.298, 5.138

**گام:** وشـەیەکی کوردییە، کە بە شـێوەی جۆراوجۆر لە کوردیدا گۆ دەکرێ، لە زازاکیدا وەک " گام"[337]، لە هەورامیدا وەک "هەنگام"[338]، لە ســـۆرانیدا وەک هەنگاو و لە کرمانجیدا وەک "پێگاو/ پێگاڤ"[339].

**<guš>** = 'hear' 2.100

**گۆش:** وشەیەکی کوردییە واتای گۆش دەدات لە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکیدا.

**<ca>** = 'and' [Pokorny 1. kᵘ̯e :: (enclitic) and] 1.25, 1.28, 1.29, 1.156, 1.157, 1.158, 1.201, 2.38, 2.39, 2.65, 2.114, 2.136, 2.187,

---

335 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٧٩٤

336 Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 160

هەروەها فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ٨٠٩

337 Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 147

338 فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردیی ناوەڕاست، بێدار، هەولێر ٢٠١٠، ل.پ ١١٠٦

339 فەرهەنگا کانی ، جگەرسۆز، ساڵی ٢٠٠٩ هەولێر، ل.پ ١٠٢

**جا:** لەم فەرهەنگەدا وەک "چا" نووسراوە، بەڵام ئەمە "چا" نییە بەڵکوو "جا"یە. ئەم ئامرازە زیاتر لە ٨٠ جار لە ئەوێستادا هاتووە. ئامرازێکی پەیوەندییە تایبەتە بە زمانی کوردی و لە هەموو شـــێوەزارەکانی کوردیدا ئێســـتاش هەر بە کار دێت. بۆ نموونە: جا دەچم، جا دێمەوە، جا لە کوێیە، جا دەیکرم، جا دەیفرۆشـــم، جا وەرە لام، جا دەیانزانی، جا مەگەر نەیبینم، جا ئەوەندە زۆرە، جا ماڵیان ئاوا، جا چی بکەین.

**<jan>** = 'smite, slay, destroy' 1.103, 5.50

**جن:** بە واتای جنین و جن جن کردن یان ئەنجن ئەنجن کردن دێت.

**<jənar >** = 'man-killing' 3.407

**جنەر:** ئەمە ناوی بکەرە کە لە چاوگی "جن (جنین)" لەگەڵ پاشـگری "ەر" کە نیشـانەی ناوی بکەر بەپێی ڕێســـای زمانی کوردیی و ئەوێســـتایی. بە واتای جنەر و جنینکەر (ئەو کەسەی کە دەیجنێت، ئەوکەسەی کە ئەنجن ئەنجنی دەکات).

**<jənaya >** = 'woman' 3.275

**جینایا / جینای:** بە واتای ژن دێت.ئەم وشـــەیە لە کوردیدا لە شـــێوەزاری زازاکیدا ماوەتەوە وەک "جێنێیا / جینێ ( Cinye/ Cini)"[340] گۆ دەکرێ.

**<tanu >** ='body' 3.300, 3.452, 4.64, 5.199

**تەنو:** بە واتای تن هاتووە.

**<tas>** = 'carve, create, fashion, shape' 1.14, 2.41, 2.53, 5.175

**تاش (تاس):** ئەم وشـــەیە لێرەدا بە هەڵە نووسراوە، لە هەموو فەرهەنگەکانی دیکەی ئەوێســتاییدا وەک "تاش" هاتووە. کە هەمان وشــەی "تاش و تاشــان"ە لە کوردیدا، وەک پەیکەر تاش، دارتاش، وشەکانی "تاشین و داتاشین"ش هەر لە چاوگی تاشینن.

**<tašar >** = 'carver, fashioner, shaper, creator' 1.55

[340] Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 762

**تاشەر:** وشەیەکی پەتی کوردییە لە وشەی تاش لەگەڵ نیشانەی "ەر" کە وشەکە دەکاتە ناوی بکەر.

**<θwōrəšt̰ar>** = 'Fashioner' [Pokorny tu̯er̂k- :: to cut] 2.40

**دەووەرەشـــتەر:** دەنگی پیتی "θ" دەنگێکە لە نێوان "د" و "ت" کە وەک (th) گۆ دەکرێ. ئەمە هەمان وشـــەیە کوردیی "درەوشـــدەر"ە، درەوش جۆرە ئامێرێکە بۆ درونی چەرم، دەرزییەکی دەستەداری ئەستوورە کە بۆ دروست کردنی کڵاش و کورتان و زینی ئەسپ بە کار دەێت، لە سۆرانیدا وەک دروشە و دریشەش گۆ دەکرێ. درەوشدەر لە کوردیدا ناوی بکەرە بۆ وشەی درەوش واتا کەسێ کە درەوش بە کار دێنێ بۆ درونی چەرم. ئەم وشەیە لە کوردیدا وەک "درەوشـــگەر"یش گۆ دەکرێ. (بڕوانە فەرهەنگی بـاشـــوور عەبـاسی جەلیلیـان، هەولێر ٢٠٠٥، ل.پ.٣٠٤).

**<daŋhah>** = 'skillful' [Pokorny 1. dens- :: to learn; mental power] 5.155

**داناها:** بە واتای دانا هاتووە، ئەم وشـــەیەش دیارە کە ئەوێســـتایی نییە و لە پارســـییەوە پەڕیوەتەوە نێو ئەوێستا. چونکە لە ئەوێستاییدا وشەی "دانا" وەک " زانا / زاناهی" هاتووە. یەکی لە جیاوازیەکانی زمانی مادی/ ئەوێستایی لەگەڵ پارسیی کوندا لەوەدایە کە پیتی "د" لە پارسیی کۆندا وەک "ز" گۆ دەکرێ لە مادیدا.

**<dab>** = 'fit together' (?) 3.44

**داب:** لێرەدا وەک گونجاو مانا کراوەتەوە، و نیشانەی (؟) لەسەری دانراوە، بەڵام دەشکرێ هەمان وشـــەی "داب"ی کوردی بێت، بە واتای نەرێت ( ســـنت) چونکە دابیش خۆ گونجاندنە لەگەڵ نەرێتەکاندا.

**< darəga >** = 'long' [Pokorny 5. del- :: **long**] 4.437

**دەرەگە:** بە واتای درێژ هاتووە. ئەم وشـــەیە لە شـێوەزاری زازاکیدا وەک "دەرگ، دەرەگە (Derg, Derege)"[341] گۆ دەکرێ.

[341] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag, l.p 600

**<dā>** = 'give, put' 1.72, 1.76, 1.205, 2.82, 2.127, 2.171, 2.185.

**دا:** وشەیەکی ئاساییِ کوردییە بە واتای " دا / دان " دێت.

**<dāmi>** = 'creation'  6.179, 6.185

**دامی:** ئەمە وشـەیەکی کوردیی هەورامییە، لە دوو بڕگە پێک هاتووە. یەکەم "دا" کە چاوگی "دان و داتن"ە و دووەم جێنـاوێ "مێ"[342] کە جێنـاوێکی لکاوە بۆ "یەکەم کەسی کۆ" لە شـێوەزارێ هەورامیدا، کە پێکەوە دەبێتە (دا- مێ) واتا ئیمەی داوە ( فارسی: کە ما را دادە). دیارە لێرەشدا مەبەست خۆدایە.

**<duš >** = 'bad, evil'  [Pokorny dus- :: bad, foul, evil]  3.303

**دوش:** بە واتای دژ و خراپ دێت.

**<dužvarena >** = 'choosing badly'  [Pokorny dus- :: bad, foul, evil]  3.437

**دوژوارەنا:** وشـەیەکی ئاسـاییِ کوردییە لەسـەر شـێوازی هەورامی کە وەک "دژوارەنا" گۆ دەکرێ، بە واتای دژوارن/ ئەوانە دژوارن (فارسی: دشوارائد).

**<dužvarešnah >** = 'wrong-doers'  [Pokorny dus- :: bad, foul, evil]  3.385

**دوژوارەشـنا / دوژوارەشـەنا: وشـەیەکی ئاسـاییِ کوردییە لە شـێوەزاری هەورامیدا، هەر بەم شـێوەیە گۆ دەکرێ، کە واتای " ئەوان تووشی دژواری بوون/ دژواریانە" دەدا. (فارسی: آنها مشکل دارند، دچار دشواری هستند).**

**<dəbaoman >** = 'beguilement, deception'4.218

**دەبەومەن:** ئەمە وشـــەیە لە دوو بڕگە پێک هـاتووە "دەبە و- مەن" کە بڕگەی یەکەمی هەمان وشـەی " دەبە"ی کوردییە بە واتای گیچەڵ، تەشقەڵە و بڕگەی دووەمیش پاشگری "مەن / مەنـد"ە کە ئەمرو لە کوردیـدا بە هەر دوو شـــێوەکەی بە کار دێـت، بۆ نموونە

[342] بروانە دستورزبان کردی (هەورامی)، فاتح رحیمی، چاپی دوم ۱۳۸۹، ل.پ.۸۳- ۸٤

خوازمەنی/ خوازمەندی، ئارەزوومەنی، ئارەزوومەندی، دەوڵەمەنی/ دەوڵەمەندی. دەبەومەن واتای تەشقەڵەگەری/ دەبەکردن دەدات.

**<draoga >** = 'lie, deceive' -- [Pokorny 2. dhreugh- :: to harm, deceive] 5.81, 5.91, 5.103

**درەۆگە:** بە واتای "دەرەو (کرمانجی)" و درۆ (سۆرانی) هاتووە.

**<drav >** = 'wood' 6.162

**دراو:** بە واتای "دار" هاتووە، ئەم وشـــەیە بە هەڵە نووسراوە، لە زۆربەی فەرهەنگەکانی ئەوێستاییدا هەر وەک "دار/ دارو" هاتووە.

**<drəgvant >** = 'possessor of the Lie' 1.90, 1.219, 3.313, 3.357.

**درەگوەنت:** ئەم وشـــەیە لە دوو برگە پێک هاتووە، برگەی یەکەم درۆ و برگەی دووەم پاشـــگری وەنت کە بەرانبەرە لەگەڵ وشـــەی "درۆ- وەند" کە ئەمڕۆ لە کوردیدا وەک "درۆێن" گۆ دەکرێ.

**<naman >** = 'reverence' 5.140

**نەمان:** بە واتای " نەمە" دێت لە هەورامی، " نمێژ" لە کرامنجی و نوێژ لە سۆرانیدا.

**<nar >** = 'man' [Pokorny 1. ner(-t)-, aner-, əner-? :: vital force; man] 2.152, 3.273, 4.61, 4.62, 6.22

**نێر/ نەر:** بە واتای نێر دێت لە کوردیدا.

**<ni>** = 'down'[Pokorny 1. en :: **in**] 6.21, 6.187

**نی:** بە واتای نزم/ نەوی (سۆرانی) و نەمی(هەورامی)" دێت.

**<nivāiti >** = 'striking down' 5.204

**نیوایەتی:** ئەمە وشەیە بە واتای نەوی/ نزم و"نەوییەتی" دێت.

**<nū>** = 'now' [Pokorny nŭ- :: **now**] 2.252

**نو:** ئەم وشەیە لە شێوازی کرمانجیدا بە شێوەی نو، نوهە، نهە، و نوکە بە کار دێت.

**<paiti >** = 'husband, master' [Pokorny poti-s :: host, husband, lord, master, owner] 3.176

**پایەتی:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای پیاوەتی هاتووە.

**<paθ >** = 'path, road' [Pokorny pent- :: to go, walk, **pad**, tread; way, **path**] 3.96, 5.83

**پادە / (پاثە):** ئەم وشەیە ئێستا لە کوردیدا وەک "پیادە" و "پیاسە" ماوەتەوە کە واتای بەپێی ڕۆیشتن دەدا.

**<paθana >** = 'spacious' [Pokorny 1. pet-, p$_e$t-, petə- :: to stretch out (esp. arms)] 6.56

**پەسەنا / پەسەنە:** وشەیەکی کوردییە واتای پەسەن/ پەسەند دەدا.

**<parā>** = 'before, beyond, away' [Pokorny 2a. per- :: to pass over/beyond] 3.301, 3.352, 3.359, 4.72

**پەرا:** دەنگی "پ" لەم وشەیەدا ئێستا گۆڕاوە بۆ "ب"، و ئێستا وەک " بەرا بە واتای پێش (لە شێوازەکانی کوردیی باشووردا)" و " بەری (لە شێوازی کرمانجیدا) ماوەتەوە.

**<pouru >** = 'many' [Pokorny 1. pel-, pelə-, plē- :: to pour, fill; full, plenary; town?] 6.217

**پورو:** بە واتای زۆر و گەلێک هاتووە، لە کوردیی شێوەزاری کرمانجیدا وەک "پڕ" بە هەمان واتا ماوەتەوە.

**<pərəθu >** = 'wide, broad' 5.178, 6.55

**پەرەسو:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای " پەراسو" هاتووە.

**<pərəs >** = 'ask'  1.57, 4.226

**پەرەس:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە واتای " پرس / پرسیار" دەدات.

**<fəraša >** = 'shining' 4.342

**فرەشــە:** ئەمە وشــەیەکی کوردییە، لە کوردیدا وەک "ورشــە / وریشــە"[343] گۆ دەکرێ، و هەمان واتای بریقە و پرشنگ دەدات.

**<Ferašaoštra >** = 'Frashaostra' 3.86

**فرەشــەئۆشــترا:** هیچ واتایەک بۆ ئەم دەســتەواژەیە دانەنراوە. ئەم دەســتەواژەیە لە بەشـەکانی پێشـوتردا ڕوون کرایەوە، لە دوو وشـە پێک هاتووە، یەکەم " فرەشـە" کە هەمان وشەی "ورشە"ی کوردییە و دووەم " ئۆشترا"یە کە شێوازی ئەوێستایی وشەی "خشترا"یە، دەنگی "خ"ێ گۆڕاوە بۆ "ئۆ" بەپێی ڕێســای زمانی ئەوێســتایی (هەورامی) کە واتای " شــا " دەدا. پێکەوە واتای شای ورشەدار/ شای پرشنگدار دەدات.

**<frajyāiṯi >** = 'life's possibility' 1.216

**فرەجیایەتی:** ئەم وشەیە پیشتر مانا کرایەوە بە واتای دەرەتانەکانی ژیان هاتووە، وشەیەکی کوردییە کە ئەمڕۆ وەک " فرە- ژیایەتی" گۆ دەکرێ بە واتای (تنوع حیات).

**<baɣa >** = 'god, deity' 6.180, 6.186

**بەغا / بەغ:** واتای خۆدا دەدا. ئەم وشـەیە شێوازی پارسیی کۆنی وشـەی "بەگا / باگا"یە، چونکە لە ئەوێستادا وەک "بەگا" هاتووە. لە کوردیشـدا وەک "بەگ" بە واتای سـەرۆک و گەورە ماوەتەوە.

**<bar >** = 'bear, carry' [Pokorny ati, ato- :: over, beyond] 6.206

**بار:** ئەمە وشــەیەکی پەتی کوردییە لە شــێوازەکانی هەورامی و باشــووریدا واتای هێنان دەدا. هەروەها واتای "بار"یش دەدا لە هەموو شێوەزارەکانی کوردیدا.

**<barana >** = 'carriage, support' 4.354

---

[343] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ. ٩١١

**بارانە:** لێرەدا بە واتای یارمەتی و باری پێچراوە مانایان کردوەتەوە. "بارانە" وشەیەکی ئاسایی کوردییە کە هەر وەک بارانە گۆ دەکرێ. ئەگەر بمانەوەی بە شـــێوەی ئەمڕۆکە واتای بۆ دابنین دەبێ بڵێن "باجی گۆمرێک". لە ســـەردەمای کۆندا لە کاتی ڕۆیشـــتنی کاروانـدا لە نـاوچەیەکەوە بۆ نـاوچەیەکی تر بۆ هەر بـارێـک بـاجێکیـان وەردەگرت کە "بـارانە"یـان پێ دەگۆت.( بڕوانە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، لاپەرە ٤٠).

**<barəθri >** = 'mother, womb' [Pokorny 1. bher- :: to **bear**, bring, carry] 6.59

**بارداری:** وشـەیەکی پەتی کوردییە هەمان واتای بارداری دەدات لە کوردیدا، واتای دووگیان بوون، ئاوێس بوون دەدا.

**<barəz >** = 'high, exalted, loud' 6.191

**بەرەز:** وشەیەکی کوردییە واتای بەرز دەدا.

**<bu >** = 'be, become' 4.366, 4.382, 6.112

**بوو:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای بوو.

**<bərət >** = 'cry' (?) 3.302

**بەرەت:** بە واتـای گریـان هـاتووە، ئەم وشـــەیە لە زازاکیـدا وەک "بەرب، بەرم"[344] گۆ دەکرێ.

**<bərəz >** = 'be high, elevated' [Pokorny bhereĝh-, bherĝhos] 6.42

**بەرەز:** وشەیەکی کوردییە بە هەمان واتای بەرز.

**<ma >** = 'my' [Pokorny 1. me- :: me 1.199

---

[344] Ferheng, zazaki – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010,l.p 705

**مە:** ئەمە جێناوێکی ئاســـایی کوردییە بە هەمان واتا، بە تایبەتی لە شـــێوەزاری کرمانجیدا وەک ماڵامە، وڵاتامە، دایکامە، زارۆکامە.

**<maiδyah >** = 'madness-inducing' 6.159

**مەیسـیە:** بە واتای مەسـتی هاتووە لە شـێوەزارەکانی هەورامی و کوردیی باشـووردا وەک " مەسی" گۆ دەکرێ.

**<mainyu >** = 'spirit' 3.356, 4.89, 4.132, 4.170, 4.184, 5.203

**مەینیۆ:** بە واتای "مەی" هاتووە. ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە لە دوو بڕگە پێک هاتووە **"مەی- یەنۆ"** کە واتای "مەیە و... / (مەیش هەیە) دەدا. (فارسی: مەی است و...)

**<maēγa >** = 'cloud' [Pokorny meigh-, also meik- :: to flicker, twinkle; mist] 6.32

**میگا/ میغا:** ئەم وشـــەیە بە واتای مژ و هەور هاتووە، بە ئەگەرێکی زۆر لە خوێندنەوە و وەرگێڕانی پیتی " γ " هەڵە کراوە، ئەمە هەمان وشەی " مژ / مێژ"ی کوردییە.

**<maδa >** = 'intoxication' [Pokorny mad- :: to drip; wet; fat, glossy, well-fed] 6.167

**مەســا / مەس:** وشـــەیەکی کورددییە لە شـــێوەزاری هەورامی و ناوچەکانی باشـــووری کوردستاندا بە واتای مەست و سەرخۆش دێت.

**<man >** = 'know, think' 2.213

**مەن:** بە واتای بیر و بیرکردنەوە هاتووە، وشەیەکی کوردییە پێشتر ڕوون کرایەوە.

**<marək >** = 'kill, destroy, bring ruin' 5.37

**مەرک:** بە واتای مەرگ هاتووە.

**<marəta >** = 'mortal' [Pokorny 4. mer-, merə- :: to die] 2.84

**مەرتە:** بە واتای "مردو" دێت لە سۆرانی، لە هەورامیدا وەک مەردە (مەرتە) گۆ دەکرێ.

**<mašya >** = 'human being' 1.157, 2.230, 4.426

**مەشیا / مەشی:** پێشتر ڕوون کرایەوە (بڕوانە بەراوردکردنی وشەکانی یادداشت های گات ها" لە نووسینی ئیبراهیم پورداود لەگەڵ کوردیدا، ل.پ ١٠٧).

**<maz >** = 'large, great' [Pokorny meĝ(h)-: 2.241, 3.427.

**مەز:** بە واتای مەزن هاتووە.

**<mā>** = used to express prohibition [Pokorny 1. mē (prohibitive particle: lest, that not)]5.49, 5.52,

**ما / مە:** ئەمە پێشـــتر ڕوون کرایەوە نیشـــانەی نەرێنیکردنە (نهی) لە زمانی کوردیدا.لە هەورامیدا وەک "ما" و لە شـــێوەزارەکانی تردا وەک "مە" گۆ دەکرێ. بۆ نموونە مەڕۆ، مەکە، مەیستێنە، مەیفرۆشە، مەیانشکێنە.

**<mīzda >** = 'wages, prize' [Pokorny mizdhó- :: fee, pay, meed, reward] 3.329

**مێزدا/ مێزد:** بە واتای مێزد دێت، پێشـتر ڕوون کرایەوە کە وشـەی مێزد و مێژدە هەر یەک شتن و یەک واتایان هەیە.

**<yaθa >** = 'just as, like' 1.174, 4.145, 4.283, 5.25, 5.43

**یاسە/ یاسا:** ئەم وشـەیە لە شێوەزارەکانی کوردیی باشووردا وەک "واسـە" و لە کرمانجیدا وەک "وسایە" و لە سۆرانیدا وەک "وایە" گۆ دەکرێ.

**<yavan >** = 'during life' [Pokorny 3. i̯eu- :: young] 2.166

**یوان:** بە واتای جوان هاتووە.

**<yazu >** = 'youngest' 3.121

**یازو: به واتای جوانترین / گەنجترین هاتووە، ئەم وشـــەیە لە کوردیدا ماوەتەوە و لە سۆرانی و هەروەها شێوەزارەکانی کوردیی باشووریدا وەک "ئازەو" گۆ دەکرێ.**

**<yāma>** = 'twin'  [Pokorny i̯em- :: to hold, match, defeat, geminate; twin] 4.92

**یەما:** بە واتای جمک، یان " لف" هاتووە، لە هەورامیدا وەک "یەوارا"[345] گۆ دەکرێ.

**<raocah >** = 'light'  [Pokorny leuk- :: to light, shine; see] 4.36

**ڕۆچە:** ئەمە وشـەیەکی ئاسایی هەورامییە، ڕۆچ، ڕۆچنە و ڕۆشـن  کە واتای ڕۆشنایی و ڕۆژ دەدەن لە هەورامیدا.

**<rajī >** = 'darkness' 3.442

**ڕەجی:** بە واتـای تـاریکی هـاتووە، بەڵام لە ڕاســـتیدا ئەمە هەمـان وشـــەی "ڕەشی"یە لە کوردیدا. کە واتای ڕەش و تاریک دەدا.

**<ru>** = 'flow'  6.13

**ڕو:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە هەر بە واتای "ڕوو، ڕووبار و ڕووخانە " دێت.

**<vaēna >** = 'see, observe, look' 4.49

**وینـا / وێن:** ئەمە وشـــەیەکی پەتی کوردییە لە شـــێوازی هەورامی و زازاکی و هەروەهـا شـــێوازەکانی دیکەی کوردیی باشـــووریدا، کە هەر وەک "وێن /وین/ ویێا" گۆ دەکرێ. بەڵام لە سۆرانی وکرمانجیدا وەک "بین/ بینین" گۆ دەکرێت.

**<vaēm->** = 'we' [Pokorny 1. u̯ĕ̄-, u̯ei- **::** we two (d (plural)] 4.76 ual, **we**

**وێم:** وەک "ئیمە" مانای بۆکراوەتەوە، بەڵام ئەمە ڕاســـت نییە، ئەمە وشـــەیەکی ئاســـایی هەورامییە، جێناوە و واتای "خۆم" دەدات.

---

[345] زبان هورامی و گویش پاوەای منصور سلیمی، ل.پ.٤٩١

**<vacah >** = 'speech, word'  [Pokorny u̯ek$^{u̯}$- :: to voice, speak, evoke] 3.375, 4.103, 5.157, 5.161, 5.172,

**واچە:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی هەورامییە لە ڕەگی "واچ" بە واتای بێژە.

**<vayu >** = 'air, wind' (?)  3.302

**وایۆ:** بە واتای "وا" دێت لە هەورامیدا و" با" لە سۆرانی و کرمانجیدا.

**<var >** = 'choose' [Pokorny 2. u̯el-, u̯lei-, u̯lē(i)- **::** to **will**, want, wish, choose] 3.165, 4.171

**وار:** ئەم وشەیە بە ئەگەرێکی زۆر بە هەڵە نووسراوە و پیتی " ژ"ی لێ کەوتووە. چونکە ئەم وشەیە لە شێوەزارەکانی باشووری و لەکیدا ( وەک گەرمیان و کرماشان و لەکستان هەتا نزیکی سنە) وەک **"وژار"**[346] گۆ دەکرێ کە بە واتای " بژار" دێت لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا.

**<varav >** = 'wide, broad' 5.14, 5.77, 5.119, 5.146, 5.149, 5.170

**وەرەو:** بە واتای "وەر"[347] دێت لە شێوەزاری هەورامی و شێوەزارەکانی باشووری کوردستاندا، لە سۆرانی و کرمانجیدا وەک "بەر" گۆ دەکرێ.

**<vas>** = 'desire, wish' 1.87, 1.176, 2.113, 2.156, 4.453

**واز:** ئەمە وشەیەکی ئاسایی کوردییە بە واتای "خواز ، خواست و ئارەزوو"[348]دێت.

**<vaz>** = 'marry' 3.216

**واز:** وشەیەکی ئاسایی کوردییە لە شێوەزاری هەورامیدا، کە واتای ژن خواستن دەدا. لە شێوزارەکانی تردا وەک " خواز" گۆ دەکرێ. وشەکانی تر وەک واس و واسەی لە هەورامیدا و خواز و خواستن و خوازبینی و خوازمەنی( خوازمەندی) لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا هاو ڕیشەن لەگەڵ ئەم وشەیەدا.

---

[346] فەرهەنگی باشوور، عەباسی جەلیلیان  هەولێر ٢٠٠٥ ل.پ ٦٩٩

[347] فەرهەنگی وشەنامە هۆرامی- کوردیی، بێدار، هەۆلێر ٢٠١٠ زایینی، ل.پ. ١٠٠٨

[348] فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە هەژار، تاران ١٣٦٩، ل.پ. ٩٠٣

**<vāc >** = 'voice' 2.151

**واچ:** وشەیەکی پەتی هەورامییە واتای وێژ/ بێژ دەدا.

**<vādāya >** = 'destroy' [Pokorny 1. u̯edh- :: to hit, push] 1.92

**وادایە:** ئەم وشـــەیە لە دوو برِگە پێک هاتووە " وا- دایە" یان بە زمانی ئەمرِۆ "وا- لێ دایە (با- لێ داوە). مەبەست ئەویە "وا / با" پالێ پێوە ناوە، با تێکیداوە (بابردوو).

**<vi>** = 'wide, apart' [Pokorny 1. u̯ī̆- :: apart, separate from, in two; both] 3.367, 4.118, 4.214, 6.206.

**وێ/ وە:** ئەمە ئـامرازێکە کە ئەمرِۆ لە کوردیـدا وەک "وە" گۆ دەکرێ و واتـای کردنەوە دەدا، لە کرمانجیدا دەکەوێتە پێش وشـەکە و لە شـێوەزارەکانی تری کوردیدا دەکەوێتە پاش وشەکە وەک سۆرانی: کردنەوە، بیکەوە، کرمانجی: وەکرن، وەکە.

**<vispa>** = 'everyone/thing, all' [Pokorny 1. u̯ī̆- :: apart, separate from, in two; both] 3.396

**ویسپە:** واتای هەموو، گشت دەدا. لە زازاکیدا ماوەتەوە و وەک "ویسە" گۆ دەکرێ.

**<viž >** = 'clan' 3.413

**ویز:** واتای "هۆز" دەدا لە کوردیدا.

**<vohu >** = 'good' [Pokorny u̯ĕsu- :: good] 1.45, 2.78, 2.196 …

**وهۆ/ هۆ:** پێشتر روون کرایەوە بە واتای باش هاتووە.

**<vərəz>** = 'do, make, perform' 1.147, 1.159, 6.84

**وەرەز:** پێشتر روون کرایەوە، واتای کار دەدات، وشەیەکی کوردییە رەگی چاوگە بۆ وشەکانی، وەرزێر (کرێکار)، وەرزگار (کشاوەرز، جوتیار)، وەرزش ( کاری لەشی، کاری تەنی).

**<saošyant >** = 'giving power; savior (?)' 3.100

**سۆشیانت:** پێشتر روون کرایەوە. (بروانە ل.پ.١٥٧-١٥٨).

**<sata >** = 'hundred' 5.44

**سەتا / سەتە:** واتای ژمارەی "سەت/ سەد" دەدا.

**<skənda >** = 'destruction' [Pokorny (s)k(h)ed-, (s)k(h)e-n-d- :: to crush, **shatter**, split to pieces] 4.383

**سەکەندا / سەکەند:** ئەم وشەیە بە ئەگەرێکی زۆر یان بەهەڵە نووسراوە یان بە هەڵە خوێندراوەتەوە، ئەمە هەمان وشەی کوردی "شکەند/ شکاند"ە بە واتای شکاندن.

**<stā>** = 'stand, stay, remain' 5.191

**ستا:** ئەم وشەیە ڕەگی چاوگە بۆ وشەکانی"وەستان/ راوەستان".

**<stu>** = 'praise, laud, extol, celebrate'6.9, 6.18, 6.31, 6.40 ...

**ستو:** پێشتر باسی لێ کرا، ئەمە ڕەگی چاوگە بۆ وشەی "ستوتن/ ستودن"ە بە واتای ستایشکردنە.

**<stūiti >** = 'song of praise, prayer' [Pokorny 2. steu-to praise]

**ستویەتی:** وشەیەکی کوردییە، لە چاوگی "ستوتن" لەگەڵ پاشگری "یەتی" کە وشەکە دەباتە دۆخی ناوی چاوگەوە. ستویەتی واتای ستایشت دەدا.

**<zairi >** = 'yellow' 6.221

**زەیری:** بە واتای ڕەنگی زەرد هاتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بە واتای ڕەنگی زێڕ و زێڕین دێت.

**<zāvar >** = 'strength, vitality, vigor' [Pokorny ĝeu-, ĝeu̯ə-, also geu̯ə- :: to hurry, promote] 5.195

**زەوەر:** واتای "زۆر" و هێز دەدات لە کوردیدا.

**<haoma >** = plant whose juice was used as a ritual intoxicant 5.151, 6.44, 6.61, 6.73, 6.103, 6.114,

**هۆما:** پێشــتر ڕوون کرایەوە، هەمان خۆشــاوی هۆمە کە لە بۆنە ئایینیەکانی یارســانیشــدا دەخورێتەوە. و لە هەڵبەستە ئایینیە کوردییەکاندا باسی لێ کراوە.

**<haθra>** = 'together, at the same place/time' [Pokorny 2. sem- :: one, **some**, together] 4.364, 5.204.

**هەسرا/ هەدرا:** بە واتای پێکەوە هاتووە، ئەم وشـــەیە لە شـــێوەزاری کرمانجیدا وەک "هەڤرا / هەورا" گۆ دەکرێ.

**<ham>** ='together' [Pokorny 2. sem-one, **some**, together] 6.13

**هەم:** هەمان وشەی "هەم"ە لە کوردیدا.

**<havana >** = 'pressing stone' 6.7, 6.16

**هاوانا / هاوانە:** بە واتای هاوان و هاوانکردن دێت.

**<haza >** = 'power, violence, oppression' 1.25

**هەزا:** بە واتای هەمان وشەی " هێز" دێت لە کوردیدا.

**<hazara>** = thousand' [Pokorny 2. sem-one, some, together] 5.174, 6.122

**هەزارا/ هەزار:** واتای هەزار دەدا.

**<hizu >** = 'tongue' [Pokorny dn̥ĝhū, dn̥ĝhu̯ā :: tongue] 5.154

**هێزو:** واتای زمان دەدا لە سۆرانی و کرمانجیدا، کە لە شێوەزارەکانی هەورامی، زازاکی، لەکی و هەروەها شێوەزارەکانی کوردیی باشووریدا وەک "زوان" گۆ دەکرێ.

**<hu>** = 'well, good, beautiful' [Pokorny su-, sū- :: good, well] 5.175, 6.10, 6.19, 6.58, 6.67, 6.72

**هو:** پێشتر ڕوون کرایەوە بە واتای باش هاتووە، لە کوردیشدا هەر ئەو واتایە دەگەیێ

**<hušiti >** = 'good dwelling, comfort, safety' 2.199, 4.396

**هۆشیەتی:** وشـەیەکی کوردییە کە لە هەورامیدا وەک "وەشـیەتی" گۆ دەکرێ . لە وشـەی "وەش" لەگەڵ پاشگری "یەتی" پێک هاتووە. کە بە واتای "خۆشیەتی" دێت لە سۆرانیدا.

**<hušēna >** ='profitable' 3.261

**هۆشـەنا:** ئەمەش وشـەیەکی ئاسـایی هەورامییە کە لە وشـەی "وەش" دروسـت بووە و وەک "وەشەنا" گۆ دەکرێ، واتای "خۆشن/ ئەوانە خۆشن" دەدا، (فارسی: خوش اند).

**<hūiti >** = 'pressure'  6.115

**هۆیەتی:** بە واتای گۆشار هاتووە، ئەم وەشەیە لە کوردیی شێوەزارەکانی کرمانجی و زازاکیدا وەک "هۆڤیەتی/ هۆڤانە"[349] بە واتای زۆر، گۆشار و درەندایەتی ماوەتەوە.

**<hēm>** =  'together, with' 3.147, 4.131

**هەم:** هەمان وشەیە "هەم"ە لە کوردیدا.

**<hyaṯ>** = 'if, so, when' 1.70, 1.203, 2.124, 4.11, 4.419, 4.436

**هەیات:** ئەمە وشـەیەکی کوردییە، ئامرازە لە کوردیدا بە شێوەی جۆراوجۆر گۆ دەکرێ. لە کرمانجی و زازاکیدا وەک "هەیا / هەتا"[350]، و لە سۆرانی و باشووریدا وەک "هەتا / تا".

**<hva >** = 'this' [Pokorny se- :: **self**, one's own]  6.216

**هەوە:** بە واتای "ئەمە / ئەوە"[351] دێت. وشـــەیەکی ئاســـایی کوردییە لە شـــێوەزارەکانی سۆرانی و کرمانجیدا.

**<hvar >** = 'sun' 3.191

**هۆەر/ وەر:** پێشتر ڕوون کرایەوە، وشەیەکی ئاسایی هەورامییە بە واتای خۆر دێت.

---

[349] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010, l-p 748
[350] Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag 2010, l-p 736
[351] هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، ١٩٨٩ ل.پ. ١٠٠٨

## ئەنجام:

**ئەنجـامەکـانی ئەم بەشـــە ئەوە دەردەخەن کە بە بێ هیچ گومـان و دوو دڵییەک شـــێوەزارەکانی ئەوێســـتاییی کوردی ( هەورامی، زازاکی، لەکی، شـــەبەک) پەیوەندی ڕاســـتەوخۆیان هەیە لەگەڵ شـــێوەزاری ئاییینی زمانی مادی یان زمانی ئەوێســـتایی، و ئەوێستا کتێبی ئاییینی مادەکان بە شێوەزاری هەورامیی کۆن نووسراوەتەوە.**

# سەرچاوەکانی بەرگەکانی ١-٣:

- Avesta Dictionary by K.E. Kanga

  http://www.avesta.org/avdict/avdict.htm, (2009 -06-13)

- Jonathan Slocum and Scott L. Harvey, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/aveol-BF-X.html (2012-12-02)

- Avestan Personal and Family names (Based on C. Bartholomae, Altiranisches Wörterbuch, pg.1983-88) http://www.avesta.org/znames.htm

- A concise Pahlavi Dictionary, D.N. Mac Kenzie, 1986

- Online Sanskrit Dictionary, February 12, 2003, http://sanskritdocuments.org/dict/dictallcheck.pdf

- Ancient Sanskrit Online, http://www.utexas.edu/cola/centers/lrc/eieol/vedol-BF.html (2012-04-06)
- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929

- http://i-cias.com/e.o/hebat.htm ( 2012-09-10)

- Geiger W. Ostirani Sche Kultur in Altertum. Erlangen 1882

- Ferheng, Kirmancki (zazaki) – Kurmanci, Çeko Kocadag Berlin 2010

- The Kikkuli Text. Peter RAULWING http://www.lrgaf.org/Peter_Raulwing_The_Kikkuli_Text_MasterFile_Dec_2009.pdf

- Urartian * Lulu [ine] (Diakonoff och Kashkai,1979)

- D. R. Frayne, The Early Dynastic List of Geographical Names, AOS 74, New Haven,1992, sid 61.

- Asatrian/ Iran and Caucasus 13 (2009), http://www.scribd.com/doc/37604520/Asatrian-kurds p 16 (2012-02-11)

- The Language of the Medians. D.N MacKenzie,Source: BSOAS (22), 1959.

- John Limbert, ursprung och utseende kurderna i Pre-islamiska Iran, Iranska studier, Vol. 1, No. 2, Spring 1968. 1, nr 2, våren 1968.

- L Iran sous les Sassanides, Christensen, Arthur Emanuel.

- Frank, "Fremdsprachliche Glossen i assyrischen Lyssna und Vokabularen," 1928-1929.

- Starr, R.,: report on the Excavation at Yorghan Tepa Near Kirkuk, Iraq. Conducted by Harvard University in Conjunction with the American Schools

- E. A.Speiser. Mesopotamian. Orig. The Basic Population of the Near East

- Poebel, A., “The Assyrian King List from Khorsabad”, JNES, Vol.1, 1942, (Chicago: 1942)

- Phillp Vandenbeog. Nefertete. een archeologishe biografie

- http://database-aryanencyclopaedia.blogspot.se/2014/03/blog-post_14.html

- http://mazdaahoora.blogfa.com/ (2013-10-25)

- http://m-hosseini.ir, [دوبلویس، ۱۳۷۹ هـ.ش:۳۰۵]

- http://m-hosseini.ir, [پلوتارک، ١٣٧٩ هـ.ش: ٦٥ ]
- http://m-hosseini.ir,[یارشاطر و دیگران، ١٣٨٣ هـ.ش: ١٥٦ ]

- http://parseed.ir/?fz=9873

- Common sumerian words for magickal purposes / Short Sumerian Sentences / Phrases http://www.ping.de/sites/systemcoder/necro/info/sumerian.htm

- Forntiden : Den summeriska kultur expansionen

- Astour, Michael C.: Semites and Hurrians in Northern Transtigris

- V.V. Struve.Lager Voennoplenniykh jenshchi V Shumer Konsta III Tisysyacheletiya Do n.e Vestnik Drevney Istorii, 1952,No3.

- Some Sumerian Words and Their English Translations, by: Fred Hamori http://history-world.org/sumerianwords2.htm, http://history-world.org/Sumerianwords1.htm

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html

- Ola Wikander. http://www.spraktidningen.se

- Sumerian Mythology FAQ (Version 2.0html), by Christopher Siren, 1992, 1994, 2000, http://home.comcast.net/~chris.s/sumer-faq.html

- http://zamaaneh.com/rohani/2008/07/post_239.html

- http://www.iranatlas.info/regional%20prehistoric/hasanlu/mannai.htm

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-1d3245f09868443a801c2216402d3c54-fa.html

- http://daneshnameh.roshd.ir/mavara/mavara-

- http://www.iranicaonline.org/articles/cimmerians-nomads

- http://www.iranicaonline.org/articles/mannea

- http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-f99c3aff570c422baff65e2182ac9d7d-fa.html 2013-06-09

- http://www.heritageinstitute.com/zoroastrianism/ranghaya/mitanni.htm

- http://www.historyfiles.co.uk/KingListsMiddEast/AnatoliaHurrianMitanni.htm

- http://ghiasabadi.com/zoroaster_gatha_01.html

- An introduction to Kurdish epic and heroic literature on Kurdish shahname mainly, Behrooz Chammanara· http://ilamasu.blogfa.com/post-125.aspx ( 2013 -08-09)

- Sumerian Lexicon Version 3.0 by John A. Halloran, p 114 ttp://etcsl.orinst.ox.ac.uk/edition2/etcsllemma.php?sortbylemma=lemma&letter=a

- http://www.encyclopaediaislamica.com/madkhal2.php?p=2899

- تاریخ ماد تالیف ا.پ. دیاکۆنۆڤ، ترجمه کریم کشاورز، تهران ۱۳٤٥.

- ایران در زمان ساسانیان آرتور کریستینسن، ترجمه رشید یاسمی تهران ۱۳٦۷

- اوستا، کهنترین سرودها و متنهای ایرانی، گزارش و پژوهش، جلیل دوستخواه جلد ۱ و۲، چاپ دهم ۱۳۸۵.

- یادداشتهای گات ها، نگارش استاد ابراهیم پورداود، تهران ۱۳۸۱.

- ایران در سپیده دم تاریخ، حسن انوشه، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ چهارم ۱۳۷۱.

- بازخوانی تاریخ ایران زمین، دفتر اول و دفتر دوم، امیر حسین خونجی، ۳۰ آذر ۱۳۹۰.

- ایرج وامقی، زبان پهلوی- ادبیات و دستور آن. (بررسی و نقد کتاب "پهلوی، ادبیات و دستور آن" برگرفته از ناه فرهنگستان، سال اول، شماره اول. بهار ۱۳۷٤).

- دستور زبان کوردی- هورامی ، فاتح رحیمی، چاپی دووەم ۱۳۸۹.

- زبان هورامی و گۆیش پاوەای، منصور سلیمی، تهران ۱۳۹۲.

- پژوهشی در اساطیر ایران، مهرداد بهار نشر آگاه چاپ پنجم پائیز ۱۳۸۷.

- تاریخ اساطیری تطبیقی ایران باستان ، جلد پنجم، جواد مفرد کهلان، سوئد ۲۰۰۸.

- مهرداد بهار، پژوهشی در اساطیر ایران، چاپ پنجم پائیز، نشر آگاه ۱۳۸۷.

- تاریخ مردم ایران، عبدالحسین زرین کوب، تهران ۱۳٦٤.

- تحولات سیاسی و اداری در عصر اشکانیانن، دکتر سید علی علوی.

- تاریخ مردوخ، آیت الله محمد مردوخ کردستانی، ۱۳۵۱ خورشیدی (۱۹۷۱ میلادی).

- تاریخ کردستان (۱۳۳۰-۱۳٤٤ق) تالیف محمد رضا ابن صوفی سلیم، تصحیح دل آرا مردوخی، تهران ۲۰۱۳.

- فروپاشی دولت ساسانی و گروش ایرانیان به اسلام، انی کاظمی.

- فەلسەفە و رامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگای کوردەواریدا، د. جەماڵ نەبەز، یوتەبۆری ساڵی ۲۰۰۹.

- ڕۆژهەڵات و جێهانی کۆن، ئەبایوف موسکۆ ۱۹۷۲.

- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەر بارەی مێژووی کۆنی وەڵاتی کوردەواری ، د.ج. ڕەشـــید بەغداد ١٩٨٨.

- مێژووی هەورامان  لە نووسینی د. موحەمەد ئەمین هەورامانی.

- کوردستان نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرەکان، هاوڕێ باخەوان.

- کوردەکانی پارس و کرمان لە نووسینی د. جەمشیدی سەداقەت کیش، وەرگێڕانی کامەران حەسەن ٢٠١٠.

- هاونەتەوەیی کورد و ماد لە نووسینی حەبببولای تابانی، ١٣٧٥.

- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مارف خزنەدار هەولێر ساڵی ٢٠٠١.

- مێژووی کۆنی کەرکووک لە ڕۆشـــنایی دەقەکانی نوزی دا، کامەران کوێخا جەلال، هەولێر-٢٠٠٧.
- کەرکووک لە چەرخە کۆنەکاندا، د.جەمال ڕەشـــید ئەحمەد. وەرگێڕانی حەســـەن جاف، دهۆک ٢٠٠٨، ل.پ. ٥٨.

http://www.pertwk.com/pdf/kerkwk_le_cherxe_konekanda.pdf

- یارسان لە نووسینی ئەیوب ڕۆستەم ساڵی ٢٠٠٦ زاییني.

- بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی- هەورامی، ستوکهۆلم ل.پ. ١٩٩٨.

- هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کوردی- فارسی، هەژار، (بەرگی ١ و ٢)، ساڵی ١٣٦٩ تاران.

- فەرهەنگا "کانی" کرمـانجییـا ژووری- کرمـانجییـا ژێری، لە نووسـینی جگەر سۆز،هەولێر ٢٠٠٩.

- فەرهەنگی وشەنامە، هۆرامی- کوردی ناوەڕاست، بێدار، هولێر ٢٠١٠.